# گزنگ

94 کانوونی دووەم 2012

گۆڤارێکی ئەدەبییە یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی کەرکوک دەریدەکات

خاوەنی ئیمتیاز: **یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی کەرکوک**



**سەرنووسەر**

د. ئازاد ئەمین باخەوان

**07701385647**

**جێگری سەرنووسەر**

موعتەسەم ساڵەیی

**بەڕێوەبەری نووسین**

عەبدولستار جەباری

07701322588

starjabari@yahoo.com

**بەڕێوەبەری هونەری:**

ئەنجام سەعید

**دیزاین**

دلێر ڕەفیق

ئیمەیلی گۆڤاری گزنگ :

Gizing2010@yahoo.com

ناونیشان:

**کەرکوک-رەحیماوا-فلکەی ئیخوان-بەرانبەر قوتابخانەی خانی**

**کوردستان / کەرکوک**


تێبینی:

- نووسەر خۆی بەرپرسیارە لە نووسینەکەی.
- هەر نووسینێك لە شوێنێکی تر بڵاو بکرێتەوە فەرامۆش دەکرێت





گزنگ ٩٤ کانوونی دووەم ٢٠١٢

# لەم ژمارەیەدا 94

**سەکۆی گزنگ:**


دزی ئەدەبی، **هێرۆ کوردە**......ل٥


**وتار و لێکۆڵینەوە:**


لێکۆڵینەوەیەك لە سەر ژیانی خانای قوبادی/ب١، **کاروان عوسمان**......ل٩

دیالۆگ ، **نیگار عنایەتی** ......ل٢١

جۆرەکانی رەخنە، **موعتەسەم ساڵەیی**......ل٢٩

گرفتی دەروونی داڕشتنی زاراوە لە زمانی کوردیدا، **تاڤگە عومەر حەمەساڵح**......ل٣٥

هزری ئاینی لە گۆرانیی فولکلۆری کوردیدا، **د. محەمەد شوانی**......ل٥٩

زیکری دوای حاڵگرتن، **فەیسەڵ هەمەوەندی**......ل٦٧

پێکەنینی کیژێك، **حەمە مەنتك**......ل٧٥

روونکردنەوەیەك دەربارەی شیعرێکی ونبووی فایق بێکەس، **رەزا شوان**......ل٨١

دیالێکتی جوگراف، **شێروان حوسێن خۆشناو**......ل٨٥


**چیرۆك:**


پانتۆڵی موقەددەس ، **زێنەب یوسفی**......ل٩٥

با هەستم بڕۆم، **رەسووڵ سوڵتانی**......ل٩٩

ئەو بەفرە، ئەو بەفرە نەفرەتییە، **و: خالید فاتحی**......ل١٠٣

فەنتازیاکان، **و: مەلوول پەرێشان**......ل١١٣

چیرۆکی بیرەوەریی شەهیدێك، **عومەری مەولوودی**......ل١١٥

دیوی راستەقینەی چیرۆکی قوڵقانی کەو، **سوارە نەجمەدین**......ل١٢٥

من هەڵخەڵەتام تۆ هەڵنەخەڵەتێیت، **هیوا حوسێن ئەمین**......ل١٢٧

باڵندەکانی ناو قەفەز، **جەلال قادر**......ل١٣١

پوولی پۆستە، **و/ حوسێن عەلی**......ل١٣٧

دەڤەری دۆلاراوا، **ئەحمەد سەلام**......ل١٤٥


**شیعر:**


چوار دیواری بێ سێبەر، **سەلام محەمەد**......ل١٤٩

پێنج کورتە هۆنراوە، **رەزا حەمە**......ل١٥١

تۆ، **وداد یاسین**......ل١٥٣

شەوێك، **جوان کەرکوکی**......ل١٥٥

ئاشتەوایی، **شاخەوان**......ل١٥٧

بابا گوڕگوڕ، **شێخ سابیر جەباری**......ل١٥٨

گرێ تازەکانی ئۆدیب ، **ڕووزار ئەحمەد**......ل١٥٩

عەشقێکی گەورە، **خالید مەجید فەتحوڵلا**......ل١٦٣

قەسیدەیەکی حەزێکی سەرشێت، **ئازاد موراد**......ل١٦٧

بۆن و بەرامەی مەرگ، **و/سەردار جاف**......ل١٧٣

بیری بۆنی گولاوی هەناسەت دەکەم، **خالید باشبلاخی**......ل١٧٥

دەڵێی رۆحی و.. لەجەستەمدای، **رێبوار قەرەحەسەنی**......ل١٧٧


**دیمانە:**


فەرەیدون حەکیم زادە، **دیمانە: مەحموود عومەر**......ل١٧٩

ئاری عوسمان خەیات،: **دیمانە/ دیار لەتیف**......ل١٨٩

کاروچالاکییەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد، **سابان ستار**......ل١٩٩

هێرۆ کوردە

# دزی ئەدەبی

هەمووومان کە دەست بۆ نووسین دەبەین لەسەرەتادا دەکەوینە ژێر کاریگەی کەسانی تر و نووسینی کەسانی دی و وەرگرتنی شێواز یان نووسینی کەسانی دیکەوتۆزێ دەسکاریکردنی لەبەرژەوەندی نووسینی خۆماندا، بەڵام وەك وتم ئەمە لەسەرەتادا.

نووسین نە پەرجووەو نە تۆی نەمری بۆ هیچ کەسێك پێیە. باشترین نوسەرو خراپترینیشیان و ئەوەشی کە نووسەر نییە دواجار وەك یەك مرۆڤن. لە ئێستادا ئەوەی بووەتە شوێنی بایەخی ئەوانیتر ئەوەیە هەوڵی ئەوەدەدەن بنووسن یان راستر بڵێم وەك نووسەر دەربکەون، بەتایبەتی وەك شاعیر. وەك ئەوەی مەرجی مرۆڤ بوون شاعیر بوون بێت. نووسین شتێکی خۆرسیکییە لە مرۆڤدا دروست دەبێت و تێفکرین و ئەزموون و





خوێندنەوە دەبنە خۆری ئەو میوە خۆرسکەو پێیدەگەیەنن. نەك تەنها بەهۆی ئەوەی من دەمەویٚ و حەز دەکەم نوسەر بم تەواو ئیدی دەنووسم.

کەسانێك هەن دەیانەوێ نووسەر بن و دەنووسن ئیدی چۆن دەنووسن ئەوە خۆیان بەرپرسن، بەڵام گروپێکی دی هەن دەیانەوێ بنووسن و باش نوسیش بن بەبێ ئەوەی خۆیان ماندوو بکەن و دەست دەدەنە دزینی نووسینی ئەوانی دی.

لە ئێستادا لەگەڵ هەرکەسێ قسە دەکەم دەکەوێتە باسی دزیکردن، وەك بڵێی بوبێتە دیاردە، دزینی ئەدەبی تازە نییەو یەك جۆریشی نییە بەڵکو سیٚ جۆر دزینی ئەدەبی هەیە:

یەك: ئەو گروپەی دەقاو دەق دەدزن، ئەم گروپە زیاتر ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە ئاگاداری ئەدەب و و نووسین نین و تەنها دەیانەوێ بنووسن، بۆیە هەر نوسینێك کە بەدڵی بوو دەیبات و بەناوی خۆیەوە بۆ کەسانی دی دەخوێێتەوە یاخود بڵاوی دەکاتەوە، ئەم جۆر دزانە زۆر زوو ئاشکرا دەبن و هیچ بیانوویەکیشیان بۆ خۆ دەرباز بوون لەم گوناهە نییە چونکە شتەکە ئەوەندە سادانە کراوە کە بە روونی ئاشکرا دەبێت.ئەم گروپە زیاتر ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە زمانێکی بێگانە دەزانن و دەقێك دەدزن و وەریدەگێرن وەك بەرهەمی خۆیان نیشانی دەدەن و بەلاشیانەوە گرینگ نییە ئەو نووسینە هی نووسەرێکی ناودارە یان کەسێکی نەناسراو چونکە ئەو پێی وایە مادام بێگانەیە ئەوە دزییەکەی ئاشکرا نابێت

دوو: ئەو گرووپەن کە زیاتر بیرۆکە دەدزن یاخود دەق دەدزن و نووسینی خۆیانی تیٚ هەڵدەکێشن و هەندیٚ دەست کاری دەکەن، ئەمەش لە ئەدەبی کوردیدا بەروونی دیارە وەك دزینی نوسینی _ئێریش فرید _ لە ناو هەندێ شاعیرانی کوردو گۆڕینی وشەکان یان ناوی شتەکان، ئەم گروپە لە داکۆکی لە خۆکردندا دەم گەرمن و دەڵێن بیرۆکە موڵکی کەس نییەو دەکەونە باسی دەق ئاوێزان .

سیٚ: دزینی بیرۆکە ، ئەم جۆرە دزینە کەمتر باسی دەکریٚت چونکە گەر تەماشا بکەین زۆربەی رۆمانەکانی ئەوروپا لەسەر بیرۆکەی رۆمانەکانی پیٚش خۆیان داریٚژراون بیٚگومان بەدەسکارییەکی زۆرەوە و خستنە سەری بیرو شتی نویٚ کە هەندیٚ جار بەرهەمە کۆنەکە تیٚدەپەریٚنیٚت.

کاتیٚك شیعری کەسیٚك دەبینم کەسیٚکی دی بەناوی خۆیەوە بلاٚوی کردوەتەوە یاخود لە پەیج و فەیس بووکی خۆی داناوە ، دەپرسم ئەمە دەقی کامیانە. کامیان دز و کامیان خاوەن مالٚن؟ هەندیٚ جار ئەو دزانە بیانووی ئەوە دەهیٚننەوە بەتایبەتی لە فەیس بووك کە ناوی نووسەرەکەیان بیر چووە بینووسن یاخود نووسینەکەیان بەدلٚ ببوەو نەیانزانیوە هی کیٚیە هەندیٚکیشیان روو قایمانە دەلٚیٚن: دەقی باش ناوی خاوەنەکەی لەناو خۆیدا هەلٚدەگریٚت بۆیە گرنگ نییە ناوەکەی بنوسین.لەگەلٚ ئەوەش فەیس بووك شویٚنیٚکی پاریٚزراو نییە بەتایبەتی بۆ ئەو دەقانەی کە پیٚشتر بلاٚو نەکراونەتەوە لە بلاٚو کراوەکانی دیدا.

جاریٚك بە کوریٚکم وت: تو کورتە شیعریٚکی من بردوەو تەنها جیٚناوە کەسیەکانت گۆریوەو کردوتە بە شیعری خۆت و لە فەیس بووکی خۆتت داناوە، پیٚت وانییە ئەمە دزییە؟ وەك ئەوەی من دز بم نەك ئەو وەلاٚمی دامەوە کە هەمیشە نووسەران دەلٚیٚن دەق کە بلاٚو کرایەوە ئیدی مولٚکی خویٚنەرەکانییەتی و مافی نووسەری پیٚوە نامینیٚت بۆیە خویٚنەر ئازادە چی لیٚدەکات.

رەنگە دزینی شیعریٚکی کورت یاخود بیرۆکەیەك و دارشتنەوەی بە جۆریٚکی تر ساناتر بیٚت لە دزینی کتیٚبیٚك و بلاٚو کردنەوەی بەناوی خۆتەوە هەر وەك چۆن سیٚ نووسەری کورد دیوانیٚکی شیعری فارسییان دزی و هەریەکەو بەجۆریٚك و بە توزیٚك دەسکارییەوە بلاٚوی کردەوە کە هەرسیٚ کتیٚبەکە هەلٚگری هەمان ناوەرۆك بوو، کیٚشە ئەوەیە تازە نووسەر و هەرزەش نەبوون نووسەری بەناڤ و دەنگ بوون و خۆیان فریودا نەك خویٚنەر چونکە هەر





زوو ئاشکرا بوون.

نوسەرەکان مرۆڤی مەزن نین نەخۆشی گەورەن، دەیانەویٚت لە نوسیندا گریٚکانیان بکەنەوەو قەرەبووی ئەو کەم کورییانە بکەنەوە کە هەیانە کەسانیٚك دیٚن و ئەو گریٚ و کەم و کوریانە دەدزن و وەك ئەوەی هەنگوینیان لە شانەدا دۆزیبیٚتەوە، نووسین تەنها ریز کردنی وشە نییە گەر دیٚریٚکم نووسینی هەلٚگری شتیٚك لە روحی خۆمی تیٚدا نەبوو ئەوە نوسین نییە . بۆیە ئەوەی دەدزیٚت بەلایەوە ئاساییە دزیشی لیٚبکریٚت چونکە ئەمە ریٚك وەك ئەو کابرایەیە کە تووتییەکی دزیبو بە ژنەکەی وت کریومە کە ژنەکە لیٚی پرسی بەچەندت کریوە؟ وتی کەی فرۆشتم پیٚت دەلٚیم بەچەندم کریوە، کابرا تووتییەکەی بردە بازار و لیٚ دزرا، هاتەوە ژنەکەی لیٚ پرسی توتییەکەت بەچەند فرۆشت؟ وتی بە مایەی خۆی. و هیچیش دلٚگران نەبوو.

# لێكۆڵینەوەیەک لە سەر ژیانی خانای قوبادی* و هەندێ زانیاری تازە

## بەشی یەكەم

ئا: كاروان عوسمان خەیات (ڕێبین)

لە ئەدەبی كوردی دا چەندین شاعیرمان هەیە ساڵی لە دایكبوون و وەفات و سەرگوزەشتەی ژیانیان نازانرێ، ئەمەش بەهۆی ئەو بارە ناهەمووارە سیاسییەی بەسەر سەرجەم ناوچەكانی كوردستان دا هاتووە، ئیتر چ پاشتر بێ یان پێشتر، یان لە ژێر دەسەلاّتی سەفەویی یان عوسمانیی یان قاجارییەكان دا بووبێ.

بۆیە بە لەناوچوونی ئەو هەموو دەستخەت و بەڵگەنامە و دۆكۆمێنتانەی كتێبخانەی كوردیی... هتد. ئەگەر بڵێین جەوری زەمانەش كاری لە سەرمان كردووە، دیار و ئاشكرایە و بە هەڵەدا نەچووم، ئەوەی لێرەدا مەبەستمە باسی لێوە بكەم، ژیاننامەی خانای قوبادییە، بۆ بەراوردكردن و لێكۆڵینەوەیەكی ورد، پەنام بۆ چەندین سەرچاوە بردووە، بەیارمەتی خوا هەموو ئەو سەرچاوانەی كە بەدەستم هێناون لێرەدا یەكیان دەخەم، بەڵكو شتێكمان بۆ ڕوون بێتەوە لە سەر ژیانی خانای قوبادی، ئیتر بەم كارەی من بێ، یان لە دوای كارەكەی من هەوڵێكی دی بدرێت.

لە زۆربەی ئەو سەرچاوانەی من بەدەستم هێناوە بەجیا جیا و بەچەند شێوە باس لە ژیانی خانای قوبادی دەكەن، ئاشكرایە تاكو ئێستا خانا ناوی تەواوی نازانرێ، هەر وەك لە هەموو سەرچاوەكاندا بە خانای قوبادی ناوبانگی دەركردووە و لەوە زیاتر بەڵگە نییە لە سەر ناوی خانا.







بەلاّم دەربارەی هۆزەكەی هەندێ لە نووسەران و ئەدیبان بەهۆی دەستەواژەی (قوبادی) ناوی كۆتایی خاناوە دەڵێن: خانا لە تیرەی قوبادی جاف جوانڕۆیە، هەندێكی تر دەڵێن: لە هۆزی باجەلاّنە، جا بۆ ئەم مەبەستە پشت دەبەستم بە شیعرێكی خاناوە، بەڵگەی باوەڕ پێكراوتر لەوە زیاتر نابینم بۆ سەلماندنی هۆزەكەی. وەكو خانای قوبادی لەم شیعرەی دا دەڵێت:

**ئیستا من دەستاخ كۆتەڵ پاونانم**
**بێ جەد خاین باجەلاّنانم**
**بە ڕۆژ بێ خورد بە شەو بێ خاوم**
**دیل بێ تاوان پاشای زەهاوم**

یان دەڵێت:

**قوباد قوچاغ كۆی نەوسوارم**
**تەرح جەبلەكێش باغچە و حەسارم**

لێرەدا وشەی (قوباد) بەسێ شێوە لێك دەدرێتەوە:

یەكەمیان: تیرەی قوبادی جاف جوانڕۆیی.

دووەمیان: ناوی باوكی خانای قوبادی، واتە: خانا كوڕی قوبادە.

سێیەم: خۆی لە بنەماڵەی قوباد بەگی حاكمی دەرنە دەزانێت.

بەم بۆنەوە قوبادی كردۆتە بەشێك لە نازناوی خۆی و ئەگەر وترا: نابێ بەم شێوە لێك بدرێتەوە، ئەوا دەڵێم: خانای قوبادی ئەوەنە بێ دەسەلاّت نەبووە لە مانا و شێوە و داڕشتنی هۆنراوە و مەبەست و داهێنان و وردەكارییەكانی هۆنراوە، خانایەك خاوەن چەندین شاكار و بەرهەمی جوانی شیعری بێت، ئەوەندە دەسەلاّتی بەسەر وردەكارییەكانی شیعردا نەڕوات، ئیدی خانا چی كردووە بۆ ئەدەبی كوردی.

لە بارەی ساڵی لە دایك بوون و وەفاتی خاناوە زۆر بیر و بۆچوونی جیاواز هەیە، هەر ئەمەش وای كردووە ژیانی خانا بكەوێتە نێو ئەو گومانە زۆرە لە لای خوێنەری خانا، ئەوەی من تاكو ئێستا بەرچاوم كەوتبێ، هیچ سەرچاوەیەك بە تەواوی ژیانی خانای یەكلایی نەكردۆتەوە. لەم كارەی مندا هەندێ وردەكاری ژیانی ڕوون دەبێتەوە.

سەرەتا لە كتێبی گوڵزاری كوردستانەوە دەست پێ دەكەم:

لە كتێبی گوڵزاری كوردستاندا بەم شێوە باس لە ساڵی ژیانی خانای قوبادی دەكات: "بەپێی بەیازێكی كۆن كەوتووەتە دەستمان لە ساڵی ١٠٨٣ی كۆچی لە دایك بووە و لە ساڵی ١١٦٨ك- كۆچی دوایی كردووە، لە فرووعی دین دا پەیڕەوی ئیمامی شافیعی و لە ئوسوڵدا ئەشعەری بووە".

هەروەها غەفار ئیبراهیمی (سارۆ) لە سایتی "قگار در مە- وبلاگ شخصی محمد أشنا" وتارێکی بڵاو کردووەتەوە، ئەم وتارە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم: بریتییە لە "دۆزینەوەی بەرهەمێکی تری ئەدەبی (خانای قوبادی) و بەشی دووەم: بریتییە لە "پاش ٢ ساڵ لێکۆڵینەوە..." ئەم بەشە خۆی زیاتر دەدات لە باسی ژیانی خانای قوبادی، من جگە لە یەك دوو لەو سەرچاوانەی کاك سارۆم لە بەردەستدا نییە، ئیدی هەموو ئەو سەرچاوانەم لە بەردەست دایە، بۆیە بەکورتی لە هەندێ شوێنی وتارەکەی کاك سارۆدا نووسراوەکان وەردەگرم و دەیانخەمە ڕوو، بە باشی نازانم هەموو ئەوانە دیسانەوە بنووسم، بەڵکو هەندێ لەو بۆچوونانەی بە سوپاسەوە وەردەگرم و لێرەدا دەیخەمە ڕوو:

"١- بەڕێزان (سەید تاهر هاشمی و محەمەد عەلی سوڵتانی) لە دوو کتێبی (حدیقەی سوڵتانی، جلد اول، ص ٢١٧ و مناجاتهای جاویدان ادب کوردی ص ٧٨) دا، خانا قوبادی بە کوڕەزای قوباد بەیگ حاکمی دەڕنە و لە عەشیرەتی باجەڵانەکان دەزانن. بە ڕیوایەت لە شەرەف خانی بەدلیسییەوە- کە ئاماژە بە بەرگ و لاپەڕەی نەکراوە- جوگرافیای نێوان پاوە تا دینەوەر و تا دەگاتە نەزدیکی کەرکووك بە مەڵبەندی حوکمڕانی باجەڵانییەکان ناو دەبەن و ئەوەندەش عەشیرەتی باجەڵانیان بە خاوەن هێز و دەسەڵات زانیوە کە گوایە توانیویانە دوو ئیمپراتۆری عوسمانی و ئێران بە چۆك دادەن و عاقیبەت بە هۆی پیلانێکی دوو قۆڵییەوە بۆ هەمیشە لە نێو دەچن. دەڕنە کە گوندێکە لە نێوان جوانڕۆ و سەلاسی باوەجانی دا بە ناوەندی حوکمڕانی قوباد بەیگی باجەلان و زێدی خانا قوبادی و وەلی دێوانە ناو دەبەن... ؟

ساڵی لە دایك بوونی خانا بە ١١١٦ و کۆچیشی بە ١١٩٢ دەنووسن. دەڵێن: خانا بە هۆی ڕاڤە کردنەوەی هەندێ لە ئایاتی قورئان بە هۆنراوە، لە لایەن هەندێ لە زانایانی ئایینی کوردستان (سنە)وە تەکفیر دەکرێت و دەکەوێتە بەر ڕق و تووڕەیی خەڵك و والی ئەو کات بە مەبەستی تەمێ و گوێ جەڕەکردنی بانگ هێشتی دەکا، بەڵام خانا هەڵدێ و دەڕواتە وڵاتی بابانەکان و هەر لەوێش دەمرێ...

٢- کاك سەید فاتیح هاشمی برازای خوالێخۆش بوو سەید تایەر هاشمی لە کتێبی (هفت بند، مشتمل بر سە هفت بند از خانا قبادی و سید وجیە الدین هاشمی و سید تاهر هاشمی) دا دەڵێ: خانا لە بنەتوڵەی قوباد بەیگی حاکمی دەڕنەی سەر بە باوەجانییە، ئیتر نانوسێ خانا یا قوباد بەیگی حاکمی دەڕنە لە عەشیرەتی باجەلانە یا نە؟ ژیانی خانا هاوکات دەزانێ لەگەڵ ڕۆژگاری حوکمڕانی سوبحانوێردی خان و مستەفا خان و بە تایبەت ساڵی ١١٥٣ ساڵی دانانی ئەحمەدخانی کوڕی سوبحانوێردی خانی ئەردەڵانی لە سنەدا بە فەرمانی نادر شای ئەفشار.

٣- ئاغای بۆرەکەیی لە (مێژووی وێژە) کەیدا دەڵێ: بە پێی بەڵگەنامەیەکی کۆن کە کەوتۆتە دەسمان، خانا مەلای هۆزی قوبادی بووە و لە ١٠٨٣ تا ١١٦٨ ژیاوە.

٤- مەرحووم بابا مەردۆخ لە مێژووی ئەدەبەکەی دا بە هەورامی و هەروەها ئەسفەندیار خانی غەزنەفەری لە گوڵزاری ئەدەبی لوڕستاندا خانا بە شاعیرێکی (گۆران)ی ناو لێ دەبەن.

٥- لە نامیلکەیەکی چاپی کۆنەدا نووسرا بوو: خانای قوبادی فەیلەسووفی ناوداری کورد لە ساڵی ١٠٨٣ لە جوانڕۆدا لە دایك بووە و لە ساڵی ١١٦٨ هەر لە جوانڕۆدا کۆچی کردووە...

٦- کەسانێك سەر بە عەشیرەتی باوەجانی دەڵێن: خانای قوبادی، کەڵە شاعیری ناوداری کورد خەڵکی دەڕنە یا دەڕنی شار بووە، کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی باوەجانییەوە...

٧- مامۆستا عەلائەدین سەجادی: "لە مێژووی ئەدەبی کوردی، لاپەڕە ٥٤٠، چاپ- ١٩٥٢ی بەغداد"دا ساڵی زاو و مەرگی خانا بە ١٧٠٠-١٧٩٥زاینی دەزانێ.

٨- مامۆستا (محەمەد ڕەشیدی ئەمینی: شاعیر و لێکۆڵەری پاوەیی دەڵێ: خانا یەکێ لە بەگزادە جافەکانی هۆزی قوبادییە، کە لە ناوچەی جوانڕۆ تا نزدیکی سەرپێڵی زەهاو نیشتەجێ بوون...

٩- مامۆستا خەزنەدا: ساڵی زاو و مەرگی خانا بە ١٧٠٤ تا ١٧٧٨زاییینی دەزانێ.

١٠- هەروەها کاك حەکیم مەلا ساڵح: سەردەمی ژیانی خانا بە ساڵی (١١٣٣-١٢٢٦) کۆچی بەرانبەر بە (١٦٦٧ تا ١٧٣٠) زاینی داناوە.

١١- بەگزادەکانی جوانڕۆ دەڵێن: بەپێی شەجەرە نامە، ناوی خانا خانلەرخان یا خانلەر بەیگی کوڕی سەید ئەحمەد بەیگی کوڕی سەید قوباد بەیگی کوڕی سەید ئەحمەد بەیگی گەورەیە و لە ساداتی پیر خدری شاهۆییە کە لە ساڵی ١٠٨٣ تا ١١٦٨ ژیاوە.

١٢- بەڕێز مامۆستا محی الدین ساڵحی: لە کتێبی (سرود بادیە، ل ١٢٣) دا دەڵێ: خانا لە ١٠٨٥ی مانگی دا لە ناوچەی جوانڕۆدا لە دایك بووە و لە ساڵی ١١١٣ دا

ناوبانگی شاعیری هەبووە و لە ڕیزی شاعیرانی گەورەی ئەو سەردەمەدا بووە. بەڵگەشی بۆ ئەم قسەیە دەسنووسێکی کۆنە کە لە ساڵی ١١١٣ی مانگی دا نووسراوە و هێندێ شعری خاناشی تێدایە...

ڕۆژێك لە خزمەتی دا بووم، دەیگوت چەند جار لە مەڕ خانای قوبادییەوە لەگەڵ سەی تایەری هاشمی دا قسەم کردووە، بەڕێزیان بەڵگەیەك کە نیشاندەری باجەلانی بوونی خانا بێت نەیانبووە، تەنیا لە ڕووی مەزندە و گومانەوە دوواوە...

بەڕێزان هاشمی و سوڵتانی تەرکیز لە سەر باجەلانی بوونی خانا دەکەن و بەڵگەشیان مێژووی میر شەرەفخانی بەدلیسییە...". (غەفار ئیبراهمی سارۆ)

هەروەها مامۆستا محەمەدی ساڵح ئیبراهیمی "شەپۆل" لە کتێبەکەی دا کە بەناوی (زانایانی کورد)ە،١٠ دەڵێ:" زانای ناودار خانای قوبادی- خانای قوبادی لە هۆزی پاشاکانی باجەلانە و نەوەی قوباد بەگی حاکمی دەرنێ و دەرەتەنگە... بۆ ساڵی لە دایکبوونی خانا لە سنووری ساڵی ١١١٦ی کۆچی دا لە قەڵەم دەدات.

هەروەها حاجی شێخ حامد حیسامی بەدێرە شیعرێك یادی خانای قوبادی دەکاتەوە:

**کوردی گۆرانە (خانای قوبادی)**
**خەسرەو شیرین بکەرۆ یادی**

شێخ حامید لە دیوانەکەی دا بە ژمارە (٣) پەراوێزێکی بۆ ژیانی خانای قوبادی داناوە و تێیدا دەڵێت:

خانای قوبادی پاشا لە عەشیرەتی (گۆرانە)، ئەدیبی کەم وێنە و شاعیری پایەبەرزی کوردستان بووە، داستانی جوانی بەشیعری کوردی هۆنیوەتەوە، بەتایبەتی خەسرەو شیرین کە لە ساڵی (١١٥٣ی ك. م) بە کوردی دایناوە، داستانی یوسف و زلێخای بەشیعر هۆنیوەتەوە، ئەم بەڕێزە لە ساڵی (١٠٨٣ی ك. م) لە دایکبووە، لە ساڵی ١١٦٨ لە تەمەنی ٨٥ ساڵی دا کۆچی دوایی کردووە.٢٠

سەرەتا لە باسی ساڵی لە دایکبوونی خاناوە دەست پێ دەکەم:

بەڕێزان سەیید تایەری هاشمی و محەمەد عەلی سوڵتانی و مامۆستا شەپۆل ڕایان وایە خانا ١١١٦ کۆچی دا هاتووەتە دنیاوە، بەڵام بەپێی وتەکانی بۆرەکەیی و گوڵزاری کوردستان و ئەو نامیلکە کۆنەی مامۆستا سارۆ ئاماژەی پێداوە ئەو دەسنووسە ساڵی لە دایك بوونی خانا بە ١٠٨٣ لە قەڵەم دەدەن، بەگزادەکانی جوانڕۆش هەمان ڕایان هەیە بۆ ئەو ساڵەی





کە بۆرەکەیی و دەسنووس و نامیلکە ئاماژەی پێ دەکات، ئەمەش بەڵگەیەکی دیبە بۆ ژیانی خانا، بەڵام هیچ کام لەو نووسراوانە نە وێنەیەکی ئەو دەسنووسە و نە باسی سەرچاوەکە دەکەن، ئایا ئەو دەسنووسە کێ نووسیویەتییەوە، لە کوێ دۆزراوەتەوە، لای کێ هەڵگیراوە، چۆن نووسراوەتەوە، بەرهەمی ناو دەسنووسەکە چییە، بەرهەمی خانا لەو دەسنووسەدا چییە، تەنها دەڵێن: بەپێی ئەو دەسنووسەی کەوتۆتە دەستمان، ئیدی هیچ شتێك دیار نییە، ئەمەش جێگەی گومانە بۆ لێکۆڵینەوە.

هەروەها سەیید فاتیح هاشمی کە ژیانی خانا بەهاوکات دەزانێ لەگەڵ ڕۆژگاری حوکمڕانی سوبحانوێردی خان و مستەفا خان... بەتایبەت خانا بە ١١٥٣ی کۆچی لە قەڵەم دەدات، ئەمەش لە ڕاستی نزیکمان دەکاتەوە، چونکە خانا لە لەیلا و مەجنوونەکەی دا دەڵێ:

**غەین و قاف و نوون، دال ئەبجەدی**
**حساب کەرۆ حەرف وێنەی عەسجەدی**
**هەزار و یەکسەد و پەنجاو چوارەن**
**ڕۆشنتەر جە سووی شۆڵەی وەهارەن**

ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە خانا لە ساڵی ١١٥٤ دا لە ژیاندا بووە، هەروەها مامۆستا سەجادی بۆ ساڵی لە دایکبوونی خانا ١٧٠٠ی زایینی ناو دەبات، ئەمەش بەڵگەیەکی ترە بۆ ساڵی خانا و دوور دەکەوێتەوە لەو دەسنووسە کۆن و زانیارییانەی لای بۆرەکەیی.

بەڵام دەبێ ئەوەش لەبیر نەکەین لێرەدا کە خانا لە لەیلا و مەجنوونەکەی دا دەڵێ:

**هەزار و یەکسەد و پەنجاو چوارەن**
**ڕۆشنتەر جە سووی شۆڵەی وەهارەن**

دیسان لەلای مامۆستا مارف خەزنەدار ١٧٠٤ی زایینی بۆ ساڵی لە دایکبوونی خانا دادەنێت. ئەمەش لە ڕاستی دوورمان دەخاتەوە و لەگەڵ ڕای پێشووماندا یەك ناگرێتەوە، هەروەها بەڕێز مامۆستا محی الدین بەپێی ئەو لێکۆڵینەوە و زانیارییانەی لە بارەی خاناوە بەدەستی هێناوە و سوورە لە سەر ئەوەی خانا لە ساڵی ١٠٨٥ی کۆچی دا هاتووەتە دنیاوە، بەڵام من ئەوەندە دەڵێم: هەرچی سەرچاوە و زانیاریی هەیە کە خراونەتە ڕوو، تەنها یەك وێنەی ئەو نووسراوانە نەخراونەتە ڕوو بۆ ئەوەی ساڵی ژیانی خانامان بۆ ڕوون بێتەوە، گومان و تەم و مژ و ئەو قسانەی پێشتر لە بارەی خاناوە کراوە پشت ڕاست بکاتەوە و زانیارییەکانی خۆی بسەلمێنێت.

بۆیە لێرەدا دەڵێم: تاکو ئێستا کۆنترین سەرچاوە کە بەدەست هاتبێ بۆ ساڵی لە

دایکبوونی خانا ١٠٨٣ی کۆچییە، ئەمەش پەردەی گومانی لە سەرە، چونکە هیچ وێنەیەکی ئەو پەڕاوانە و ناوی هیچ سەرچاوەیەک دیاری نەکراوە، تەنها دەسنووسەکە کەوتووەتە دەستیان و هیچی دی.٣

مامۆستا سەیید تایەری هاشمی و محەمەد عەلی سوڵتانی و مامۆستا شەپۆل لە بابەت هۆزی خاناوە دەڵێن: لە هۆزی باجەڵانە و کوڕەزای قوباد بەیگی حاکمی دەڕنەیە، هەروەها سەیید فاتیح هاشمی برازای خوالێخۆش بوو سەیید تایەری هاشمی لە کتێبی (هفت بند، مشتمل بر سه هفت بند از خانا قبادی...) دا دەڵێت: خانا لە بنەتوڵەی قوباد بەیگی حاکمی دەڕنەی سەر بە باوەجانییە، بەڕێزیان ئاماژەیان بەوە نەداوە کە خانا و قوباد بەیگ باجەڵانە یان لە هۆزێکی دییە.

باوەجانییەکان دەڵێن: خانای قوبادی، کەڵە شاعیری ناوداری کورد خەڵکی دەڕنە یان دەڕنی شار بووە...

مامۆستا محەمەد ڕەشیدی ئەمینی و مامۆستا محی الدین هەردووکیان ڕایان وایە کە خانا سەر بەهۆزی قوبادی و جاف جوانڕۆیە.

لەبارەی ئەوانەوە کە دەڵێن: خانا لە هۆزی باجەڵانە، ئەوا خانا دەڵێت:

**ئیستا من دەستاخ کۆتەڵ پاونانم**
**بێ جەد خاین باجەڵانانم**
**بە ڕۆژ بێ خورد بە شەو بێ خاوم**
**دیل بێ تاوان پاشای زەهاوم**

لەم چەند دێڕەی خاناوە بۆمان دەردەکەوێ خانا لە هۆزی باجەڵان نییە و هەموو ئەو قسانە ڕەت دەکاتەوە کە دەڵێن: خانا لە هۆزی باجەڵانە، بەڵگەی دی ناوێ خانا لای پاشای زەهاو کە باجەڵانەکانن دیل بووە و بە خاین ناویانی بردووە، لە بابەت هۆزی باجەڵانەوە مامۆستا ئیبراهیم باجەلان ساڵەهایە خەریکی لێکۆڵینەوەیەکی تێر و تەسەلە لە سەر باجەڵانەکان.

پاش گرتنی خانا لای باجەلانەکان ڕەنگە هەر بەهۆی ئەوەوە بێ کە ڕاڤەی ئایەتەکانی قورئانی کردووە، ئەمەش تەنها پرسیارە و وەڵامی نییە.

هۆزی باجەلان نزیکەی چەند سەدەیەک فەرمانڕەوایی ناوچەی زەهاویان کردووە، زۆرێک لەو هۆزە پەرش و بڵاو بوونەتەوە و ئێستا زۆربەیان لە شاری کەلار و خانەقین و چەندان ناوچەی تری کوردستان و دەرەوەی کوردستان دا بڵاو بوونەتەوە.

هەروەها ئەوانەی دەڵێن: خانا لە هۆزی باوەجانییە، ئەوانەش دوور دەخاتەوە لە هەڵەی بیر و بۆچوونیان و دەیسەلمێنێ





خانا لە تیرەی قوبادی هۆزی جافەکانی جوانڕۆیە، بە بەڵگەوە من پاڵپشتی ئەوانە دەکەم کە دەڵێن: خانا سەر بەتیرەی قوبادی جاف جوانڕۆیە و، خانا دەڵێت:

**ساحیبی ئۆتاق ئەقرەبا و پشتم**
**دەستگیر دەسدار، بەگلەران گشتم**
**عێل بەگی و ڕەشید میر جافانم**
**پەروەردەی سای چین زوڵف کلافانم**
**بەور باڵا دەس بان شێرانم**
**نامیدەی ولات ڕۆم و ئێرانم**
**قۆچ سەر نەپێچ وایەی هایهاتم**

ش٣ لەلایەن کاک (غەففار ئیبراهیمی سارق) کۆپییەکی ئەو دەستنووسەم بەدەست گەیشت، بەڵام وێنەی ئەو لاپەڕەیەی کە ساڵەکەی پێوەیە لە بەردەستی مندا نەبووە، ئەوەش نابێتە پاساو بۆ وتەکانم، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت ئەو ساڵەی دانراوە لە سەر دەستنووسەکە، شتێکی ڕوونمان بۆ روون ناکاتەوە لەوەی کە بە تەواوەتی نووسرابێت خانای قوبادی لە ساڵی ١٠٨٣ی کۆچی دا هاتووەتە دنیاوە، تەنها لە سەر دەستنووسەکە ساڵێك بەدی دەکرێت، ئەو تەمەنە زۆرەش بۆ ئەو دەستنووسە، جێگەی بڕوا نییە بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی. **سەف شکێن،**

**کۆی زۆر و زاتم**
**قوباد قوچاغ کۆی نەوسوارم**
**تەرح جەبلەکێش باغچە و حەسارم**
**سوڵتان هارون میر سەریاسم**
**ساحێب ناوك تیغ ئەڵماسم**
**میر سەرحەدگیر لای خان ئاشورم**
**لە تەعنەی بەدان یانە خاپوورم**

لەم شیعرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە خانای قوبادی خۆی بە دەستگیراوی گشت بەگلەران دادەنێت و خۆی بە سەرخێڵی هۆزەکەی دەزانێت، هەروەها خۆی بە مرۆییەکی ڕەشید و میری جافان دەزانێت،٤ دیسانەوە دەڵێت: پەروەردەی دەستی زوڵفی یارانم و خۆی بە (بەور = پڵنگ)ی باڵا دەست دەزانێت.

لێرەدا خۆی بەناوداری وڵاتی ڕۆم و ئێران لە قەڵەم دەدات، ئەمەش شانازییەکی خانایە بە شاعیری و دەنگدانەوەی لە سەرجەم ئەو بوارانەی کە شارەزایی تێدا بووە، ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم شیعرەدا خانا لە زۆر لایەنی ژیانی خۆی دوواوە بەشێ لە ژیانی خۆی بۆمان ڕوون کردووەتەوە، یەکێکی دی لە لایەنەکانی ژیانی خانا ئەوەیە، خۆی بە هاوخەمی هۆز و ناوچەکەیی دەزانێت و پێشڕەویی ئەو نەهامەتیی و کارەساتانەیە کە ڕووبەڕووی هۆز و خەڵکی ناوچەکەی ژێر دەسەڵاتی دەبێتەوە.

بەڵام لە دێرێکی دی دا خانا خۆی بە

پێشەنگی سوارانی تیرەی قوبادی دەزانێت و خۆی بە بچووك دادەنێت بۆ هاوكاری كردنی كەم دەسەلاَت و ئەوانەی خەریكی باخ و باخاتن، هاوكاریان دەبێت و خۆی بەكرێكاریان دەزانێت و ئامادەیە بۆ ئەو تێكەڵاوییە و قوڕیان بۆ بگرێتەوە.

ئاشكرابوونی لایەنێكی دی لەم شیعرەدا ئەویش ئەوەیە خانا خۆی بە شان بەشانی سوڵتان هاروونە ڕەشیدی دەسەڵاتدار دەزانێت، دەبێ لێرەدا ئەوە بڵێین: خانا لەو دەمەدا میری ناوچەی سەریاس بێت و خاوەنی ناوك و تیغی ئەڵماس بێت.

هەروا لە شوێنێكی دییدا دەڵێت:

**قوباد قوچاغ كۆی نەوسوارم**
**تەرح جەبلەكێش باغچە و حەسارم**

دیسان خانا دەڵێت:

**قوباد و قوچاغ قەدیم ساڵان بیم**
**بابۆی بەگزادان كەمەر لالاَن بیم**

وەكو لەم دوو دێرە شیعرەی خانادا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، بۆ داهێنانی شیعری و ناوهێنانی تیرەی هۆز و ناوی باوكی چی داهێنانێكی كردووە، سەرەتا هۆزەكەی و ناوی باوكی (قوباد قۆچاغ) بەیەكەوە هێناوە، دووبارە لە دێرێكی تردا بۆ ئەوەی هەردوو مەبەستەكە جیا بكاتەوە بۆ خوێنەری ئەو دەمە و پاش خۆیشی، هەردوو وشەكە جیا دەكاتەوە لە یەك، بەپێی ئەم دەقە بۆمان ڕوون دەبێتەوە ناوی باوكی خانا (قوباد قۆچاغ) بووە و هۆزەكەشی تیرەی قوبادی جاف جوانڕۆیە.

لە دێرێكی تردا خانا باسی باپیرەی خۆی بەم شێوە دەكات:

**نەوەی ئەمیرخان بەچەی بێ باكم**
**بێ فەرش، بێ باڵین، ئوفتادەی خاكم**

بەپێی ئەم دەقە شیعرییە خانا باپیرەی ناوی (ئەمیر خانە) و بێ باكە لەو شتانەی خراوەتە پاڵی، لە نیوە دێری دووەمدا دەڵێت: ئێستا من هیچ فەرشێك لە ژێرمدا نییە و بێ باڵین و....

لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە خانا كە لەلای باجەڵانەكان دیل بووە، باجەڵانەكان لەگەڵی دا بەخراپی جووڵاونەتەوە، هەر بۆیە لە دێری دوای ئەم دێرەی سەرەوەدا خانا بەم شێوەیە گفتوگۆمان لەگەڵدا دەكات:

**ئیستا ڕووگەردان قەسری مورادم**
**ئەبلەی مایە پوچ خزمەت وە بادم**

لەم پارچە شیعرەدا كە خانا لای باجەڵانەكانی ناوچەی زەهاودا بەدیل گیراوە– هاوار بۆ جافەكان دەبات و بەبای شەماڵدا ئەم نامە دەنێرێ بۆ تیرە و هۆزەكەی، سەلمێنەری ئەو ڕاستیانەیە كە لە بارەی خاناوە وتراوە و ئەوانەش ڕەت







دەكاتەوە كە دەڵێن: لە هۆزی باجەڵانە و لای ئەردەڵان بووە یان لای بابانەكان بووە و گیراوە و ڕای كردووە لە ترسی گرتن.

بەپێ ئەو شیعرانەی خانا بۆمانی بەجێ هێشووە بەڵگەی زانایی و كەسێكی شارەزا لە بواری ئایین دا پیشان دەدات، بەڵام لە ڕاستی دا بەڵگەی زیاتر و دروستمان لە بەردەست دا نییە بۆ ئەوەی پشتی پێ ببەستین و سەلمێنەری قسەكانمان بێت، بەپێ شیعرەكان دەبێ بڵێین: خانا پلە و پایەی بەرزی هەبووە لەناو تیرەكەی دا و خاوەن بەهرەیەكی گەورەی شیعری بووە و شانازی بەخۆیەوە دەكات و زانای ئایینی بووە، بەڵام وەكو ئەوەی لە شیعرەكانی دا دەردەكەوێت شارەزایی باشی لە بوارە جیاجیاكانی ئایینی ئیسلامدا بووە.

لایەنێكی دی لە ژیانی خانا پێویستە باسی بكەم، ئەویش لێرەدا بەپرسیارێك دەست پێ دەكەم.

ئەو پرسیارەش ڕووبەڕووی ئەو دوو بەیتەی خانای قوبادی خۆی دەكەمەوە كە دەڵێت:

**سوڵتان هاروون میر سەریاسم**
**ساحێب ناوك تیغ ئەڵماسم**
**میر سەرحەدگیر لای خان ئاشوورم**
**لە تەعنەی بەدان یانە خاپوورم**

یان لە دێرێكی تری دا دەڵێت:

**تەكیەی ڕاهداران، شای سەماواتم**
**دەفتەردار موڵك سەرجۆی كاواتم**

دەكرێ بڵێین: خانا ناوی هاروون بووە و میری ناوچەی سەریاس بووبێت و ناوچەیەكە لە نێوان جوانڕۆ و پاوەدا، دانیشتوانی لە هۆزی ئێناخی جافن، خاوەن كەرەستەیەكی زۆری جەنگی بێت، یان ناوی ڕەشید بێت، وەكو لە پێشتر باسی ئەوەم كردووە، ئەمەش وەك هەڕەشەیەك بۆ سەر هۆزی باجەڵان بخاتە ڕوو، هەروەها دەبێ ئەوەش بڵێم: دەكرێ خانای قوبادی بەهۆی ناكۆكییەكەوە لەگەڵ باجەڵانەكاندا بە شەڕ هاتبێت و بەدیل گیرا بێت لەو شەڕەدا، ئەمەش پرسیارێكە و وەڵامێكی دەوێ بە بەڵگەوە، لەوە زیاتر كە لە شیعرەكاندا دەردەكەون، هیچ بەڵگەیەكی ترمان لە بەردەستدا نییە، بەپێی لێكۆڵینەوەی مێژوو نووسانی جوانڕۆیی هیچ كات باجەڵانەكان نەیاتوانیوە دەست بەسەر جوانڕۆدا بگرن، ئەوەی كە خانا دەڵێ: دەفتەردار موڵك سەرجۆی كاواتم.. باشترین بەڵگەیە بۆ نیشاندانی جوانڕۆیی بوونی خانا، چونكە سەرجۆی كاوات، نزیكترین كانیاوی سەر بەشاری جوانڕۆییە و ئاوی زۆربەی دانیشتوانی ئەو شارە ئێستاش لە كاوەت

دابین دەبێت، دیسان لە دێرێکی دی دا دەڵێت:

میر سەرحەدگیر لای خان ئاشوورم
لە تەعنەی بەدان یانە خاپوورم

دیسان خانا بە قسەی ئەو کەسانەی کە دژی بیر و بۆچوونین، دەڵێت: بەقسەی بەدکاران من ماڵم وێرانە، هەروەها باسی نەهامەتی خۆی دەکات بەوەی کە بەشەو بێ خەوە و بەڕۆژ بێ خواردنە لەلای پاشای زەهاو.

وەکو دەبینین خانا لەو پارچە شیعرەی کە لە دیلێتی دا نووسیویەتی، ڕوو دەکاتە بای شەماڵ و دەڵێت:

**ئەی بادی شەماڵ یە جەستە و حاڵە**
**یە گۆنای پڕ گەرد، زەردەی جەماڵە**
**یە لاشەی زەبوون بێ نازکەفتەی من**
**جە ناڵە کۆسار شەونەخەفتەی من**
**یە جامەی جیا دوور نە کافوورە**
**یە گڵکۆی مەزار گەدا دەستوورە**
**یە کەلوەلای زام زوڵم ساڵانە**
**یە عەیش، واوەیلای میرە ماڵانە؟**

وەکو دەبینین خانای قوبادی لێرەدا چی ڕووداوێکمان بۆ دەگێڕێتەوە، خانا زۆر بە ڕاشکاوانە دەڵێت: ئەمە جەستە و حاڵی منە، سەیری گۆنای پڕ گەردم بکەن، چۆن زەرد هەڵگەڕاوە، وەرن سەیری لاشەی زەبوونم بکەن.. چۆن بێ ناز کەوتووە.. وەرن سەیری ناڵەی من بکەن لە کۆساردا و بزانن من خەوتووم، خانا بەردەوام دەبێت و دێتەوە بۆ لای کەربەلای خوێناوی، ئەو کەربەلایەی کە خوێنی نازدارترین کەسی پێغەمبەری تێدا چووە و شەهید کراوە، ئەم نیوەباڵە دوو مەبەستی خانا ڕوون دەکاتەوە و دوو مانای تایبەتی هەیە:

یەکەم: ئەو بەندیخانەیەی باجەڵانییەکان کە خانای تێدابووە، بەکەربەلا چوواندوویەتی و زوڵم و ستەمێکی زۆریان لەو جێگەدا لە سەر خانا و دۆستانی کردووە، هەروەها لە سەر بنەماڵەی پێغەمبەر (د. خ) کرا.

دووەم: کەلوەلا: بەمانای لەتلەت بوون و زامارکردنی جەستە و ڕۆحی خانا و هەواڵانی لە لایەن حاکمانی باجەڵانەوە، خانا دەڵێت: وەرن سەیری زامی دڵی من بکەن لەم ساڵانەدا... ئەمەیش عەیش و شین و واوەیلای میری ماڵانە... خانا خۆی بە نازدارانی شاری کەربەلا چواندووە کە مەبەست لە ئیمامی حوسێنی کوڕی ئەبی تاڵب و شوێن کەوتوانییەتی... خانای قوبادی دەڵێت: سەیری لاشەی ئەم نازارە بکەن بزانن چۆن وەکو ئەو نازەنینە بێ ناز و لاواز و بێ ئاو و خۆراك لە دیلی دا کەوتووە، لەبەر ئەو هەموو ئازار و مەینەتییە لاشەم لەڕ و لاواز و زامار بووە...

دیسانەوە خانا دەڵێت:

نە شەرم، نە سیرەت، نە زوڵف، نە خاڵە
یە پەردەی ڕەنگین، تەختەی ڕەشماڵە

لەم دێرەیاندا خانا ڕووی بەجوانی دەردەخات و دەڵێت: ئەی خەڵکینە ئەمە نەشەرمە و نەسیرەت، نە زوڵفە و نەخاڵە، بەڵام ئەمە پەردەیەکی ڕەنگینە و من هەڵی دەدەمەوە و ڕاستییەکان دەڵێم و ڕاستیش ئەوەیە کە ئەم کارە وەکو تەختەی ڕەشی ڕەشماڵە بەنێوچاوانی باجەڵانەکانەوە.

خانا لە دێرێکی تردا ڕووی خۆی وەردەگێڕێت و ڕوو دەکاتەوە لای دینەکەی و دەڵێت:

**یە کار گەردوون بینای کارانە**
**بەگزادەی سەرکز سای تالارانە**

لەم دێرەدا کە خانا ڕووی وەردەگێڕێت و ڕوو دەکاتە لای دینەکەی، دەڵێت: ئەمە کاری گەردوونە و خوای گەورە کە هەموو کارەکانی جوانە، وەرن تەماشا بکەن بزانن خوا چی بەسەر من دا هێناوە و، بەگزادەی سەرکزیش دەبێ لەسای ئەو هەموو تەلارە بەرزانەدا سەرکز بێت و شوکرانەی خوای گەورە بکات...

ئەگەر بەڕوویەکی تردا ئەم دێرە شی بکەینەوە و بڵێین: خانا بە گەردوون و دونیا دەڵێت: منێك خاوەنی ئەو هەموو تەلار و کۆشکە بووم و ئێستا ئاوام لێ قەوماوە، ئەوا زەمانە هەر ڕۆژە و پەنای کەسێکە، کورد دەڵێت: "دنیا پێچی مێزەرێکە"، واتە: دونیا هەر ڕۆژە و بەلای کەسێکدا سووڕی دەدات و ئێستا گلۆڵەی بەشی من چۆن کەوتۆتە لێژی...

بەردەوام بوونی خانا و هاوارکردن و پەنا بردن بۆ بای شەماڵ بەردەوامە و دەڵێت:

**ئەی بادی شەماڵ فرە زەلیلم**
**وێنەی عارەبان بە تۆ دەخیلم**

بێزاری و زەلیلی خانا وای کردووە کە خۆی بچووێنێت بە عارەب و بڵێ: منیش وەکو عەرەب زەلیلم و بەتۆ دەخیلم ئەی بادی شەماڵ، هاوارم بگەینە دۆست و خزمانم....

لە دێرێکی تری دا خا دەڵێت:

**عەرزەی جەستە و حاڵ ئێمە و**
**ئەسیران**
**بەرە پەی ئۆتاق بەگزادەی میران**

خانای قوبادی چیرۆکەکە قوڵتر دەکاتەوە و دەڵێت: عەرزی حاڵی من و هەموو دیلەکانی تری بەرەوە بۆ ئەو جێگەیەی کە بەگزادە و میرەکانی خزمی خانای تێدا نیشتەجێ بوون...



نیگار عنایەتی

# دیالۆگ

دیالۆگ (Dialog) وشەیەکی لێکدراوی لاتینییە و لە دووبەش پێکهاتووە(Di :، یانی دوو) و(Log ، یانی پەیڤین). لەباری قامووسییەوە، دیالۆگ بەواتای وتووێژ دێت کە لەنێوان دوو یان زیاتر لەدوو کەسدا دەتوانێت بکرێت .

دیالۆگ مکانیزمی بە رێکخستن کردنی کۆمەڵگایە. لێنین لە زۆربەی وتارەکانیدا ئاماژەی بە بەرێکخستن کردنی کۆمەڵگا دەکات و لەو باوەڕەدا بوو کە بە بەرێکخستن بوونی کۆمەڵگا، شۆڕشەکان سەردەکەون. بەڵام رێزدار عەبدوڵا ئۆجەلان لە سەر وتەکانی لێنین ئاماژە بەوە دەکات کە بەر لە رێکخستن کردنی کۆمەڵگا پێوستە کۆمەلگا پەروەردە بکرێت و فۆرمۆلێکی سێ قۆناغی دەست نیشان دەکات، کە پێکهاتووە لە پەروەردە، رێکخستن، چالاکی، کە خالێ بنەڕەتیی هەر پەروەردەیەك لە دیالۆگدا تێپەردەبێت .

ئەگەر دیالۆگ و دانوستاندنەکان فراوان نەکرێن و پرەنسیپەکانی دیموکراتی لەکاتی دیالۆگدا بەبنەما نەگیرێن، ئەوا ئەو دیالۆگانە ئاشتییەکی سەقامگیر و گۆڕانکاریی ریشەیی و چاکسازیان لێ ناکەوێتەوە.

**<u>*مێژووی دیالۆگ</u>**

کاتێك ئاوڕ لە مێژوو بدرێتەوە، دەردەکەوێت کە قۆناغەکانی تێکهەڵچوونی نەتەوەکان لەسەر هێلێ هێزی جەستەو باهۆ بوون. ململانێ لەسەر هێزی جەستەیی و کوژرانی مرۆڤ. پێکهەڵپڕژانی پاڵەوان یان سوپاکان. دەکرا پاڵەوانی دوو سوپای دژ بەیەك زۆرانیان بگرتبایەو پاڵەوانی سەرکەوتوو، سوپا و نەتەوەی







سەرکەوتووی لێ دەکەوتەوە، پاڵەوانی دۆڕاو ئاکامەکەی دەبووە دۆڕانی سوپاو نەتەوەی دۆڕاو .

پاش ئەو قۆناغەی مێژوو قۆناغێکی نوێ هاتە ئاراوە، ئەویش قۆناغی پیشەکاری و ئاکامەکەی شارەستانیەتی پیشەکاریی بوو. ئەم قۆناغەش بەرێژەی خەڵکی زۆرو هێزی کارەوە دەناسرێتەوە. دەکرێت بڵێین کە قۆناغی پیشەکاریی هەمان رێڕەوی هێزی جەستەیی گرتەبەر کە لە ئاکامی دەستبەسەرداگرتن بەسەر مادەی خاوو داگیرکاریی وڵاتان بەهۆی هێزی سەربازییەوە روویدا. بەڵام قۆناغی حازر بازدانێکی سەیرو سەمەرەی رووەپێشی لەچاو قۆناغەکانی ئاماژەپێکراو هەبوو. دەکرێت ئەم قۆناغە بە قۆناغی کامپیوتێر ناودێر بکرێت کە دەرئەنجامەکەی تەقینەوەی زانیاریی بوو. لەم قۆناغەی ژیانی مرۆڤدا تازەگەری و سودوەرگرتن لە زانایی دەورێکی سەرەکیی دەگێڕێت. "تافلێر" سەبارەت بە سەردەمی زانیاریی دەڵێت کە کارێکتەرانی سەرەکیی سەردەمی ناوبراو نووسەران و زانایان و هونەرمەندان و رۆژنامەوانانن کە ئەمەش بەخێرایی و بە گۆڕینەوەی زانیاری و تازەگەری و خزمەتگوزاری و هتد لەنێوان مرۆڤەکاندا پێش دەکەوێت. رووخانی دیوارەکانی زانیاری و گەشەی خێرای پیشەی پێوەندیەکان وادەکات کە "کەس/ لایەن" بیەوێ و نەیەوێ دەکەوێتە نێو پێوەندیەکی تانوپۆئاساوە. لەوەدەچێت تەنیا رێگا ئەوە بێت کە بەشێوەیەکی رەسمی "کەس/ لایەن" بکەوێتە نێوان دیالۆگی فەرمی و جێگیرەوە. یان ئەوەی کە بەشێوەی قۆناغە کۆنەکانی مێژوو کە پێشتر باسی هات، هێزی جەستەیی سوپا وەگەڕ بکەوێت. بۆیە بیرکردنەوە لە دیالۆگ و بەکردەوەکردنی دەکرێت لە سەردەمی هەنووکەدا رێگایەکی باش بێت. باشترە بگوترێ کە دیالۆگ جۆرێکە لە دەستکەوتی هێز بۆ ئەوەی "کەس / لایەن" لە پێوەندیی تاکرەهەندی و تاك جەمسەری رزگار ببێت و هەنگاو بنێتە نێو پرۆسەی پێوەندیی کارلێکەوە.

بیرمەندان کاتی هاتنەئارای دیالۆگیان بۆ ئەو سەردەمانە گەڕاندۆتەوە کە زمان دروست بوو. ئەوکاتەی کە مرۆڤ هێماکانی بە مەبەستی لێکتێگەیشتن بەکار هێنا و بووە هۆی هاتنەئارای رەوتێك کە دواتر ناوی دیالۆگی بەسەردا بڕا. بە گەشەسەندن و بەرفرەبوونەوەی کۆمەڵگاکان شێوازی دیالۆگ لەم تاکرەهەندیی خوێندنەوەیە دەرباز بوو و واتای چەند لایەنیی بە خۆیەوە گرت. بەمجۆرە کە دیالۆگ تەنیا بە مانای هێنانەسەر زمانی خواستەکان و

پێوەندییەکی سادە نیە. دیالۆگ بابەتێکی زانستی، فەلسەفی، مێژوویی، دیالەکتیکی رۆژانەیە. دیالۆگ بنچینەی دامەزراندنی پێوەندیەکانە، نەك تەنیا لە نیوان مرۆڤەکاندا بەڵکو، لە نێوان مرۆڤ و سروشتیشدا. کەواتە دیالۆگ دەتوانێت بە سیگناڵ، نیشانە، جوڵە و تەنانەت چاو لە چاو کردنێکیش بکرێت.

***دیالۆگ لە فەلسەفەدا**

"ئەرەستوو" فیلوسوفی یونانی ئاماژە بە گرینگیی زانست دەکات و دەڵێ دەبێ دەسەڵات بکەوێتە دەستی ئەو کەسانەی کە خاوەنی زانست و هێزی قسەکردنن. مەبەست لە ئاماژەدان بەم وتەیە گرینگیی هەبوونی توانای قسەکردنە کە چۆن مرۆڤەکان دەتوانن قەناعەت بە یەکتری بهێنن لە نێو هەڤپەیڤینێکدا.

زۆر کەس پێیان وایە کە دیالۆگ تەنیا قسەکردنە لەنێوان دوو کەسدا. بەڵام لە زانستی فەلسەفەدا دیالۆگ تەنیا قسەکردن نییە، لەزۆر بابەتدا جیاوازیی هەیە لەنێوان دیالۆگ و پەیڤیندا. کاتێك وشەی دیالۆگ دەبیسترێ پێش هەموو شتێك زەینی مرۆڤ بۆ ئەوە دەچێت کە هەڤپەیڤینێك لەنێوان دوو کەس یان لایەن یان کۆمەڵ و هتد هاتۆتە ئاراوە. چونکە مرۆڤ بۆ پێکهێنانی دیالۆگ زیاتر کەڵك لە میکانیزمی زمان وەردەگرێ. بۆیەش زوو زەین بۆ ئەوە دەچێت کە رەنگە ئەم زاراوەیە بە مانای قسەکردن بێت. بەڵام هەموو قسەکردنێك دیالۆگ نیە .

یەکێك لە هۆکارەکانی بەمرۆڤبوون و سەرهەڵدانی شارستانییەت، لە ئاکامی دیالۆگەوە بەدیهات. کاتێ کە مرۆڤەکان هێماکانیان ناسی و واتایان بۆ دۆزینەوە و پێوەندیان لەگەڵ یەکتردا سازکرد، کەوتنە رەوتێکەوە کە دواتر زانست ناوی لێنا دیالۆگ. هەر ئەو رەوتەش بوو کە مێژووی مرۆڤایەتیی هەتا ئێستای تۆمار کردووە..

دیالۆگ خاڵێکی بنەڕەتییە لە هەبوونی مرۆڤەکان و کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا. بەواتایەکی دیکە مرۆڤ کاتێ بەکۆمەڵگا دەبێ کە دەکەوێتە نێو رەوتی دیالۆگەوە. هەبوونی مرۆڤ لەنێو ژیانی کۆمەڵایەتیدا گرێدراوی دیالۆگی رۆژانەیە.

*بەدیهاتنی دیالۆگ لە حاڵەتی دیالەکتیکیدا

کاتێك تێز و ئانتیتێز یەك دەگرن، سەنتەزێك ساز دەبێت، ئەو سەنتێزە دەبێتە بەرهەمی ئەو دیالۆگە. بەڵام لەم حاڵەتە دیالەکتیکەدا ئانتیزێز، تێز لە نێو نابات، بەڵکو تێز و ئانتێتیز لەنێو فۆرمولێکی کوانتۆمیکدا یەکتری تەواو دەکەن و سەنتەزێك لە هەردوو لایەن درووست دەبێت. بە واتایەکی دیکە کاتێك دوو فکر یان دوو ئایدی رێك دەکەون بۆ





ئامانجێکی دیاریکراو، نەك تەنیا یەکتری رەت ناکەنەوە، بەڵکو لە ئەنجامدا دەسکەوتیشیان دەبێت و دەکەونە نێو خانەی دیالۆگەوە. کەواتە لە دیالۆگدا هەر دوولایەن وەك خۆیان دەمێننەوە و دەبنە یارمەتیدەری یەکتری بۆ بەدیهێنانی ئامانجی هاوبەش. لە سۆنگەیەکی دیکەوە بۆ دیالۆگ "من– کەس/ لایەن" ئەوە دەزانێت کە "تۆ_کەس/ لایەن" بوونێکی هاوئاست دەبەخشێت بەخۆی، واتە لەم کردە دیالەکتیکیەدا "تۆ – کەس/ لایەن"، لە خۆیدا "من – کەس/ لایەن" سازدەکات و بەپێچەوانەوە .

من– کەس/ لایەن = تۆ – کەس/ لایەن

زۆربەی قوتابخانە فەلسەفییەکان دیالۆگیان شی کردۆتەوە. هەر کام لەو قوتابخانانە توانیویانە خوێندنەوەیەکی تایبەتیان بۆ دیالۆگ هەبێت. هەروەها ئایینیش تێڕوانینێکی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ دیالۆگ .

-لە قوتابخانەی پۆزیتیڤیزمدا کە لە فکریەتی ئیدیالیزمەوە سەرچاوەدەگرێ، مرۆڤەکان بە ئۆبژە دادەنرێت و چوارچێوەی دیالۆگی بۆ گروپێك، نەتەوەیەك، لایەنێك، پۆلبەندی دەکات و حاڵەتیکی نەگۆڕی بۆ وەبەرچاو دەگرێ، بەڵام بەشێوەیەکی زانستیانە دەیخوێنێتەوە. لە نێو ئەم قوتابخانەیەدا هەموو کۆمەڵگاکان، پۆلینبەندیی دەکرێن و چوارچێوەی فکریەت و دیالۆگ لەگەڵ ئەم کۆمەڵگایە و چینەکانانیدا بە شێوازێکی نەگۆڕ پێك دێت. بۆ نمونە، کاتێك باسی نەتەوە دەکرێت بەگشتی دەینرخێنێت، وەکوو کورد کە هەموو باشن یان خراپن. رەشن یان سپی .

لە قوتابخانەی فەلسەفیی هێرمۆنۆتیك و هومومانیزمدا دیالۆگ بۆ ئاستی تاکە تاکەی مرۆڤەکان دادەبەزێنرێت و پێیانوایە کە شێوازی دیالۆگ لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی دیکە دەگۆردرێت و هیچ پۆلبەندیەك بۆ دیالۆگ دانانێن. مرۆڤەکان وەکوو هەبوونێکی سۆبژەکتیڤی دەنرخێندرێت و لە چوارچێوەیەکی ریالیستیدا لە بابەتەکان نزیك دەبێتەوە. ئەم قوتابخانە فەلسەفییە هاوکات لەگەڵ قوتابخانەی ئیندوالیزم، شێوازی دیالۆگ بە لەبەرچاوگرتنی رەوشی دەروونی ئێستا و پێشینەی مرۆڤەکان دیاری دەکات.

لە قوتابخانەی کۆلەکتیڤیزمدا دیالۆگ لە چوارچیوەیەکی گشتیدا دەنرخێنریت کە مرۆڤەکان، کۆمەڵگاکان و بیروڕای گشتی، هەڵدەسەنگێندرێت و سەنتەزی بیروڕاکان لە ئەنجامی دیالۆگە پێکهاتووەکان بەکار دەبرێت، بەسەرنجدان بە فکری نەرێنی، ئەرێنی و بێ لایەنی لە بابەتێکدا. کەواتە کۆلەکتیڤیزم بۆ هەبوونێکی کۆلەکتیف لە

دیالۆگ کەڵك وەردەگرێت هەتا یەك بەیەکی بۆچوون و فکرەکانی نێو کۆمەڵگا کۆبکاتەوە و لە ئەنجامی فاکتۆری بەدەستهاتوو، مەبەستی خۆی دیاریی بکات. لەم قوتابخانەیەدا بەسەرنجدان بە فکریەتی هۆلیزم و پۆزەتیڤیزم، میکانیزمی دیالۆگ پێش دەکەوێت .

دیالۆگ لە پلێنۆمدا پەرەدەستێنێت. پلێنوم واتای گشتی هەیە، لەکاتیکدا نوێنەرانی گەل لە مەجلیسێکدا کۆدەبنەوە، دەتوانین بڵێین کە ئەوە لە پلێنومدا کۆدەبنەوە و لەسەر بابەتیك مشتومڕ و گفتوگۆ دەکەن.

**<u>*دیالۆگ و ئایین</u>**

هەروەکو باسمان کرد ئایینیش وەکوو باقی قوتابخانە فەلسەفییەکان دەپەرژێتە سەر دیالۆگ و تێروانینێکی جیای بۆ ئەم چەمکە هەیە. لەنێو ئاییندا دیالۆگ واتای نامێنیت. مرۆڤ لەگەڵ خودای خۆی دەکەوێتە قسەکردن و دەپارێتەوە و کردارە ئایینییەکان پەیڕەو دەکات، بەڵام لە هەمان کاتیشدا وەڵامێکی ئۆبژەکتیڤی وەرناگرێت، لەبەر ئەوەی خودا لەگەڵ ئەو کەسە قسە ناکاتەوە. دوولایەنیی لەئارادا نییە و تەنیا لایەنێك دەپەیڤێ، کەواتە ئەمە ناچێتە خانەی دیالۆگەوە. هەر وەکوو ئاماژەی پێکرا دیالۆگ لە کردەوە و دژکردەوە یان وتووێژ لە نێوان دوو لایەندا بەدی دێت. بەمجۆرە لە نێو ئاییندا هەر قسە هەیە و وەڵامێك نییە. کەواتە لە ئاییندا شێوازێکی مۆنۆلۆگە. بەلام تیۆریی مێتافیزیك بەم وتووویژە لە ئایین دەڵێ دیالۆگ. لە نێو ئەندێشەی مێتافیزیکیدا ئەم حاڵەتە بە دیالۆگ دادەنرێت کە لەگەڵ هەبوونێکی فکریی میتافیزیکی لە پێوەندی دایە و لە شوێنیکی دیکەدا وەکو ئیلهام وەڵامی خۆی وەردەگرێتەوە و پەیوەندییەك ساز دەکات.

لە نێو شێوازەکانی دیالۆگدا شێوازێکی کەشمان هەیە کە لە سێ بەش پێك دێت، پێمانێکی سێ قۆڵییە کە بە تریۆلۆگی ناسراوە. تریۆلۆگی ستروکتورێکی سێ گۆشەییە و لە سێ لایەنەوە، بابەتێك هەڵدەسەنگێندرێت و پەیمانێك دەبەسترێت. لە ئاییندا ئەم شێوازە هەیە لە نێوان خودا و پەیامبەر و مرۆڤدا. لەم نێوانەدا پەیمانێکی سێ قۆڵی دەبەسرێت .

**<u>*توانستی دیالۆگ</u>**

وشەی دیالۆگ هەڵگری دوولایەنە کە تانوپۆ و تەواوکەری یەکترین. واتە "فکر" و "کردەوە". کاتێك لە "وشە" لایەنی "فکر" دابماڵدرێت و تەنیا "کردەوە" وەبەرچاو بگێردرێت و پێداگریی لەسەر بکرێت ئیدی "وشە" بەرەو رەهەندی "کردەوەخوازی"ی دەچێت. لە لایەکی دیکەوە ئەگەر وشە تەنیا ببێتە هەڵگری لایەنی ئەندێشە و کردەوەی لێ







بستێندرێتەوە، دیالۆگ دەبێتە گەمەیەکی بێ ئەنجام. بەواتایەکی دیکە هیچکام لە لایەنەکانی ئەندێشە و کردەوە ناکرێ ببێتە قوربانیی ئەوی دیکە.

**<u>*گرینگی هەبوونی دیالۆگ</u>**

لە کۆمەلگایەکدا کە دیالۆگ سەربەستانە بەدی بکرێت ئەو کۆمەڵگایە پێشکەوتنی مەزن بە خۆیەوە دەبینێت و ئەو کۆمەڵگا بەرەو دیموکراتبوون دەروات. دیالۆگ بۆ شەڕی دەسەڵات نیە، بەڵکو بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتە لەپێناو بەرژەوەندیی ئەو کەسانەی کە لەم میکانیزمە کەڵك وەردەگرن. دەکرێت بڵێین کە دیالۆگ پردی نێوان بەیەکگەیشتنی فکرەکانە. هەروەکوو لە سەرەوەش ئاماژەی پێکرا دیالۆگ میکانیزمێکە بۆ بەدەستهێنانی سەنتێزی فکرەکان، کەواتە لە رێگای دیالۆگەوە فکرەکان بەیەك دەگەن و دەستکەوتیشیان دەبێت. ئامانج بۆ هەموو مرۆڤێك گرینە. کاتێ مرۆڤ ئامانجێك بۆخۆی دیاریی دەکا بەو واتایەیە کە دەبێت هەموو کاناڵەکان تاقی بکاتەوە هەتا بەو ئامانجەی خۆی بگات. لێرەدا دیالۆگ یەکێکە لەو کاناڵانەی کە دەکرێت بەکار بهێندرێت بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی کە مرۆڤ دەیەوێت پێی بگات .

بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی دیموکراتیك، پێویستە کە هەموو لایەنە کۆمەڵایەتیەکان بەیەکەوە پێشبکەون، ئەوەش پێویستیی بە شۆرشێکی زێهنیەتی هەیە. هەر بۆیەش دیالۆگ دەتوانێت رێگایەك بێت بۆ بەدیهێنانی ئەم شۆڕشە. فیلوسۆفی ئاڵمانیی "مارتین بوێر" لە پەرتوکێکی خۆیدا بەنێوی "رێگایەك بەرەو یۆتۆپیا" ئاماژە بەوەدەکات کە کۆمەڵگا بەردەرام پێویستیی بە شۆرش هەیە و هەروەها ژیانی راستەقینە هەمووی لە کۆبوونەوەدا واتای هەیە.

هابرماس فیلەسوفی ئاڵمانی لە بابەت دیالۆگ و کۆمونیکاسیۆن، لێکۆلینەوەیەکی زۆری کرد. جێی ئاماژەیە کە هابرماس لە کاتی شەڕی دووهەمی جیهانیدا دەژیا، کاریگەریی ئەو سەردەمە بەروونی لەسەر بیرو بۆچوون و لێکۆڵێنەوەکانیدا رەنگی داوەتەوە. هابرماس لەبابەت گفتوگۆ لە نێوان کۆمەڵگادا باس لەوە دەکات کە پێویستە ئاستی زانیاریی کۆمەڵگا ئەوەندە لەسەرێ بێت کە دەرك بە شێوازەکانی دیالۆگ و چارەسەرکردنی کێشەکان بە دیالۆگ و کۆمینیکاسیۆن بکرێت. کاتێك کۆمەڵگا بەم چەمکە نائاشنا بێت، ئەوکاتە ئەو کۆمەڵگایە لە قەیرانێکی دژواردا دەژی. هابرماس هەروەها ئاماژە بە هەردووك شەڕی جیهانی دەکات و دەڵێ، ئەگەر مرۆڤەکانی ئەم سەردەمانە، ئاستی

زانیاریان لەسەرێ بوایە و شێوازەکانی دیالۆگیان ناسیبوایە، ئەوکات نە شەڕی یەکەمی جیهانی دەکرا و نە شەڕی دووەمی جیهانی. هاوکات هابرماس ئاماژەی بە هەڵخەڵەتانی مرۆڤەکان دەکات و دەڵێ دەسەڵاتداران بە پروپاگەندەکردن بۆ داسەپاندنی فکریەتی خۆیان بەسەر کۆمەڵگادا پەنا بۆ هەموو ناڕاستیەک دەبەن. ئەگەر بێت و ئاستی زانایی مرۆڤەکان بەرز بێت، ئەوکات تاکەکان راستیەکان لە چەوتەکان هەڵدەوەژێرن و رێگا راستەکە هەڵدەبژێرن و فریوی ناڕاستیەکان ناخۆن. هاوکات هابرماس خەفەت بۆ سەردەمی نازیستی دەخوات و باس لەوە دەکات کە چۆن دەسەڵاتداران مرۆڤەکانیان بۆ ئامانجە چەوتەکان بەکار دەهێنا و دەیانکردە قوربانی.

**<u>*پرەنسیپەکانی دیالۆگ</u>**

پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای دیالۆگ دامەزراون. واتە دیالۆگ بابەتێکی کۆمەڵایەتیی و لەهەمانکاتیشدا میکانیزمی بەیەک گەیشتنی فکرەکانە و هەڵگری کۆمەڵێک پرێنسیپی تایبەت بەخۆیەتی. دیالۆگ بنچینەی رێکخستن و بە سازیکردنی کارەکانە کاتێک دیالۆگ بەواتای خۆی خۆدەگرێت کە لایەنەکانی ئامادە لە دیالۆگدا پرێنسیپەکانی بپارێزن. بەشێک لەو پرێنسیپانە بریتین لە :

•تۆلەرانس.

* نەبوونی پێش گریمانە.
* زانیاریی پێویست لەسەر بابەتی دیالۆگ.
* هاوئاستبوونی لایەنەکانی بەشدار لە دیالۆگدا.
* خۆپاراستن لە هەرچەشنە خۆداسەپاندنێك.
* لەباربوونی زەمینەی دیالۆگ.
* لەبەرچاوگرتنی کات و شوێنی دیالۆگ.
* رێزگرتنی لایەنەکانی بەشدار لە دیالۆگدا.
* پێویستبوونی ناسینی کەس/لایەن، ئاگاداربوون لە بیرو بۆچوونی خود و بەرامبەر .
* وەبەرچاوگرتنی ئازادی لە فکر و بیرکردنەوە و هەڵبژاردنی لایەنەکانی دیالۆگدا.
* وەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیەکانی لایەنەکانی بەشدار لە دیالۆگدا .
* باوەڕهێنان بە بنەمای دیالۆگ بەجێی دوژمنایەتی و تێکهەڵچوون.
* قبوولکردنی هەبوونی بیروڕای جیاواز.

**<u>بۆچی دیالۆگ</u>**

نەگۆڕبوون لەدنیای بگۆڕی خێرادا خەسارێکی مەزن بە تاک و کۆمەڵگا و کولتوور دەگەیەنێ. لەم دنیا بگۆڕەدا دیالۆگ وەکو پێویستییەک بۆتە هەوێنی




پێشکەوتن و لەبەشێك لە کۆمەڵگا و شارستانییەت و کولتوورەکاندا رەنگیداوەتەوە. گۆرانکارییەکانی چاخی حازر لەچوارچێوەی کولتوور و شارستانییەتێکی داخراودا ناگونجێ و هیچ کام لە پێوەرەکانی کۆمەڵگای چەقبەستووش ناتوانێ هەڵیسەنگێنێ. خواست و مەیلی کۆمەڵگاکان گۆڕانی بەسەرداهاتووە و پێ بەپێی پیشکەوتنەکان زێدەتر و بەرفراوانتر بۆتەوە. بۆ نموونە کە چاو لەچاخی پیشەکاریی بکەین، لایەنەکانی ئەو سەردەمە لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، زانستی و سیاسیی.... لێکبدەینەوە، گۆڕانکارییەکی مەزن هۆکاری بازدانی سەرلەبەری کۆمەڵگای مرۆڤیی بووە لە ژیانی چاخی تاریکیی سەدەکانی ناڤیندا. گۆڕانکارییەك هەموو بوارەکانی کۆمەڵگای گرتەوە کە هەمووشتێکی هەر لە بناغەوە هەڵتەکاند. کە دەکرێ دەست بخرێتە سەر گۆڕان لە سیستمی باوەرمەندیی جەماوەر، گۆڕانی چینەکانی کۆمەڵگا، گۆڕان سەبارەت بە بایەخە ئەوپەڕ مادییەکان، سەرهەڵدانی تەڤگەری نوێی کۆمەڵایەتی، گۆڕان لەجۆری روانین لە ئایین و دروستبوونی لقە جۆراوجۆرەکان و هەروەها هەر لەم بوارەدا لێکدانەوەی نوێ بۆ ئایین کرا. بەم پێیە گشت ئەو گۆڕانکارییە بنچینەییانەی بە درێژایی مێژوو بە تایبەت پاش سەدەکانی ناڤین سەرلەبەری کۆمەڵگای مرۆڤیی گرتەوە. لە رێی دانوستان و پەیوەندییەوە هاتنەئاراوە. کاتێ دانوستان پەیوەندیی یان بەواتا زانستییەکەی دیالۆگ سەردەگرێ کە لایەنەکان لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ یەکتریدا کەم تازۆر کۆمەڵێك رەگەز لە یەکتری وەردەگرن. هەر بەوجۆرەی سیستم یان سیستمەکان لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سیستم یان سیستمەکانی دیکەی دەورووبەری لە سەر یەکتری کاریگەرییان دەبێ و بەپێی رادەی دانوستاندنەکانی نێوان خۆیان کەم تازۆر گەشە دەکەن. بەوردبوونەوە لە کۆمەڵگا و کولتوورەکانی دوور یان نزیك و لە رووی نیشانەناسییەوە بخوێندرێنەوە، زۆربەی شێواز، ئایین، داب و نەریت، نیشانە کولتوورییەکان لە باقی کۆمەڵگا شارستانییەکاندا دەبیندرێ، ئەمە ئاماژەیەکی راستەوخۆیە بەو راستییەی کە کۆمەڵگا و کولتوور شارستانییەتەکان بەردەوام کاریگەرییان لە سەر یەکتریدا هەیە. رەنگبێ ئەم کارتێکردنانەش لە بواری تەواو جیاوازدا رەنگ بداتەوە .

**پەراوێز:**

*ئەم وتارە بەراییەکی کورتە بۆ کتێبێك لە ژێر ناوی (دیالۆگ) کە ئامادەی چاپە..

# جۆرەکانی رەخنە

موعتەسەم ساڵەیی

رەخنەی ئەدەبی کارێکی پیرۆز و پرۆسەیەکی سوودبەخشە. هەردەم رەخنەگری شارەزاو دڵسۆز بۆ کارەکەی مایەی رێزە لەلایەن نووسەران و تێکرای خوێنەرانەوە. رەخنەی زانستیانە خۆی بەدوور دەگرێت لە هەموو ئەو ئاستەنگانەی کە تەگەرە دەخەنە بەر رەوتی ئەدەبی و رۆشنبیری. لەلایەکی تریشەوە رەخنەگری سەرکەوتوو هەموو پەیوەندییە کەسایەتییەکان وەلاوە دەنێت، ئەویش بەبێ ئەوەی رادەی برادەرێتی و ناکۆکی رەچاو بکات و مەدح و سەنای هەرزان بەیی دابباریێنێت بەسەر بەرهەمێکی لاوازی کەسێکی ناسیاو و برادەری، بەداخەوە رەخنەی کوردی لەم رۆژانەدا بەزۆری رەوتی خۆی بزر کردووە، بەڵکو زۆربەی ئەو رەخنانەی کە لەم رۆژگارانەی ئێستادا دەکەونە پێش چاومان، لە دوو توێی رۆژنامە و گۆڤارەکانماندا بریتین لە پیاهەڵدانێکی بێزارکەرانە، بەرادەیەک رەخنەی ئەم رۆژگارەمان بووە بە (مەدح نامە).. رەخنەی نامەوزوعی و نابابەتی وەکو بابەتێکی سەرپێیی هەردەم لە جێی خۆیدا لۆقە دەکات، بەبێ ئەوەی بە هیچ ئەندازەیەک سوود بە خوێنەران و نووسەران بگەیەنێت. کۆمەڵێک لە قەڵەم بەدەستان لە پێشبڕکێدان بۆ پیاهەڵدانی چەند شاعیر و نووسەرێک، کە لە کاتێکی دیاریکراودا ناوبانگ دەردەکەن. ئەو قەڵەم بەدەستانە وەکو باڵۆنێک تەماشای چەند ناوێکی دیاریکراو دەکەن، ئیتر دەکەونە هەڵپە بۆ مەدح و سەناکردنی بابەتی ئەو شاعیر و نووسەرە ناودارانە. هەروەکو ئەوەی بیانەوێت خۆیان بەو باڵۆنە پف دراوانەوە هەڵواسن، بەو برووایەی گوایە بەرەو





ئاسمانیان بەرز دەکاتەوە.. هەڵچوونی ساتەوەختی رەخنەگر زیانی تەواو بەخۆی و پرۆسەی رەخنەش دەگەیەنێت.

هەر نووسەر و شاعیرێکی کارامە بگرین دەبینین رەخنەگرێکی وریایە دەرهەق بە بابەتەکانی خۆی و بەرهەمی کەسانی تریش. زۆربەی شاعیر و چیرۆکنووس و رۆمان نووسە ناسراوەکان، بەگیانێکی رەخنەگرانەوە مامەڵە لەگەڵ بەرهەمەکانی خۆیاندا دەکەن، بەرادەیەک بۆ چەند جارێک دەقەکانی خۆیان دەنووسنەوە، تاوەکو لە ئەنجامدا لە قاڵبێکی شیاودا بەرهەمەکانیان جێگیر بکەن و سەقامگیرییان پێ ببەخشن. ئەمەیش مانای ئەوەیە کە نووسەر لە دڵەڕاوکێیەکی بێ وچاندایە و هەردەم بە دیدگایەکی رەخنەئامێزەوە بەخۆیدا دەچێتەوە. نووسەری بەتوانا لە هەر نووسینەوەیەکی تازەی بابەتەکەیدا چەند رستە و برگە و یاخود لاپەڕەیەک یا زیاد دەکات، یاخود دەیانقرتێنێت و لایان دەبات، ئەو هەموو پیاچوونەوە و دەستکاریانەیش لە پێناو ساڕێژکردنی درز و کەلەبەری نێو دەقە ئەدەبیەکاندا دێنە کایەوە. ئەمەیش رادەی هێرش و تەوژمی رەخنەی توند و تیژ بەرادەیەکی زۆر کەم دەکاتەوە، لە کاتێکیشدا هیچ دەقێکی ئەدەبی بۆی نییە کە بەدەر بێت لە رەخنە و تانە و تەشەرە یاخود مەدح و پیاهەڵدان. رەخنەگرێکی ناسراوی وەکو (پیرسی لوبوک) لە بارەی رۆمانی (شەڕ و ئاشتی)ی نووسەری رووسی ناسراو (لیف تۆلستۆی) دەکۆڵێتەوە و چەند ڕەخنەیەک ئاراستەی چەند لایەنێکی رۆمانەکە دەکات. رەخنەگر لە ئاکامدا ئەوەیشی لەبیر ناچێت کە بڵێ (وادیارە رەخنەمان دەرهەق بەم رۆمانە شتێکی سووکەڵە و پووکە، چونکی لەسەرمانە بڵێین کە رۆمانی شەڕ و ئاشتی سەرەڕای هەموو شتێك یەکێکە لە مەزنترین رۆمانەکانی جیهان. هیچ بابەتێك هاوشانی بزورگ و جوانیی نییە)[1]

رەخنەی ئەدەبی بۆ چەند بەشێك پۆلێن دەکرێت، هەر بەشە و جۆرە شێواز و شەقڵێکی تایبەتی جیاوازی خۆی هەیە. لە هەموو جۆرەکانی نزمتر ئەوەیە کە لەسەر مێز و کورسیی چاپخانە یاخود لە شوێنێکی تایبەتیدا چەند کەسانێك راو بۆچوون و گۆشەنیگای سەرپێیی خۆیان دەرهەق بەچەند دەقێك دەردەبڕن. زۆر بەسانایی هەندێك دەق دەبنە کەشکەڵانی فەلەك، یاخود بەناخی زەویدا دەبەن. جۆرێکی تریش لە رەخنە هەیە کە پێی دەڵێن رەخنەی پراکتیکی و تیۆری (النقد النظري التطبیقي) لەم حاڵەتەدا رەخنەگر لە بابەت و دەقێکی دەستنیشانکراوی تایبەتی ناکۆڵێتەوە، بەڵکو بەشێوەیەکی سەراپاگیریی بەرفراوان لە ئەدەب دەکۆڵێتەوە، سیفات و بنەماکانی ئەدەب

دەخاتە بەر تیشك و لێكۆڵینەوە. هەروەها رەخنەگر پەنا دەباتە بەر بەهرە و رۆشنبیریی بەربڵاوی خۆی، بەشێوەیەكی گشتیی زانستیانە لە ئەدەب دەكۆڵێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش پەنا دەباتە بەر كۆمەڵێك سەرچاوەی جۆراوجۆر، یاخود بەسەلیقە و لێهاتوویی خۆی تیۆر و سەرنجی وردی دەخاتە پێش چاوی خوێنەر. ئەم جۆرە رەخنەیەش سەنگ و پلە و پایەی خۆی هەیە و خوێنەریش بە پەرۆشەوە دەیخوێنێتەوە.

جۆرێكی تری رەخنە پێی دەوترێت رەخنەی وەسفكاری یاخود رەخنەی پراكتیكی (النقد الوصف التطبيقي) لەم حاڵەتەدا رەخنەگر بابەتێك و دەقێكی ئەدەبی دەستنیشان كراوی تایبەتی دەگرێت، تاوەكو بیخاتە بەر تیشكی پیاچوونەوە و رەخنەوە. ئیتر دەمێنێتەوە خۆی و ویژدانی. رەخنەگر لێرەدا دەبێت زۆر ئاگەدار و وشیار بێت، نەبادا لایەنی دۆست و برادەری یاخود ناحەزیی كەسایەتی یاخود بیر و باوەڕ و ئایدۆلۆژیەت بەسەریدا زاڵ بێت.

جۆرێكی رەخنەی تریش هەیە بەناوی رەخنەی رێنمایی و یاسادارێژی (النقد التشريعي). ئەم جۆرە رەخنەیەش وەكو لقێكی كەم بایەخ دەدرێتە قەڵەم، چونكی رەخنەنووس لەسەر قوللەیەكی بەرز ڕادەوەستێت و ئامۆژگاری بەملاو بەولادا پەرش و بڵاو دەكاتەوە. یاسا و رێسا و قاڵب و كلێشەی جۆراوجۆر بەسەر نووسەراندا ساخ دەكاتەوە. رەخنەگری ناسراو (جۆرج واتسن) لە بارەی ئەم جۆرە رەخنەیەوە دەنووسێت و دەڵێت (رەخنەگری رێنمایی كاری یاسادانەر دەڵێت: دەبێ شانۆگەریی وا بنووسرێتەوە و ئاوەها نەنووسرێتەوە... رەخنەگری تیۆریش هەروەكو ئەرستۆ لە كتێبی (شیعر)ەكەیدا دەڵێت ئەمە ئەو شێوازەیە كە لە نووسینی شانۆگەریدا دەگیرێتە بەر. بەڵام رەخنەی وەسفكاری خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی، هەردەم لە شێواندنەوە نزیكە، چونكی لەبارەی دەقێكی تایبەتەوە دەكۆڵێتەوە وەكو سەرچاوەیەكی هاوبەشی بۆ خوێنەر و رەخنەگر)[٢]

بێگومان ئەركی سەرشانی رەخنەگر قورسە و لەسەریەتی بەدووی سەرچاوە راستەقینەكاندا وێڵ بێت، نەوەكو هەرچییەك هات بە مێشكیدا ئیتر بێ سێ و دوو بیخاتە سەر كاغەز و تۆماری بكات. خوێنەر چاوی لە ڕێیە تاوەكو رەخنەگر بابەتێكی نوێ و سوودبەخشی پێشكەش بكات. لە هەمان كاتدا نووسەران و شاعیرانیش چاوەڕوانی ئەوەن كە ڕەخنەگر خاڵە درەوشاوە و یاخود خاڵە لاوازەكانیان بخاتە ڕوو. هەروەكو زانراویشە مشت و مڕی بیزەنتیانەیش كە ئایا هێلكە یاخود مریشك كامیان لە سەرەتادا لە ئارادا بوونە، هیچ







سوودێكی ئەوتۆ بە خوێنەران و نووسەران ناگەیەنێت. (كروچە)ی ئیتالی لەم بارەیەوە دەڵێت (رەخنەگر هەم فەیلەسووفە و هەم هونەرمەند)[٣] (جۆن دیوی)ش سەبارەت بەڕەخنەگر دەڵێت (پێویستە ڕەخنەگر خۆی لە بەستەڵەكی و دەمارگیری دووربخاتەوە. نابێت ئەو راستیەش لەبیر بكات كە بوونەوەر لە هەردوو رەگەزی بەردەوام بوون و گۆڕانكاری پێكدێت. بۆ رەخنەگر نییە كە لایەنێك بگرێت و ئەوی تریان فەرامۆش بكات)[٤].

هەڵسان بە ئەركی رەخنەسازی كارێكی ئەوەندە سووك و ئاسان نییە كە وەكو هەندێك تێی دەگەن، بەڵكو رەخنەسازی وەكو لقەكانی شیعر و چیرۆك نووسین و رۆمان نووسین بریتییە لە پرۆسەی داهێنان. بگرە هەردەم ناوی رەخنەگری كارامە لە جیهانی ئەدەبیاتدا شان بەشانی تێكڕای نووسەرە داهێنەرەكان دەوەستێت. بۆ نموونە (سانت بێڤ) سەرەڕای ئەوەی شیعری دەنووسی، بەڵام وەكو ڕەخنەگرێكی لێهاتوو لە مێژووی ئەدەبدا لە قەڵەم دەدرێت. زۆرێك لە شاعیران و نووسەران دەستی رەخنەگریی كۆك و تۆكمەیان هەبووە، وەكو كولریدج و وەردزوەرس و ئیلیۆت و بۆدلێر و سارتەر و...هتد. شانۆنامە كۆمیدییەكانی نووسەری یۆنانیی كۆن (ئەریستۆفانیس) بریتین لە دەقێكی رەخنەسازیی فیكری و كۆمەڵایەتی.

یاخود شاعیرانی كورد وەكو ئەحمەدی خانی و نالی و شێخ رەزای تاڵەبانی و چەمكی رەخنەییان ئاخنیوەتە نێو شیعر و هەڵبەستەكانی خۆیانەوە. بەردی بناغەی رەخنەسازی وەك هەر داهێنانێكی تر بریتییە لە بەهرەی قووڵی لەبن نەهاتوو. مەرجی دووەم لە ئەركی رەخنەسازیدا زەمینەیەكی رۆشنبیریی پان و بەرینە، بەڕادەیەك پێویستە رەخنەگر ئینسكلۆپیدیایی بێت لە ڕووی فیكری و رۆشنبیرییەوە. گەر رەخنەگر خاوەنی پاشخانێكی رۆشنبیری بەربڵاو نەبێت، وەكو ئەو نۆژدارەیە كە بە نەشتەرێكی كول بە كاروباری نەشتەرگەری هەڵسێت. هەر قەڵەم بەدەستێك گەر وەهای بۆ چوو گوایە بەماوەیەكی كەمی تێكەڵبوونی بەژیانی ئەدەبیاتدا، ئیتر مافی وەرگرتنی پاسپۆرتی دەبێت بۆ گەیشتن بە دنیای رەخنە و رەخنەسازی، بێگومان ئەو كەسە بەهەڵەداچووە و كاروبار بەو ئاسانییە نییە... نووسەر و رەخنەگر بەبێ خوێندنەوەیەكی خەست و بەردەوام ئەوا زووبەزوویی قەڵەمەكەی لەكار دەكەوێت. ئێرنیست هەمەنگوای دەڵێت نووسەران وەكو بیری ئاو وەهان. بیر هەیە پڕ ئاوەو هەشیەتی وشك و كەم ئاوە. هەشیەتی پڕ ئاوە و بەڵام بە بەسەرچوونی كات و وەخت وشك دەكەن.. لیستەكانی كتێبخانەی

نیشتمانی لە شاری پاریس تۆماری دەکەن و دووپاتی دەکەنەوە کە (سانت پیف)ی ڕەخنەگر، هەرجارەی بیست و پێنج کتێب و سەرچاوەی دەخواست بۆ نووسین و ئامادەکردنی هەر یەکێك لە نووسینە هەفتەییەکانی، کە لەژێر ناونیشانی وتەکانی دووشەممۆانەوە بوون.(٥)

نەك ڕەخنەگر پێویستیی بە خوێندنەوەی زۆر و زەوەندە هەیە، بەڵکو هەموو نووسەر و شاعیر و ئەدیب و هونەرمەندێك پێویستی بە دواداچوونەوەی خەست هەیە. دستۆیڤسکی لە نامەیەکیدا بۆ برادەرێکی دەنووسێت کە بەتەمای نووسینی ڕۆمانێکە لە بارەی جیهانی گیان و رووحیانەت و بوونی خوداییەوە، بۆیە پێویستی بە خوێندنەوەی زیاتر لە سێ سەد کتێبی ڕۆحیانەت هەیە، نووسەری ئینگلستانی (سۆمەرست مۆم) دەڵێت: (دە هەزار کتێب بخوێنەوە و دە هەزار کیلۆمەتریش ببڕە ئەوسا دەست بە نووسین بکە..) یاخود (جۆرج ئۆرەوێڵ) دەڵێت: (سێ مانگ بە گەرم و گوڕی بژی و سێ ڕۆژ بنووسە و بەتەنیا سێ لاپەڕە ڕەش بکەوە)(٦)

ئەگەر دابەزینە ئاست ئامۆژگاری و ڕێنمایی و یاساگەرێتی (النقد التشريعي) ئەوا بێگومان مانای کزی و لاوازی دەگەیەنێت. ڕەخنە بریتی نییە لەوەی هەر کەسە و هەڵسێت بە ئامۆژگاری کردنی نووسەران و پانتایی و رووبەرێك لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا داگیر بکات و بۆ نموونە بڵێت (هەندێك وەها دەڵێن و نابێت ئاوەها بیر بکەنەوە... فلان وەها دەڵێت و نابێت ئاوەها بڵێت... خۆزگە بابەتەکە وەها بووایە و ئاوەها نەبووایە... دەبێت وەها بێت و نابێت ئاوەها بێت......هتد) ڕیزکردنی هەزار و یەك لەم جۆرە خوازیاری و ئامۆژگاریانە خزمەتی ڕەوتی ئەدەب و هونەر ناکەن.

دنیای ڕەخنە مێژوویەکی دووردرێژی هەیە. بەتایبەتی ڕەخنەی ڕۆژئاوایی ڕەگ و ریشەی لە دێرزەمانەوە داکوتاوە. نووسین و ڕەخنە و لێکۆڵینەوە ئەدەبی و فەلسەفی و فیکرییەکانی هەردوو فەیلەسووفی گریکی کۆن (ئەفلاتون) و (ئەرستۆ) بە سەرچاوەی ڕەخنەسازی دادەنرێن. بەڵام ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردیمان مێژوویەکی دێرینی نییە. بەڕای دکتۆر عەزەدین مستەفا ڕەسوڵ، شاعیری کورد (ئەحمەدی خانی ١٦٥٠-١٧٠٧) پێشەنگی ڕەخنەی ئەدەبی کوردییە، بەتایبەتی لە میانی شاکاری (مەم و زین)(٧)دا، چونکی شاعیر بە شێوەیەکی سەرەتاییانە ڕەخنەی ئەدەبیی ئاوێتەی بەرهەمەکەی کردووە. هەروەها دەتوانین بڵێین ڕەخنەی هاوچەرخی کوردی لەژێر دەستی (ڕەفیق حیلمی)دا سەری هەڵداوە، ئەویش لە کتێبی (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی)دا.

گەر پێشتر بە کورتی باسی چەند جۆرێکی







ڕەخنەی ئەدەبیمان کرد، پێویستە ئەو ڕێباز و قوتابخانانەش فەرامۆش نەکەین کە ڕەخنەگر پەنایان دەباتە بەر و چەند تەرزێکی ڕەخنەیی لەژێر دەستیدا سەرهەڵدەدات وەکو: ڕەخنەی مێژوویی و ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و ڕەخنەی ریالیزمی و ڕەخنەی سۆشیالیستی و ڕەخنەی دەروونی و ڕەخنەی شیکاری و ڕەخنەی بونیاتگەری و..هتد.

**پەراوێزەکان:**


١- بيرسي لوبول. صنعة الرواية. و:عبدالستار جواد. وزارة الثقافة والاعلام، بغداد (١٩٨١) ل(٦٤).

٢- جؤرج واتسن. نقاد الادب. و/عناد غزوان اسماعيل. جعفر صادق الخليلي. وزارة الثقافة والفنون. بغداد (١٩٧٩) (ل٣٢).

٣- عبدالمطلب صالح. دراسات في الادب والنقد المقارن. مطبعة الشعب. بغداد (١٩٧٣) ل(٨٩).

٤- روز غريب. تمهيد في النقد الحديث. دار المكشوف بيروت (١٩٧١) ل(١٤٤).

٥- دكتور علي درويش، دراسات في الادب الفرنسي. الهيئة المصرية العامة للكتاب (١٩٧٣) ل(٢٣٣).

٦- دكتور عناد غزوان التحليل النقدي والجمالي للادب. دار افاق عربية. بغداد (١٩٨٥) ل(٥).

٧- د. عزالدين مصطفى رسول. احمدي خاني شاعرا ومفكرا. مطبعة الحوادث. بغداد (١٩٧٩) ل(٢٣٩).

# گرفتی دەروونی داڕشتنی زاراوە لە زمانی کوردیدا

ئاڤگە عمر حمەصالح

•سەرهەڵدانی زاراوە:

زاراوەسازی زانستێکی تازەیە و مێژوویەکی دوور و درێژی نییە، سەدەی نۆزدەهەم بەسەرەتای سەرهەڵدانی زاراوە دادەنرێ. دانانی زاراوە واتا دۆزینەوەو هەڵبژاردنی زاراوەی گونجاو، زاراوە دانان لە زمانی کوردی هەمیشە لە کێشەدابووە و تاوەکو نزیک شەستەکان شتێکی ئەوتۆی نەبووە و هەوڵێکی ئەوتۆی بۆ دانانی زاراوە نەکراوە.

پێشکەوتنی زاراوەش بە پێشکەوتنی زمانەکەوە بەندە چونکە ئەگەر زمان بەرەوپێش بچێت، ئەوا چەندین بابەتی نوێی لێ دێتەکایەوە و ئەم بابەتانەش پێویستیان بە زاراوەی نوێیە بۆ گەیاندنی مەبەستەکان.

زانایانی زیندەوەرزانی و کیمیا لە ئەوروپا دەستیان بە یەکخستنی ڕێساکانی دانانی زاراوە لەسەر ئاستی جیهان کرد هەر لەسەدەی نۆزدەیەمەوە. ئەم بزوتنەوەیە پلە بە پلە گەشەی سەند. لە سالانی( ١٩٠٦ –١٩٢٨) بە شەش زمان فەرهەنگی وێنەداری شلۆمان بۆ زاراوە تەکنیکیەکان، دەرچوو.لە سالی (١٩١٦) لە ورمێ فەرهەنگۆکەکەی (ڤنیکتین) بلاوبۆوە کە لە زاراوەی زانستی





(ئەرمەنی–کوردی ) لە سالی ١٩٣٥ لە یەریڤان چاپ کرا.لە سالی (١٩٣١) کتێبی( یەکخستنی نێو دەولەتی زمانی ئەندازە) بە تایبەتی (ئەندازەی کارەبایی) دەرچوو، کە پرۆفیسۆر (ڤیستەر) دایناوە.

لە سالی (١٩٣٦) دا لەسەر داواکردنی یەکێتی سۆڤیەت (لێژنەیەکی تەکنیکی بۆ زاراوەکان) لە ئەکادیمیای زانستەکانی سۆڤیەتی پێکهێندرا.

ئەگەر سەیری کاری فەرهەنگ نووسین بکەین لە زمانی کوردی کێشەی زاراوە دانانمان بۆ دەردەکەوێت. بۆ نموونە(نەوبەهاری) ئەحمەدی خانی و (ئەحمەدی) شێخ مارفی نۆدەیی...هتد.چەندین زاراوەیان لەناو فەرهەنگەکانیان داهێناوە، بەلام زۆربەیان نەڕۆیشتن و لەکارکردن کەوتن، هەندێکیشیان زۆر چالاکن و ئێستاش هەر بەکاردێن.

وەك (مامۆستا گیوموکریانی) (هەندەران)ی بۆ (خارجیە) و(شارەوانی) بۆ (بلدیە) داناوە.شێخ محمەدی خال(وەرزش)ی بۆ (ریاضة) تۆمارکردووە. لەم سالانەی دوایشدا چەندین فەرهەنگی کوردی دانراوە بە مەش گەلێك زاراوەی کوردی تۆمارکراوە لێرەشدا گەشەی زاراوەی کوردیمان بۆ دەردەکەوێت.

سەردەمی زێڕینی دانانی زاراوەی کوردی بە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای حەفتاکان ودوای بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، لەوکاتەوە کە دەستکرا بە وەرگێرانی کتێبەکانی خوێندن بۆ کوردی، لە قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە باشووری کوردستاندا،بەهەموو کەموکوڕی و ناتەواوی و کەلێنەکانیشیەوە، جۆرە باوەڕێکی بە زمانی کوردی هێنایەدی و ئەو قۆناغەی تێپەڕاند کە ناحەزان و نەزانان ئەیانوت،سەرکەوتوونابێ سەرکەوتنی بزاڤی کوردانـدنی کتێبەکانی خوێندن، بەم کردەوەیە دڵی دڵسۆزانی ئاسودەکرد و تۆوی کوردانـدنی خوێندنی قۆناغەکانی دوای ئەوانیشی لەناخ و دڵی خەمخۆراندا چاند وبووە هیوا و ئامانجێك...! (جەمال عەبدول:٢٠٠٨: ١٣٦)

لە سالی ١٩٦٠ مامۆستا جەمال نەبەز فەرهەنگۆکێکی لە ژێرناوی (هەندێك زاراوەی زانستی)داناوە.لە سالی ١٩٦١ بەرۆنیۆ کتێبێکی لە ژێرناوی (فەرهەنگۆکی زانستی) بلاو کردەوە.

1971بە هاوکاری نێوان یۆنسکۆ و حکومەتی نەمسایی (مەرکەزی زانراوی نێو دەولەتی زاراوەکان (infoterm لە

ڤیەنا دامەزرا.

هەر لە ساڵی ١٩٧١ لە لایەن لێژنەیەکی تایبەتیەوە، کە لە ژمارەیەك لە زاناو کوردزانی بە توانا هاوبەشیان تێداکردووە فەرهەنگۆکێك کە بریتییە لە کۆمەڵە وشەو زاراوەی عەرەبی– کوردی لە ژێر ناوی (فەرهەنگۆکی زاراوەی پارێزگای سلێمانی) لە چاپدرا کە نزیکەی (١٤٠٠)وشە دەبێت.

گۆڤاری (پەروەردە و زانست)یش بەڕێوبەرایەتی خوێندنی کوردی لە بەغدا دەری کرد. لە ساڵی(١٩٧٢) دا ژمارە(٤) ی خۆی تەرخانکرد بۆ هەموو ئەو زاراوانەی لە بابەتە جۆراوجۆرەکانی قوتابخانەکاندا بەکار دەهات.

پاشان چەندین کتێب تایبەت بە زاراوە دانراوە و ئێستاش ئەم زانستە لە برەودانە، چونکە ئێستا ڕۆژانە چەندین زاراوە دێتە ناو زمانەکەمانەوە بەهۆی پێشکەوتن لە لایەنی زانست و زانیاری و کۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندن و ...هتد یان بە ڕێگەی داهێنانەوە.هەروەها ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری لەگەڵ میللەتانی تردا.

زاراوەسازی: ئەو زانستەیە کەوا لە پەیوەندی نێوان چەمکە زانستیەکان و زاراوەکانی زمان، کە ئەو چەمکانە دەردەبڕن، دەکۆڵێتەوە(محمەد وەسمان: ٢٠٠٤: ٤٠) کەواتە دەتوانین بڵێین زاراوەسازی ئەو زانستەیە لە زاراوەکانی زمان دەکۆڵێتەوە کە بەرانبەر هەر چەمکێك لە هەربوارێك بێت دادەنرێت.

•**پێناسەی زاراوە:**

زاراوە بەچەند جۆر پێناسەکراوە بە پێی نووسەرەکان دەگۆڕێت.

(الشریف الجرجانی) یەکێکە لەو زانایانەی واژەی (الاصطلاح)ی پێناسە کردووە و دەڵێت:

(الاصطلاح): (واتە زاراوە ڕێکەوتنی تاقمێکە لە کۆمەڵانی خەڵکی دەربارەی ناونانی شتێك یاخود کارێك بە وشەیێك کە لەواتایەکەوە بۆ واتایەکی تر گواسترابێتەوە).

دواتر(الکفوی) بەدوو بارەکردنەوەی قسەکانی (الجرجانی) چەند روونکردنەوەیەك دەخاتەسەر پێناسەکەو دەڵێت:( زاراوە وشەیەکی تایبەتیە، لە بابەتێك لە بابەتەکانی زانست و زانیاری و ڕۆشنبیری و لە کاروباری ڕۆژانەدا بەهۆی ئەوانەی کە پەیوەندیان بەو بابەتەوە هەیە بەکاری دێنن).(کامل حسن بصیر: ١٩٧٩: ٥١٧)

لەبەر ئەوەی (زاراوە) بە (وشە) بناسێنین، دەبێ (ئاوڵناوی ڕەسەن)ی بخەینەپاڵ و بڵێین:





"زاراوە، وشەیەکی ڕەسەنە" ،وشەش بە گشتی سێ بەشە: ئامراز و ناو و فرمان، لەبەر ئەوەی ئامراز و فرمان بە زۆری بۆ زاراوەسازی دەست نادەن، دەبێ واژەی (وشە) لە پێناسەکەدا بکەین بە (ناو) و بڵێین:

"زاراوە، ناوێکی ڕەسەنە."

کەواتە زاراوە ناوێکی ڕەسەنە، لە فەرهەنگی نەتەوایەتی کوردییەوە، بە پێی ڕێبازێکی وشەسازیی کوردی ،بۆ مەبەستێکی دیاریکراو،لە کۆری پسپۆڕی سازکراوە.(جمال عەبدول:٢٠٠٨: ١٨٥،١٨٠) هەرچەندە من لەگەڵ بیروڕای جەمال عەبدول نیم، کە زاراوە هەر تەنها لە کۆری پسپۆڕی ساز بکرێت زۆرجار تاکەکەسیش زاراوە سازدەکات .ئەم زاراوەیە لە توانای دایە لەناو زمان شوێنی خۆی بکاتەوە و وەکو وشەیەکی چالاك لە زمان بەکار بێت.بەنموونە مامۆستا گیو موکریانی(هەندەران)ی بۆ (خارجیە) و (شاروانی) بۆ (بلدیە) داناوە. مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ (وەرزش)ی بۆ(ریاضة) داناوە. هەروەها مامۆستا (مەسعود محەمەد) زاراوەی (دادگە) ی بەرانبەر(محکمە)ی عەرەبی داناوە و (داواکار)ی بەرانبەر (مدعی) داناوە.چەندین زاراوەی لەم شێوەیە هەیە هەرچەندە لای تاکەکەس داهێنراون بەڵام لەناو خەڵك ڕۆشتوون و لەناو زاراوەکانی زمان شوێنی خۆیان گرتووە و وەك زاراوەی چالاك بەکاردێن.

•پەیوەندی زاراوەسازی بە وشەسازی:

زاراوەسازی لقێکە لە لقەکانی وشەسازی چونکە لە زاراوەکانی زمان دەکۆڵێتەوە لە پەیوەندیەکانی نێوانیان و ئامرازی دانانیان و سیستەمی نواندنیان لە پێکهاتەی زانستێك لە زانستەکاندا(محمەد وەسمان:٢٠٠٤: ٤٠)بەڵام زانستی وشە فراوانترە چونکە نەك هەر لە زاراوە دەکۆڵێتەوە ،بەڵکو لە هەموو وشەکانی زمان دەکۆڵێتەوە لە مۆرفیمە واتادارەکان و مۆرفیمە ئەرکییەکان واتە دەست نیشانکردنی ئەرکی هەریەکەیان دەگرێتەوە.

زمانەوانان، بە درێژایی مێژووی زمانی مرۆڤ، یۆنانی بن یان ڕۆمانی یان هەر نەتەوەیەکی تر،هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن و یەکدەگرن کە زاراوە "وشە"یە.

زمانەوانە شوێنکەوتووەکانی (ئەرستۆتالیس) لەو باوەڕەدان کە: وشە بەردی بناغەی زمانەو هەرگیز نابێ بەبێ بنەما و دەستوور سازبکرێت و واتاکەی بگۆردرێت. (جەمال عەبدول:٢٠٠٨: ١٧٩)

زاراوە چەشنێکە لە وشە و

گواستنەوەی وشەیەکە بۆ واتەیەکی نوێتر یاخود دارشتنی لە وشەی تر. بۆنمونە جاران بەقوتابی دەوترا (شاگرد ) کە خوێندن لە حوجرەکاندا بوو ، بەلاَم ئێستا ئەو واتایە گۆڕاوە بەو کەسانە دەوترێت کە بەردەستی وەستایەك دەكەن . زاراوە واژەیەکی بابەتییە پسپۆڕەکان لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون ،کە زاراوە دەبێت واتایەکی دیاریکراوی زۆر بە وردی و روونی پێ دەربڕێت ، هیچ سەر لێشێواوی و ئاڵۆزیەك لەبیری خوێنەر و گوێگردا پەیدا نەكات.

هەموو زاراوەیەك وشەیە،بەلاَم هەموو وشەیەك زاراوەنیە،هەموو وشەیەکیش لە توانای داهەیە ببێت بە زاراوە ، بەلاَم دەبێت بارودۆخی بۆ بڕەخسێ و دەبێت تەنیا یەك واتا بگەیەنێت و بۆ ئەم مە بەستەی بەکاردەهێنرێت واتایەکەی بەتەواوی بدات بە دەستەوە.هەر زمانێك دەوڵەمەند بوو لە زاراوەدا ،لە وشەشدا دەوڵەمەند دەبێت،بەلاَم بە پێچەوانەوە هەڵەیە،بۆیە زاراوە سەرچاوەی دەوڵەمەند بوونی فەرهەنگی زمانە.

ئەگەر وشە نەبوایە هەرگیز نەمان دەتوانی بیری خۆمان دەربڕین.چونکە بەهۆی وشەوە ئەوەی لە هزرمان دایە دەردەبڕین. گرنگی وشە لەو کاتەشدا دەردەکەوێ، کەبیرێك وەکەرستەیەکی نوێ دێتە ناو ژیانەوە،بۆ دەربڕین و ناوهێنانی پێویستە بەوشەیەکی نوێ گوزارشتی لێ بکرێت (واتە زاراوەیەکی نوێ) ،زۆر جار بۆ بەرجەستە کردنی ئەو بیرە ،زاراوە کۆنەکانی زمان دووبارە زیندوو دەکرێ، ئەوە بەنەوە بەکاردەهێنرێنەوە، یان زاراوەیەکی نوێ بەیەکێك لەڕێگاکانی زاراوەسازی ساز دەکرێت.

زاراوەکان کۆمەڵە وشەیەکن لەزماندا خاوەنی چەمکێکی بالاَو پسپۆڕی تایبەتن، لەفەرهەنگی وشەی زمانەکەوە دادەڕێژرێن و مەرج نییە هەموو کەس بەکاری بهێنن. زاراوە وشەیەکی فەرهەنگی سەر زمانی کۆمەلاَنی خەلَك نیە ،بەلَکو وشەیەکی نوێیەوە بۆ واتایەکی نوێ لەکۆڕێکی زانستی ،یاخود رۆشنبیری سەردەمدا ساز کراوە (کامل حسن البصیر:١٩٧٩:٢٥) تەنها بەسەر زاری ئەو کەسانەوەیە کە لەوبوارەدا بەکاری دەهێنن .

پێشکەوتنی زاراوە لەگەڵ پێشکەوتنی زماندایە، جونکە هێزی مرۆڤ لە هێزی زمانەکەیەتی ،ڕادەی چەسپاندنی ئەو زاراوەیەش، بەکارهێنانێتی لە ناوەندەکانی خوێندن و هۆیەکانی ڕاگەیاندندا .





**•تایبەتمەندیەکانی چەمکی زاراوە:**

-1زاراوە چەشنێکە لە وشە.

-2زاراوە کۆمەڵە کەسێك یاخود تاکەکەسێك سازی دەکەن بۆ ئیش وکاری تایبەتی خۆیان بەکاری دەهێنن.

-3زاراوە واژەیەکی نوێ یە دوو واتا یان زۆر تری هەیە.

-4ڕێبازی سەرەکی دانان و سازکرنی زاراوە ، گواستنەوەی وشەیە لە واتایەکە وە بۆواتایەکی نوێ.

-5نابێت خەڵکی ناتایبەتمەند زاراوە سازبکەن.

-6دەبێت بە پێی یاساو ڕێساکانی زمان سازبکرێت. دەبێت زاراوەکە لەگەڵ چەمکی واتاکە بگونجێت.

**•مەرجە گشتیەکانی زاراوە دانەر:**

دانانی زاراوە کارێکی وا ئاسان نییە و هەموو کەس ناتوانێت زاراوە دابنێت. هەر کەسێکیش توانای داهێنانی زاراوەی نوێی هەبێت، دەبێت چەند مەرجێکی تیا بێت ، کە ئەمانەن-:

-1دەبێت زاراوە دانەر هۆگری زمانەکەی خۆی بێت و چێژ لە کارەکەی وەرگرێت.

-3جگە لە دەستورو ڕێزمانی کوردی، دەبێت ئاگای لە دەستورو ڕێزمانی چەند زمانێکی تر بێت، یاخود بەلایەنی کەم شارەزای ڕێزمانی ئەو زمانەبێت کە زاراوە بەرانبەر مەبەستێکی نوێی ئەم زمانە دادەنێت.

-4ئەو زمانەی کە دەیەوێت زاراوەی بەرانبەری ساز بکات شارەزاییەکی قوڵی هەبێت، واتە شارەزایی تەواوی لە زمانەکەی خۆی هەبێت بەلایەنی کەم لەم بوارەی زاراوەی نوێی بۆ دێنێتە کایەوە و ئەم زمانەی کە زاراوەی نوێ بەرانبەر زاراوەکانی ساز دەکات. واتە شارەزایی لە هەردوو زمان هەبێت، زمانی ڕەسەنی خۆیی و زمانی بەرانبەری کە زاراوەی نوێی بەرانبەر مەبەستێکی نوێی دادەنێت.

-5زاراوە دانەر دەبێت شارەزایی فراوانی لە زمانەکەی خۆی هەبێت ، لە شێوەی ڕێزمان و ڕێسا و دوستورەکانی زمان و فۆلکلۆر و چەندین بواری تری زمانەکەی.

-6زاراوە ساز لەکاتی دانانی زاراوە دەبێت هەوڵبدات زاراوەیەك دابنێت سەر بە شێوە زارێك یان دیالێکتی ناوچەیەکی تایبەت نەبێت، و شێوە زارێك زەق نەکاتەوە و بەسەر ئەوانیتری بسەپێنێت.ئەگەر زمانی ستاندار هەبوو مەرجە تەنها بەم زمانە بنووسێت.

-7زاراوە دانەر پێویستی بە زانستی فەرهەنگ هەیە بۆ بابەتەکەی، ودەبێت شارەزای لە هەموو لقەکانی زانستی زمان هەبێت.

-8زاراوەدانەر هەر زاراوەیەك دادەنێت ، دەبێت زاراوەکە لەگەڵ بابەتەکە بگونجێ، واتە مانای زاراوەکە لە پارچەکانیەوە هاتبێت.(١)

((1 بۆ مەرجەکانی زاراوە دانەر سودم لە نامەکەی رۆژان نوری وەرگرتووە.

ئەگەر ئەم مەرجانە لە زاراوە دانەر هەبێت هیچ پێویست ناکات بۆئەوەی ئەو زاراوەی دایناوە تاکو بلاو بێتەوە لە کۆرو کۆمەڵ و شوێنێکی گشتی بێت .بەڵکو تاکەکەسیش توانای داهێنانی زاراوەی نوێی هەیە بۆئەوەی سود بێن بێت بۆ زمانەکەی و کەلکی لێوەر بگیرێت.خۆی زاراوەکانی کۆرو کۆمەڵەکانیش داهێنانی تاکەکەسە .بەڵام تاکەکەس لەناو کۆر پێشنیازی دەکات و ئەوانیش لەسەری رێك ئەکەون و ئەبێت بە زاراوەی کۆر، بەڵام بیری سەرەکییەکە هی تاکێکی رۆشنبیرە. هەرچەند ئەگەر هەندێك دەستکاریشی بکرێت، چونکە ئەوەی دەستکاریشی دەکات هەرتاکە کەسە.

**•بناغەکانی بەرهەمی زاراوەدانانی زانستی:**

زمان هەر تەنها ئامێری پەیوەندی کردن نییە، بەڵکو دەبێتە هۆی بەستنەوەی رابردوو و ئێستاو داهاتوو .واتە نەوەکان بەهۆی زمانەوە بەیەکتر دەبەسترێنەوە و لەیەکتری دەگەن و شارەزایی لە رابردووی خۆیان و پێشکەوتنی سەردەم دەبن هەروەها هۆیەکە بۆ دەربڕین لە پێویستیەکانی ژیان بۆیە دەبێت گرنگییەکی زۆرباش بە زمان بدرێت و بە بنەماکانی دانانی زاراوەی نوێ تاکو لەگەڵ ئەو چەمکە بگونجێت کە بۆی بەکاردێت. گرنگترین بنەما بۆ دانانی زاراوەی زانستی ئەمانەن:

-1دەبێت یەك زاراوە بۆ یەك چەمکی زانستی دابنرێت.واتە دوورکەوتنەوە لەوەی یەك زاراوە دوو واتا یان زیاتری هەبێت لەیەك بواردا، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی سەرلێشێوان و لەخەڵك تێکدان و تێنەگەیشتن لە مەبەست.

-2لە نێوان وشە هاوواتاکان ئەو وشەیە هەڵبژێرین ،کە زیاتر مەبەستی چەمکەکە دەگەیەنێت.واتە زیاتر مەبەستە زانستیەکەی تیایە.

-3پێویستە گونجانێك هەبێت لە نێوان زاراوەکەو ئەو مەبەستەی بۆی دانراوە.

-4پێویستە دوورکەوینەوە لە بەکارهێنانی وشەی نامۆ و ئەو وشانە بەکار بێنین کە خەڵك زوو پێی ئاشنا دەبێت و لە واتاکانی دەگات.

-5پێویستە واتای زاراوەکە لەناو بەشەکانی وشەکە وەرگیرابێت.واتە





بەشەکانی زاراوەکە دوورنەبێت لەو واتایەی بۆی بەکارهاتووە.

-6زیاتر هەوڵبدرێت وشەی سادەو ئاسان بەکار بێت، نەك وشەی قورس و لەسەر زار گران. تاوەکو هەرکە خەڵك گوێیان لێبوو زوو قبوڵی بکەن و ناو خەڵك زوو بلاو بێتەوەو بچێتە ناو زاراوە چالاکەکانی زمان و لەناو زمانەکە شوێنی خۆی بکاتەوە.

-7هەوڵدان بۆ زیندوو کردنەوەی وشەی کەلەپوور و وشەی کۆنی زمانی کوردی بۆ ئەوەی لە فەوتان و لەناو چوون بیان پارێزین.

-8ئەگەر لە زمانەکەمان زاراوەیەکی گونجاوی بە زمانی ڕەسەنی کوردی هەبوو.نابێ زاراوەیەکیتر دابنێین بۆهەمان چەمك بۆ تێکنەدان و سەر نەشێواندن لەخەڵك و جێ لەق نەکردنی ئەم زاراوەیە.

بایەخدان بە زمانی کوردی وهەوڵدان بۆ بەرەو پێشەوە بردنی زمانەکە و فراوانکردنی زمانەکە ، بەڵام بە شێوەیەکی زانستی و پەیرەو کردنی بنەماو ڕێساکانی زمان لە هەر ئاستێك بێت.

بۆئەوەی زاراوەیەك بتوانێ شوێنی زاراوەیەکی تر بگرێتەوە، دەبێت زمانزانایان و لێکۆڵەرەوان لە توێژینەوەکانیان زۆر بەکاریان بێنن تاکو خوێنەرەوان باش پێیان ئاشنا دەبن. ئەوکاتە بەهۆی زۆربەکارهێنانی دەبێتە زاراوەیەکی چالاك و هەموو خەڵك تێی دەگات . هەروەك چەندین زاراوە هەیە ئێستا هەرچەندە تەمەنیان لە چەند ساڵێك تێناپەڕێت کەچی لەبەر زۆر بەکارهاتن و دووبارە بوونەوەیان خەڵك ئاشنایان بووە و لە واتایان دەگەن بەکاریشی دەهێنن،واتە زاراوەیەکی نامۆنین و شوێنی خۆیان لە فەرهەنگیمێشکی خەڵك کردۆتەوە ،هەروەك چەندین زاراوەی ، کە رۆژانە لە بواری راگەیاندنەکان بەکار دێن، بەڵام چەندین زاراوە هەر تەنها دەچنە ناو فەرهەنگی زمان و لەناو فەرهەنگ دادەنرێن بێ بەکارهێنان لای خەڵك.

بەڵام ئێستا بواری زاراوەسازی زۆر پێشکەوتووە و گۆڕ و تینێکی مەزنی بەخۆوە بینیوە. لە هەر بوارەو فەرهەنگێگ یاخود زیاتر لەدانەیەك هەیە وەکو: فەرهەنگی زاراوەی ( کارگێری، یاسایی، راگەیاندن...هتد).

**•جۆرەکانی زاراوە:**

زاراوەی گشتی:

مەبەست لە زاراوەی گشتی ئەو زاراوەنە کە شێوەیەکی گشتی خەڵکی تێی

دەگات واتە زاراوە باوەکانی ناو خەڵك و زمانی ڕۆژانەی خەڵك .کە بۆ پەیوەندی کردن و لەیەکتری گەیشتن و جێ بە جێ کردنی پێویستیەکانی ژیانی ڕۆژانە مرۆڤ بەکاری دەهێنێت. ئەم جۆرە زاراوانەش هەروەکو ووتمان هەموو چینەکانی کۆمەڵ تێی دەگات. واتە چ دکتۆربێت یان مامۆستا یان جوتیار یان هەرکەسێکی تری ناو کۆمەڵ بێت. ئەم زاراوانەش زۆربەیان زاراوەی سادەو لە دەربڕین ئاسانن چونکە هەموو چینەکان پێیان ئاشنایە و لای هیچ چینێك نامۆ نییە.وەکو:(کتێب، دەفتەر، شاعیر، نووسەر، شەمەندەفەر...هتد).

**زاراوەی تایبەتی:**

ئەو جۆرە زاراوانە دەگرێتەوە کە لەناو چینێکی کۆمەڵ باوەو لە واتاکەی دەگەن و چینەکانی تر لە واتای زاراوەکە ناگەن وەك زاراوەکانی پزیشکی کە تەنها چینی پزیشکەکان تێی دەگەن و زاراوەی سیاسی سیاسەتمەدارەکات لە واتاکەی دەگەن و زاراوەی یاسایی ماف پەروەرەکان پێی ئاشنان و بەم شێوەیە.واتە هەر کۆمەڵە زاراوەیەك سەر بە چێنێکی کۆمەڵە و لەناو چێنێك بڵاوەو پێی ئاشنان و ئەوانیتر لە مەبەستی چەمکەکە ناگەن. فەرهەنگی زاراوەی هەر چینێکیش بە پێی فراوانی و پێشکەوتنی ئەم بوارە دەگۆڕێ هەرچەند پێش بکەوێت ئەوا پێویستی بە زاراوەی زیاترە بۆ دەربڕینی مەبەست و چەمکە نوێیەکانی .ئەم زاراوانەش تەنها لەناو ئەم چینە ئاشنایەو لای کەسانیتر نامۆیە و لە واتاکەی ناگەن.بۆنموونە بواری پزیشکی وەردەگرین ،کە دەوڵەمەندە لە زاراوەی نوێ ئەمانەی خوارەوەش چەند زاراوەیەکە:-

جراحە : برینکاری

اسعاف: فریاکەوتن

ضغط الدم: تەوژمی خوێن

البیطری :بەیتاڵ

قسم الجراحە: بەشی برینکاری

الالتهاب: هەوکردن

التعقیم: پاکژکردنەوە

مضمد: برین پێچ،تیمارساز

**زاراوەی جیهانی:**

ئەو جۆرە زاراوەن کەلەناو هەموو زمانەکان یاخود لەناو زۆربەی زمان هەر ئەو زاراوەیە بەرانبەر هەر هەمان چەمك بەکاردێت و هەموو زمانەکان لە واتاکەی دەگەن.

لەناو فەرهەنگی هەموو زمانەکانی جیهانیش بەرچاو دەکەون.بڵاو بوونەوەی ئەم زاراوانەش بەهۆی پێشکەوتنی





تەکنەلۆژیا و ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە دەبێت. ئەگەر پێشتر ئەم زاراوانە تەنها لەناو کۆمەڵە پێشکەوتووەکانەوە بەکاردەهات .ئێستا لەناو هەموو خەڵك بڵاوەو تێی دەگەن.

زۆرجار زاراوە لە زمانەکانیتر دێتە ناو زمان و، پاشان زانایان هەڵدەستن بە دانانی زاراوەیەکی کوردی بەرانبەری ،بەڵام سەرکەوتوو نابن چونکە ئەم زاراوایە شوێنی خۆی گرتۆتەوە لەناو زمان و هیچ زاراوەیەك ناتوانێت شوێن پێی لەق بکات.

زاراوەی جیهان وا پێناس دەکرێت (واژەیەکە ئەمڕۆ لەلایەن نەتەوە پێشکەوتووەکانەوە بۆ یەك واتای زمانی و تاقە مەبەستێکی شارستانی یاخود ڕۆشنبیری و دەربڕینی ئەرکێکی یەکگرتوو بەکاردەهێندرێ)(کامل حسن بصیر: ١٩٧٩: ١١٤). نموونەش لەسەر ئەم جۆرە زاراوانە وەکو ئەمانەی خوارەوە:

ڕادار،مایکرۆفۆن، ئەنتەرنێت، کۆمپیوتەر، تەلەسکۆپ، ڕادیۆ، ئۆکسجین، نایترۆجین،مایکرۆسۆفت...هتد.

•پێکهێنانی زاراوە:

•لێکدان:

زمانی کوردی یەکێکە لە زمانە لکاوەکان بۆیە زۆربەی وشەکانی ناسادەن. واتە لێکدراو یان دارڕاون. زۆربەی ناو کارەکانی لە ئەنجامی لێکدانی دوو وشەی سادە یاخود وشەیەکی سادەو ڕەگێك و چەند جۆرێکی تر پەیدابووە و لەناو فەرهەنگ دانراون و فەرهەنگی زمانی کوردیان دەوڵەمەند کردووە. وەك وشەیەکی خاوەن واتایەکی سەربەخۆ خۆیان چەسپاندووە.

(زاراوەش کە جۆرە وشەیەکە، بەهۆی ئەم ڕیبازەوە و بە گوێرەی پێویست و بە درێژایی تەمەنی زمانی کوردی، بەچەند شێوە لیکدانێك هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە و پەیدا بووە و بەڵگەی داوەتە دەست پسپۆرەکانی ئەم زمانە، کە لە زاراوەسازیدا، ڕێبازی لێکدان،وەکو یەکێك لە ڕێبازە هەرە باوەکانی دانان و سازکردنی زاراوەی کوردی بگرنەبەر بەو پێودانگە، زاراوەی لێکدراوی پێویست دابهێنێت)(کامل حسن بصیر: ١٩٧٩: ٦٢)

ناوی لێکدراویش بە چەند جۆر دروست دەکرێت، وەکو

ناو+ناو

کاسەسەر، دەست نوێژ، شاهەنگ.....

ناو + ئاوڵناو

چاو جوان، باڵابەرز، سەرسپی، سەرسەخت...هتد

ئاوڵناو + ناو

ڕەش ماڵ، سوور گوڵ

دیارخراو +ی +دیارخەر

بابەتی زاڵ، ، کرمی ئاوریشم...هتد

_زاراوە + ڕەگی کار

زاراوەناس، دارتاش، خوێن هێن، قسەزان...هتد

_ڕۆنانی ناوی کارا بە یاریدەی ئاوڵناو + ڕەگی کار

کۆنە پەرست، نوێخواز، کۆنە فرۆش....

-وشەیەکی واتادار + و+ وشەیەکی بێ واتا

شەڕوشۆڕ، پان و پۆڕ، قاپ و ماپ

وشەیەکی بێ واتا +و +وشەیەکی واتادار

بڕوبیانو، جڕوجانەوەر....هتد

**•دارشتن:**

ریبازی دارشتن یەکێکە لەو ڕێبازانەی لە زمانی کوردی بەکاردێت بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زاراوەی کوردی .یاخود دارشتنی چەندین زاراوە لە ڕەگی وشەیەك لەگەڵ پێشگروپاشگرێکدا.

بە دیدی (ساپیر)( پێویستی دارشتن لە زماندا پێویستیەکی دەروونییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ،کە هیچ زمانێ ناتوانێ ئەو هەموو بیرو چەمکانەی دەوروبەری خۆی بەهۆی وشەی سادەوە دەربڕێ لەبەر ئەوەی نازانین بێ پایانەو کەرەستەی دەوڵەمەنترین زمان لە چاویدا کەمەو کۆتایی هەیە.(کەوسەر عزیز:١٩٩٠: ٧٥)

زمانی کوردیش یەکێکە لە زمانە لکاوەکان بۆیە تەنها بە وشەی سادە ناتوانێت پێداویستیەکانی خۆی جێ بەجێ بکات بۆیە بەهۆی وشەی سادە لەگەڵ پێشگرو پاشگرەکان چەندین زاراوەی نوێ دێنێتە کایەوە.بۆنموونە لە ڕەگی وشەی زانین چەندین وشە دادەڕێژرێت:

زانا، زانراو، زانکۆ

کوردستان، شاخەوان، دارستان، لەوەرگا...هتد.

**•وەرگێران:**

واتە وەرگێرانی زاراوەکە بۆسەرزمانی کوردی بە زاراوەیەك واتا بیانیەکە بدات.واتە گواستنەوەی زاراوەکە بۆ سەر زمانی کوردی بە زاراوەیەك لە زمانەکەی واتای ئەم زاراوە لەخۆ بگرێت.

هەرچەندە وەرگرتنی وشەی بیانی زۆر هۆکاری هەیە وەك ئەوەی لە زمانی نەتەوەی بالادەستدا بسەپێنرێت، یان زمانی ولاتانی پێشکەوتوو لە بواری زانست و تەکنەلۆژیاو داهێنان زاراوە گەلێك دەسەپێتە سەر زمانی نەتەوەکانی دیکە بەهۆی ئەم پێشکەوتن و داهێنانەیان.(محەمەد وەسمان: ٢٠٠٤: ٦١)



بەهۆی ڕێبازی وەرگێران چەندین زاراوەی نوێ لەناو زمانی کوردی بەدی دەکرێت وەکو:

ڕۆژی خۆشەویستی: ڤالانتاین

پەرەسەندن: تگور

هەقبێژی: ئەبستمۆلۆژیا

جەژنی لە دایك بوون : Birthday party

بێژەر: مذیع

بەلام لە وەرگێران ئەگەر لە وشەیەك زیاتر بێت دەبێت ئاگاداری شوێنی وشەکان بین لەناو ڕستەدا، چونکە هەر زمانەو خاوەن ڕێسای تایبەتی خۆیەتی وەکو:

فڕنی سەرچناری ئۆتۆماتیکی _ ڕاسترە بوترێت فڕنی ئۆتۆماتیکی سەرچنار

هۆڵی چۆپی خێزانی – ڕاسترە بوترێت هۆڵی خێزانی چۆپی.

چونکە لە زمانی کوردیڕیزکردن بە پێی (S O V)یە واتە (بکەرن بەرکار، کار)، بەلام لە زمانی عەرەبی بە پێی(V SO )ە ، واتە ریزبەندمان جیایە.

**•داتاشین:**

داتاشینی وشەی نوێ لە دوو وشەی سادە یان لە ڕەگی وشە لەگەڵ ڕەگی وشەیەکیتر.واتە دروستکردنی وشەیەك لە دوو وشەی سەربەخۆ یان زیاتر بە مەرجێك گونجان هەبێت لەنێوان وشەکان و ئەو چەمکەی بۆی هەڵدەبژێرێت لە جیاتی بەکار بێت.

زانکۆ، زەکات دان، بێدار، بێ تاوان، بەناز، چاوجوان، ڕەشماڵ، سەرسپی، کاسەسەر، کانی ئاسکان، ڕێنووس، ڕێزمان...هتد .

**•خۆماڵیکردن:**

مەبەست لە خۆماڵیکردن هەر زاراوەکانی زمانەکانی ترە، بەلام زمانەوانان هەندێ دەسکاری بچووکی دەکەن یاخود تەنها دەیکەن بە ئەلف و بێی کوردی و وەکو خۆی و بەهەمان واتا بەکاردێت. هەندێك نموونە لەسەر ئەو زاراوانەی وەکو خۆیان بەکارهاتوون ، تەنها کراون بە ئەلف و بێی کوردی:

سەروەت، کەوسەر، تەمسیل، ئەساس، ئاسار...هتد.

هەندێك زاراوەش دەستکاریەکی کەمی کراوە وەکو:

زاراوەی(ملاك) لە (ملحق)ی عەرەبی هاتووە هەندێك دەستکاری کراوە .

زاراوەی (کتێب)لە زاراوەی (کتاب)ی عەرەبی وەرگیراوە.چەندین زاراوەی تریش وەکو ئەمانەی خوارەوە:

باس _ لە (بحث)وەرگیراوە.

خزمەت —لە (خدمة)وەرگیراوە.

زەوت _لە (ضبط) وەرگیراوە.
متمانە – لە (مطمئن)وەرگیراوە.
مامەلە –لە (معاملة)وەرگیراوە.

**•خواستن:**

خواستن واتا بەکارهێنانی وشەیەك بۆ گەیاندنی واتایەکی نوێ جیا لە واتا بنەڕەتیەکەی. خواستن لە زمانی کوردی زاراوەی (میتافۆر، خوازە، ئاوەڵواتا)ی بەرانبەر دانراوە.

خواستن تایبەتییەکی زمانەو یاریکردنە بە سیما واتاییەکان،سڕینەوەی هەندێك و بەر ڕۆشنایی دانی هەندێکی تر پەیوەندی بە وشەوە هەیە و بە دیاردەیەکی بەربڵاوی ناو زمان دادەنرێ. یەکێك لە ڕەگەزەکانیشی رامان و نامۆیی لەخۆ دەگرێ ،کە ناکرێ پێوانە بکرێت.بۆ سڕینەوەی خواستنیش پێویستە دەوروبەرەکەی بخرێتە ڕوو. ئەگینا بەبێ بوونی دەوروبەر دەستنیشانکردنی خوازە ئاسان نابێت، خواستنیش دەکرێ لە ڕستەی هەواڵگەیەنەر و ڕستەی فەرمان و سەرسورمانیشدا دەرکەوێ، لە دەرکەوتنیشدا واتا سەرەکیەکە ناسڕێتەوە، بەڵکو زۆرجار دەبێتە هۆی زیادکردنی واتای فەرهەنگیش)( سازان رچا معین:٢٠٠٥: ٤٨). خواستن زمان جوان و دەوڵەمەند و فراوان دەکات.واتەداهێنانی شێوازەکی نوێیە لە ناو زاراوەکانی زمان.

نموونە :

دیوار بە گوێیە:مەبەست ئەوەیە قسەنەکەی با کەس گوێی لێ نەبێت. هەروەکو ئەو پەندە وایە کە دەڵێت (قسە کەوتە زاروکی دەکەوێتە شارەکی).

دەم سپی: بەکەسێك دەوترێت لە قسەکردن فەقیر بێت و وەڵامی قسە نەداتەوە.

زمان درێژ: بە کەسی هاروهاج دەوترێ

گۆشت پیس:کەسێك برینی درەنگ چاك ببێتەوە

**•گرفتەکانی دانانی زاراوە لە زمانی کوردیدا:**

-1فرە دیالێکتی(Dialects )

فرە دیالێکتی یەکێکە لە گرفتە سەرەکییەکانی دانانی زاراوە چونکە بۆیەك چەمك هەر دیالێکتەو زاراوەیەك دادەنێت. واتە بەرانبەر یەك چەمك دوو زاراوە یان زیاتر دەوەستێت.

زمانی کوردیش لەچەند دیالێکتێك پێکهاتووە ، بەڵام دوو دیالێکت زۆر پەرەیان سەندووە کە کرمانجی سەرو وخوارووە. کە ئێستانووسین بە هەردوو زاراوە دەکرێت و زمانێکی ستاندەرمان نییە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بۆ





زۆربەی چەمك دوو زاراوە بێتە کایەوە .ئەمەش کێشەیەکی گەورەیە لە زمانێك دوو زاراوە یان زیاتر هەبێت بۆیەك چەمك و دەبێت هەوڵبدرێت بۆ دانانی زمانێکی ستاندەردو یەك زاراوە بەرانبەر یەك چەمك دابنرێت.

**-2هاوواتا:**

وشەی هاوواتاش دەبێتە هۆی کێشە بۆ زمانەوانەکان هەرچەندە سودی هەیە بۆ نوسەر و شاعیران چونکە بە پێی پێویست کام زاراوە لەگەڵ بابەتەکەی گونجاوتر و شیاوتر بێت ئەو بەکار دێنێت، بەڵام گرفتە بۆ زمانەوان وەك( جوان،شۆخ، قەشەنگ) (شاخ، کێو)

هاوواتا واتە دوو وشە یان زیاتر یەك واتایان هەبێت و بتوانن لە شوێنی یەکتر لە ناو ڕستەدا بەکاربێن.

هاوواتایی لە زماندا ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە لەرووی واتای هۆشەکی و ویژدانییەوە وەکو یەکن وقسە پێکەرانی زمانەکەش هەست بە جیاوازی نێوانیان ناکەن بەسەربەستیش دەتوانن لە هەموو سیاقێکدا ئاڵوگۆریان پێ بکەن ئەم جۆرەش بە هاوواتای تەواو ناو دەبرێت(تالب حوسین:١٩٨٩: ١٨٣) بەلاَم کەم وشە هەیە بە تەواوی هاو واتای یەکتر بن، چونکە لە زۆر شوێن ناتوانن شوێنی یەکتر بگرنەوە. بە نموونە :

نازدار خۆی شاردەوە –نازدار کتێبەکەی شاردەوە

نازدار خۆی مەلاس دا –نازدار کتێبەکەی مەلاس دا

لەم جووتە ڕستانەی سەرەوە وشەی (مەلاس و شاردنەوە) هاوواتان بەلاَم لە ڕستەی کۆتایی (نازدار کتێبەکەی مەلاس دا) بەکار نایەت و ناگونجێت ،کەواتە وشە هاوواتاکانیش لە زۆر شوێن هاوواتای تەواونین.

**-3سەرچاوەی بیانی:**

سەرچاوەی بیانیش یەکێکە لە گرفتەکانی زاراوە دانان چونکە زۆر جار چەمکێکی نوێ لە زمانێك وەردەگێرینە سەر زمانەکەی خۆمان لەوانەیە ئەو چەمکە لە بنەرەت هی ئەو زمانەش نەبێت و ئەو زاراوەیەکی بەرانبەری دانایە بۆ هەمان چەمك لە زمانەکیتر زاراوەیەکیتری بۆ دادەنرێت ئەوکاتەی ئێمەش دەیکەینە کوردی هەریەکەو زاراوەیەکی بەرانبەر دادەنێین و لە ئەنجام هەر یەك چەمك و مەبەستە کەچی دوو زاراوەی بەرانبەر دادەنرێت ئەمەش دەبێتە سەر لێشێوانی خوێنەران وەکو:

نایترۆجین NITROJEN لە زمانی ئینگلیزیدا

ئازۆت AZOT لە زمانی فەرەنسیدا

لێرە دوو زاراوە دانراوە ،کەچی لە بنەرەتدا هەردووکیان هەر هەمان گاز دەگەیەنێت و دوو زاراوەی بەرانبەر دانراوە.

یاخود لەهەمان زمان دوو وشە یان زیاتر هاوواتای یەکتر بن لەوانەیە وەرگێر نەزانی ئەمانە هاوواتای یەکترن و هەریەکەیان بەرانبەر بە زاراوەیەك دادەنێت ئەمەش دەبێت گرفت بۆ زمانەکەمان.

**•داهێنان و زاراوە:**

زۆر رێگا هەیە بۆ زیادکردنی وشە و زاراوە لە زمانی کوردیدا .یەکێك لەم رێگایانە داهێنانە ئەویش بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و زانست و زانیاری و سەرهەڵدانی چەندین بەرهەمی نوێ لە هەموو بوارەکاندا کە رۆژانە لە پێشکەوتن و پەرەسەندن دان.ئەم پێشکەوتنەش پێویستی بە زاراوەی نوێ هەیە ،چونکە هەر چەمکێکی نوێ و بەرهەمێکی تازە سەرهەڵدەدات پێویستی بە زاراوەی نوێیە بۆ گوزارشت کردن لەم چەمکە نوێیە.

زمان داهێنانە چونکە زمان رێگە بەمرۆڤ دەدات کەهەستی خۆی لەقالبێك دابرێژێت و زمانێك دروست بکات کەتایبەت بێت بەخۆی.

زمانی شعر زمانێکە بەداهێنانی شاعیر دادەنرێت، ئەگەر شاعیر بە داهێنەر دابنرێت، دەبێت خاوەن جیهانێکی تایبەتی و جۆرە سەربەستیەك بێت، تاوەکو کارە هونەریەکەی دروست بێت (خلیل ابراهيم العطية :١٩٨٦ :٢٠)،

توانای داهێنان وەك بەهرەیەکی سەرنج راکێشی درەوشاوەیە لە ژیانی رۆژانەماندا.دەبێتە هۆی گۆرانی ژیان بەرەو سەرفرازی و خۆش گوزەرانی لە گشت لایەنێك. شوێنی داهێنان لەناو کارەکانی بیرکردنەوەی مرۆیی بە قوڵترین و فراوانترین و ئاڵۆزترین جۆری بیرکردنەوە دادەنرێت. لەبەر ئەمە دیاریکردنی سروشتی داهێنان کارێکی زۆر قورس و گرانە. داهێنان بە گرنگترین توخمی سامانی کۆمەڵایەتی دادەنرێت.

داهێنان سیفەتێکی سەرەکییە، ژیانی شارستانیەت لە ژیانی سەرەتایی جیا دەکاتەوە و مرۆڤ بەهۆی داهێنانەکانیەوە دەتوانێت پێشبکەوێت و سەرکەوتووبێت لە ژیانی.مرۆڤیش هەرکە بەرهەمێکی نوێ دەدۆزێتەوە خۆشی زاراوەیەکی بەرانبەر دادەنێت کە شیاوی بەرهەمەکەی بێت بەمەش زاراوەی نوێش دێتە کایەوە جا ئەو زاراوە نوێیە چ لە رێگەی لێکدانی وشەکانی





زمانەکەی بێت یاخود بە رێگەی دارشتن یان هەر رێگەیەکی تر بێت.

(شتاین Stein) وا پێناسەی داهێنان دەکات :کردەیەکە کارێکی نوێی لێ بەرهەمدێت،کە کۆمەڵێك پەسندی دەکەن لە کاتێکی دیاریکراو بەوەی سود بەخشە.(ممدوح عبدالمنعم:٢٠٠٥: ٢٢)

داهێنان کردەیەکە تیایدا تاك هەست بە کەم و کوری دەکات لە لایەنێکی دیاریکراو، کە چارەی ئامادە کراوی لا هەیە. هێنانی ئەو زانیاریانە بە بیر یاخود ئەو سەرچاوە دەرەکییانەی پەیوەندیان بە بابەتەکەوە هەیە و دیاریکردنی بەشە ون بووەکە لە کێشەکە، و گەران بەدوای چارەسەر و پێشکەشکردنی بە شێوەیەکی نوێ بۆ چارەسەری کێشەکە وتاقیکردنەوەی بیروبۆچوونەکانی، وگەیشتن بە ئەنجام .

مەحویش وەك شاعیرێکی سەرکەوتوو بە توانا بە شێوەیەکی زانایانە و لێهاتووانە چەند وشەیەکی نوێی داهێناوە شاعیرانی پێش ئەو دایان نەهێناوە و بەکاریان نەهێناوە. وەك (بینایی کردن ، سەرکەنا، چەوتاوە، نیەت، مەننی.....هتد). وەکو ئەمانەی خوارەوە بەر پێی ئەوم بە مێزەرەوە، سەرکەنا، وتی:

(مەحوی)) تەمایە بم خەڵەتێنێ بە تووری پووت (٧) لا١١٧

لێرە دەستکاری شێوەی دارشتنی وشەی کردوە لە جیاتی ئەوەی بڵێ (کە سەرم بە مێزەرەوە نایە بەر پێی یار و کردم بە قوربانی وتی مەحوی دەیەوێ بە سەلکە توورێکی پووچەڵ هەڵم خەڵەتێنێ)(مەلا عەبدولکەریمی مودەررس:١٣٨٧: ١١٧) گووتوویەتی (سەرکەنا) ، لێرەدا تەنها لە ناو سیاقە شیعرەکەوە واتا دەبەخشێ ئەگەر بەتەنیا بێت هیچ واتایەك نادات بە دەستەوە.بەم جۆرە مەحوی دەستکاری لە لایەنی مۆرفۆلۆجی کردووە

دڵ لە ئیدراکی حەقیقەت بێ بەشە بێ داغی عیشق (مەحویا)) دانا دەبێ بەم چاوە بینایی بکا (٩) لا ٥٢

شاعیر لەم دێرە شیعرەیدا وشە ئاراییەکی جوانی بەکار هێناوە ، وشەی (بینایی) داهێناوە لە جیاتی وشەی(سەیرکردن یان روانین) ی بەکار هێناوە.وشەی بینایی کردن لە زمانی کوردیدا نییە، بەڵام مەحوی بە کاری هێناوە و خۆی دایرشتووە.

گرفتی دەروونی دارشتنی زاراوە لە زمانی کوردیداچەند هۆکارێك هەن دەبنە کۆسپ لەبەردەم دانانی زاراوە لە زمانی کوردیدا کە ئەمانەن:-

1-کۆسپی فۆنۆلۆجی.
2-کۆسپی مۆرفۆلۆجی.
3-کۆسپی واتایی.
4-کۆسپی جوانکاری.

-5بوونی وشەیەک بە هەمان واتا لە زمانەکەدا.

-1کۆسپی فۆنۆلۆجی -:

پاشگری (ەر) و پێشگری (ب) تەنیا دەچنە سەر ڕەگی سادە ، بەمەرجێ ڕەگە سادەکە لەیەک برگە پێکهاتبێ واتە دەبێت هەریەکە لەم پێشگر و پاشگرە وشەی یەک برگەیی دروست بکەن .واتە پێکهاتنی فۆنۆلۆجی ڕێ ی لە بلاوبوونەوە و چالاکی پێشگری (ب) گرتووە.(ساکار ئەنوەر:٢٠٠٩: ٣٠)وەک:

بکوژ، بگر، نوسەر ،نوێنەر، دانەر، بێژەر، هونەر...

-2کۆسپی مۆرفۆلۆجی-:

پاشگری (ندە) تەنیا دەچێتە سەر ڕەگی وشەی بێگانە و لەگەڵ بنجی کوردیدا نایەت.ئەمەش بۆتە هۆی کەم کردنەوەی چالاکی لە زماندا. وەک ئەم نمونانەی خوارەوە :(ساکار ئەنوەر،٢٠٠٩، ٣٠)

درِ+ندە ← درندە

کوش+ندە ← کوشندە

بەخش+ندە ←بەخشندە (ئەم ڕەگانە هەمووی ڕەگی فارسین)

باڵ + ندە ← باڵندە

جگە لەمە هەندێك پاشگر هەن تەنها دەچنە سەر ناو وەکو(دار ،ساز، بەند...هتد)

گیان + دار ← گیاندار

دوکان +دار ← دوکاندار(واتای پیشە)

ئاژەڵ +دار ← ئاژەڵدار (واتای پیشە)

سەر+دار ← سەردار

چەك+دار ← چەكدار (واتای پیشە)

دڵ + دار←دڵدار

برین + دار←بریندار

ناز +دار ← نازدار (ئاوڵناو)

ناو +دار ← ناودار (ئاوڵناو)

_دان + ساز←دانساز

چەخماخ + ساز←چەخماخساز

زاراوە +ساز←زاراوەساز ( زاراوەی نوێ)

ڕەخنە +ساز←ڕەخنەساز( زاراوەی نوێ)

بینا+ساز ←بیناساز( زاراوەی نوێ)

_ناڵ +بەند← ناڵبەند

کەمەر+ بەند← کەمەربەند

پاشگری (هەڵ) تەنها لەگەڵ کار بەکاردێت وەکو

هەڵ +کردن←هەڵکردن

هەڵ +کەوتن←هەڵکەوتن

هەڵ+ هێنان←هەڵهێنان

هەڵ +هاتن←هەڵهاتن

هەڵ +ماڵین←هەڵماڵین

هەڵ +چوون هەڵچوون

ئەمانە دەبنە کۆسپ و لە چالاکی زمان کەم دەکەنەوە.





-3کۆسپی واتایی-:

یاسا واتاییەکان ڕێگا دەگرن لە چالاکی (نا،نە)، بەهۆی بوونی وشەیەکیتر لە زمان بەرانبەر ئەم وشەیە، بۆ نموونە-:

ڕەسەن ← ناڕەسەن

پاك ← ناپاك

پیس ← ناپیس (بەکار نایەت)

خۆش← ناخۆش

خۆش← نەخۆش

جوان ←ناجوان (بەکار نایەت)

ناشرین ←نەشرین (بەکار نایەت)

درێژ ← نادرێژ (بەکار نایەت)

کورت ← ناکورت (بەکار نایەت)

چەندین نمونەی تری لەم جۆرە هەن، چونکە بەرانبەرەکەیان هەیە بۆیە ڕێگە بە پێشگری (نە، نا) نادەن لەگەڵیان بەکاربێت.

-4کۆسپی جوانکاری-:

هەندێ جار، جوانکاری، دەبێتە ڕێگر لەبەردەم چالاکی، بە واتای ئەوەی ڕێگا لە چالاکی دەگرێ. پێشگری (ب) لەگەڵ وشەی داڕێژراودا نایەت. وەک-:

بکڕ، بنووس، بفرۆش، ...هتد (ئەمانە بەکارنایەن)

ئاخاوتن +ەر ← ئاخاوتنەر (ئەمەش بەکارنایەت چونکە (ئاخێوەر) هەیە لە زمانەکەمان و پێویست ناکات زاراوەی تر بەرانبەری دابنرێت.

کڕین +ەر ←کڕینەر بەکارنایەت چونکە کڕیار هەیە و ئەم زاراوەش ڕۆشتووە.

-5بوونی وشەیەك بە هەمان واتا لە زمانەکەدا، دەبێتە ڕێگەگرتن لە چالاکی-:

بۆ نموونە، پاشگری (ەر) دەچێتە سەر ڕەگی (نووس) و زاراوەی (نووسەر)ی دروست کردووە، ئەمەش وای کردووە زاراوەی (نووسیار) یاخود زاراوەی (بنووس) دروست نەبێت ،هەروەها لە ڕەگە (کوژ) زاراوەی(بکوژ) مان هەیە وایکردووە (کوژیار) یاخود (کوژەر)دروست نەبێت و بەکار نەیەت، هەروەها وشەی (فرۆشیار) مان هەیە، وایکردووە کە پاشگری (ەر) نەچێتە سەر ڕەگی (فرۆش) و وشەی (فرۆشەر) دروست نەبێت. هەروەها (دز) هەم ناوە، هەم ڕەگە، ئەمەش ڕێگەی گرتووە لە دروستبوونی (دزەر، دزیار). وشەی (ڕاکێش)مان هەیە ، پاشگری (ەر) وەردەگرێ و (ڕاکێشەر) دروست دەبێت، بەڵام ئەمەیان کەمە.

**•هەڵسەنگاندنی زاراوە کوردییەکان لە لایەنی دەروونیەوە-:**

ئەگەر سەیری زاراوە کورییەکان بکەین هەست بە جیاوازی لە توانای وشەکان دەکەین هەندێکیان زۆر بە چالاکی کاردەکەن و هەندێکیشیان سستن، بەڵام

هەندێکیان هەر لەناو فەرهەنگ دانراون و هەربەکارنیاین یاخود زۆر بەکەمی بەکارهاتوون.

-1ئەو وشانەی بەتەواوی لە زمان چوونەتە دەرەوەو بەهیچ جۆرێك لە زمانەکەماندا بەدی ناکرێن و تەنانەت لە پێکهێنانی وشەی لێکدراویشدا ئەسەریان نییە.تەنها لە ناو هەندێك لەفەرهەنگەکان بەدی دەکرێت.

بۆ ئەم مەبەستە لەو تێکستانەدا کە ئۆسکارمان کۆی کردوونەتەوە،گەلێك نموونە بەرچاو دەکەون،وەك: ((نسرین))،((کەبرێن))،((سەبرێن))...هتد ،کە لە زمانی کوردی ئەمڕۆدا نەماون و ماناشیان تەنیا لەڕێگەی ڕستەوە ئاشکرا دەبن.بەلام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکیان تەنانەت بە ڕستەش ڕوون نابنەوە.

لەو تێکستانەدا دەبینین،کە وشەی ((نسرین)) بە واتای ((پەژارە،خەم،داخ،...)) هاتوە،ئەویش لە ڕستەدا بۆمان دەردەکەوێ:

ئەگەر ژنی گەورەی میری وا دەبینی
بانگ دەکا :برایم چاکە،مەکێشە خەم و نسرینێ ل/٣٨٥

هەرچی وشەی ((کەبرێن))و((سەبرێن))ە مانایان ئاشکرا نییەوتەنانەت لە ڕستەشدا بۆمان ڕوون نەبۆتەوە:

دەڵێ:خولایە نە بەکەبرێنی،نە بەسەبرێنی
بۆخۆت گیانان دەدەی، گیان دەستێنی ل/٣٢٩

ب–ئەو وشانەی بەشێك لە ڕێژەکانیان لە زماندا نەماون.بە وێنە وشەی ((پەروەردە))– وەك:ناوی بەرکار ماوە،بەلام ڕێژەکانی تری نەماون.کەچی ئەگەر تەماشای زمانی فارسی بکەین،دەبینین کە ڕێژەکانی دیکەی ئەم وشەیە،وەك ((پروریدن،میپروران،پرورش،...)) ماون (ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٧٥:٥٢).

هەندێ وشە هەن، کە لەدایك دەبن یەکسەر دەمرن، بێ ئەوەی بە قۆناغی گەشەکردن و فراوانبووندا بڕۆن، بۆنموونە مامۆستا (جەمال نەبەز) لەزمانی کوردیدا، بەرامبەر بەزاراوەی (مایکرۆفۆن)ی لاتینی، زاراوەی (دەنگەوەر)ی داناوە، یان هەندێ لە نووسەرانی کورد، زاراوەی (ئەسپەئاسنین)یان بەرامبەر بە زاراوەی (پایسکل)ی جیهانی سازکردووە، بەلام ئەم دوو زاراوەیە نە لە ڕووی دەنگەوە، نە لەڕووی واتاوە، هیچ یەکێکیان بەرامبەر بە زاراوە جیهانییەکان ناوەستن، بۆیە کە لەدایك بوون، یەکسەر مردن و نەیانتوانی شوێنی خۆیان لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا





بکەنەوە.

جگە لەوشەی (( ئەسپە ئاسنین)) زاراوەی ((دوو چەرخ))ەش بەرامبەر بە زاراەی ((پایسکل)) ی جیهانی هەیە، کە دەمێکە لە فەرهەنگی کوردیدا تۆمارکراوە، بەلام هەر زاراوەی ((پایسکل)) بەکاردەهێنرێ.

هەروەها هەندێ لەنووسەرانی کورد بەرامبەر بە زاراوەی ((شاعیر)) ی عەرەبی زاراوەی ((هەستیار)) یان داناوە، بەلام ئەم زاراوەیەش کە لە دایك بوو یەکسەر مردونەیتوانی شوێنی خۆی لە ناوفەرهەنگی کوردیدا بکاتەوە بەڵکو هەر وەکو خۆی واتە زاراوەی ((شاعیر)) بەکاردەهێنرێت، چونکە بە بۆچوونی هەندێ لە زمانەوانە کوردەکان ، لەبەرئەوەی زاراوەی (هەستیار) لەسەر پێوانەی(وەزنی) (کەمتیار)ە، بە وتنی زاراوەی (هەستیار)، وشەی (کەمتیار)مان بیر دەکەوێتەوە، بۆیە نەیتوانیوە بڕوات و شوێنی وشەی (شاعیر) بگرێتەوە.لەبەر لایەنە دەروونیەکە ڕێگەنادات بەم زاراوانە بۆیە لەناو دەچن و دەمرن.

هەروەها زاراوەی ((تەماشادەر))یان بەرامبەر بە زاراوەی ((ئەکتەر ))ی جیهانی وەگێڕاوە (بەهیچ جۆرێك ناتوانێ کاری هونەری ئەم هونەرمەندە کە لە جیهاندا پێی دەوترێ (ئەکتەر) دەربڕێ. (تەماشادەر)چی تەماشادەدا؟!ئەمە وشەیەکی گشتی و ڕۆژانەیە، هیچ پەیوندییەکی بەهونەرو زانستی ئەکتەرییەوە نییە. (کامل حسن البصیر : ١٩٧٩: ١٢٥) بۆیە زاراوەی ((تەماشادەر)) یش هەروەکو وشەکانی (( ئەسپەئاسنین)) و((هەستیار)) و.....هتد .لەبەر لایەنی دەروونی لەناوچوو نەما.

هەروەها لە وشەی (بەسەرهاتنامە) وەرگێرانەکە لە مەبەست و ئەرکی زاراوە وەرگێراوەکە دوورە.وەرگێری کوردی بە زاراوەیەکی لێکدراوی(بە) و (سەرهات) و(نامە) ئەم زاراوەی دروست کردووە چ پەیوەندیەکی بەم مەبەستە نییە کەبۆی بەکارهاتووە.خوێنەر دەکەوێتە پرسیارکردن لە مەبەستی وشەی( بەسەرهات) و (نامە)ئایا مەبەستی ئەو واتایەیە کەلەفەرهەنگ بەرانبەر زاراوەی نامە بەکارهاتووە یان مەبەست توێژینەوە و لێکۆلینەوە و کتێب دانانە؟!

لە زاراوەی (بەسەرهات) ئایا مەبەستی ڕووداوی ژیان و لێدوان لەسەر کەسەکە یاخود مەبەستی لەمە فراوانترە؟!

هەروەها ئەگەر سەیری زاراوەی(هاوبەشێتی) کە لە زمانی کوردی بەکاردێت ئایا دەتوانێت لایەنی کۆمەلآیەتی

و ئابوری و رامیاری رژێمی( سۆشیالیزم)بەروونی دەربخات؟ بێگومان ئەم ئەرکە بەم زاراوەیە جێ بەجێ ناکرێت.

بێگومان ئەم دیاردەیە لە زاراوەسازی کوردی کارێکی نا رەوایە لەگەڵ باری زمانەکەمان ناگونجێ .جگە لەمانە زاراوەی (دەرسگا) بەرانبەر (المدرس)ی عەرەبی بەکارهاتووە، و زاراوەی (مامۆستا) بەرانبەر( معلم)بەکارهاتووە. کاروباری مامۆستا وانە وتنەوەیە هەروەها کاروباری (المدرس)یش هەرهەمان ئەرکە کەواتە بۆ دوو زاراوە دانرێت کە هاو پێشەی یەکترن.

هەروەها زاراوەی (تەمەشاخانە) وەرگێرانێکی وشە بە وشەیە و ئەم زاراوەیەش نەرۆیی لەناو زماندا ،ئێستا زاراوەی(شانۆ) بەرانبەر بە زاراوەی (المسرح) ی عەرەبییە و ئەم زاراوەش ئیستا بلاوە لەناو زماندا .چەندین زاراوەی تریش هەن کە لەناو فەرهەنگەکان و لای نوسەران بەکارهاتوون بەلام لەناو خەڵك بلاو نەبۆوەو لە شوێنی خۆی دامرکاوە یاخود زۆر بە سستی بەکارهات وپاشان مردن.

| زاراوەی عەرەبی | زاراوەی کوردی |
| --- | --- |
| العربه | چەرخەبەرە |
| الحکیم | پەندیار |
| الحکمه | پەندیاری |
| براءة الذمة | ئەستۆپاکی |
| مکان النفایات | شرەلان |
| مکان السکراب | خوردەلان |
| ملحق الکتاب | پاشکۆ،پاشەك |
| مقرر | دەمراست |
| دفتر تێنوس | عملاق |
| تەژەندەر | چخم |
| تەژار، تەژەند | علامه سالبه |
| نایەك | علامه موجبه |
| ئایەك | الحدس |
| سۆسە | قایمقام کارەوان |

ئەم زاراوانەش بەهەمان شێوە نەرۆیشت لە زمانی کوردی و نەیانتوانی شوێنی خۆیان لەناو زاراوە کوردییەکان بکەنەوە .هەروەها جگە لەمانە چەندین زاراوەی تریش هەن کە چەند زاراوەیەکی بەرانبەری دانراوە ویەکیان رۆشتوە لەناو زمان و ئەوانیتر بە مردوو دادەنرێت چونکە نەرۆیشتن لەناو زمان.لەخوارەو باسی چەند زاراوەیەك دەکەین:

زاراوەی (سائق)کە لە زمانی عەرەبییە بەرانبەری زاراوەی (ئاژیار)دانرا بەلام ئەم زاراوەیە نەرۆیی و زاراوەی(شۆفێر)کە ئێستا بەرانبەری بەکار دێت کە وشەیەکی چالاکە لەناو زمان و شوێنی خۆی





گرتۆتەوە.هەروەها بەرانبەر زاراوەی(الجهاز)ی عەرەبی زاراوەی(کۆئەندام ،رشتە) دانراوە ،زاراوەی کۆئەندام ئێستا زاراوەیەکی چالاکەو زۆربەکاردێت ،بەلام (رشتە)نەرۆشتووە و بەکارنایەت.چونکە زاراوەی کۆئەندام لەگەڵ چەمکەکە دەگونجێت و ئەم مەبەستە دەدات بە دەستەوە.هەرچی زاراوەی(رشتە)یە هیچ واتای ئەم چەمکە نادات و زاراوەیەکی گونجاو نییە بۆیە لایەنی دەروونی لای خەڵك رێگەی بەم زاراوەیە نەداوە بڕوات نەیتوانی شوێنی خۆی بکاتەوە لەناو زاراوە چالاکەکان.

جگە لەمانە زاراوەی(الجنین)ی عەرەبی لە زمانی کوردی چەند زاراوەیەکی بەرانبەر بەکارهاتووە کە ئەمانەن( ئاوڵمە، پز، پێزە، کۆرپەلە)خۆی هەر زاراوەو لە زمانێکی تر کە وەریدەگرین واباشترە یەك زاراوەی لە زمانی کوردیش بەرانبەر دابنرێت بۆئەوەی سەر لە خەڵکی نەشێوێت .زاراوەیەکی پر بە ماناو توانای گەیاندنی چەمکەکەی هەبێت. لە ناو زمانەکەمان زاراوەی (پز،پێزە)هەر بەکارنەهاتووە. بەلام بە شێوەیەکی کەم ئاوڵمە بەکارهاتووە ،هەرچی (کۆرپەلە)یە لە هەمووان زیاتر بەکار هاتووە و ئێستا هەموو چینێکی کۆمەڵ لە زاراوەی کۆرپەلە دەگات و شوێنی چەسپاوە لە ناو زاراوەکانی زمان.

هەروەها زاراوەی (تلمیذ)ی عەرەبی لە سەرەتا زاراوەی (شاگرد)یان بەرانبەری دانا، بەلام لەبەر ئەوەی زاراوەی( شاگرد) بەو کەسانە دەوترێت ،کە لە شوێنی پیشەسازی و بازارەکان لەژێر دەستی کەسانی تر کاردەکەن واتە لەژێر دەستی وەستا کاردەکەن. ئەم زاراوەیان بەرانبەر دانراوە .لایەنی دەروونیەکە زاڵ بوو نەیانتوانی لەسەر ئەم زاراوە بەرانبەر بە (تلمیژ) سەرکەوتوو بن بۆیە ئەم زاراوەیە نەرۆیی و زاراوەی (قوتابی، خوێنکار) شوێنی گرتۆتەوە و بلاو بۆتەوە.

(جمال نەبەز) بەرانبەر بە زاراوەی جیهانی (مایکرۆفۆن) زاراوەی (دەنگەوەر)ی دانا ،بەلام ئەمیش سەرکەوتوو نەبوو ئەم زاراوەیە نەیتوانی بلاو بێتەوە و شوێن پێی زاراوەی (مایکرۆفۆن)لەق بکات.جگە لەمانە بەرانبەر زاراوەی(حەب)ی عەرەبی زاراوەی(حەپلە) یان دانا ئەمەش لەبەر شێوەکەی ،چونکە زۆربەی حەبەکان خرن.بەلام ئەمەش یەکێکە لەو زاراوانەی نەیان توانی شوێنی خۆیان لەناو زاراوەکانی زمانی کوردی بکەنەوە.

زاراوەی (لاعب)ی عەرەبی لەسەرەتا زاراوەی (یاریکەر)ی بەرانبەر دانرا .لەسەر قافیەی( نانکەر، سواڵکەر) بەڵام ئەمەش لەبەر لایەنی دەروونی نەیتوانی سەرکەوتوو بێت چونکە (یاریکەر) وشەی (کەر)بەرەو لایەنی خراپیان دەبات و (گوێدرێژ) یان دێنێتەوە یاد بۆیە ئەم زاراوەیەش نەرۆیی و زاراوەی (یاریزان) ئێستا زاراوەیەکی چالاکە لە زمانەکەمان و زۆریش باوە لە ناوخەڵکی.هەروەها بەرانبەر (قطار) زاراوەی (جەلوو)دانرا بەڵام ئەمەش وەکو ئەوانیتر نەیتوانی سەرکەوتوو بێت و نەرۆیی بەڵام ئێستا زاراوەی (شەمەندەفەر)بەکاردێت و وشەیەکی زۆر چالاك و بڵاوە هەموو کەسێك لەم زاراوەیە دەگات و تەواو شوێنی (قطار)ی عەرەبی گرتۆتەوە.

جگە لەم زاراوانە چەندین زاراوەی تر هەن لە فەرهەنگ یاخود لای نوسەرەکانمان دادەهێنران بەڵام نەیاندەتوانی شوێنی خۆیان بکەنەوە و لای خەڵکی بڵاو ببنەوەو شوێن پێی وشەیەکی تر لەق بکەن .

**سەرچاوەکان:**


1- ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٠: وشەی زمانی کوردی: چاپخانەی کۆری زانیاری کورد: بەغدا.

2- تالب حسین عەلی: فۆنۆلۆجی و دیاردەی ئاسان بوونی فۆنیمەکان لە شێوەزاری سلێمانیدا: نامەی ماستەر: کۆلێجی ئاداب: زانکۆی سەلاحەددین: هەولێر.

3- خلیل ابراهیم عطیة، ١٩٨٦، الترکیب الغوی لشعرالسیاب، مگبعه دار الشؤون الثقافة العامه، بغداد.

4- جمال عەبدول: ٢٠٠٨: ژ.٧:گۆڤاری ئەکادیمی کوردی: کوردستان: هەولێر.

5- ڕۆژان نوری عبدالله: ٢٠٠٧: فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی: زانکۆی کۆیە:خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا.

6- -ممدوح عبدالمنعم الکنانی، ٢٠٠٥، سیکولوجیه الابداع و اسالیب تنمیته، الطبعة الاولی، دار المسیره.

7- -مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس و موحەممەدی مەلا کەریم، ١٣٨٧، انتشارات کردستان.

8- محەمەد وەسمان: ٢٠٠٤:گیروگرفتی زاراودانان لە زمانی کوردیدا:هەولێر.

9- سازان رضا معین: ٢٠٠٥: واتاو دەوروبەر(لێکۆڵینەوەیەکی پراگماتیکیە)،کۆلێجی پەروەردە زانکۆی





سەلاحەدین:هەولێر:٢٠٠٥.

10-ساکار ئەنوەر: ٢٠٠٩: وشە خواستن لە زمانی کوردیدا: کۆلێژی زمان: زانکۆی سەلاحەددین: هەولێر.

11-کەوسەر عەزیز ئەحمەد: ١٩٩٠: بیردۆزی مۆرفیم و هەندێ لایەنی وشەسازی کوردی: نامەی ماستەر: کۆلێجی ئاداب: زانکۆی سەلاحەددین: هەولێر.

د. محمد شوانی

# هزری ئاینی له گۆرانیی فولکلۆری کوردیدا

هەروەکو لە بەشی پێشوو و لەکاتی باسکردنی هزری کۆمەڵایەتی لە گۆرانی فۆلکلۆری کوردیدا ئاماژەمان بەوە کرد کە فۆلکلۆر بە گشتی و لە ناو فۆلکلۆریشدا گۆرانی میللی بە تایبەت پەیوەندیەکی راستەخۆی بە ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاوە هەیە ،رەنگدانەوەی رەوشی ژیان و پەیوەندیە خێزانیەکان و باری چینایەتی و قۆناغەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵگاکەیە ،تا رادەیەکی زۆر ئەمە بۆ ئاینیش راستە ،چونکە کاتێك دەڵێین فۆلکلۆر هەموو شت دەگرێتەوە(١) ،بە لایەنی مادی و مەعنەوی بەرهەمەکانی کۆمەڵگاوە ،یەکێك لەوانە گۆرانیە ،لێرەدا فۆلکلۆر بە شێوەیەك لە شێوەکان بە هاومانای کلتوور بەکارهاتووە ، چونکە کلتووریش دوولایەنی مادی و مەعنەوی هەیە وگۆرانی و بیروباوەڕو چیرۆك وداستان و پەندو ئاینینش هەروا بەشێکە لە کلتووری مەعنەوی مرۆڤایەتی و







رەگەزێکی گرنگ وکاریگەری ژیانی کۆمەڵایەتی پێکدێنێت ، ئەگەر لەو روانگەوە سەیری کلتوور بکەین کە دوو لایەنی مادی و مەعنەوی هەیە ،هەروەکو چۆن سەیری فۆلکلۆرمان کرد ، ئەوا هزرو فەلسەفەو بیروباوەڕو جیهانبینی و ئاینیش بەشێکن لەو پێکهاتەیە ،رەوشی ژیانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیە ئابووریەکان و ئاستی پێگەیشتنی مەعریفی کۆمەڵگا دیارییان دەکات ،هەروەکو لە مارکسیزمدا ئاین یەکێکە لە توخم ورەگەزەکانی سەرخان لە پاڵ بەرهەمە هزریەکانی تردا و بە پێی قۆناغەکانی گەشەکردنی مرۆڤ و پەرەسەندنی ئامێرو کەرەستەکانی بەردەست ئاینیش گۆڕانی بەسەردا دێت ،بۆیە شۆڕبوونەوە بە ناخی کەلەپووری نەتەوایەتی لە پەندو قسەی نەستەق و هۆنراوەو گۆرانی فۆلکلۆریماندا لایەنە شاراوەکانی ئاین و بیروباوەڕو جیهانبینی کوردمان بۆ دەردەکەوێت ،چونکە ئەم بەرهەمە هزریانە هەروا لە خۆڕا وبێ بنەمایەکی واقعی ژیانی کۆمەڵایەتی کورد درووست نەبوون ،گوزارشت لە ژیانی ئەو قۆناغەی کۆمەڵگای کوردی دەکەن .

لەم باسەدا تیشك دەخەینە سەر چەند کۆپلەیەکی گۆرانی فۆلکلۆری کوردی کە ناوەڕۆکێکی ئاینی قوڵیان هەیە ،مرۆڤ کاتێك گوێ بیستیان دەبێ لایەنە شاراوەکانی بیروباوەڕ و ئایدیای تاکی کوردی بۆ دەردەکەوێت ،کە چۆن سەیری روح و خواو مردن و چاکەو خراپە و پاڕانەوەو خوشك وبرای دینی و کەسانی دەوروبەری کردووە ، دەکرێ لە میانەی ئەمانەوە وێنای جیهانبینی و ژیانی ئاینی کۆمەڵگای کوردستانی بکەین ،نەك هەر کورد بە تەنیا ،واتە ئەو گروپە مرۆیی و ئاینیانەی پێکەوە لەم دەڤەرەدا ژیاون و هەر یەکە رووبەرێکی جوگرافی دیاریکراویان هەبووە ،کە خودی شوێنەکەیان گوزارشت لە جۆرێکی پەیوەندی نێوانیان دەکات .

لە گۆرانیەکی فۆلکلۆری کوردیدا ،شاعیر یان گۆرانی بێژ بەم جۆرە وەسفی دووری خۆشەویستەکەی دەکات و دەڵێت :

**ئەگەر گیان کێشان وەك دووری تۆ بێت**

**یاخوا بە نسیبی گاوری سەرکۆ بێت**

ئەم گۆرانیە گوزارشت لە دۆخێکی تاڵ وتفت دەکات کە دڵدارەکە لە دڵبەرەکەی دوورەو ئازارێکی رووحی سەختی هەیە بۆیە لە رووی کۆمەڵناسی و دەروونناسیشەوە چەندین پرسیار هەڵدەگرێت و دەکرێ لە رێگای وەڵامدانەوەیانەوە رەوشی کۆمەڵایەتی و باری دەروونی و کەسایەتی تاکی کورد لە دۆخی خۆشەویستی و عاشق بوون و

بەرامبەر گرووپە ئاینیەکانی ترمان بۆ بەدەربخات ،بۆ نموونە ،ئایا گیان کێشان چیە؟ کورد وەکو رووداوێکی بە ئازارو دڵتەزێن سەیری ئەم رووداوەی کردووە؟؟ ئایا تاکی کورد پێی وابووە روح وەکو هەر ئەندامێکی تری جەستە بوونێکی مادی هەیە و مردن بریتیە لە هەڵکێشانی ئەو ئەندامەو جیاکردنەوەی لە جەستە؟؟ ئایا لە روانگەی کوردەوە لە کاتی هەڵکێشانی ئەو ئەندامەی جەستەدا کە رووحە مرۆڤ رووبەرووی چ ئازارێکی سەخت دەبێتەوە؟؟ ئایا کورد ئەمەی بە گەورەترین ئازارو ئەشکەنجە زانیوەو بۆیە پێی وا بووە دەبێ خواستی ئەوە بێت ئەم ئازارو ئەشکەنجەیە هەر شایانی نەیارەکانی بێت لە رووی ئاین و بیروباوەڕەوە ؟؟لە لایەکی ترەوە ئایا گاور کێیە؟ بە چ گرووپێکی مرۆیی و ئاینی گوتراوە گاور؟ بۆچی دەبێ کورد هێندە رق ئەستوور بووبێت ئازارێکی وەکو گیان کێشان کە بەگەورەترین ئازارو ئەشکەنجەی زانیوە بە نسیبی ئەوان بکات؟ لە کاتێکدا بە پێی بۆچونی هەندێك لە مێژوونووسان کۆمەڵگای کوردی هێندەی گیرۆدەی شەڕی خێڵایەتی و بنەماڵەیی و شەڕی نێوان میرنشینەکان بووە هێندە شەڕی ئاینی نەکردووەو گوایە ئاینە جیاوازەکان لە کوردستاندا پێکەوە دۆستانە ژیاون ؟!

یان بەکارهێنانی ئامرازی پاڕانەوە ،تکا و نزاکردن ،(یا خوا) ،پەنا بردن بۆ خوا بۆ کاری خراپە ؟ واتە داواکردن لە خوا ئازارو ئەشکەنجەو مەینەتی بخاتە سەر کەسێك یان گرووپێکی تر ،لە کاتێکدا ئاینی دێرینی کورد بەوە ناسراوە بانگەشەی بۆ بیری رووناك ،گوتەی چاك ،کرداری پاك کردووە ،بە چاوی رێزو پیرۆزیەوە سەیری هەموو ئاینەکانی تری کردووە بۆ نموونە لەبەرهەمی تری فۆلکلۆریدا وەکو لە داستانی (سورمەخان و خورشیدی چاوبەخاڵ)دا سوێند بە پەرتوکی پیرۆزی هەموو ئاینەکان دەخورێت و ئەوەتا دەڵێت(٢) (میرێ باعەدرێ دگۆ ، ب قورعانێ ب کەلامێ بە تەورات و بە ئینجیلا ژ دێرێرا ، بە شێخادی ، بە مەلەکێ تاوس ،بە محەمەد رەشادێ پشتێ مەقلوبا ئاخر سوندێ مەنە ،هەتا لە من خەلاس نەبێ شەش لاوێ لە بەر مارێ ، هەتا لە من خەلاس نەبن چل سوارێ بەردەرکا کۆشك و دیوەخانێ ،هەتا لە من نەبرێن تویێ مێردا لە ئێزیدیخانێ چ جارا ما خرابۆ سورمێ ناکەویتە دەستی عەجەما بیبەنەوە عەجەموستانێ) ئەمە ناوەرۆکێکی هزری ئاینی قوڵی هەیە لە





جیهانبینی کوردا ،کاتێك سەیری پەرتوکی ئاینێکی تر دەکرێت وەکو پەراوێکی پیرۆز سوێندی پێ دەخورێت ،ئەمە خاڵی هاوبەشی نێوان لایەنگرانی ئاینە جیاوازەکانەو ئاماژەکەرێکە بۆ هاوڕایی ،دوواتر تەبایی و گونجان و پێکەوە هەڵکردن ،بەڵام پاڕانەوە لە خوا بۆ بەخشینەوەی زەرەرو زیان و نەهامەتی بەسەر ئەوانی تردا ،ئەمە جێگای پرسیارەو دەبێ لە چ قۆناغێکدا ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لە لای کورد دروست بووبێت؟؟ نەك هەر ئەمە بەڵکو لە گۆرانی فۆلکلۆری تریشدا داوای کردووە زیانی ئابووری و خێر نەکردن لە مەڕو ماڵات بخاتە سەر باوکی کچەکە بۆ نمونە دەڵێت
:

**مریەمێم دەڵێی دووری**
**جەرگی عالەمت بڕی**
**یاخوا بابت خێر نەکا**
**لە جەڵەبی کاوڕی**

ئەگەر ئەم رق و کینەیە بەرئەنجامی شەڕ بێت و بە لای کوردەوە ئاسایی بووبێت داوا لە خوا بکات کاری خراپە ئەنجام بدات دەبوو بڵێ (یاخوا بە نسیبی خێڵی فلان بێت یان یا خوا بە نسیبی میرنشینی فلان بێت) ؟؟چونکە لە مێژووی نوسراوی کوردا ئەگەر بە مەبەست و ئاگاداریەوە بێت یان بە نا ئاگا هێندەی باسی شەڕی نێوخۆیی کورد بە کورد کراوە و لەسەری نوسراوە باسی شەڕو پەلاماری ئاینی نەکراوە ! . هەروەها ئەوەش جێگەی پرسیارە ،ئەم گرووپە کە بەگاور ناوزەد کراون بۆ لە سەرکۆ ژیاون وبۆچی لە شوێنە سەختەکان بوون؟؟ بۆچی لەم گۆرانیەدا بۆ نمونە ناڵێ یاخوا بە نسیبی گاوری پێ دەشتەکان بێت یان یا خوا بە نسیبی گاوری گوێی رووبارەکان بێت؟؟ .

لەسەرکۆ نیشتەجێبوون جۆرێك لە یاخی بوون و هەڵاتن و خۆشاردنەوەی پێوە دیارە ،دەبینین زۆربەی گوندو لادێ و ئاوەدانیەکانی کورد لە شوێنە سەختەکاندا دروست کراون و رێگای هاتووچۆی نەبووەو دوژمن نەیتوانیوە پێیان بگات ، دەبێ پێشتر راوەدوونان و هەڵبرین لە ئارادا بووبێت ،ئیتر لە لایەن هەر هێزێکەوە بووبێت ،یان ئەگەری ئەوەش هەیە ،زۆر درەنگ خەڵکی سەرچیاکان و ناوچە سەختەکان موسڵمان بووبن و هەر لەسەر ئاینی کۆنی خۆیان مابنەوەو لە لایەن موسڵمانانەوە بە گاور ناسراو بن ، چۆن پەیڕەوانی ئاینی زەردەشتی لە شوێنە سەخت و چیاییەکان بوون و لە بۆنەی ئاگر کردنەوەدا(•) ،لە شوێنە بەرزەکان و لە لوتکەی چیاکانەوە دەرکەوتوون ئیتر

ئەمان وەکو گاور لەقەڵەم درابن و ئەم گۆرانیە لە لایەن کوردە موسڵمانەکانەوە بەرامبەر کوردە زەردەشتیەکان گوترابێت کە لە رووی ئاینی و بیروباوەڕەوە لەوان جیاواز بوونە ،چونکە هەر لە ئاینی موسڵماناندا بەوانەی لەسەر دینی ئەمان نین دەڵێن گاور ،بە پێچەوانەوە لە لایەن هیچ یەکێك لە پەیڕەوانی ئاینەکانی ترەوە لە کوردستان (زەردەشتی ،جولەکە ، فەلە ، یەزیدی ، کاکەیی و ..هتد بەوانەی لەسەر ئاین و بیروباوەڕی ئەوان نین ناڵێن گاور ،لە لایەکی تریشەوە ئەگەری ئەوە هەیە دووای موسڵمان بوونی کوردی پێدەشتەکان و ناوچە تەختەکان کە گومان لەوەدا نیە ئەمان زووتر وئاسانتر کەوتوونەتە بەر شەپۆلی ئاین گۆڕین ،دوواتر رق وکینەیەکی ئاینیان لە لا درووست بووبێت بەرامبەر کوردانی چیایی ،کەلەسەر ئاینە کۆنەکەی خۆیان ماونەتەوە ،حەزیان کردووەوە وخواستوویانە چی خراپە و ئێش و ئازار هەیە بۆ ئەمان بێ هەروەکو لە گۆرانیەکی تری فۆلکلۆریدا دەڵێت :

**ئەوەی من بینیم بە دەست یارەوە**

**گاور بینۆشێ بە سێدارەوە**

یان دەڵێت:

**ئەوەی من بینیم بە دەست یارەوە**

**گاور بینۆشێ بە قەنارەوە**

جگە لەمە لە گۆرانی فۆلکلۆری کوردیدا هەندێك جار پاساوی ئاینی هێنراوەتەوە بۆ کارو رەفتارێك رەنگە بە لای دڵدارو دڵبەریشەوە بە ناڕەوا لە قەڵەم درابێت و بەجۆرێك لە دەرچوون لە بنەما ئاینەکان و لە دابو نەریت و رێورەسمە کۆمەڵایەتیەکان سەیر کرابێت ، بۆ نمونە وەکو(٣) :

**هەروا دەڕوا شوورەو شوورە**

**کارمامزی خوار مەخموورە**

**ماچەکمان دەیێ خوا غەفوورە**

لێرەدا هەست بە تاوان کردن لە رووی ئاینیەوە پێوە دیارە ،شاعیر هەست بەوە دەکات ئەم کارە واتە ماچ کردنی خۆشەویستەکەی رەزامەندی خوای لەسەر نیە و دەبێ دوواتر باجەکەی بداتەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا حەزو مەیلی ماچ کردنی تاوی بۆ هێناوەو لەبەر خۆشەویستەکەی دەپاڕێتەوە ،دەیەوێت بەوە قایلی بکات کە خوا غەفوورە واتە لێبووردەیە ،لەم تاوانەیان خۆش دەبێت ،دیارە ئەم هەستە لە لای کچەکەش هەیە ،دەبێ کوڕەکە ئەوەی زانیبێت کە کە کچەکەش لەوە تێگەیشتووە ماچ کردنی هەروا کارێکی ئاسان نیە و خودا ئەگەر خاوە ن بەزەیی نەبێت ئەمە بە تاوان دەدرێتە قەڵەم و



دوواتر هەق و حیسابی لەسەرە ،دەنا پێویستی بەوە نەبوو پاساوی وا بێنێتەوە ،بڵێ خوا غەفوورەو چاوپۆشی لەم تاوەانە دەکات .

یان لە هۆنراوەیەکی تردا دەڵێت

**چاوت رەشە بە خومارەوە**

**مەمکت لیمۆن بە دارەوە**

**خودا داویە مەیشارەوە**

شاعیر دەیەوێت لە رێگای بیروباوەڕی ئاینی و خوداوە رەزامەندی خۆشەویستەکەی بە دەست بێنێت بۆ نەشاردنەوەو پیشاندانی ئەندامەکانی جەستەی ،ئەو ئەندامانەی شوێنی وروژاندنی ئەون ،دەبێ باوەڕی بەوە بووبێت هەرچی حەزو ئارەزووی مرۆڤەو لە سروشتی مرۆڤدا خودا دایهێناون و دروستی کردوون ،شاردنەوەو تێرنەکردن و رێگە پێنەدانیان دژی رەزامەندی خوایە ،خودا ئەم کارانەی پێ نا بەجێە بۆیە دەڵێت خودا ئەمانەی پێداوی نابێ بیشاریتەوە ،ئەمە هزرێکی ئاینی قوڵەو رەگ و ریشەی بۆ مێژوویەکی زۆر کۆن دەگەڕێتەوە ،جۆرێکە لە ئاراستەی هزری مافی سروشتی مرۆڤ ئەوەی لە سەدەکانی شازدەو هەڤدەی زاینیدا لە ئەوروپا و لای زاناو فەیلەسوفانی پەیمانی کۆمەڵایەتی وەکو (تۆماس هۆبز و جۆن لۆك و جان جاك رۆسۆ و ...هتد) بە گەرمی خرابووە بەر باس توێژینەوە .

گۆرانی فۆلکلۆری لەبەر ئەوەی لە گۆشەنیگای جیاوازەوە نوسراون و خاوەنەکانیان دیار نیە ئەگەرچی زەمینەی کۆمەڵایەتی و ئاینی سەرهەڵدان درووست بوونیان هەریەکە لە کوردەواریدا یان زۆر نزیکن لەیەکەوە ،گوزارشت لەیەك رەوشی کۆمەڵایەتی دەکەن ئەویش ژیانی رۆژانەی کۆمەڵگای کورد و چۆنایەتی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی کوردە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ناوەڕۆك و مانای هەندێك لە هۆنراوەکاندا جۆرە دووفاقیەك بە دی دەکرێت ،ئەویش یان ترسی شاعیرانی کوردەواری بووە ئەم کەف وکوڵ وحەزو خۆشەویستیە لە بیروباوەڕی رەسەنی ئاینی دووریان بخاتەوە و بە قەولی خۆیان کافریان بکات ،یان گوزارشتیان لە قوڵی و پاکی خۆشەویستی خۆیان کردووە بۆ دڵبەرەکەیان کاتێك لەگەڵ خوداو دین و ئیماندا بەراوردیان کردووە ، بۆ نمونە لە گۆرانیەکدا دەڵێن :

**هەروا دەڕوا بۆ باژێڕێ**

**چاوم کەوتووە بە گوار زێڕێ**

**عاشقان لە دین وەردەگێڕێ**

ئەمە ترسی وەرگەڕان لە دینی پێوە دیارە و هەندێك جاریش شاعیر ئامادە بووە

سەروماڵی لە پێناو خۆشەویستەکەیدا بە بادات تەنیا ئەو حەزو خۆشەویستیە نە بێتە هۆی لە دەستدانی ئیمانەکەی بۆ نمونە لە هۆنراوەیەکی تردا هاتووە :

لەبەر ئەو چاوەی دەمرم جاروبار هەڵیدێنێ

رازیم بە ماڵی دنیا ئیمانم لێ نەسێنێ

هەزری ئایینی و دەست گرتن بە بیروباوەڕەوە زۆر بەهێزن لەم بەیتەدا ،شاعیر ترسی بێ ئیمان بوونی لێ نیشتووە ،بەسەر کردنی چاوی خۆشەویستەکەی ببێتە لەدەستدانی ئیمان و بیروباوەڕ ،لێرەدا هزری ئایینی وەکو ئامرازێکی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی رێگا لە سەیرکردن دەگرێت ،هەروەها هەندێك جار ئاین وەکو یاسا بۆ دیاریکردنی کاتی کچ بە مێرد دان و ژنهێنان بۆ کوڕ رۆڵی بینیوە ،ئەگەرچی داب ونەریتی کۆمەڵایەتی و لێراهاتن و باوبوونی هەندێك دیاردە بەسەر هزرە ئاینیەکەدا زاڵ بووە وەکو گەورە بە بچوك بۆ نمونە لە گۆرانیەکی فۆلکلۆریدا دەڵێت :

**هەی نایە و نایەو نایە**

**سەدای چاوکاڵم نایە**

**دایکی دەڵێ پێشکەشە و**

**منداڵە ومارەی نایە**

مارە کردن خۆی رێورەسمێکی ئاینی و کۆمەڵایەتیە ،لە کۆمەڵگای کوردەواریدا تا ئیستاش ئاین بەسەر یاسای نوسراو و فەرمیدا زاڵە ،دەبینین سەرەڕای هەبوونی دادگاو قازی و گرێبەستی هاوسەرگیری و کاروباری فەرمی ،پێویستە سەرەتا لە لایەن مەلایەکەوە یان پیاوێکی ئاینیەوە ،کاری مارەبڕین و رەزامەندی کۆمەڵایەتی بە ئامادەبوونی دایك وباوك و هەندێك لەکەسوکاری بوك وزاوا ئەم پرۆسەیە بەرێوە بچێت ،بۆیە کاتێك ئاین رێگای بە مارە کردنی خوار تەمەنێکەوە نەدابێ ،ئیتر لە کۆمەڵگای کوردیدا لەبەرچاو گیراوە ،ئەوەتا لەو گۆرانیەدا سەرەڕای رەزامەندی کەسوکاری بە تایبەتی دایکی بەڵام تەمەن بچوکی رێگربووە لەبەردەم ئەنجامدانی هاوسەرگیری و لەسەرەتادا مارە بڕینی .

یان لە هۆنراوەی تردا دەبینین ئیمان و چاوی خۆشەویستەکەی پێکەوە گرێداوەو دەستبەرداری هیچیان نابێ بۆ نمونە دەڵێت(٤) :

**رۆژی جومعان پاش سەڵایە**

**دووشت خۆشن لە دنیایە**

**ئیمان و چاوی لەیلایە**

دەبینین لە ناو خواپەرستی و نوێژو پیرۆزیی رۆژی هەینیدا ئەم چاوی خۆشەویستەکەی لە یاد نەکردووە و لە دووای بەجێ هێنانی ئەو رێورەسمە ئاینیە حەزو خواست و ویستەکانی ئاشکرا کردووە و داوای دوو شتی کردووە خودا ئیمانی سەلامەت بکات و چاوی لەیلای بە نسیب بکات .

لە هەموو ئەو نموونانەوە دەگەینە ئەوراستیەی کە هزری ئاینی یان بیرکردنەوە لە خوداو پاڕانەوەو ئیمانداری لە گۆرانی فۆلکلۆری کوردیدا پانتاییەکی فراوانی هەیە ،ترسێکی لای تاکی کورد درووست کردووەو هەمیشە شاعیری کورد چاوێکی لای ترس لە خودا بووە .

## سەرچاوەو پەراوێزەکان :


١--نەقابەی مامۆستایان ،لقی هەولێر ، سەرنجێك لە دەروازەی فۆلکلۆری کوردەوە ، چاپخانەی ئیرشاد ، بەغدا ، ١٩٦٩، ل: ٨-١٣.

٢-خالد جوتیارو ئەوانی تر ، فۆلکلۆر ، کۆمەڵە بەرهەمێکی فۆلکلۆریە ، بەشی یەکەم ،چاپخانەی ، الحوادپ، هەولێر ، ١٩٨٤، ل: ١١


(*)لە هزری ئاینی و کۆمەڵایەتی کورددا ئاگر نەك هەر پیرۆز سەیر کراوە بەڵکو بە بوونەوەرێکی زیندوو دانراوە ،ئێستاش کورد ئەگەر بیەوێت رووناکیەك خامۆش بکات دەڵێت گڵۆپەکە یان چراکە بکوژێنەوە ،لە رووی زمانەوانیەوە کاری کوژاندنەوە لە رەگی کوشتنەوە هاتووە ،لە شێوەی کاری داخوازیدا کوشتن دەبێ بە بکوژە ،واتە لەسەرەتادا کورد مەبەستی کوشتنی رووناکیەکە بووە بۆ نمونە وەکو ئەوە وایە لە عەرەبیدا لە جیاتی ئەوەی بڵێین (أطفأ الضؤ) بڵێین (أقتل الضؤ).


٣-تاریق سەدیق حەمەدەمین ،کوڕە کەچەڵە وچەند پارچە شیعری فۆلکلۆری ، چاپخانەی (الحوادث) بەغدا ، ١٩٨٣ ، ل:٥٠ .

٤-فاروق حەفیدزادە ، هەڵبژاردە لە شیعری فۆلکلۆری کوردی ، چایخانەی ئۆفیستی سەرکەوتن ، سلێمانی ، بەرگی دووەم ، ١٩٨٣، ل: ٩٥ .



فەیسەڵ هەمەوەندی

## زیکری دوای حاڵگرتن

# خوێندنەوەیەك بۆ.....

# بەر لەوەی کاڵتربیمەوە..بمسووتێنە

ئەو دەمەی هەورێ بۆ باران دەرِسکێ..لەودیوی پەنجەرەکانی خەیاڵەوە هەریەکەمان بە ناونیشانێ بۆ ئەندێشەیەکی مەستتر لە هەمبانەی نادیاریدا چوون راوچیەك بەهەموو دووریەکان و لە هەموو جووڵەکان سێر لە شتێ دەگرین .

ئەو دەمەی ئاو لە نێو کەنارەکانی چەپ و راستدا رۆ دەچێت و سەفەرێکی نەبڕاوە بۆ نادیاریەکانی سرووشت دەبڕێت..من و تۆ و ئەویش لە هەڵوەستە بەولاوە شك نابەین لەو رێرەوەدا ببینە موسافیرێك لە تەك ئاودا.

ئەو دەمەی سیماکان لە رەنگ دەکەون و هێدی هێدی وەك رابردوو کاڵ دەبنەوە..من و تۆ و ئەویش لە ژووری ئەو شیعرەدا ، خانمە شاعیرێکی خنجیلانە لە هەموو شتێ دێ و یەك بە یەکی ئازارەکانی میحنەت و سەلیقەی سرووشتمان بۆ دەڵێتەوە.

هیرۆ کوردە دەڵێت:

من..بوورزورگی بوونەوەری خۆم بە کاڵبووەوە دەبینم. من ..ئەستەمی هەرەس هێنانی خۆم لێم بوەتە ئەسپە







شێیەکی سەر شێت و جڵەویم بۆ ناگیرێ. شەو بە تاریکی سیمامان کاڵ دەکاتەوە. ئەوەی لە رۆژ دەبارێ، لە شەویشدا هەر بارانە، مەخابن ئەم کاڵکاریە رەنگەکانی لە هزرماندا لەبیر بردووەتەوە. ئەوەی لەو دیوی نیشتمانەوە خلافاوە ، بێ حورمەتی ئەم دیوی دونیایە کە لە هیچ گۆشەگیرە . ئای بۆ ساباتێ رقمان لە باران نەبێتەوە . کاڵبوونەوەمان بێ مۆڵەتی نیە بۆ هەڵفڕین، وەلێ نازانین کێوە هەڵفڕین، ئەم فەلسەفە ساکارە هەستی سەرەڕۆیی و زیندانکردنی نەفس نیە بە جۆرێك لە جۆرەکانی تەسەوف، وەسوەسەی هزر نین، قووڵ بوونەوەی فیکرە لە فەزای ئالوودەیی رۆح، عیشقە وەلێ لەو دیوی دەسبازیەوە هونەرمەندانە شتێ لە دونیای پەنهان دادەتاشێ.

ئەوەی خاتوو کوردە ئاماژەی بۆ کردووە فەلسەفەیە ، تا چەند ئیدراکی قووڵی خوێنەر درکی پێکردووە ، بۆ یاخیبوونێکی شێتانە لە دونیایەك دیواودەری بە دیارو نادیاریەکانیەوە هەڵوەستە بە رۆحمان دەکات. لەو رستە شیعریانەدا وێناکان بەو پەڕی تۆتکەیی رسکاون.. رسکاندن بە هزری خانمێك کە بەردەبازانە دەمانپەڕێنێتەوە ئەوبەر و هەموو ختوورەو دڵەراوکێیەکیش بە گیانماندا دێت. لەوێ لەو مەملەکەتی پڕ ئاشوب و پڕ لە زیبا، ئەو حاڵەتە سیحراویانەی عیشقمان وەبیر دێنێتەوە، کە خۆ فیداکردن یا هەڵفرین بۆ خەرەندەکانی فەنابوون، لە عیشقێکی بێگەردەوە نەبێت کەسێ زاتی ئەو فڕینە ناکات.ئەو ئازادیە بۆ رۆح دەشێت کە جەستەی بۆ بە قوربان دەکرێت.

ئەم هۆرە شیعریانە خوو گرتن نیە بە دەروێشی ..لالانەوەش نیە لە بێدەسەلاتی و خۆخواردنەوە بەقەد ئەوەی هزر دێ بە خەبەرا. ئەو لە شەوێکی سەخت و بەستەڵەکدا لەتەك چاوەڕوانیدا گوێقووڵاغی ئەودیوی دەرگایە بۆ گەیشتنەوەی کەسێك..مرازێك، مراز لێرە دیواودەری مەرگ و ژیانە، سەرێ لە ئومێدیەوە چووقەرە دەکات و سەرێکی تر لە نائومێدیدا دونیا بەرەو کاڵبوونەوەی دەبات. بوونی مەرگ یانی بوونی (من)ە ..ئیدی چاوەڕوانی سەفەری رۆحە بەو رابردووانەی کاڵبوونەتەوە. ئەم سەوا و مامەڵەیەی ئیمە لە تەك ژیان و مەرگ ئەو وێنانەی بەرجەستە کردووە، کە کەم کەس بە دوو دیوی تەواوکەری یەکتریان لە قەڵەم دەدات، زۆربەمان حاڵەتەکە لە ململانێیەکی ناواقیعیانە بەرجەستە دەکەین، کە سکلاَ لەدەست باری ناهەمواری و بەدەنگەوە نەهاتنی نێو

نادیاریـەکان، ئێـدی هەرچـیەك بـێ گرفـت نیە، بۆیـە هەنـدێ جار حاڵەتەکـە دەبێتـە حاڵەتی زیکرو خووگرتن، هیرۆ کاڵبوونـەوە لـە هـزردا نابینێـت بـە قـەد ئـەوەی لـە چوارچـێوەی ماددیـەتی مرۆڤـدا بـەدەر دەکـــەوێت..سیـــسبوونەوە..رەنـــگ هەڵبزرکاو..ژاکاوی..هتد.

دوای ئـــەوەی گەشـــتێکی ســـەرپێیمان لەسیلەی قەسیدەکەی خاتوو هێرۆ کرد لـە مەڕ کاڵبوونەوە، دوای ئەوەی دوور و نزیـك هەڵوەستەمان کرد لە بونیادی فیکری ئـەو خانمـە . وەك گەشـتیارێکی شـیعر دۆسـت دونیامان بە دیواودەری بینی، هەستێکمان لا درووستبوو، لە ناورۆکی ئەم قەسیدەیە. هەسـتکردن بـەوەی ئـەم قەسـیدەیە لـە گرفتـەکانی مـن و تـۆ و ئـەویش دەدوێ، جیاواز لە شـوێن و کاتـدا. ئـەم رۆچـوونەی نـاو نـاخ ، کـە وێنـا نادیارەکـانی مـرۆڤ دەردەخـات، بـە دیـوێکی تـر لـە خونـە ناوەکیکانی مرۆڤ دەچن، ئەو خەونانەی بێ سـەرو بـەرەو تێـك ئاڵۆسـکاوی ختـورە دەخاتـە دڵمانـەوە. ئـەم ململانێیـەی خـود ململانێیەکی شەڕانگێزی نیە بەقەد ئـەوەی خوێندنەوەیەکە لە دانپێنانەکانمان لە مـەڕ گونهکـاری و تۆبـە کـردن بـۆ خـاڵی کردنـەوەی رۆح لـە ئاڵۆزیـەی بـەردەوام هزرمانی ماندووکردووە. رەنگە بە دیـوێکی تـر مـن و شـەو و مـەرگ لـە تەواوکاریـەکی بـەردەوام ئـەو مانایـەی ژیـان بـە دەسـت بێـنین کـە بـێ هیـچێك لەمانـە بـە کـامڵی نایەنە گۆ.ئەودیوی چاوەروانی ماتـەڵبوون نیـە بـە ژیـان، وەك چـۆن هـەڵکردنی بـا دەلالـەت نیـە بـۆ زریـان، ئـەم بیرۆکەیـەی خاتوو کوردە مەنتیقیانـە لـە چوار چێوە فەلـسەفیەکە دەبینینـەوە نـە هـەموو جوانیەك جوانەو نەیش هـەموو ناشرینیەك ناشرین، هەلبەت هـەڵفڕینی ئازادانـەی رۆح و جەسـتە بـۆ نێـو خەرەنـدی ئاشـقان وێنایەکی ناشرین نیە لـە بەرپـەرچدانەوەی کوللتوورێکی ناکامڵ. دەبێ خۆ فیـداکردنی پێـشمەرگە بـۆ قەزیەکـەی تێـك و پێـك شـکاندنی جەسـتەو رۆح بـێ، هەلبـەت خوێندنەوەیـەکی نادرووسـتە بـەو ئاراسـتە فیکریـەی کـە لای سـەرەوە ئاماژەمـان بـۆ کرد.

ئەمـە سـەرەتایەکبوو بـۆ چـوونە نـاو تێڕوانینێکی نـوێ.مـا بـە بەرجەسـتەکراوی لە خودی خۆمانەوە تەفسیرێکی جیـاوازتر لە رووکەشی ئەم قەسیدەیە بدۆزینەوە.

خاتوو کوردە لـەم کۆمەڵـە شـیعریانەی لـە ژێـر سـاباتی (سـووتانەکانم) کـە لـە سـاڵی ٢٠٠٧ بە چاپ گەیشتوە، جێـی سـەرنج و رامانە، ئەم خانمە کە لە هەڕەتی لاویدایـەو چـوار دەورەی بـە عیـشق تـەنراوە، بـە قەسیدەیەکی ئاشقانە دەست پێـدەکات و دواتر هـەر زوو چـوون کـچە گەریلایـەك بـە دوندەکانی قەزیـەی کوردیـەوە دەبێـت بـە دەنگێکی راچڵەکی و سـەنگەر بـۆ ژیانـەوە دەگرێت.

رەشەبایەك

ژووانی لێ خاپوورکردم

ئێوارە بارانێ

شیعرێکی لێم تۆران

لەو دەمەوە

رەشەبا تووڕەم دەکاو

بارانیش

دەمخاتە گریان

ئەم کۆتایی سەرەتاییە بۆ تەمەنی شـیعری ئەم خاتوونە وامان لێ دەکات ئەو پرسیارە تەقلیدیە لە خۆمان بکەین، شاعیر دەیەوێ چـی بڵـێ؟. قـسەکردن لـەم بارەیـەوە دەمانباتە نێو چەندین تەوەری کۆمەڵایەتی و رامیاری و ئایین و مرۆڤایەتیەوە. بۆیە بۆ تێگەیـشتن لـە دونیـای ئـەو پرسـیارە شۆربوونەوەیە بەو جیهانە فیکریەی شاعیر کـە بـە پـەیامێکی شۆڕشـگێرانەوە روو بـە رووی فانیـەت بوەسـتێ. تێکـشکاندنی رەشەباو گریانـدنی بـاران دووسـونبوولی دژ بە یەکن، لە خۆشی و ناخۆشـی، وەلێ ئـەم وەك دووکـەنار کـە ئاوێـك رادەدێـرن بـەو حاڵەتـەی شـوبهاندووە، ئەمـەش خـۆ خلأفانـدن نیـە بـەم دیـوی دونیـا، دیـارە ناکـامڵی حاڵەتـە ئازادیەکـەی ئـەمڕۆ بـە بـەراورد لەتـەك ئەوانـەی خۆیـان بـۆ بەخشیوە ئەو گریانەی تیا رسکاندووە. من دەتوانم بە گژ رەشـەبادا بچمەوە مـەخابن چی لە بارانێ بکەم...

شـەو زۆرتـرین سـوونبولی لـە خـۆ گرتـووە،ترس..تـاریکی..تـەنیایی.. تـرس ..هتـد، وەلێ ئـەوەی خـاتوو کـوردە لێـرە رسـکاندوویەتی شـەرمنی شـەوە، وەك سـونبوولێکی نـوێ بـۆ شـەو. دانیـشتن لـە حزووری شەو لەو دیوی قەلاَ مێردانـەو لـەو دیـوی تـرس و تـاریکی وەك رەهەنـدێکی جیاواز لەو دڵە راوکیانـەو بەپەرچدانەوەی ئـەو ووتانـەن کـە تەقلیدیانـە هـەردەم باسمان لێوەکردووە. ئەمەش دەمانباتـەوە لای جوانیەکانی شەو، کـە تـا ئێـستا شـەو وەك رەهەنـدێکی جوانکـاری لـە هزرمانـدا نەهاتووەتە ئاراوە. ئەو لەشەوێکی شەرمن سـکالاَی وونبـوونی نیـشتمان دەکـات، کـە ئێمە بە سەردەمی منالێشەوە شـەومان بـۆ ترس و تۆقاندن و شەولەبانی ووتوەتەوە.

دواتر پـەنا بـۆ چـەترەکەی دەبـات، تـا لـە بـارانی بپـارێزێ، کـە دەبـوو پـەنای بـۆ چـرایەك ببردایـە بـۆ ئـەوەی تاریکیەکـە بڕەوێنێتـەوە. لێـرە دەلالـەتێکی تـر دێتـە ئاراوە لـە کـوێرەوەری و دەربـەدەری و

لانە وێرانی . ئەم حاڵەتە دوو تەفسیری دەبێت لای کوردەخان، یەکەم بۆچوونەکانی علمەی خەڵك کە دوو رەهەندی خێر و شەڕ هاوسەنگی ژیانیان راگرتووە، دووەم کە بۆچوونی هێرۆیە دەلالەتەکانی درووستبوونی ئەو رەهەندانەن، بۆیە شەو ئاکارێکی ناشرین نیە بە تاریکی و ترس و تۆقاندن، بارانیش هەر وا . شەو منداڵدانی بیرکردنەوەکانمانە، کە دواتر شتێ دەزاێنێ بۆ هێوربوونەوەی رۆحەکان، ئەم سیلەی شەرمەی شەو رەهبەری گوێگرتنی دانپێنانەکانمانە کە لای مەسیحیەی کەسێك لە پیاوچاکانی خودا لەودیوی پەرەوە گوێگرە. من بۆ خۆم لە چیرۆکێکم بە ناونیشانی (شەوێ) کە شەوی سەری ساڵە و پاڵەوان لە غوربەتا لە سیاەی کچێك دوای یەکترناسین مرازەکانیان دەدەنە دەم تاریکی و ئەو دیوی پەنجەرەکان. وەلێ خاتوو کوردە جوانتری دەربڕیوە بەوەی زیاتر لە شەو نزیکبوەتەوەو ترسەکانی رەوانووەتەوە .

بە ئاراخستنی گرفتەکان وەك کۆلاًن لە حوزووری شەو ، دەلالەتێکی تری نیشتمانە بۆ کاڵبوونەوە. ئەم بیرۆکەیە گۆرانیەکەی حەسەن زیرکم بیردەخاتەوە لە مەڕ شەوەوە، وەلێ حەسەن زیرەك وەك سوونبولێکی قەلاً مێردانەی کورد باسی لێوە کردووە ، ئەگەر چی رخنەی لە خودی شۆڕشەکانی کوردیش گرتووە.بەلاًم خاتوو هێرۆ شەوی نەکردووە بە رەهەندی کاڵبوونەوە بە قەد ئەوەی ئیعترافاتی شەوی هێناوەتەوە بۆ ئەمڕۆی کورد.

من ، شەو، باران

لە حزووری شەرمی ئەم شەوە کپە

وا خەریکە کاڵ دەبمەوە

ئەم ئەگەری(خەریکە) لە بێ ئاگایی من دێت، بەم رەوشە تێکئالۆسکاوەی رقی رەخنەبوونمان دەجوولێنێ. ئەو مناڵە خەریکە پێ دەگرێ. ئەو کوڕە خەریکە شێت دەبێت..ئەو سەرمایە خەریکە رەقمان بکاتەوە..هتد ئەم ئەگەرانە حەتمیەت نین، وەلێ بوونیشیان دەلالەتێکە بۆ کار لێکترازان.

هەر شێتانە خەریکە ئایەتەکانی نیشتمان

وون دەکەم

دیسان شێتبوون لە شیعرە ..عەشقە بە مانا مەجازیەکەی، هەر وەك ئەوە وایە بلێت:

هەر عاشقانە خەریکە ئایەتەکانی نیشتمان

وون دەکەم

مرۆڤ کە دەگاتە ئەوکی ئینتمانی نیشتمانی، ئەگەر شۆڕشگێرێکی درووست نەبێ لە پەیامەکەی ، وەك ئەو عاشقەیە







کە خۆی ناخاتە خوارەوەی خەرەندی عاشقانەو دەسبەرداری دونیا نابێت.

ئەگەری وونکردنی پەیامیش ئامادەنەبوونمانە بۆ شۆڕشێکی تر، ئێدی ئەو شۆڕشە ببێ یا نەبێ ئەگەرێکی مەحاڵ نیە ، بەلاًم ئەگەرێکی بەهێزیش نیە وەك ئەگەری لێکترازان.

من تەنیام و هەر خۆم و دەفتەری

یاداشتەکانی کاڵیوونەوەو

چەترێکی بچووکم پێیە

هێدی ..هێدی

گۆرانی دڵشکان دەچڕم

بەڕاستی ئەم وێنا جوانانەی شاعیر زیاتر لە جارێك هەلۆێستەمان پێدەکات. من..یاداشت..چەتر..گۆرانی، کە ئەگەر وەك رستەیەکی لێك ترازاو بمانەوێ راستی بکەینەوە، دەلێین من و گۆرانی و یاداشتی چەترێ، یان منی تەنیا لە یاداشتی چەترێکی بچووك گۆرانیەکی دڵشکاوین، یان چەترێکی بچووك لە یاداشتەکانی مندا گۆرانی دڵشکان دەچڕێ. ئەم وێنانە سینەمایین، لەقتەی حەساسی دەرهێنەرن بۆ ئاڵشکردنەوەی هزری مرۆڤ بەو رووداوانەی شۆڕمان دەکاتەوە ناو رووداوێکی گەورەتر. خۆ ئەگەر وێناکان کارێگەری هەست و نەستیان نەبوو، ئێمەش پەلکێش ناکات و چ پێویستیەکمان بەوە نیە تا دەرئەنجام کەوتبێتینە دوای کەسێکی نابەڵەد.

بێ دەنگی ئەم شەوە..بێ ئۆقرەیی ئەم

لێزمە بارانە

رهێڵەی خەمەکانی منە

تەواو

ئێتر ژووان و بەهار و دڵنەوایی

تەواو تەواو

تەواو کە جەمسەری دوو رۆئیای دژ بەیەکن، لە رووی فیزیایەوە لێك دوورکەوتنەوەیان هەیە، وەك دوو جەمسەری موگناتیسێك، وەلێ خاتوو هێرۆ حاڵەتە فیزیاویەکەی بە کۆمەلێك هەست ئاڵشتکردووەتەوە، کە مەنتیقن بۆ نموونەیی. ئەو دەیەوێ ئەو هێزە خەفیەمان بۆ ئاشکرا بکات، کە فیزیکیانە ئەو هێزە نابینین، بۆ دوور کەوتنەوەی دوو جەمسەری وەك یەك، وەلێ جەمسەرە دژ بە یەکەکان یەکتر کێش دەکەن، نە ئەو هێزە سیحریە کە چاو بڕی ناکات، نەیش ئەو دوو رۆئیایەی خاتوو کوردە دەستکردە کە درکمان پێ نەکردووە .

من لە ژێر ئەم چەترەدا کاڵدەبمەوە

ئێتر ناخی ئەم کۆلاًنە تەسکانە

بوەتە خەلۆەتگای من و

گشت شەوێ

ئەم سۆفییزمە زیکری چییە؟ ئەم گردبوونەوەیەی ژێر چەتر چییە؟ ئەم تەسكبوونەوەی كۆڵانانە چییە؟ ئەم پرسیارانە گەڕان نیە بۆ وەڵام، بەڵكو شاعیر دەیوێ لەو غەفڵەتە دەرچێ، كە نایباتەوە بانە، ئەم گۆشەگیریە دەردی هەموو شەوەكانە، كۆڵانە تەسكەكانیش بۆ دێر زەمانی دەمانباتەوە، هەڵبەت مێژووی بە سڕی سڕبوونی كوردەواری لەقەڵەم داوە.

من، كۆڵان
وەكو دووشێتی بێكەس
بە بێ دەنگی..دەگرین
كەس گوێی لە فریادمان نییە
ئاستەمە هاوڕێ لێرە مردن
گەڵای شەقامەكان ببێتە كفنم و
لەگەڵ كزە بای كپی شار
تەلقین بكرێم

ئینتیمای مرۆڤ لە ژیانەوەدا دوو هۆی سەرەكی ئەو ململانێیەی بەردەوام پێكردووە، زمان و نیشتمانە. زمان وەك دەرهاویشتەی ناخی مرۆڤ ، نیشتمان وەك ئامێزێكی گەرمی دایك.ئەم خاتوونە یاخود بڵێین ئەم كیژۆڵەیە بەو بەری بەیانی عومریەوە لەبری نامەی عاشقانەو لەبری شیعرە مۆبایل دێت و هزری نوێ لە حزووری قەزیەی كوردا بە بیری خۆی بە بەربڵاوەیی لە را بە مەسولیەتەوە دەرگاكان والاّ دەكات و ئەو خونچە دەم پشكووتوە فەلسەفە دادێنێ و وامان لێدەكات پڕ بە دڵ لە شیعرەكانی هەڵوەستە بكەین. ئەو لەبری ئەو دوو هۆكارەی لای سەرەوە باسمان كرد ، هۆیەكی تر دێنێتەوە بۆ نیشتمان پەروەری، ئەویش ئاسمانی نیشتمانە. هەڵبەت كورد ئەوەندەی زمان و خاكی كردووەتە سونبوولی نیشتمان پەروەری، ئەوەندەش رۆحی پاكی ئەوانەی لە رێی نیشتمان خۆیان بەخشی هۆكارێكن بۆ نەتەوایەتی. ئاسمان وەك سوونبولی ئازادی و رۆحە نەمرەكان لە نیشتمان جیانەكراوەتەوە.

من، مردن، شەو
من زۆرانبازێكی ترسنۆكم
لەگەڵ مێردەزمەی شەوگار
هیچ — هیچم— پێناكرێت
شەوی تار
خۆی ئاخنیوەتە بەختم
ئەمێستا
سیاپۆش و سیا بەختم
دڵتەنگم، ئازیز، دڵتەنگم
وا شیعرە بێ ئەدرەسەكەی بەر دەستیشم
وشە بە وشە خوسان و كاڵبوونەوە

من ئەم خانمەم لە نزیكەوە نەبینیوە،





یەكتر نانسین، بەڵام هەست دەكەم هۆكارێك وایلێكردم كارێگەری گەورەی هەبێت لە نووسینەوەو شرۆڤەی ئەم شیعرەی. جورئەت لای ئەم خانمە زیاتر بەربەستشكێنی پێوە دیارە، ئەم وێنا دڵڕفێنانەو ئەم هەواری شیعریەتە چاوی كامێرایەكی زۆر زۆر ووردبینی دەوێ، رەنگە بڵێم دەرهێنەرێكی زۆر بە توانای دەوێ، ئەم ئەفسانەیە بكات بەفیلمێكی سەركەوتوو.لەم قەسیدەیەی كوردانەتر دەدوێ وەك لەوەی خانمێك بێت لە سیلەی دەستە خوشكانی نێو زەماوەندێك. ئەم قەسیدەیە بیست و حەوت ساڵە كەی بێكەسمان بیر دەخاتەوە. رەنگە بۆچوونی خۆم بێت و بڵێم ئەم قەسیدەیە سەنگەری گەریلایەك بێت.

ئەم جیاواز لە ئافرەتان چاوەڕوانی سۆزی پیاوسالاری ناكات بۆ كاڵكردنەوەی توند و تیژی، ئەم وەك هامكارێك لە تەك پیاودا دەبێتە درووشمێك لە دونیای كوردەواری.

كەسێ نایەت دەستی تەزیووم بگرێ و
لە شەپی ئەم شەوە
رزگارم كات

كپ بوونی دەنگی شۆڕش و دەنگۆی راپەڕینەكان كە نەهامەتی ئەم شەوەی دروستكردووە، رزگاری هیشتا نەگەیشتوەتە بەشەكانی تر و چ هەڵایەكی خاڵیە بۆ ئازادی.

تەرمی من و
تەرمی گەڵا و
تەرمی شیعر
گەر لە دوای ئەم شەوە وەرزێك هات
وەرزی عیشقی ئێمە نیە

وەرزی عیشقی ئێمە نیە، كەواتە وەرزی كەسانی دین، ئێمە تەرمەكانمان بەخشی، گەڵاكان لە خەزانی زوڵم و كوێرەوەری هەڵوەرین شیعر نەما، من شاباشی كەم بۆ هیچ.

وەك دەرئەنجامێك بۆ قەسیدەكەی خاتوو هێرۆ..كە چوون رۆمانێكم خوێندبێتەوە، لە ژانی گەل، دركم بە وەكردووە مێژوویەكی نادیار دەخوێنینەوە، نیشتمانێكمان بە دارەوە جێهێشتبێ..ویرانەیەك هەردەم بۆ سینەما نەبێ بۆ هیچ ناشێت..ئینتیمایەكی دەستكردمان كردە جەژنانەو وەك باران بە لێزمە هاتینەوە خوار..كوچە شپرزەكانی ئەنفالمان تۆرە كرد، لە دونیاش بێدەنگتربووین، ئازادیەكی جادووگەرانەمان نۆش كرد..غەریزە ناتەباكانمان ئەزبەر كردو بێ كەوش گەڕاینەوە ، ماڵەكەی جارانمان.

# پێکەنینی کیژێک

**حەمە مەنتک**

**دڵم شێتانە خۆشە**

شنۆ ئەحمەد غەفوور

لە منداڵییەوە پێدەکەنم
پێدەکەنم
نازانم بۆ!!
تەنانەت ئێوارەیەک ژنە دراوسێکەمان تورە
بوو گوتی:
بۆ هەمیشە دەخەنی کیژێ؟
لە تاکە کیژی دنیا دەچی!
ئاااای خودا
ئەمـــە کۆتـــا خەنـــدەکانی پـــێش ئـــەم
سەفەرەمە
لەم گەڕانە، ناپڕژێمە هەناسەی ژیان
پێکەنین، خەندە
سـبەی گیانــە، بــە خــۆم و کوڵێــل چــڵە
ڕێحانەوە
بەدواتدا دەگەڕێم
دەگەڕێم، تا سنووری شەو و دەرکەی ڕۆژ
دەگەڕێم بە رووتی
وەنەوزەکانی نێو ڕۆحت داخە
نەبادا شەرمی جەستە دامگرێ!!
خۆ من هەر منداڵەکەی جارانم
کۆڵانەکانی منداڵی تەنگ بۆتەوە!!
دەزانی نەک من،
تەنانەت بوونیش
ئەو هەیبەتەی جارانی نەماوە!!
تۆ، ئەی یار
ســـەدەیەک لەمـــەو پـــێش، خەنـــدەت لا
شکۆمەند بوو
ڕەنگی زەیتوونت دەبەخشییە دەریا
خەندە بە دارهەنارە تەنیاکان
ژیان بە کتێبە مردۆکان
شیعر، لە جوانیتەوە فێری سەما دەبوو
شەکر لە لێوانتەوە
ئێستا وەک(با)
دەچـیتە باوەشـی ئێـوارە غەمگینـەکانی





شار!!!
دەحیلێنی لە یەکەم نوقرچ!!!
تەنانەت جوانییەکەی باوەشت
لە مێژەوە داوەتە بە کۆڵی سەراب!!!
دەخیلتم یارۆ
تاکەی خیانەت لە جوانی دەکەی
تەنیایی بە ژیان هەڵدەچنی
خۆ لە دایکبوون و مردن
لە جوانترین نزمایی دایە!!!!
ئاااای کە دڵم خۆشە
ئەو پاسپۆرتەی بۆ ژیانی تۆ پێمە
لەوەتەی پەنجەکانی ناسیووم
ڕامووسان لەگەڵ خەیاڵ دەگۆڕێتەوە
لەم گەڕانە...
دەڕشێمەوە
لاقی پاساری لە گەرووم دێتە دەر
خۆ لە گەرووی زۆربەماندا
لاقی پاساری هەیە
لە ناخی گشتماندا
سەدان دیوەزمە سەوزە
بۆیە دایم، شیعری تاریک دەخوێنینەوە
ئاوی ڕەش دەخۆینەوە
جنێو بە ژیان دەدەین،
بۆی دەژین
خۆمان بە ئابووریزان دەزانین
بەڵام هیچ
ناخمــان لــە بــۆ عیــشق، لــە مەحــشەری
سۆفییەکان قەرەباڵەغترە
کەچی هیچی تر
هەر کە پیاسەیەک بە نێو ماڵە باجێنەکەمدا
دەکەم
بە نێو بەردە گۆشتینەکەمدا
هێندەی تر دڵخۆش دەبم
دڵنیام ئەی یار
ئەم گەڕانە لە دایکبوونێکی تری پێیە!!!
لە قووڵایی ڕۆژ دێتە دەر
دوێنێ بوو
نا ڕەنگە سبەی بێت
لەم گەڕیانە
سەوزەژنێکم بەرێکەوێ و پێم بڵێ:
کچە تۆخەکەی ئەم زەمەنە
بۆ دڵت شێتانە خۆشە!!؟

کاتێک بەر دەقێک دەکەوین، لە هەمان کاتدا بـەر کۆمـەڵێك تـەکنیك و ڕەگـەزی نێـو ئـەو دەقە دەکەوین. هـەر جوانی و ئێستاتیکای ئەو تەکنیك و ڕەگەزانەیە ئـەم دەقـە بـەرەو داهێنـان دەبـەن. مـن ڕامـوایـە تێمـەی هـەر دەقێك هەرچییەك بێ بە قەد تەکنیك گرنگی نییـە. ئـەوەیش مانـای ئـەوە نییـە تێمـە بایەخی نەبێت، نەخێر، هەیەتی، بەڵام ئێمە لـە ژیـان و واقیعدا تێمـەمان ئەوەنـدە زۆرە نەبێتەوە، گرنگ ئەوەیـە ئـەم تێمەیـە چـۆن دەکەین بـە دەقێك، واتـە بـە ئـەدەبیکردنی تێمە گرنگە. لە شیعرێکدا ئـەوەی سـرنجمان دەبـا، زمـانی شـیعریی، وێنـەی هونـەری، مێتافۆر، ئالیگۆریا(خوازە)، سیمبولە...تـاد.

نەك تێمەکەی، پرسیارێك دێتە پێش، ئایا توانای شاعیر چەندە بۆ بەکاربردنی ئەم ڕەگەز و هونەرانە، بە شێوەیەکی ئەدەبی و هونەری؟ لێرەوە ئەزموون، پاشخانی ڕۆشنبیری شاعیر ڕۆڵیان لە بە ئەدەبیکردنی دەقە دەبێ.

)شنۆ ئەحمەد غەفوور) یەکێکە لە کیژە شاعیرەکانی کەرکوك. لەگەڵ چەند کیژە شاعیرێکی تر وەکوو(هێرۆ کوردە) و چەندێکی تر، لە ئێستادا چەند دەنگێکی شیعری چاکن. بە سەلیقەوە، بە هونەرییەوە شیعر دەنووسن. هەمیشە هەوڵیانداوە خۆیان بن، نەك لە یەکتری و لە کەسانی تر بچن. هەرچەندە ئەمانە چەند دەنگێکی مێیینەی شیعرین، بەڵام کاتێك بەر دەقەکانیان دەکەوین، بەر شیعر دەکەوین، واتە هەست ناکەین ئەوە مێیینەیەك،یان نێرینەیەك نووسیویەتی، بەڵکە هەست بە شیعر دەکەین. زۆر کەس باوەڕیان بە ئەدەبی ژنانە و پیاوانە هەیە، کە من خۆم باوەڕم پێی نییە، چونکو ئەوەی دەنووسرێت ئەدەبە. بێگومان ئەدەبیش کۆمەڵێ پێوەری خۆی هەیە، ئەو پێوەرانەیش بۆ نووسەری ژن و پیاو یەك تشتن. پێوەرێکی ئەدەبی نییە تایبەت بە نووسەری ژن، یان بە نووسەری پیاو.(ناتالی سارووت) ژنە ڕۆمانووس و یەکێك لە داهێنەرانی ڕەوتی ڕۆمانی نوێ دەڵێ: " من لام وایە ئەدەبی ژنانە بە مانا تەواوەکەی بوونی نییە، وەك چۆن ناکرێت باس لە مۆسیقای ژنانە یان فەلسەفەی ژنانە بکرێت، من لام وایە ئەوەی هەیە، ئەدەبە".
١

شیعری(دڵم شیتانە خۆشە)ی (شنۆ ئەحمەد غەفوور) یەکێکە لەو دەقانەی سەرشارە بە وێنەی هونەری، هەروەها زمانەکەی، زمانێکی دیالۆگ ئامێزانەی لەگەڵ کەسی بەرانبەر کە نائامادەییە هەیە. شاعیر هەوڵیداوە لە ڕێی وێنە هونەرییەکانەوە بونیادی ئەو دەقە دابمەزرێنێت.

وێنەی هونەری:

ئەم چەمکە، بە یەکێك لە ڕەگەزە ئێستاتیکییەکانی شیعر دادەنرێ. وێنەی هونەری لە ڕێی هونەرەکانی ڕەوانبێژی وەکوو: مێتافۆڕ، ئالیگۆڕیا، هەروەها میتۆنۆمی(درکە)، خوازەی بەڕەڵا...تاد دێتە بەرهەم. شاعیر لەم ڕێیەوە هەوڵدەدا تابلۆیەکی هونەری بەرهەم بێنێ، یان لە نێو یەك دەقدا چەند وردە وێنەیەك درووست بکا. وێنەی هونەری بەهۆی پێوەندی نێوان زمان و هەستەکانمان جێگر دەبێ، واتە واقیع کەرەسەیەکی خاوی چاکە، هەروەها خەیاڵیش ئەو ڕۆڵەی هەیە. کەواتە "وێنەی هونەری لە شیعری نوێدا ڕەگەزێکی گرنگە، کە تەنها بۆ ڕازاندنەوە و جوانیی شیعرەکە داناهێنرێت، بەڵکو شاعیر بە هۆی ئەندێشەی





بە هێز و خەیاڵی داهێنەرانەیەوە، وێنەیەکی بەرجەستەکراوی هەست و نەست و باری دەروونی دەخولقێنێت".٢ لەڕێی وێنە هونەرییەکانەوە خوێنەر دەتوانێ دنیابینی شاعیر، کلیلەکانی ئەو دەقە بدۆزێتەوە.

لە منداڵییەوە پێدەکەنم
پێدەکەنم
نازانم بۆ!!

تەنانەت ئێوارەیەك ژنە دراوسێکەمان توڕە بوو گوتی:

بۆ هەمیشە دەخەنی کیژێ؟
لە تاکە کیژی دنیا دەچی!

پێکەنینی کیژێك، سرنجی ژنێکی ڕاکێشاوە، درووستکردنی ئەو وێنەیە، ئەوەمان بیر دەخاتەوە پێکەنین بۆ ژن ، کچ لە نێو کۆمەڵی کوردەواری عەیبە بووە. ئەو ژنەی نەرم و شەرمن بووبێ، ئەوە پەسنبووە. پەندێکی کوردی هەیە: پیاوی شەرمن شانەیەك ناهێنێ، بەڵام ژنی شەرمن شارێك دەهێنێ. ئەم پەندە سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کە پێکەنینی ژن جێی شەرمە، کاتێك کیژێك لە نێو هەموو کیژان دەخەنێ، دەبێتە دیاردەیەکی سەیر. بەم پێکەنینە، تەوقی نەریتێك دەشکێنێ، ئەو مافە سرووشتییەی کە هی ژنە وەرگرێتەوە. بۆیە پێکەنینی کیژێك دەبێتە جێی پرسیار، هەروەها، ئەو کیژەی پێدەکەنێ نامۆ دیاردەکەوێ، پێکەنین نیشانەی ئەوپەڕی خۆشییە. لێرەوە پێکەنینی کیژێك پرسیارێکی لە کن خەڵك درووستکردوە، ورووژاندنی پرسیار، کارێکی جوانیناسانەیە، پڕ بایەخە.

وشە کەرەسەیەکی سەرەکی شاعیرە." ژیان هیچی دیکە نییە، وشە نەبێت، ئەوە تەنیا وشەیە، بڕیار دەدات، ژیانی ئێمە بەرەو کوێ دەروات. ئەوە تەنیا وشەیە دەرگای ژیان بە ڕووی ئێمەدا دەکاتەوە یان دادەخات. ئێمە تەنیا بە هۆی وشەی جوانەوە هەست بە دڵنیایی، شادی و هێور دەکەین".٣ دەوڵەمەندبوونی شاعیر بە وشە، ئەرکێکە دەبێ هەموو شاعیرێك بیخاتە ئەستۆی خۆی. پاشخانی شاعیر لە ڕووی وشە فەرهەنگی و زاراوەکانەوە دەبێ دەوڵەمەند بێ. زۆر شاعیرمان هەن، دەتوانن لە ڕێی زمانی شیعرییەوە، ستایلی تایبەت بە خۆیان دابهێنن. ئەمەیش لە ڕێی هەڵبژاردنی وشەکانەوە دەبێ. شاعیر بۆ درووستکردنی وێنەی هونەری، پەنا بۆ وشە دەبا.

تۆ، ئەی یار
سەدەیەك لەمەو پێش، خەندەت لا
شکۆمەند بوو
ڕەنگی زەیتوونت دەبەخشییە دەریا
خەندە بە دارهەنارە تەنیاکان
ژیان بە کتێبە مردۆکان

شیعر، لە جوانیتەوە فێری سەما دەبوو
شەکر لە لێوانتەوە

ئەگەر سەیری هێندێك لە وشەکانی نێو ئەم چەند دێڕە بکەین. دەبینین شاعیر بە شێوەیەکی ورد وشەکانی هەڵبژاردوون. هەروەها ئەو وێنانەی لە ڕێی ئەم وشانەوە درووستیکردون تووشی سەرسوڕمانمان دەکا. وێنەکانی ( ڕەنگی زەیتوونت دەبەخشیە دەریا، خەندە بە دار هەنارەکان، ژیان بە مردۆکان) ئەم وێنانە لە ئەنجامی لێکدانی وشەکانی هاتووە، بەڵام چۆن لێکدانێك؟ ئەمەیان خاڵی گرنگە، چونکو دانانی وشە لە تەنیشت یەکتری و ڕیزکردنیان وردی دەوێت. هەموو قورسی و هێزی دەنگەکان لەسەر وشەی(خەندە)یە، لە ڕێی خەندەوە دەریا ڕەنگی دەگۆڕا، ژیان بەبەر کتێبە مردووەکانەوە دەکرا. واتە لە ڕێی خەندە و پێکەنینەوە ژیان دەکەوێتە جووڵە. ژیان مانا و ڕەنگێکی تر وەردەگرێت.

بیر و ئەندێشە و واقیع، پێکهاتەی وێنەی هونەرین. لە ڕێی ئەمانەوە شاعیر هەوڵدەدا وێنەکان درووست بکا. کاتێك شاعیر بیرێکی بە مێشکدا دێ، یان لە واقیع دیاردەیەك دەبینێ و کاری تێدەکا، ئەمانە دەبنە هەوێنی وێنە و شاعیر بەکارین دەبا.

لەم گەڕانە...
دەرشێمەوە
لاقی پاساری لە گەرووم دێتە دەر
خۆ لە گەرووی زۆربەماندا
لاقی پاساری هەیە
لە ناخی گشتماندا
سەدان دیوەزمە سەوزە
بۆیە دایم، شیعری تاریك دەخوێنینەوە
ئاوی ڕەش دەخۆینەوە
جنێو بە ژیان دەدەین،
بۆی دەژین
خۆمان بە ئابووریزان دەزانین
بەلام هیچ

ئەو وێنەیەی شاعیر، لێرە بەرباسی دەدات، لە واقیعەوە وەرگیرتووە. دەبینین هەر یەکەمان لە ژیانی ڕۆژانەماندا زۆر ڕەشبینین. تەنانەت لە ژیانمان ناڕازین، کە چی هیچ هەوڵێکیش لەلایەن خۆمانەوە بۆ باشترکردن و جوانکردنی ئەو ژیانە لە ئارادا نییە. ئەمەیش خەتای ژیان نییە، بەڵکە بێدەسەڵاتی خۆمانە لە بەرانبەر ژیان. هەریەك لە ئێمە خەندە و پێکەنین لە ژیانیدا بوونی نییە. هەمیشە پەنا بۆ ئەو دیاردە و تشتانە دەبەین، کە ڕەشبینترمان دەکەن. بۆیەیش شاعیر بە پێکەنین و خەندە ڕووبەڕووی هەموو ئەم دیاردانە دەبێتەوە، هەوڵدەدا تا سەر ئێسك پێبکەنێ، چونکو هەر تاکێك لە ئێمە خۆی لە بوارێك بە پسپۆر و لێزان دەزانێت، کەواتە جوانکردنی بە





شێکی ژیانی دەکەوێتە ئەستۆ، بەڵام بەردەوام خەریکی گلەکردنین، بەبێ ئەوەی گچکەترین هەوڵ بوونی هەبێت. بێگومان ئەنجامی هەموو ئەو گلەکردنانەیش، یەکسانە بە هیچ. هەمیشە هەوڵدان بۆ ڕەشکردنی ژیان و کوشتنی جوانی، هەوڵی بەردەوامی تاکی کوردە. بەرهەمهێنانی ئەم ڕەشبینییە، وێنەیەکە، دیاردەیەکە لەنێو کۆمەڵی کوردی بوونی هەیە، شاعیر، ئەم دیاردەیەی کردۆتە هەوێنی بەشێك لەم شیعرە، تاکوو پێمان بڵێت، ئەوە بەڕووی ژیان خەنینە، ئەوە پێکەنینە وامان لێدەکات دڵمان شێتانە خۆش بێ.

دوێنێ بوو
تا ڕەنگە سبەی بێت
لەم گەڕیانە
سەوزەژنێکم بەڕێکەوێ و پێم بڵێ:
کچە تۆخەکەی ئەم زەمانە
بۆ دڵت شێتانە خۆشە ! ! ؟؟

لە دووتوێی ئەم شیعرەدا ئێمە بەر چەندین وێنەی هونەری دەکەوین. هەموو ئەو وێنانەیش بۆ نیشاندانی جوانی و کاریگەری پێکەنینە. پێکەنین تشتێکی ئەوەندە گران نییە، کە لە دەسەڵاتی مرۆڤدا نەبێت، ئەنجامی بدات. بەڵکە تشتێکی ئەوەندە سانایە، مرۆڤ لە توانایدایە ژیان بە پێکەنین جوان بکات. گەڕانێکی بەردەوام لەکن شاعیر بوونی هەیە، بۆ جاڕدانی ئەوەی پێکەنین و خەندە یەکێکە لە ئامرازەکانی خۆشکردنی ژیان. بەمەیش دەبێتە جێی پرسیار و چاوتێبڕین، چونکو پێکەنینی کیژێك بە نێرەکان نامۆیە، ئەم کێژەیەش تاکە ئامراز بۆ جوانیشاندانی ژیان پێکەنینە لە کنی.

ئەوەی لە کن من گرنگی هەیە، شێوازی نووسینە. هەر شاعیرێك نووسەرێك لە کۆتاییدا دەبێ ببێ بە خاوەن شێوازێك لە نووسین. شێوازی نووسین بەشێکە لە تەکنیك. ئێمە تەکنیکەکانمان لەبەر دەستن، بەڵام هەر شاعیر و نووسەرێك چۆن بە شێوازی خۆی بەکاریان دەبا. (شنۆ ئەحمەد) یەکێکە لەو شاعیرە گەنجانەی لە ڕێی ئەوەیە شێوازی خۆی بدۆزێتەوە. هەر لە هەڵبژاردنی وشەکان و بەخشینی ڕیتم پێیان، بەکاربردنی تەکنیك، کە ئەمە خاڵێکی جوانی (شنۆ)یە، هەموو ئەمانە دەبێ بە وردی ئەنجام بدرێت.

پەراوێزەکان:
1. من بەلزاکم کوشت، گوتووبێژ، وەرگێڕانی: مستەفا زاهیدی، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١١، ل١٧٦.
2. فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١١، ل١٩٥.
3. خوێندنەوەی شیعرێك، حەمە سەعید حەسەن، ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە: ١٢٢٥، ڕێکەوتی ٢٠١٢/١/٢، ل ١٧.



ڕەزا شوان / نەرویج

# ڕوونکردنەوەیەک دەربارەی شیعرێکی ونبووی فایق بێکەس

لـە گـەڕەکی ( شـۆڕیجە ) و لـە گـەڕەکی ( بولـاخ ) ی شـاری کەرکوکـدا ، لەگـەڵ مـاڵی خوالێخۆشـبوو مامـە ( شـێخ عەبـدولقادر بەرزنجی ) دا ، دراوسێ بـووین و هاتووچـۆی مـاڵی یـەکتریمان دەکـرد . شـێخ عەبـدولقادر پیـاوێکی قـسەخۆش و شیعردۆسـت بـوو . زمانی عـەرەبی و فارسـی بـاش دەزانـی ، لـە سـاڵی ( ١٩٧١) دا کـە تەمـەنی شـێخ عەبـدولقادر، بـە بۆچـوونی مـن لـە دەوری حەفتا و پێنج ساڵ دەبـوو ، ڕۆژێکیـان کـە لـە مـاڵی ئـەودا دانیـشتبووین ، باسـی شیعرەکانی ( سەعدی شیرازی ) بۆ کردم . چەند شیعرێکی شیرازی بـە زمـانی فارسـی بـۆ وتم و ماناکانـشیانی بـۆ شـیکردمەوە. منیش شیعری ( ئـەی وەتـەن )ی شـاعیری نیـشتمانپەروەری گـەورەی گەلەکـەمان







خوالێخۆشبوو ( فایق بێکەس )ی نەمرم بۆ ووت. شـێخ عەبـدولقادر وتـی : « مـن شـیعرێکی فـایق بێکەسـم لەبـەرە کـە دە دێڕە و، لە دیوانەکەیـدا نییـە ، بـە کـورتی ئەوەشت بـۆ دەگێڕمـەوە، کـە چـۆن فـایق بێکەسـم ناسـی وچـۆن ئـەم شیعرەشـیم لەبەرکرد«

هـەر کـە وتـی شـیعرێکی بڵاونـەکراوەی بێکەسم لایە ، زۆر گەشامەوە و لەو کاتەدا مـن وا هەسـتم دەکـرد ، کـە دوڕێکـی زۆر بەنرخی لایە و کەس نەیبینیوە.

شـێخ عەبـدولقادر بـەرزنجی بـەم شـێوەیە باسی ناسینی بێکەسی بـۆ کـردم : « وتـی لە ساڵی ( ١٩٣١) یا ( ١٩٣٢) بوو . بە باشـی بـیرم نایـات کـام سـاڵیان بـوو، چـاودێر«مراقیـب»ی کرێکـاران بـووم ، لـە پـرۆژەی چـاکردن و قیرتـاوکردنی ڕێگـای نێـوان شـاری ( کـەرکوك ـــ سـلێمانی ) شوێنی ئیشەکەشمان لـە ( قەرەهـەنجیر ) بوو ، کە ئێستا ناحیەیەکە سەر بـە قـەزای مەڵبەندی پارێزگای کەرکوك.. ئێوارەیـەکی سەختی زستان بوو، بـارانێکی زۆر بـاری.. ئۆتۆمبیلێـك کـە لـە سـلێمانی یـەوە بـۆ کەرکوك دەهات.. لە بـەر شەسـتە بـاران و ئاوهەڵسان نەیان تـوانی بگەنـە کـەرکوك.. لە قەرەهـەنجیر لایانـدا. نەفـەرێکیان ڕووی کردە چادرەکەی مـن ، منـیش بـە گـەرمی بـەخێرهاتنیم کـرد .. ئـەویش خـۆی پێناساندم و وتی من « فـایق بێکـەس»م.. لـە دوای نـانخواردن وتـی مـن شـاعیرم و شیعر دەنووسم . ئـەم شـیعرە غەزەلییـەی خـۆی بـۆ وتم و بۆشـی نووسـیم ، منـیش لەوەدوا لـە بـەرم کـرد . فـایق بێکـەس تـا نیوەشـەو قـسە و سـوعبەتی خۆشـی بـۆ کـردم . منـیش ڕێزێکـی زۆرم لێگـرت ، بەیانییەکەشی بەرەو کەرکوك بەڕێکەوتن .. «

دواتر خوالێخۆشـبوو شـێخ عەبدولقادر بـە دەستنووسـی خـۆی شـیعرەکەی فـایق بێکەسـی لـە سـەر لاپەڕەیـەك کاغـەز بـۆ نووسـیم و دای پـێم . کـە هاتمـەوە مـاڵی خۆمـان ، کاغەزەکـەم خـستە دووتـۆی دەفتەرێکی سەد پەڕەییەوە.. نیازم وابـوو کە لە دەرفەتێکدا بە جوانی ئـەو شیعرەی بێکـەس، کـە لـە دیوانەکەیـدا نـەبوو بینووسمەوە و لە گۆڤاری ( بەیان ) یا لـە ڕۆژنامەی ( هاوکاری ) داـ کە خۆم بە ناوی هیوا شوان ەوە لە کەرکوکدا پـەیامنێریان

بووم - بڵاوبکەمەوە یان ئەگەر ڕێبکەوێ بیدەم بە دەستی شاعیری مەزنی گەلەکەمان کاک (شێرکۆ بێکەس) ی کوڕی فایق بێکەس. ئەو کاتە مامۆستا بووم لە قوتابخانەی( مەشخەڵ ) لە کەرکوک ، لە قوتابخانەی (ئیمام قاسم)ی شەوانییش وانەم دەوتەوە ، سەرەڕای ئیشەکانی خۆم ، کۆمەڵێك ئیشوکاری قوتابخانەکەشم ، شەوان لە ماڵەوە دەکرد.. بۆیە زۆر سەر قاڵبووم و ، کتێبەکانم و دەفتەرەکانیشم بەسەر یەکدا کەوتبوون و ، بە دەیان وەرەقەم دەدڕی و فڕێ دەدران.. زۆری پێنەچوو مامە شێخ عەبدولقادر کوچی دوایی کرد - هەزاران ڕەحمەتی لێ بێت - منیش دوای ماوەیەك شیعرەکەم بیرکەوتەوە ، چی دەفتەر و کتێبم هەبوو ڕەنگە زیاتر لە بیست جار پەڕە بە پەڕە هەڵمدانەوە بە داخەوە شیعرەکەم نەدۆزییەوە،چی لێ هات ؟ کەوتە کوێوە ؟ ئایە بە نەزانین لەگەڵ وەرەقەی تردا دڕاندوومە .. نازانم ؟؟ تا ئێستاش سوێ و خەفەتی ونبوونی ئەو شیعرەی فایق بیکەسم لە دڵ دەرناچی .. ئەم قسانەش نابنە پاکانە بۆ کەم تەرخەمییەکەم .. دەبوایە لە چەند شوێنێك بم نووسیبایە .. بەڵام قسە لە دوای چوون بێ سوودە .. تەنانەت سەیری دەفتەری بیرەوەرییەکانی شێخ عەبدولقادریشم کرد ئەویش لە هیچ شوێنێ نەینووسیبێوە ، شیعرەکەی لەبەر کردبوو.

ئەو دە دێڕە شیعرە غەزەلەی فایق بێکەس من یەکجار خوێندمەوە ، وشەی تێکهەڵکێشی عەرەبی زۆری تێدابوو ، بەوەی دەکرد کەسەرەتای شێعر دانانی فایق بێکەس بووبێت . چۆنە کە بێکەس خۆشی ئەم شیعرەی نەنووسیوەتەوە ؟ یان کێ ناڵێت دواتر کە شیعری جوانتری داناوە ، دەستی لە شیعرە سەرەتاییەکانی هەڵگرتووە ؟ پوختەی شیعرەکانی نووسیوەتەوە ، یان کێ ناڵێت بە هۆی سەختی ژیان و بێ جێی و لانەوازییەوە ، چەندین شیعری تری فایق بێکەس لەناو نەچوونە..؟

مەبەستم لەم ڕوونکردنەوەیە، لە یادی شەست و سێیەمین ساڵەی کۆچی دوایی شاعیری گەورەی گەلەکەمان ، تێکۆشەر و نیشتمانپەروەرێکی دلێر وچاونەترسی نەمری کورد و کوردستان فایق بێکەس.





ئەوەیە کە فایق بێکەس شیعری ونبووی هەیە.

قسەکەی خوالێخۆشبوو مامە « شێخ عەبدولقادر بەرزنجی » ش ، دەربارەی ناسینی فایق بێکەس و شیعرەکەی ، چۆن بۆی گێڕامەوە ، منیش بە ئەمانەتەوە بۆ گێڕانەوە .

# دیالێکتی جوگرافی

شێروان حوسێن خۆشناو

زمان وەك دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی لە كۆمەڵدا كاردەكات، بەپێی ئەو هۆكارانەی كە كاریگەریان لەسەر كۆمەڵ دەبێت، زمانیش گۆڕانی بەسەردا دێتو جۆرو چەشنی جیاجیای لێی دەستنیشان دەكرێت. دیاردەو هۆكارە جوگرافییەكان ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەیان لەسەر كایە جیاجیاكانی كۆمەڵو مرۆڤایەتیو خودی مرۆیش دەبێت. تەنانەت زانایانی بواری مرۆڤناسی لەو باوەڕەدان كە ئاو و هەواو دیاردە سروشتییەكان گاریگەییان لەسەر جۆری پێكهاتەی لەشی مرۆڤیش هەیە. زمانیش لە ڕێگەی ئەندامانی ئاخاوتن، كە بەشێكی پێكهاتەی لەشی مرۆڤن كاردەكات. ئەم جیاوازیانە تێیدا ڕەنگ دەداتەوە .

زمانیش وەك كەرەستەی پەیوەندی كردن، دەشێ لە ئاڕاستەی جوێجوێوە كارلێبكرێت، كایەكانی دیكە جێپەنجەیان لەسەر زمان بەجێ دەهێڵن، بۆیەش كاتێك باسی پەیوەندی زانستی زمان بەزانستەكانی دیكەوە دەكرێت، دەبێت باسی زۆربەی زانستەكان بكرێت، چونكە سەروكاری زمان لەگەڵ زۆربەی زانستەكانی تردا شتێكی هەست پێكراوە . جوگرافیا لقێكی زانستە مرۆڤایەتییەكانە، كە خەریكی لێكدانەوەی دیاردە سروشتییەكانو مرۆییەكانە. هەر لەسەر ئەم بنەمایەش كراوەتە دوو بەش (جوگرافیای سروشتو مرۆیی). هەریەكەیان لەگەڵ زماندا لەپەیوەندی دان، بەگوێرەی بوارو مەوداكانی خۆی .







ئەم باسەی ئێمە تایبەتە بە دیالێكتی جوگرافی، لە دەوری چەند سەرەبابەتێكدا، لەم چەشنەی دیالێكتە دەدوێن، لە ئەوانیش جۆراوجۆری زمان باس دەكەین، بۆئەوەی بزانیین زمان چۆن لقوپۆپی لێدەبێتەوە، كە هەموویان خاوەنی تایبەتمەندی خۆیانو لەهەمان كاتیشدا لقێك پێكەوەیان دەبەستێتەوە. دواتر بەكورتی لە پەیوەندی نێوان زانستی جوگرافیاو زانستی زمان كراوە، هەروەها چەند جۆرێكی دیالێكت دەخەینەڕوو لەناویشیاندا بەوردی لەسەر دیالێكتی جوگرافی هەڵوەستە دەكەینو بەنموونەی زمانی كوردی ئەم كاریگەرییەی جوگرافیای سروشتیو مرۆی دەخەینەڕوو .

## جۆراوجۆری زمان :

مەبەست لە جۆراوجۆری زمان بریتییە لەو جیاوازیانەی لە نێوان قسەپێكەرانی هەر زمانێكدا هەن، ئەگەر بەم چاوە تەماشای هەر زمانێك بكەین، ئەم جۆراوجۆرییەی زۆر بەڕوونی تێدا دەبینرێت، چونكە (هیچ زمانێكی مرۆڤ جێگیرو بەبێ گۆڕانكاریو هاوسەنگ نییە، هەموو زمانێك لەناو خۆیاندا گۆڕان پیشان دەدەن، لە بەكارهێنانی زمان لە گروپێكەوە بۆ گروپێكی تر، لە قسەكەرێكەوە بۆ قسەكەرێكی تر، لە دركاندنو هەڵبژاردنی وشەدا جیاوازە هەیە.) (ادریان اكمجیانو دیگران: ١٣٨٢: ٢٧٢) بەم پێیە زمانەكان بەردەوام لە گۆڕان دان، شێوەكانی زیاتر لێك دوور دەكەونەوە. لەگەڵ هەر جیاوازییەكی زمانی جۆرێكی تری زمان زیاد دەبێتو فرەچەشنی زیاتر دەبێت. بەم پێیە یەكێك لە دیارترینی تایبەتمەندییەكانی باری زمان ئەمرۆ لەسەرانسەری دونیادا بوونی فرەچەشنییە. ئەمڕۆ هەزاران زمانی جیاواز هەن، كە هەریەكەیان شێوەی تایبەتی دەنگو وشەو ڕێزمان و ڕستەیان هەیە، بەڵام سەرەڕای ئەم هەمەچەشنەییو جیاوازییانە لێكچوونی زۆریش هەن، كە زمانەوانان دەتوانن بیكەنە ڕێگەیەك بۆ پۆلێنی زمانەكان لە گروپ خێزانی جیاجیادا. (ویلیام اوگردیو دیگران: ١٣٨٦: ٣٨٦) بۆ ئەم جۆراوجۆرییە دەكرێت لەبواری جیاوازی زمانەوانیدا قسەی لەسەر بكرێت، بەپێی بواری تایبەت

لێکدانەوەی بۆ بکرێت. بەگوێرەی جیاوازی دەنگسازی کە لە هەموو ئاستەکانی دیکەدا زیاتر هەستی پێدەکرێت، هەروەها ئاستی مۆرفۆلۆژیو سینتاکسو واتاشدا ئەم جیاوازییە هەیە .

هەرچەندە ئەم پێکچوونەی نێوان دیالێکتەکانو شێوە جیاجیاکانی زمان دەکرێتە هۆکارێك بۆ پۆلبەندن کردنی زمانەکان، بەڵام هەندێ جاریش جیاوازییەکان ئەوەندە بچووك دەکرێنەوە، کە دەگاتە ڕادەیەك هەموو تاکێك دیالێکتی تایبەتی خۆی هەبێتو ناوی نراوە دیالێکتی تاکەکەسی(گویش فردی - idiolect)بەوە پێناسە دەکرێت، کە (بە شێوەی تاکەکەسی هەر قسەکەرێك دەوترێت لە زمانێکی دیاریکراودا. لەم جۆرە دیالێکتەدا تایبەتمەندی شێوەکانو دیالێکتە نێوخۆییەکانو کۆمەڵایەتییەکان تێکەڵ بە ئاخاوتنی هەر تاکێك دەبێت. هۆکاری تری وەك چۆنیەتی دەربڕینی دەنگەکانو بەکارهێنانی زمانی جەستەییو بەشێك لە دیالێکتی تاك. بەڵام زۆربەی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان دەستنیشانکەری بنەڕەتین دیالێکتی هەر تاکێکن.) (جورج یول: ١٣٨٨: ٢٨٤) لەم جۆرە دیالێکتەدا دیاریکردنی جیاوازییەکان دەگەنە ئەوپەڕی، بەجۆرێك لایەنی دەروونیو تایبەتی قسەکەری دێتە ناوەو ئەمەش لەو بیروباوەڕەوە سەرچاوە دەگرێت کە دەوترێت (جۆراوجۆری زمان تەنیا پەیوەست نییە بە دیالێکتەوە، بەڵکو دوو قسەکەری زمانێك، هەتا ئەگەر سەر بەیەك دیالێکتی تایبەتیش بن، بەتەواوی وەکو یەك زمان بەکارناهێنن، بۆیە دەکرێت تاکەکان بەهۆی قسەکردنو شێوەی زمانەکەیانەوە بیانناسینەوە. لەڕاستیدا زمانی هەرتاکێك لە سەرەکی ترینی تایبەتییەکانی شوناسی تاکە کەسیەتی.) (ادریان اکمجیانو دیگران١٣٨٢: ٢٧٤) دیالێکتی تاکەکەسی لە چوارچێوەی زمانەوانی کۆمەڵایەتی باسی لێوەدەکرێت، بەڵام لێرەدا جۆراوجۆری زمان دەگاتە ئەوپەڕی .

لە جۆراوجۆری زماندا دیاردە کۆمەڵاتییەکان ڕۆڵیان هەیە، لە دروستکردنی گروپی بچووکی زمانیدا، چونکە بەشێك لەم گروپە زمانییانە لەسەر بنەمای چینە کۆمەڵاتییەکان پۆلێن دەکرێن، هەر لەبەر ئەمەشە، کە دەوترێت (زمان هەویەی کۆمەڵایەتی قسەکەر دیاری دەکات، هەر بەهۆی قسەوە دەتوانین بڕیاربدەین قسەکەر خەڵکی کوێیە، لە چ بارێکی دەروونی دا دەژی، هەستی بەرامبەر بابەتی قسەکەرو گوێگرو





دەوروبەری چییەو سەر بە چی چینێکەو ڕادەی خوێندەواری چەندە.) (محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١٠: ١٣٧) ئەمەش جۆرەکانی زمان دیاری دەکات .

هۆکارێکی دیکە بۆ لێکدانەوەی جۆراوجۆری زمان، بوونی دیاردە سروشتییەکانە، کە ڕاستەوخۆ جیاوازی زمانی دروست دەکات. بۆیە هەندێك لەشارەزایانو زمانەوانان بەپێی سنووری جوگرافی دیالێکتەکان لێك جیادەکەنەوە. بەتایبەتی لەزمانی کوردیدا ئەم جۆرە پۆلێنە زۆر بەرچاودەکەوێت. ئەمەش بۆ زاڵبوونی ئەم هۆکارە دەگەڕێتەوە، لە دروستبوونی دیالێکتەکانی .

بەشێوەکی گشتی دوو ڕێگا بۆ پۆلبەندکردنی زمانەکان هەن، یەکێکیان لەسەر بنەمای تایبەتمەندیی پێکهاتەیی زمانەکان دەبێت، لێرەدا ئەو زمانانەی کە هاوبەشی ڕێزمانیو دەنگییان هەیە، لە یەك پۆل دادەنرێن. ڕێگەی دووەمیان، لەسەر بنەمای پەیوەندی خزمایەتی نێوان زمانەکان، گروپەکان جیادەکاتەوە. ئەو زمانانەی کە لەڕووی مێژووییەوە لە زمانێکی تایبەت داکەوتوون لە یەك پۆل دادەنرێنو خزمایەتیەکە پەیدادەبێت. (ویلیام اوگردیو دیگران: ١٣٨٦: ٣٨٦) لە زانستی زماندا ئەو پۆلێنەی لایەنی زمانەوانیو ڕێزمانی لەبەرچاو بگرێت بە زانستیانە تر دادەنرێت .

جۆراوجۆری زمان هەندێ جار بەپێی ڕەگەزو تەمەنی قسەکەر جیادەکرێتەوە، چونکە هەریەك لە ڕەگەزەکان جۆرێکی تایبەتی فەرهەنگی زمانی خۆیان هەیەو سوود لە شێوازێکی تایبەتی وەردەگرن، بۆ دەربڕینی بیروڕاکانیان. بەهەمان شێوە تەمەنیش کاریگەری هەیە فەرهەنگی ئاخێوەر. بەتایبەتی گەشەسەندنو پووکانەوەی وشە لە زماندا، کە هەندێ وشە هەن لای پیرەکان نییەو بەپێچەوانەشەوە .

لەبارەی جۆراوجۆری زمان، هەر لێکدانەوەیەك بکەین، دەبێت بۆ ئەوە بگەڕێنەوە، کە ئەم سروشتێکی خوداییەو لە لایەن یەزدانی مەزنەوە بڕیاری لەسەر دراوە، وەك دەفەرموێت: (ومن ایتە خلق السموت والارض واختلف ألسینتکم وألونکم ان فی ذلك لأیت لقوم یسمعون) الروم:٢٢. واتە: (یەکێکی تر لە بەڵگەو نیشانەکانی دروستکردنی ئاسمانەکانو زەوییەو جیاوازی زمانو ڕەنگتانە، بەڕاستی ئا لەو دیاردەیەشدا بەڵگەو نیشانەی زۆر هەن بۆ زانایانو شارەزایان(

**پەیوەندی زانستی زمانو جوگرافی :**

لە زمانەوانی نوێدا، زۆرجار هەوڵدەدرێت پەیوەندی نێوان زمانو زانستەکانی دیکە دیاری بکرێت، بەتایبەتی زانستە مرۆڤایەتیەکان، کە لە هەمان کایەدا کاردەکەن. سەرباری ئەوەش زمانەوانی و زانستە پراکتیکەکانی وەکو ماتماتیکو بایۆلۆژیو کۆمپیتەرو ئەندازیاری بوونەتە بابەتی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی .

شوێنی جوگرافیو سروشتی کۆمەڵگاو ژینگەکەیو باری سروشتی ئەو زەوییەی کە کۆمەڵەکە لەسەری دەژی کاریگەریەکی ڕوونو ئاشکرایان لەسەر فەرهەنگو زمانی ڕۆژانەی هەیە. جوگرافی سنوری نێوان دیالێکتەکان دیاری دەکاتو نەخشەی وردی شوێنی دیالێکتەکان دەکێشێت پەیوەست بە زمانەوە. سەرەتای قسەکردن لەسەر ئەم پەیوەندییە، دەگەڕێتەوە بۆ (کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیست، کە گرینگی بە جوگرافیای دیالێکتەکان دراوە، هەروەها نەخشەی زمانەکان لەو سەردەمەوە کێشراو ئەتڵەسی زمانەکان دانرا، کە تێدا زانیاری ورد لە بارەی یەکە زمانیەکان و گەشەکردنی لایەنی دەنگی تۆمارکراو.) (ڕشید عبدالرحمن العبیدی: ٢٠٠٢: ٣٢) هەر ئەمەش وای کرد، کە لەزمانەوانی نوێدا باسێکی نوێ زمانناسی سەرهەڵبدا، بەنێوی (زانستی زمانی جوگرافی) یان (زانستی جوگرافیای زمانەوانی) کە لەیەکەمیاندا لە ڕوانگەی جوگرافیەوە لەزمان دەکۆڵرێتەوە، لە دووەمیشیاندا لە ڕوانگەی زمانەوە لە جوگرافی دەکۆڵرێتەوە. بەڵام لەزمانی کوردیدا تاکو ئێستا گرینگی بەم پەیوەندییە نەدراوە، لایەنێکی دیکە ئەم دوو زانستە لە دانانی ئەتلەسێك دا خۆی دەبینێتەوە، کە تا ئێستا زمانی کوردی ئەتلەسی تایبەتی خۆی نییە. هەرچەندە ئەتلەسی زمانەوانی جوگرافی لەم ڕووانەی خوارەوە گرینگی هەیە(هەمان سەرچاوە: ٣٣:(

١- لێکۆڵینەوەی دیالێکتەکان بەشێوەکی وردو چڕو دیاریکردنی گرنگترین تایبەتمەندیو جیاکەرەوەو دیاردەکانی زمان بەگوێرەی کاتو شوێن .

٢- دەرخستنی پەیوەندی نێوان نەژادی زمانو دیالێکتە جیاوازەکان. وەکو ئامێرێك بۆ پەیوەندی ڕۆژانە .

٣- دەرخستنی ئەو بەرهەمەی لە دیالێکتە کۆنەکانەوە ماوەتەوە لە نێو زمانی خەڵکیدا، لەوشەو یەکەزمانییەکان، هەروەها ئەوانەی بەکارناهێنرێنو ئەوانەشی کە گۆڕاون .






٤- توێژەری بواری زمان، دەتوانێت لەڕێگەی ئەتڵەسی زمانەوە بەراوردی زمانەوانی ئەنجام بدات، هەروەها بۆ دیاریکردنی کارتێکردنو کاریگەری لەنێوان زمانە کۆنو نوێکان بەکاردێت .

٥- ئەتڵەسی زمان خزمەتێکی گەورە بە مێژوونووسانو زانایانی دەروونیو کۆمەڵایەتی دەکات. کە دەتوانن لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەبارەی زانیاری مێژووی گەل بکرێت .

## دیالێکتی جوگرافی

وەك زانیمان، هۆکاری جوگرافی هۆیەکی سەرەکییە، لە دروستکردنی دیالێکتو شێوە زارەکان. بۆیە زۆرجار ئەو جۆرە جیاوازانەی زمان کە لەسەر ئەم بنەمایە جیادەکرێنەوە، ناویان لێدەنرێت، دیالێکتی جوگرافی. هەر ئەمەش وای کردووە، کە لقێك لە زمانەوانی جیابکرێتەوەو ناوی لێنراوە، زمانەوانی جوگرافی، کە (لە پۆلێن کردنی دیالێکتەکانو زمان لەسەر بنەمای جوگرافی دەکۆڵێتەوە، هەروەها لە شێوەی دابەشبوونی دیالێکتەکانی زمانو جیاوازی نێوان دیالێکتەکان دەکۆڵێتەوە.) (یوسف شەریف سەعید: ٢٠١١: ٢٤) ئەو ڕووبەرو هەرێمەی کە بەهۆکاری جوگرافی جیادەکرێتەوەو زمانێك تێیدا بەکارە، کە خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی لە ڕووی زمانەوانییەوە .

ئەم دیالێکتە لە سنوورێکی تایبەتدا کاردەکاتو دیاردە جوگرافییە سروشتیو مرۆییەکانیش لەو زمانەدا ڕەنگ دەداتەوە، هەروەها (بنەمای دروستبوونی دیالێکتی جوگرافی شوێنێکی دیاریکراوی هەیە، زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەیە، کە زیاتر ئەوانە بەکاری دەهێننو سوودی لێوەردەگرن، کە لەو ناوچەیەدا دەژین.) (بەکر عومەر علیو شێرکۆ حەمەئەمین: ٢٠٠٧: ٦٥) بۆیە لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانی جوگرافیدا داتاو نموونەکان تەنیا لە سنوورێکی دیاریکراو وەردەگرێتو پشت بە زمانی قسەکردنی ڕۆژانە دەبەسترێت. نەك زمانی نووسین .

ئەو پۆلێنانەی کە لە زمانی کوردیدا بۆ دیالێکتەکانی کراون، بەزۆری لەسەر بنەمای سنووری جوگرافی کراون. لەوانە محەمەد ئەمین زەکی بەگ، بەپێی ناوچەو مەڵبەندەکانی کوردستان زمانی کوردی بۆ کرمانجیی ڕۆژهەڵاتیو ڕۆژئاوایی دابەش کردووە. (حوسێن محەمەد عەزیز: ٢٠٠٥: ٥٦) هەروەها زوبێر بیلال ئیسماعیل، دەڵێت: (کە زمانی کوردی لە کۆمەڵە دیالێکتێك پێك دێت، کە سنووری جوگرافیاییو سیاسی دەیکاتە دوو

بەشەوە ئەوانیش کۆمەڵەی ژووروو و کۆمەڵەی خواروون.) (زبیر بلال اسماعیل: ١٩٨٤: ١١٦) هەرچەندە زۆرجار لەلایەن زمانەوانانەوە ئەم جۆرە پۆلێنە دەکەوێتە بەر ڕەخنەو بەڕاست نازانرێت. هەر لە زمانی کوردیدا، لەلایەن فوئاد حەمە خورشید، کتێبێك لەبارەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی نووسراوە، کە لەسەر بنەمای جوگرافی شوێنی دیالێکتەکان دیاری کراوە، بەناوی (زمانی کوردیو دیالێکتەکانی شیکردنەوەیەکی جوگرافیایی)، کە لە ناوەکەیەوە دیارە جوگرافیا کراوەتە بنەما بۆ دیاریکردنی سنووری دیالێکتەکان. پێی وایە، کە (زمانی کوردی لە چوار دیالێکت پێك دێت: دیالێکتی کرمانجی باکور، دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست، دیالێکتی کرمانجی باشوور، دایالێکتی گۆران. کە لە هەموو دابەشکردنێکی تر بەجێترەو لەگەڵ هەموو ڕاستییەکی زمانەوانی دا ڕێك دەکەوێو لەڕووی جوگرافیاییشەوە تەواو گونجاوە.) (فوئاد حەمە خورشید: ٢٠٠٨: ٣٨و٣٩) ئەو دابەشکردنەی، کە جوگرافیا دەکاتە پێوەر بۆ دیالێکتەکان سنوورەکەی بەوردیو تەواوی دەستنیشان ناکرێ، بەتایبەتی بۆ زمانی کوردی چەندین کەلێنو کەموکوڕی تێدادەردەکەوێ، بەنموونە شێوەزاری زازا لە ڕووی دابەشکردنەوە، سەر بە دیالێکتی گۆرانە، بەڵام شوێنی جوگرافی دەکەوێتە ئەوپەڕی باکووری کوردستانو شوێنی دیالێکتی باکور، ئەمە لە زۆر شێوەزاری تردا دەبینرێت .

دیاردە جوگرافییەکانی وەکو زنجیرە شاخی سەخت کاریگەری هەیە لەسەر دابڕینی قسە پێکەرانی زمانێكو مانەوەیان لەگەڵ یەکترییداو بەمەش شێوازی قسەکردنیان شێوازی تایبەتی خۆی وەردەگرێت، چونکە هەرکاتێك زمان ڕادەی تێکەڵاوی کەم بوو، کەمتر دەگۆڕێت، هەروەها کاتێك تێکەڵاوی زیاتر بوو گۆڕانی زیاتر لەزماندا سەرهەڵدەدات. هەرکاتێکیش زنجیرە شاخی سەخت هەبێت ڕێگەی تێکەڵاوی کەمتر دەبێت، شێوەکان زیاتر لەیەکتری دووردەکەونەوە. ئەمەش دەکرێت بەنموونەیەك لەزمانی کوردیو دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست پیشان بدرێت، شێوازی زمانی قسەکردنی خەڵکی پشدەر لەگەڵ بیتوێن جیاوازییەکی زۆری تێدا هەست پێدەکرێت، بەتایبەت بۆ شارەزای زمان ئەمە زۆر ڕوونە. یەکێك لە هۆکارەکانی ئەم جیاوازییەش دەگەڕێتەوە، بۆ بوونی زنجیرە چیای کێوەڕەشو چیای ئاسۆس .

بوونی ڕووبارو زێی گەورەش هەمان ڕۆڵی هەیە. بەنموونە زێی گەورە بە هۆکارێکی سەرەکی دانراوە لە جیاکردنەوەی دیالێکتی کرمانجی ژوورو و ناوەڕاست. بەهەمان شێوە دەشتی بەرینو فراوان دەشێت هەمان ڕۆڵی هەبێت. لە دابڕینی قسەپێکەرانی زمانو دروستکردنی جیاوازییەکە .

ئەم هۆکارە دەشێت لە سەردەمانی ڕابردوودا زیاتر کاریگەری هەبووبێ، بە بەراورد لەگەڵ ئەمڕۆ، چونکە لەم ڕۆژگارەدا ڕێگەکانی پەیوەندی کردنو گواستنەوە زۆر ئاسان بوون، کە ڕادی تێکەڵاویەکی زیاترکردووە، بەڵام دابڕانی کۆن نەخشی خۆی لەسەر زمانی ناوچەکە بەجێ هێشتووە .

ئەم جۆرە دیالێکتە، لە نێو زۆربەی زمانەکان بوونی هەیە، بەڵام بەشێوەیەك کاریگەری لەسەر هەموو زمانەکان نییە. بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیدا، دەکرێت لەڕێگەی زمانەوە شوێنی ئەم قسەکەرە دیاریبکرێت، هەروەها ئەمە بۆ هەموو زمانەکانی تر دەکرێت ڕاستو گونجاوبێت .

دیالێکتی جوگرافی شووناسی کەسی قسەکەر دیاری دەکات، بەنموونە لەشارێکی وەکو هەولێردا کە خەڵکی ناوچەی جیاجیای کوردستانی تێدا دەژیت، لە ڕێگەی زمانەوە شوێنو عەشیرەتی قسەکەر دیاری بکرێت. لەوەی کە ئایا سورچییە یان خۆشناوە یان کۆییە یان خەڵکی دەشتی هەولێرەو......هتد .

هەندێ جار (دەگونجێ دیالێکتی جوگرافی ببێتە بنەما بۆ دروست بوونی زمانی ستاندار (بەکر عومەر عەلیو شێرکۆ حمەئەمێن: ٢٠٠٧: ٦٦) ئەم نموونەیەش لەنێو زمانە پێشکەوتووەکانی جیهاندا دەبینرێت، لەوانە زاری لەندەن بۆ زمانی ئینگلیزی ستاندارد بووە بنەما لە کۆتای سەدەی چواردەو هەروەها زمانی فەڕەنسی لەساڵی ١٥٣٩ز بە بڕیارێکی ڕەسمی زمانی پاریس بووە زمانی نەتەوەیی. (محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١٠: ٣٥٩) بەڵام دەبێت ئەم دیالێکتە توانای زمانەوانیو مێژووی لەباربێت بۆ ئەوەی ببێتە زمانی نەتەوەیی. مەرجەکانی ئەم جۆرە زمانەی تێدابێت .

لەزمانی کوردیشدا ئەم ڕێگایە گونجاوە، کە بکرێتە بنەمایەك بۆ دروستکردنی زمانی نەتەوایەتی، چونکە (هەرچی دیالێکتەکانی زمانی کوردین، ئەوە هەموو بە دیالێکتی جوگرافیایی (ئیقلیمی – هەرێمی) دادەنرێن، لەبەرئەوەی کڕۆکی هۆی بوونیان دەستکردی هەلومەرجی جوگرافیاییو

سیاسی بووە، لێکۆڵینەوەیان لە سنووری جوگرافیای زمانەوانی دەرناچێت.)(فوئاد حەمە خورشید: ٢٠٠٨: ٩١ (

**پوختەو ئەنجام :**

لە هەموو ئەو بیرو راو بۆچوونانەی کە خرانەڕوو، دەکرێت لە چەند خاڵێکدا ئەنجامەکانیان کورت بکرێنەوە :

١- جۆراوجۆری و فرەچەشنی لەزماندا دیاردەیەکی سروشتییە، لە هەموو زمانێکدا هەیە، سەرەڕای ئەوەش دەگاتە ئەو رادەیەی هەموو کەسێك خاوەنی دیالێکتی تایبەتی خۆی بێت .

٢- یەکێك لەهۆکارەکانی دروست بوونی جۆراوجۆری لە زماندا بۆ باری جوگرافی دیاردەکانی دەگەڕێتەوە، لەوانە بوونی زنجیرە شاخی سەختو دەشتی بەرینو فراوانو زێو رووباری گەورە .

٣- جوگرافیا چ وەك زانستو چ وەك دیاردەکانی پەیوەندی راستەوخۆی بە زمانو زمانەوانییەوە هەیەو هەریەکەیان کارو کاریگەری لەسەری ئەوی تردەبێتو پێویستمان بە زانستی تایبەت دەبێت بۆ لێکدانەوەی ئەم پەیوەندییانە، بۆیەش زانستی زمانی جوگرافی سەری هەڵداوە .

٤- دیاردە سروشتییەکان کاریگەری گەورەیان هەبووە لەسەر دابەشبوونی دیالێکتەکانی زمانی کوردی، بەڵام ناشێت تەنیا لە چوارچێوەی ئەم هۆکارەدا باسیان لێوە بکرێتو هۆکارەکانی تر لەبەرچاونەگیرێت .

**سەرچاوەکان :**

أ- بەزمانی کوردی:

١- بەکر عومەر عەلیو شێرکۆ حەمەئەمین(٢٠٠٧)، زارو شێوەزار، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی .

٢- زبیر بلال اسماعیل(١٩٨٤) مێژووی زمانی کوردی وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە، یوسف رووف علی، بەغدا .

٣- حوسێن محەمەد عەزیز (٢٠٠٥) سەلیقەی زمانەوانییو گرفتەکانی زمانی کوردیی، چاپی دووەم، چاپخانەی کاردۆ، سلێمانی .

٤- محەمەد مەعروف فەتاح(٢٠١٠) لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوەو ئامادەکردنەوەی شێروان حسێن خۆشناو و شێروان میرزا قادر، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر .

٥- فوئاد حەمەخورشید (٢٠٠٨) زمانی کوردیو دیالێکتەکانی شیکردنەوەیەکی جوگرافیایی، چاپخانەی دەزگای سەردەم، سلێمانی .

٦- یوسف شەریف سەعید (٢٠١١) زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی





رۆژهەلات، هەولێر .

ب- بەزمانی بیانی:

١- القرآن الکریم .

٢- اردیان اکمجیان، ریچارد ای. دمرز، ان ك.فامر، رابرت ام.هارنیش (١٣٨٢) زبان شناسی در امدی برزبانو ارتباط، مترجم : علی بهرامی، رهنما، تهران.

٣- جورج یول (١٣٨٨) نگاهی به زبان (یك بررسی زبان شناختی)، ترجمه: نسرین حیدری، چاپ هشتم، سمت، تهران .

٤- ویلیام اوگریدی، مایکل دابروولسکی، مارك ارنف (١٣٨٦) درامدی بر زبان شناسی معاصر، ترجمه: دکتر علی درزی، سمت، تهران .

٥- رشید عبدالرحمن العبیدی (٢٠٠٢) مباحث في علم اللغة واللسانیات، الطبعة الاولی، دار الشؤون الثقافیة العامة، بغداد .



زینەب یووسفی

# پانتۆڵی موقەدەس

لە یەکێ لە ڕۆژەکانی بەهارێکی دڵڕفێن، پیاوێک عاشقی ژنێک دەبێت. ژنە دڵی پێدەدات و لەگەڵ یەکدا دڵداری دەکەن.

ژن بۆ کابرا پانتۆڵێکی خۆڵەمێشی دەکڕێت و لە کەوەنتەری جل و بەرگەکانیدا دەیشارێتەوە.

هەر شەوێك کە کابرا دێتە ماڵی ژن، ئافرەت بە حەزێکی زۆرەوە، پانتۆڵی خۆڵەمێشی لەنێوان جلوبەرگەکانی خۆی دەردێنێت و دەیداتە دەست کابراوە تا لە پێی بکات.

ئەو پانتۆڵە خۆڵەمێشییە دەبێتە یەکەمین هەنگاوی لەیەك نزیك بوونیان.

پانتۆڵ بە جۆرێك لەگەڵ یەکدا مۆتوربەیان دەکات، کە خۆیانیش قەت وایان لێی بیر نەدەکردەوە کە ژیانی دڵدارییان تا ئەو ڕادەیە گرێ بخواتە ئەو پانتۆڵە خۆڵەمێشییەوە.

هەرکە کابرا پانتۆڵ لە پێی دەکات، لەپڕ هەموو شتێکی ژیانیان دەگۆڕدرێت و چ ترس و وەحشەت و خەم و تەنیاییە لە ژیانیاندا نوقم دەبێت و هەردووکیان دەبنە دوو مرۆڤی پڕ لە عەشق و خولیا و ئارزووە جوانەکان.

کە کاتی ڕۆیشتنی کابرا دێت و پانتۆڵ لە پێی دەردێنێت، دیسان دەگەڕێنەوە نێوان دونیا خەماڵوودەکەی خۆیان و لەیەك جوودا دەبنەوە.

کابرا بەخەم و پەژارەوە ژن بەجێ دەهێڵێت و ژن وەکو هەوری بەهاری فرمێسکدا دەبارێنێت و پانتۆڵی خولەمێشی لە کەوەنتەری جلوبەرگەکانیدا دەشارێتەوە. ژن وا خەم دایدەگرێت کە لەوانەیە لەپڕ دڵی بوەستێت.

کات تێدەپەڕێت و هێدی هێدی پانتۆڵ لە پێش نیگایانەوە دەبێتە بازنەیەکی مەزن و گرینگ کە هەردووکیانی خستووەتە سووڕانێکی هاوبەشەوە. هەردووکیان تێدەگەن کە ئەو پانتۆڵە چەند بەهێزانە دونیایان دەگۆڕێنێت و چۆن دەبێتە هۆی سڕانەوەی نەهامەتی و چەرمەسەریەکانی ژیانی هەردووکیان.

پەیتا پەیتا زەمەن تێدەپەڕێت و وەرزی هاوین دەست پێدەکات. لە هاویندا تیشکی شەو و ڕۆژە داخەکان و تینی عەشقی ئەو دووانە، ڕەنگی پانتۆڵ دەگۆڕێن. ئارەقی لەشی پیاو لە پانتۆڵی خۆڵەمێشی دەدات و هەندێ شوێنی کۆن و سپیی دەکات.

کابرا لەژێر لێویەوە زمزمە دەکات: ئای چەندە ڕقم لە هاوینە و چەند حەزم لە پاییزە.

بەڵام ژن، لە زەریای داخی هاوین و عەشقە داخەکەیاندا بەردەوام لە مەلەدایە و ئاگای لە هیچ نییە.

هاوینیش تێدەپەڕێت و پاییز لە ڕێگاوە دەگات. کابرا لە خۆشی پاییزدا وەکو مندالێکی ڕووح سووکی لێهاتووە و بەردەوام لەکاتی پۆشینی پانتۆڵدا وەکوو شتێکی مۆققەدەس سەیری دەکات، بێ ئەوەی تێی بگەیێت پانتۆڵ ڕەنگی پێوە

نەماوە و خەریکە دەپرتوکێت.
پاییز دەست پێدەکات و لەگەڵ خۆیدا باوباران دێنێت. ژن هەست بە سەرما دەکات و لەژێر لێویەوە دەڵێت: ئای چەندە ڕقم لە پاییزە.
ڕەنگی پانتۆڵ لە پەسا دەگۆڕدرێت و کۆن و کۆنتر دەبێتەوە.
گەردەلوولەکان دەست پێ دەکەن و بارانەکان بەهێزتر شوێن و کات دەشۆنەوە
.
ژن لەژێر لێویەوە هاوار دەکات: بڕوا بکە من ڕقم لە پاییزە، زۆرم ڕق لە پاییزە.
گەردەلوولەکان و بارانە بەهێزەکان ناهێڵن دەنگی ژن بگاتە ویژدانی کابراو، تەم و مژە بەردەوامەکانی پاش بارانەکان ناهێڵن، کابرا هەست بە کۆن و شی بوونی بەردەوامی پانتۆڵ بکات.
"گەلێك ڕقم لە پاییزە گیانەکەم".

ڕۆژێك گەردەلوولێکی زەرد لە کۆڵانەکانی شاردا هەڵدەکات و ڕێگا لە کابرا دەگرێت و ناتوانێت لە کاتی دیاریکراودا خۆی بگەیەنێتە جێژووانەکەی، واتە ماڵی ژن.
ژن لە پشتی شوشە لێڵەکانی پەنجەرەی ماڵەکەیەوە، بە خەمەوە لە چاوەڕوانی کابرا دایە و زمزمە دەکات: "من گە لێك ڕقم لە پاییزە گیانەکەم."
ڕۆژی دوواتر، گەردەلوول بەهێزتر دەبێت و دیسان کابر ناتوانێت خۆی بگەیەنێتە ئامێزی ژن و لەوانەیە هەر شێت بێت، ئەوان تەنیا لە ئامێزی یەکدا کە هەست بە زیندووبوون دەکەن، بۆیە خەریکن لە دووری یەکتردا شێت دەبن.،
کابرا ناتوانێت بێتە جێژوان و ژن پاش چاوەڕوانیەکی کوشندە، دیسانەوە پانتۆڵی کۆن و شڕ لە ژێر جل و بەرگەکانی نێوان کەوەنتەردا دەشارێتەوە.
کاتژمێر لە دوای کاتژمێر و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تێدەپەڕێت بێ ئەوە گەردەلوول دامرکێت و ئارام بگرێت، کابرا ئیدی لەو هەوڵدانە بێ ئاکامەی، ماندوو دەبێت و شوێنێك لە ئەودیوی شووشەی پەنجەرەی ماڵەکەیەوە، بۆخۆی دابین دەکات و دەکەوێتە بازنەی چاوەڕوانیەکی بێ سوودەوە.
گەردەلوول دەست هەڵگیر نابێت و ژیانی ژن و پیاوەکە ئاڵۆز دەکات. ئامێزی ژن بە تەواوی ساردەوە دەبێت و هەموو ڕۆژێك سەردانی پانتۆڵی خولەمێشی دەکات، تا





بەو شوێنە کە هەست دەکات تەمەنی ئەو پانتۆڵە ئاکامی هاتووە و دەبێت بە جۆرێك مەرگی پانتۆڵ چارەسەر بکات.
گەردەلوول بەردەوامە و کابرا لەودیوی شووشە لێڵەکانەوە لە بازنەی چاوەڕوانیە خەمگینەکەیدا لە سووڕانەوەدایە و پانتۆڵ دەپرتووکێت و ژن خۆڵی پانتۆڵی خۆڵەمێشی لە شووشەیەك دەکات و هەموو ڕۆژێك دڵۆپێکی ئەسرینی بەسەردا دەبارێنێت و کابرا هەوڵ دەدات ژن لەبیربکات بەڵام نا، ناتوانێت.

ئاکامی یەکەمین بەش.

ژووان

# با هەستم بڕۆم

٧

**ڕەسووڵ سوڵتانی**

دەی هەستە درەنگە نیگەرانی چیی؟ کوڕە هەی داوەشێی دەڵێی یەکەم جارتە؟ ها؟ وەڵلا چووزانم. با بڕۆم و زۆر چاوەڕێ نەبێ. دەزانم ئێستا لە کەلێنی پەنجەرەکەوە هەر چاوی لە دەرێیە. پێم وت ئەو وێنەیە لە دیوارەکە لێ بکەوە. ئاخر لێی نەکاتەوە نابێ نا، چیی چاوم بەو وێنەیە دەکەوێ کزەم لە جەرگی دێ. ئەو ڕۆژە کە ئەم وێنەیەم لێ گرت، گوتی: وێنەیەکی جوان دەبێ. بگەڕێمەوە لە دیواری دەدەم. کە شوشتەمەوە و لە دیوارەکەم دا، نازانم چاوەکانی تەوسێکیان تێدابوو کێوی لەبن دێنا. هەر کەسە و قسەیەکی کرد. هەر کەسە و جۆرێکی لێک دایەوە. یەکێ گوتی سەرکەوتن و یەکێ گوتی مەرگ لە نیگای دەبارێ. ئەو خەڵکە زمانیان وەک بلوێری شەیتان وایە. هەر جارە و لە هەوایەکی لێ دەدا. دەی جا کەیفی خۆیانە خۆ زاری ئەو خەڵکە بە من نابەستریٚ...

بوو بە ٢. وەختییەتی با بڕۆم. ئا ئا کوڕە





شەو قەلای میرانە ...

وەیش ش ش یادت هەر بەخێر بێ. دەزانی ئەو قسەیەم ئەوێ شەوێ لەتۆ بیست؟ بەخوای شەوێکی ناخۆش بوو. ئەژنۆم وەک ئێستا دەلەرزین. گوتت دەبێ بڕۆین. زانیت دەترسم، بەتەوسێکەوە گوتت: بەخوای بابە تەواوم کرد. کوڕە هەستە شەو قەلای میرانە، تازە ئێمە پیاوی شەوین و بە ڕۆژ هەر دەبێ خۆ وەشارین. هەستە درەنگە. ڕێک سەعات دوو بوو. شەو زرینگابۆوە. وەک ئێستا .

کوڕە خۆ لە ٢ لایدا. ئەو ماڵوێرانە هەر چاوەڕێمە. گوتیشی ئەگەر هاتی هەوڵ بدە بڕێک بە پارێزەوە بێی. نازانم بۆچی ماوەیەکە ئەوەندە ماتە؟ نا هەر ماوەیەکە زۆر زۆر تێک چووە هیچ لە جاران ناچێ. جاری جاران نیوەڕۆ یان بەیانی هەر کاتێک چووبام بەلایەوە ئاسایی بوو. چما خەڵک دەتوانن بڵێن چی؟ باشە چییان پێوە دیتووین؟ ها؟ ئەمن هەر وەک منداڵەکانی خۆم سەیرم کردوون. نەمکردوون؟ کێ دەڵێ نا؟ بەخولای خەڵکێکی سەیرن. هەر دەزانن لە بن دیواران راوەستن و قسە و قسەلۆک و بوختان بۆ خەڵکی هەڵبەستن. سەرم لێیان سووڕ ماوە. کوڕە سەیر بکە ئەگەر ڕۆژێک هیچ کەسیان وەگیر نەکەوێ، ئەوە هەر نەبێ قسەیەک بۆ دایکی خۆیان هەڵدەبەستن. بەزەییان بە کچ و خوشک و دایکی خۆشیاندا نایەتەوە. دێتەوە؟ نە بەخوای. ئەگەر تۆزێک ئینسافیان بوایە، تۆ خوا نەدەبوو هەمووان وەک دایک و خوشکی خۆیان سەیر بکەن؟ دەبوو ئاوا سووکیان بکەن و قسە و بوختانیان وەدوو بخەن؟ وەی وەی لە بەر زمانی ئەوانە. باشە قسە و باسی ئەوانە نەبوایە "گەلاوێژ" خۆی هەڵدەواسی؟ گەلاوێژی بەستەزمان. بەخوای جوانیش بوو. ئەرێ وەڵلاهی لە سەر چاوی کوێرت دانابایە ڕوونی دەکردەوە. تۆ بڵێی ڕاست بێ؟ وەڵلاهی چووزانم... ئەو هەتیوە دەیگوت بەچاوی خۆم بە ڕووتی دیتوومە. هەزار سوێندی خوارد. دەیگوت بۆیەشی باس دەکەم کەس چاوەڕوانیی لەو نەبوو کاری وا بکا. هەموو پێمان وابوو ئەو دەبێتە سەرباشقە و نموونەی وڵاتەکەمان. ئاخر هەموومان سوێندمان بەسەری نەدەخوارد؟ دیسان نەدەبوو لێی لە هەڵلا بدەی وا نییە؟ گوتی: لە هەڵلای چیی؟ بەخوای دەسەڵاتم بوایە چاویم دەردێنا. چاوی گەلاوێژ حەیفن. کەس دڵی نایە دەریان بێنێ. گەلاوێژ دەڵێ شۆڕش بۆیەم ئەو قسانە وەدوو دەخا بۆخۆی ژیانی لێ تاڵ کردووم ئەوەندەی داوام لێ بکا. دەڵێ، شەوی وایە هەتا بەیانی لە

قوونەبانی ماڵەکەم دەسوورێتەوە. نیگابانەکان زۆر جار دیتوویانە. یاخوا ئەگەر درۆ بکەم رووم رەش بێ. ئەوەتا ئەوێ شەوێ سەعات دووی شەوێ هاتبوو لە پەنجەرەکەی دەدا...

جا بۆ راست دووی شەوێ؟ تۆ بڵێی درۆی نەکردبێ؟ وا لە شۆڕش رانابینم. سەعات ٢ی شەو لە خۆڕایی بچێتە پشت پەنجەرەی.... ئەمن قەت ناچمە پشت پەنجەرەکەیان. ئەرێ من هەر لەبیرم نەما سەعات چەندە؟ ها؟ پەکوو، کوڕە ئەوە لە سێ نزیك دەبێتەوە. وەڵڵا شەوگارم شەق کرد. گوتم ئەحمەد شەوگار کەی شەق دەبێ؟ گوتی: بێدەنگ بە دەنگ دەڕوا. بەیانی پێت دەڵێم. هاتم بڵێم ئەو شەوە چ قەڵایەکە من ناتوانم تێیدا سریوەم بێ. هاتم وا بڵێم و نەموێرا. زانیم تووڕە دەبێ. لە دڵی خۆمدا گوتم، لەوانەشە وابێ. لەوانەیە شەو قەڵای پیاوە بێدەنگەکان یان ئەو پیاوانە بێ کە بەبێدەنگی... بۆم نەچۆوە سەر یەك. هەتیو ئەو ئەحمەدە پەند و نەزیلەی وای دێناوە دەتگوت لە گیرفانی دەریان دێنێ. بڕوات بێ لە جەنگەی وادا قسەی وای دەکرد هەر پێت سەیر بوو. کوڕە دەتدی جاری وابوو تۆ ناوی خۆتت لەبیر چۆتەوە کەچی ئەو وەك رۆمانێك یان شیعرێکت بۆ بخوێنێتەوە قسەی بۆ دەکردی. ئەوێ رۆژێ کە وا نیوەڕۆیەکەی هاتنە سەرمان، گوڕاندی و گوتی هەستە. زەندەقم چوو. گوتی هەتیو ئەوە لە تۆقیوان ترساوی؟ هەستە هەستە کەڵ بە مەوتەن شەڕ دەکا. ئەوانە زراویان لە پنچکە دەوەنی لای ئێمە چووە. گوتم ئاخر... گوتی کاتی وەی نییە. راسان نیوەی سەرکەوتنە. پەلامار بدە، بنەڕێنە و تەقە بکە. وەی لەو رۆژە رەشەی. کافر نەیبینێ. سەیر بوو، لەو جەنگەیەدا قاقای دەکێشا و تەقەی دەکرد. کە زانیی کوڕەکان لە پشتەوە گەیشتنێ و فریامان کەوتن، خۆی پێ زەوت نەکرا و لە خۆشیان هەستایە سەر پێ و هەر بە پێوە تەقەی دەکرد. هێندەم نەزانی هاوارێکی لێ هەستا. نەمتوانی دەمودەست بگەمە سەری. رۆژی رەش بوو. کە گەیشتمێ، رەنگی زەرد ببوو بەڵام هۆشی هەر مابوو. برینەکەی زۆر قورس بوو. بزەیەکی هاتێ و گوتی: نەمگوت ئەو سەگبابانە ورەیان نییە؟ کەلاکیان زۆر لێ بەجێ ماوە؟ گوتم: زۆر، بەڵام بە لەشکرێکیان ناکەنە پێڵاوەکانی تۆ.

گوتی لەوەی گەڕێ، ئێمە سەردەکەوین، بەس ئەگەر دەرنەچووم ئاگات ...

کوێراییم دایە ئەحمەد قسەکەت پێ تەواو نەکرا. دەستی شکاوم هەی. بە چاوان کاکە، خەمت نەبێ. وەك چاوی خۆم ئاگام





لێیان دەبێ. بەس چ بکەم ئەوەتا خەڵك لێ ناگەڕێن بە رۆژ هاموشۆیان بکەم. چما دەهێڵن سەراسۆیەکیان بکەی؟ دەبێ بە هەزار ترس و لەرزەوە بچم. ئێستا ئەو ماڵوێرانە چاویشی خێل بووە ئەوەندەی چاوەڕێ بێ... ئەو رۆژە گوتی با زاری ئەو خەڵکە ببەستین و بە عالەمی ئاشکرا....

بەخوای کەرە... من شتی وا چۆن دەکەم، ئاخر بۆیە دەڵێن ژن... کوڕە ژن بڵێ چی؟ ئەی پیاو زۆر شەریفترن؟ لەوەی گەڕێ خوا بکا ئەو وێنەیەی لە دیوارەکە کردبێتەوە دەنا...

# ئەو بەفرە، ئەو بەفرە نەفرەتییە

جەمال میر سادقی

لە فارسییەوە: خالید فاتیحی

ئەو سەردەمە،من چواردە پازدە سالان بووم. دەچوومە بەردەرگای مالان،وەدوای مشتەریەکان دەکەوتم و قەرزەکانم کۆدەکردنەوە.وەستایەکەم،لەلای حاجی ئاغازۆر تاریفی دەکردم:

((ماشەڵڵا منداڵێکی وریاو زیرەکە.کاتێك دەینێرم،تاپارەکە وەرنەگرێ ناگەڕێتەوە.))

دووکانی قەسابیەکەمان سەرە ڕێگابوو.کڕیاری جۆراو جۆرمان هەبوون. گەڕەکی ئەفسەران بوو.تا حەزت دەکرد پشکنەرو ئەفسەری مشەخۆری لێ بوون. دەهاتن گۆشتیان بەقەرز دەبرد،پاشان لەبیریان دەچوو کە قەرزدارن.یەکێکیان دەویست وەبیریان بێنێتەوە!هەر کە سەرو کەللەیان دەردەکەوت،وەستام دەیگوت:

((جەعفەرگیان ڕاکە،بزانم چی دەکەی کوڕی باش.))







کارێکی قێزەون بوو.پڕ ڕوویی و دەم شڕی دەویست.گەندە کاری بوو.ئێستا کەبیری لێ دەکەمەوە تێکدەچم.تەنیا کارێك بوو کە هەموو فرت و فێڵەکانی باش فێرببووم و هەموو ڕێگاکانم تاقی کردبوونەوە.هەر بۆیەش بوو،وەستام زۆر خاتری دەویستم.هێندە لای ئەم و ئەو تاریفی دەکردم: ((منداڵێکی زیرەکە،منداڵێکی وریایە...))هێندەی تاریف دەکردم،هێندەی تاریف دەکردم.لەخۆ بایی ببووم ئەویش چۆن!پێم وابوو کە ئەوە تەنیا کارێکە لەدەست من دێت.شاگردەکانی دیکە ئەو تواناو لێهاتووییەیان نەبوو.لەبەر چاوی ئەوان چ کەش وفشێکم نەدەکردو چ پۆزێکم لێ نەدەدا!

تکاو بەهانەکان هەمیشە وەکو یەك بوون:

((بەڵێ،بەڵێ،ڕاستە،لەبیرم چووبوو.بەیانی دێم جێبەجێی دەکەم،ئێستا پارەی وردەم پێ نییە.))

یان پارەی وردەیان پێنەبوو، یان زۆر بەپەلە بوون و کاتیان درەنگ بوو،یان بەهانەیەکی دیکە.

لەدوا جاریشدا دەیانویست بە هەڕەشە بمگێڕنەوە.

((باش نییە کوڕە،بڕۆ ونبە!دەنا دەتدەمە دەست پاسەوانەکان.))

لەو جۆرە هەڕەشانەیان دەکرد.دەنگیان گڕدەکردو خۆیان گیف دەکردەوەو چاویان دەردەپەڕاندو دەستیان ڕادەوەشاند.بەلاّم نەیاندەزانی لەگەڵ کێ تێکەوتوون؟دەستم دەکرد بەهات و هاوار:

((گۆشتت بردووە،پارەکەی بدە!))

ئەگەر دەستیان لێ بەرز کردبامەوە،هات و هاوارێکی وام دروستدەکردو خەڵکم لەدەوری خۆم کۆدەکردەوە،کە واقیان وڕدەما.قەرزەکەیان دەداو هەرچی جنێوو سووکایەتییە،بەخۆم و وەستامیان دەگوت و بە ڕێی خۆیاندا دەڕۆیشتن.کاتێك دەگەڕامەوەو بۆ وەستام دەگێڕایەوە قاقا پێدەکەنی و دەیگوت:

((دایك سەگانە خوویان بە مشەخۆرییەوە گرتووە،قۆڵی خەڵکی دەبڕن و سنگ دەردەپەڕێنن.))

لەنێو قەرزدارەکاندا هەموو جۆرە کەسێکی تێدابوو.ژن،پیاو،چارشێو بەسەر،بێ حیجاب، مەدەنی و سەربازی، پیروگەنج، نازانم بۆ هێندەیان پێخۆشبوو ماڵی خەڵکی بخۆن.یەکێك بەسەرو هەیکەلی کەشخەوە دەهاتە پێش و یەکێکیش بەلووت بەرزیی.بەلاّم ئامان لەدەست ئەوژنانە،چ کلاّوێکیان لەسەری کاك مەحمود، بەردەستی وەستام نەدەناو چ فرت و فێڵێکیان لێ نەدەکرد.

رۆژێك وەدوای ژنێك كەوتم كە لەو بووكەشووشانەبوو.زۆرجوان خۆی تاس و لووس دابوو.سێ كیلۆ گۆشتی بێ ئێسقانی وەرگرت و لە زەمبیلەكەی هاویشت،بەشەرمەوە گوتی:

((ئاخ،كیسە باخەڵەكەم لەبیرچووە،لە خۆم خەجاڵەتێ!ئێستا چی بكەم؟))

بەجۆرێكی وا تەماشای كاك مەحمودی كردو بزەی هاتێ كە كاك مەحمود بێ ڕاوەستان گوتی:

((گرنگ نییەخانم.دوایی دێن پارەكەی دەدەن.خۆ هەڵنایەی!))

كاتێك دوور كەوتبووەوە،وەستام لەكاك مەحمودی پرسی:

((دەڵێم كاك مەحمود،ژنەت دەناسی؟))

((وەڵڵاهی،زۆر باش نا،یەك دووجاران گۆشتی بردووە،مشتەرییە.))

وەستام گوتی: ((باش بوو جەعفەرت وەدوا دەخست.))

كاك مەحمود گوتی: ((نا بابە،پێم وانییە لەوجۆرانەبێ.ڕووبەڕووی یەك دەبینەوە،ئەوانە خانەدانن.))

بەڵام كاتێك سێ چوار مانگ تێپەڕین و ژنە دەرنەكەوت،كاك مەحمود گوتی:

((ئەوژنە زۆر فێڵباز بوو،ها!ئەوانە نابێ بەڕواڵەتیان تێبكەوی.))

بەوسەرو بیچم و ڕواڵەتەیەوە،وام هەست دەكرد زۆر بەئاسانی دەتوانم پارەكەی لێ وەربگرم،بەڵام

لەو بەڵایانەی ڕۆژگار بوو.هێندەی لەو كۆڵانەوە بۆ ئەو كۆڵان و لەو شەقامەوە بۆ ئەو شەقام هێنام و بردم لە پێ كەوتم.وای قیافە دەگرت دەتگوت وەرگێڕكەی ماڵیانم و بەدوایدا ڕادەكەم.

تا گەیشتینە شوێنێكی قەرەباڵغ و دەمویست هات و هاوار بكەم،ڕاوێژی دەگۆڕی و بەمیهرەبانییەوە دەیگوت:

((زۆر باشە،زۆرباشە ئیدی.))

پێم وابوو دەیەوێ شوێنێكی چۆڵ وەبینێ و پارەكەی دەربێنێ و بمداتێ.زۆر جاری وا ڕێكەوتبوو كە داوایان لێدەكردم پەلە نەكەم تا شوێنێكی گونجاو دەبیننەوە،ئەوجار لە سووچی كۆڵانێك یان لەبەر هەیوانی ماڵێك،كراسەكانیان هەڵدەدایەوەو لەبەر چاوە ئەبڵەق بووەكانی من،ئەسكیناسی گرمۆڵە دراویان لەژێر گۆرەویەكانیان ،یان لە پووزووی شۆرتەكانیان دەردێناو دەیان دامێ.

بەڵام بەهەڵە چووبووم.سەگبابە بەگێلی دەزانیم.فریوی دەدام.دەیویست لەلای خەڵكی ئابڕووی نەبەم.

كە دەگەیشتینە شوێنێكی چۆڵ،بەردی تاو دەدایەو تێیدەگرتم.دووسێ بەرد بەبن





گوێمدا تیژ تێپەڕین.

سەرەنجام لەداوم خست.لە بازاڕچەیەك دەستم كرد بەدادوهاوار.هەموو كاسب كارو خەڵكەڕێبوارەكان لێم كۆبوونەوە.ژنە زۆر باش لە داو كەوتبوو.پارەكەی لە جانتا دەرهێناو بە ڕوویدا دام.زاری خوار كردەوەو گوتی:

((سەرو سەكوتت خواتەوە!))

پارەكەم هەڵگرت و وەڕێ كەوتم.چەند كۆڵانێك ڕۆیشتم،سەیرم كرد بەغاردان دوام دەكەوێ.پەشیمان ببووەوە لەوەی كەپارەكەی داومێ.پێی وابوو بە دووتمەن كەبمداتێ،دەتوانێ پارەكەی وەربگرێتەوە.

لەو زۆڵانەی ڕۆژگار بوو.خۆش بوو لەوێ بای و سەیرتدەكرد،كەلە كۆڵانە چۆڵەكە چەندە خۆی باش و میهرەبان دەكرد.!

ئەو ڕۆژە بەیانی،بەفر دەستی كرد بە بارین چ بەفرێك!دەبوایە لە وێ بایی و سەیرت كردبا.سەرەتا شەقام وكۆڵانەكانی پڕكرد،پاشان هەموو شوێنێكی داپۆشی.ماڵەكان،كۆڵانەكان،شەقامەكان،درەختەكان سپی سپی ببوون.بەفر.بەفر.بەفر.دەتدیت بەفرەو بەسەر بەفردا دەبارێ و لەبەرچاوت لەسەر یەك هەڵدەچنرێ.بەفردەبێتە دارتێلی كارەبا،دەستەكانی بۆ هەوا بەرز دەكاتەوە،بەفر دەبێتە درەختێك و باڵندەی بچوك و سپی لەسەر لكەكانی هەڵدەنیشن،بەفر دەبێتە بێچوە پشیلەیەكی چەمووش و لەسەر لوولەی ئاوەڕۆی سەربانەكان هەڵدەواسرێ.بەفر.بەفر.بەفر.

مرۆڤ حەزی دەكرد لە پەنا ئاگر دابنیشێ و بەوشێوەیە سەیری بكا.

لەدەوری مەقاڵەی ئاگر دانیشتبووین.كارو كاسبی كزبوو.مشتەری سۆراخیان نەبوو.سەرما هێڵەی دەكرد.كێ تاقەتی چوونەدەرەوەی هەبوو؟ئێسقانەكان لە پێشخانەكە هەڵدرابوونە سەریەك.ڕێزدار جەنابی سەرهەنگ نەهاتبوو بۆ سەگەكەی بیان بات.پێشخانەكە پڕببوو لە خرت و پرت.دەبوایە لە گونیەكت هاویشتبان و برد باتنەدەرەوە. بەڵام كێ حەوسەلەی هەبوو لەپێش مەقاڵەكە هەستێ؟

ئاگرەكە نێڵەی دەكردو قسەكانی وەستاشم زۆر دڵگیربوون.

باسی ڕۆژگاری كۆنی دەكرد.ڕۆژگارێك ڕۆن ٧٥گرامی بەچوار عەباسی و هێلكە مریشكیش دانەی بە سەنارێك بوو*،هێشتا خێرو بەرەكەت هەرمابوو.

وەستام حەزی لەبەفر نەدەكرد،دووژمنی بەفر بوو.بەناخۆشترین كات سەیری كلووە بەفرەكانی دەكردو دەیگوت:

((دەبەر بارانێ مرم،بەفرچییە؟باران دێت

و دەڕوات.بەفر دەمێنێتەوەو هەناسەی زەوی دەگرێ.بەفر دووژمنی گیان وماڵی خەڵکە.ماڵی خەڵك خەراپ دەکات.گیان لەبەرانی خودا برسی دەکات.))

باسی دەکرد:

((لەکۆندا بەفرێك باری باڵاپیاوێك.ماڵەکانی داپۆشی،دیوارەکانی ونکرد.درەختەکانی وشککرد.ماڵاتەکان لەبرسان تەلەف بوون.ژیانی خەڵك گۆڕا.گرانی و نەخۆشی هات.خەڵك بۆ پاروەنانێك لەهەموو دەرگایەکیان دەدا.زگیان بای دەکردو دەکەوتن و دەمردن.))

وەستام چاوی لە کلووە بەفرەکان بڕیبوو دەیگوت:

((ڕەحمەتی خودا لە حاجی یەحیابێ و گۆڕەکەی پڕبێ لەنوور.ڕۆژێکیان لەسەرخۆ چەند گونییە برنجێکی لە مەنجەڵێك کردو پلاو برنجێکی باشی درووستکرد.قاپ قاپ تێیکرد.بانگی منی کردو گوتی

عەباس گیان،باخێرەکەی بۆ تۆبێت و بڕۆ بیدە بە لێقەوماوان.پاداشتت لای ئیمامی عەلی.سەرماو

بەفرێکی بێ ئامان بوو.قاپەبرنجەکانم وەردەگرتن و دەمبردنە دەرێ و دەمدانە لێقەوماوان...هیچ لەبیرم ناچێ قاپی ئاخیرم بۆخۆم دانابوو دەهاتمەوە ماڵێ،لەناکاو لە کۆڵێتێکدا گوێم لەدەنگی

گریەو ناڵەی منداڵێك بوو،هاتمەپێش لە کونێکەوە سەیرم کرد،ژنێکی گەنج دانیشتبوو،مەمکەکانی

لەزاری منداڵە شیرەخۆرەکەی دەنا.منداڵە مەمکەکانی دەگرت و بەری دەداو دەستی دەکرد بەگریان.منداڵێکی دوو ساڵەش دەگریاو دەیگوت: دایە برسیمە،برسیمە...نازانی چەندە تێکچووم. دڵم داخورپا.بە هێواشی لەدەرگام دا.ژنەپەرێشانەکە هاتە بەردەرگا.قاپە برنجەکەم دایە.دەستم لە گیرفانم ڕاکردو هەرچی پارەی لە گیرفانم دابوو دەرم هێناو لەگۆشەیەکی قاپەکەم دانا.چوومەوە ماڵێ.))

هەروا کەقسەی دەکرد،سەیری دەرەوەی دەکرد دیتم خۆشحاڵە کەبەفرەکە خەریکە دەیکاتەوە.

تازە سەرو کەللەی چەند کەسێك بەنەقدی پەیدا ببوون،کلوەبەفرەکان،بەپەرش و بڵاوی لە ئاسمان

دەهاتنە خوار.ئیدی پێی نەدەگوترا بەفر،پاشماوەی ئەو بەفرەبوو کەلە بەیانییەوە یەك تەکان دەباری.وەستام هەروا کەتەماشای دەرەوەی دەکرد،لە ناکاو تێکڕابوو گوتی:

((جەعفەر غاردە توند دەڕوات...))

منیش لە پێش مەقاڵەکە هەستام و







ڕامکردە دەرەوە.سەرماش بەدوامدا،ئەو سەرما گورچووبڕە. وەستام گوتی:

((بیست تمەن قەرز دارە،هەر گۆشتی بردووەو گوتویەتی دێم بۆتان دێنم.))

کە لاقم چووە ناو بەفرەکە،دەستمکرد بەلەرزین.ژنەتیو کەی ئێستا وەختی هاتنەدەرەوەبوو؟تۆ کە لەو دەور وبەرانە خۆت نیشان نەدەدا،بەو ساردو سەرمایە کە سەگیش لەلانەی خۆی نایەتەدەر،بۆ هاتویتە دەرەوە؟هاتوی لە پەنا مەقاڵەئاگرەکە هەڵمستێنی؟چەندیش توند دەڕوات کافربابە! من ئێستا دووهەنگاوم نەنابوو،کە ئەولە کۆڵانەکە بایدایەوە.بەو چارشێوەو بەو چەکمە نەفرەتیانەیەوە.

ویستم توند بڕۆم،زۆری نەمابوو بەسەر دەم و چاودا بکەوم.ئەو بەفرە نەگبەتە.کە گەیشتمە سەری کۆڵانەکە هیچ کەسێك لە کۆڵانەکە دیارنەبوو.ونم کردبوو.هەموو کۆڵانەکەم بەغاردان پێوا تا ئەوسەری کۆڵانەکەی دیکە.ژنەتیو دیار نەبوو.هەڵتەك هەڵتەك گەڕامەوە بۆ دووکان. وەستام گوتی:

((هێشتت لەدەستت دەرچێ،هیچ و پووچ؟))

وبستم دانیشم،ئێسقانەکانی نیشان دام:

((ئێستا کە هەر بەپێوەی،ئەوانە لەکۆڵ کەوە.))

ئێسقانەکانم لە گونیەك هاویشتن ، گرێم دان و هاویشتمە کۆڵم.ڕامکردە دەرەوە،وەك سەگی تێ هەڵدراو هەڵدەلەرزیم.

ئەوڕۆژانەی کە هەوا خۆشبوو،گۆشتە بۆگەنەکان و ئێسقانەکانم دەبردنە زبڵدانەکەی سەر ڕێگا.فیتوویەکم لێدەدا سەگەل بەکلکەسووتێ دەهاتن.بەڵام ئێستا کێ دەتوانێ ئەو هەموو ڕێگایە ببڕێ؟

هەر لەوێ لەپەنایەك هەڵم ڕشتن و گەڕامەوە.پێیەکانم لەگۆ چووبوون،ئەو بەفرە بێ ئامانە.پێیەکانم لەسەر ئاگر دانا.چزەی لێدەهات.پێم خۆشبوو لەناو ئاگرەکەم هاویشتبان.هێشتا گەرم نەببوومەوە کەوەستام نەڕاندی:

((دووبارە پەیدا بووەوە.بڕۆ ئەوجار لە دەستت دەرنەچێ.بیست تمەن و خوردەیەك قەرزدارە،نا جسنە نەدێ گۆشتی بەرێ،نە قەرزەکەش دێنێتەوە.))

بە لاژە لاژ هاتمەدەر،ناڕەسەن.چەقۆت لێدابام خوێنم لێ نەدەهات.ئاخر بڵێ تۆ کە لەو دەورووبەرانە خۆت دەرنەدەخست،ئێستا چ مەرگێکتە خۆت نیشان دەدەی؟لەسەر شەقامەکە گەیشتمە لای و هاوار م کرد:

((خانم،هۆی خانم...))

یەك دوو پیاو ئاوڕیان دایەوەو سەیریان کردم،مایەی شەرمە زاری!لەگەڵ کوڕوکاڵی گەڕەك زۆرمان تاقی کردبوونەوە.ئەگەر لەنێو هەزاریاندا بانگت کردبا: ((ئەرێ هۆی ڕووقییە خانم.هۆی...)) هەموویان ئاوڕیان دەدایەوەو تەماشایان دەکردی.دەتگوت ناوی هەموویان ڕووقییە خانمە!

کۆڵانەکە چۆڵ بوو دەنگی من وەك بۆمبێك تەقییەوە:

((ئەرێ هۆی ی ی ی ...))

بەلاَم ژنە هۆشی نەبوو تیژ دەڕۆیشت.لەبەر خۆمەوە گوتم لەو پیرە خەڵفاوانەیە.بەو چەکمەو لەش و لارەیەوە دیاربوو.ئەوجار خۆم گەیاندێ و لەپشت سەریەوە قیژاندم:

((خانم،هۆی خانم...))

یەکسەر ڕاوەستا.گەڕایەوە تەماشای کردم.کە ڕووخسایم دیت،تێکڕابووم.جوان و لەبارو مێرمنداڵ بوو.نەك وەك ئەوانەی خۆیان تاس و لووس دەدەن و کە باو بارانێك لێی دان،ناتوانی سەیریان بکەی.لەوانەبوو کە تادڵ حەزدەکا لێی ڕامێنی،جوان و لەبەردڵان بوو.چارشێوەکەی توند لەخۆیەوە پێچابوو،بووخچەیەکی گەورەشی لەبن هەنگڵ نابوو بەئەندازەی مەنجەڵێکی گەورە دەبوو.هەروا کەبەسەر سووڕمانەوە سەیری دەکردم پرسی:

((چیت دەوێ؟))

((وەستام ناردوومی....))

نەیهێشت قسەکەم تەواو کەم،برووسکەیەك کەوتە چاوەکانی،زانیم ناسیومیەوە.بە پەرێشانییەوە گوتی:

((بڕۆ پێی بڵێ پێویستی نەدەکرد یەکێکم بەدوابخا،هەرکاتێك بۆم گونجا بۆخۆم بۆی دێنم.))

هیچ نەیویست شێرو ڕێویان بێنێتەوە. هەرزوو تێگەیشتم کەفرت و فێڵی نیین،بەلاَم ئەو سەرما گورچووبڕە،لەپەل و پۆی خستبووم.گوتم:

((دەڵێ تا پارەکەی وەرنەگرم،نابێ پێم لەدووکان بنێمەوە.))

سەیرێکی سەرتاپای کردم.لێوەکانی لەرزین:

((کوڕیژگە گیان،ئاخر باش نییە وەدوام کەوی.خەڵك سەیرمان دەکەن،بۆمن باش نییە.بڕۆ پێی بڵێ هەرکاتێك پارەیەکم کەوتەدەست لەپێشدا پارەکەی ئێوە دەدەم.نامەوێ پارەکەتان بخۆم،چەند ساڵە مشتەریم.))

لەسەرمان ڕەق ببوومەوە هێندەم سەرمابوو:

((پێی گوتووم تا پارەکە وەرنەگرم نەگەڕێمەوە دووکان.کارو کاسبی کزە،حاڵمان باش نییە.))

ژنە چەند ساتێك ڕاوەستا،هەروا سەیری دەکردم.پاشان بێ ئەوەی وشەیەك بڵێ،سەری بەردایەوەو توند ڕۆیشت.بیرم کردەوە ڕەنگە بیری لەشتێك کردبێتەوە. هەمیشە کاتێك بێدەنگ دەبوون،نیشانەی باشی بوو.منیان تا بەردەرگایماڵەوەیان دەبردو پارەیان لەم و لەو قەرز دەکردو دەیان دامێ.دڵم نەهات دووبارە وەڕووی هەڵێنم،لەبەرئەوەی ژنێکی باش دیاربوو.نە جنێوی پێدام،نە بەردیشی تێگرتم،نە ڕێگاو شوێنیشی بۆدانام.هەروا وەدوای دەکەوتم و هیچم نەگوت.ژنەش هیچی نەگوت.بێدەنگ بوو،بەلاَم خەڵك سەیریان دەکردین. لەدواییدا دەتگوت تووڕەبووە،ڕاوەستا،بەچاوە ڕەشە گەورە کانییەوە تێم ڕاما:

((کوڕەکە گیان،ئاخر ئەگەر هەمبایە دەمدایتێ.هێندە وەدوام مەکەوە.باش نییە،خەڵك بیری خراپ دەکەنەوەخۆتۆ منداڵ نی،دەبێ ئەو شتانە بزانی.))

دەنگی دەلەرزی.نازانم لەسەرمان بوو،ئەو سەرما کوشندەیە،یان شتێکی دیکە.من پێم وابوو دەمباتە ماڵەوەیان تا قەرزەکەم بداتێ،منی خۆش خەیاڵ،دووبارە خاو بوومەوە.پێ و گوێم سڕببوون.قسەی وەستام: ((لێگەڕای لەدەستت دەرچێ هیچ و پووچ...)) دەستمکرد بەهات و هاوار.ژنە واقی وڕما:

((ئاخر بێ مروەت،کاتێك نەمبێ لەکوێ بۆت بێنم؟دەتەوێ لەبەرچاوی خەڵك ئابڕووم بەری؟))

پێیەکانم،گوێچکەکانم،ئەو سەرما گورچوو بڕە...دادو هاوارم بەرزتر کرد.دەستیکردبەپاڕانەوە:

((زۆرباشە هاوار مەکە،بەیانی حەتمەن لە جێگایەك بۆی پەیدادەکەم و بۆی دێنم،بەخودا بۆی دێنم.))

دەیویست توندتر بڕوات،سووچێکی چارشێوەکەم گرت. پێیەکانم، گوێچکەکانم، ((هێشتت لەدەستت دەرچێ...)) کۆڵەگریم لەگەروو دابوو،هیچ و پووچ...)) هات و هاوارم بەرزتر ببوو:

((گۆشتت بردووە پارەکەی بدە،بیست تمەن و خووردەیەکە.))

کاتێك خەڵك لێمان کۆبوونەوە،ڕەنگی چۆن گۆڕا،وەك مردووانی لێهات.

دەنگەکان بەپشتیوانی لەمن بەرزبوونەوە:

((کوڕیژگە گیان چییە؟بۆچی دەگری؟))

((کوڕەکە گیان چتە،کێ لێیداوی؟))

من هاوارم بەرزترکرد.بەرە بەرە کۆڵانەکەم وەسەر خۆم گێڕا.پاشان نازانم چی بوو چیم گوت کەژنە پەلاماری دام،بەو دەستەی دیکەی کە بەتاڵ بوو،دەستی

كرد بەلێدانم.چ چاپەلۆكێك،زۆری ئازاردام.فرمێسك چاوەكانمی پڕكرد.بێویژدانە سەیر دەستی دەوەشاند چ دەستێكی قورسی هەبوو!

هیچ كەسێك ئاوا لێینەدابووم، تەنانەت حاجیاغاشم. فرمێسك بەچاوەكانمدا هاتنەخوار.

گوێم لەدەنگەكان بوو:

((بۆ لێی دەدەی ژنەتیوە؟))

((گۆشتت كڕیوە پارەكەشی بدە))

((هەقت نییە لێیبدەی.منداڵەكەت كوشت؟))

ڕقم هەستا بوو كەئەوە چ جۆرە بنیادەمێكە.هیچ كات كار نەدەگەیشتە ئەو ڕادەیە. هەركاتێك خەڵك كۆدەبوونەوە،سەرو بەری كێشەكە پێكدەگیرا.بەڵام ئێستا دەمدیت كە ژنە بەڕووخسارە سپی هەڵگەڕاوەی،هەروا لێیدەدام.ئەگەر خەڵك لە بەر دەستی دەریان نەهێنابام،شل و كوتی دەكردم.بەڕاستی گێژبووم.هەم لێی بەڕق داچووبووم هەم دڵیشم پێی دەسووتا.خۆزگە لێی گەڕابام بڕوات.نازانی چەندە تێكچوو بوو،چۆن تێك تەپی بوو،چەندە بێچارەو بەدبەخت.

لەناو ئاپۆڕای خەڵكەكە ڕاوەستابوو چاوەڕەشەكانی دەبریسكانەوە.هەروا دەلەرزی،وەكو درەختێك كە ڕایوەشێنی. پێیەكانم،گوێیەكانم،دەستەكانم.هەمووی خەتای ئەو بەفرەبوو كەدووبارە دەستی كردبووەوە بەبارین.وەكو سەگێكم لێهاتبوو،سەگێكی هاری نەفرەتی.لەو كاتەدا چارشێوە كەیم ڕاكێشاو بووخچەكە لەبن هەنگڵیدا خزیەخوار.دیتم چەندە تێكڕابوو،چەندە دەستەپاچەبوو.دەیویست بووخچەكە توون بگرێ،دەستی لەرزی.دەستی وەبووخچەكە كەوت.بووخچەكە پەڕی،وەك تۆپێك،ڕێك وەك تۆپێكی یاری.لە هەوالێك بڵاو بووەوە.ئێسقانەكان،هەمان ئەو ئێسقانانەی كەمن لەكۆڵانەكە فڕێم دابوون،هەمان ئێسقانەكانی كە ڕێزدار جەنابی سەرهەنگ دەیبردن بۆ.....لە بەرچاوی هەمووان، كەوتنە سەر زەوی.

دیتم كە چۆن ژنە وەكو فانۆس زەرد هەڵگەڕا،دیتم چۆن ئەژنۆی شكاو لە پێش ئێسقانەكاندا لە سەر زەوی چۆكی داداو ئەشك بە ڕووخساریدا هاتەخوار.

چوومە پێش.ئازارم نەمابوو.چوومە پێش و دەستمكرد بە كۆكردنەوەی ئێسقانەكان.هەریەكەو بۆ شوێنێك پەرت ببوون.چەندە ڕقم لەو كەسانەهەستابوو كە لەدەوروو بەری ئێمە







كۆببوونەوە،چەندەش لەخۆم....

ئیدی نازانم چی بوو،كاتێك دیتم لە ژێر بەفردا ڕادەكەم و دەگریم،ئەو بەفرە نەفرەتییە....

* *

*

* سەنارو عەباسی دوو جۆرە دراوی كۆنی ئێرانی بوون.

سەرچاوە:

كتێبی: ((یادگاری خشكسالی های باغ))

انتشارات نیلوفر/١٣٧٦



خۆرخێ لویس بۆرخیس

# فەنتازیاکان

و/ مەلوول پەرێشان

١- خەونێك

لە چۆڵەوانیەکی قاقردا لە ئێران , قەلایەکی بەرزو بڵندی بەردین هەیە نەدەرگایەکی هەیە, نە پەنجەرەیەك .

لە تاقە ژوورەکەدا (بنەکەی خۆڵە و شێوەکەشی بازنەییە) مێزێکی دارو سەکۆیەك هەیە .لەو زیندانە بازنەییەدا پیاوێك کە کتومت لە من دەچێ بەپیتگەلێك کە تێیانناگەم , چامەیەکی درێژ دەربارەی پیاوێك دەنووسێ کە ئەویش لە زیندانێکی بازنەیی دیکە دا شیعرێك دەربارەی پیاوێك دەنووسێ لە زیندانێکی بازنەیی دیکەدا ...

ئەم زنجیرەیە کۆتایی نیە و هیچ کەسێکیش ناتوانێ ئەوە بخوێنێتەوە کە زیندانیەکان دەینوسن .

٢-ئەستوورەیەك

دوای مردنی هابیل , قابیل و هابیل تووشی یەکتری بوون لە بیابان رێیان دەکرد لە دوورەوە یەکدییان ناسیەوە ئاخر تابلێی بالآیان بەرز بوو , دەتگوت منارەن . لەسەر زەوی دانیشتن و ئاگریان کردەوەو نانیان خوارد . وەك پیاوانی شەکەت و ماندووی دەمەوئێواران بەبێدەنگی دانیشتن کروخامۆش . گەرچی هێشتان ناوێکی لێنەنرابوو , ئەستێرەیەك لە ئاسماندا بە گرشە گرش بریسکایەوە . قابیل لەبەر رۆشنایی ئاگرەکەدا شوێن و





نیشانەی بەردەکەی بە ناوچاوان و تەوێڵی هابیلەوە بینی نانەکەی دەستی کەخەریك بوو بۆ دەمی دەبرد , فرێداو داوای لە لەبراکەی کرد لێیخۆشبێ .

– تۆ منت کوشت یان من تۆم کوشت ؟

هابیل وتی : نایەتەوە بیرم ئەوەتانێ لێرەدا وەکو جاران بەیەکەوەین .

– ((ئێستا تێگەیشتم تۆ بەڕاستی لێم خۆشبوی , قابیل وتی , ئاخر لە بیر چوونەوە بەواتای لێخۆشبوون دێ منیش لە بیرچوونەوە تاقی دەکەمەوە .

– بەڵێ , هابیل بەکاوەخۆ وتی : هەتا پەشیمانی بمێنێ تاوانیش دەمێنێ ... ئەرێ برا هەتا پەژیوان بوونەوە هەبێ گوناهیش دەبێ !))

٣-هەرەشەلێکراو

ئەوە عەشقە , دیواری زیندانەکەی چون خەونێکی ناخۆش دەڕوێ دەبێ یان خۆم بشارمەوە یان هەڵبێم .

دەمامکە جوانەکە گۆڕاوە , وەك هەمیشە تەنیا , تەلیسمەکانم و مەشقە ئەدەبیەکانم چی سوودێکیان بۆ من دەبێ ؟ شارەزایی پەنهان و فێربوونی ئەو وشانەی کە بۆ باکوری زبرستان بەکارم هێنا تا بەسەر رێبازە شیعرییەکان و شمشێرەکانیاندا هەڵبلێ بەکەڵکیی چیم دێن هاوڕێتی بێ گەردو ریواقەکانی کەنجینەکەو شتە هاوبەشەکان ودابو نەریتەکان بەچی دەردێکم دەخۆن.

خۆشەویستیی لاوم بۆ دایکم سێبەری جەنگیی مردووەکانم شەوی بێوادە و تامی خەون بەکەڵکی چیم دێن ... لەگەڵتابم یا نەبم ئەوە پێوانەی ساتو وەختی منە . گۆزەکە لەسەر کانیەکە شکا , پیاوەکە بە ورینگەی باڵندەکە لە خەو هەستا , تاریکی ئەوانەی قووتدا کە لە پەنجەرەکەوە تەماشایان کردم ,تاریکی ئاشتی بۆ نەهێنام تاریکیی ئاسوودەی نەکردم و سوکنایی نەدا بەدڵم .زانیم عەشق و ڤیانە

پیری و ئارامی بۆ بیستنی دەنگی تۆ چاوەڕوانی و یادەوەریی . ترسی ژیانکردنی پەیدەرپەی

زانیم ئەڤینە بەمیتۆلۆجیاکەیەوە , بە سەحەرە بچووکە بێ سوودەکانیەوە .

گۆشەیەك هەیە ناوێرم پیێدا بڕۆم سەربازەکان نزیك دەبنەوە هەروەها مەحشەر گەلی ئاپۆراکەش ,

(ئەمە ژورێکە خەیاڵی , ئەو ژنە نەیدیوە) ئافرەتێك ناوەکەی ریسوایم بەسەردا دێنێ ژنێك ئازارەکەی لە هەموو جەستەمدا پل دەدا .

# چیرۆکی بیرەوەریی شەهیدێک

**عومەری مەولوودی / بۆکان**

زستانە، بەفر لەسەر بەفر دەبارێ. زەوی گۆیەکی سپیپۆشە و هەرگیز یەکسانییەکی ئەوتۆی بە خۆوە نەبینیوە. وڵات کڕ و کپە تەمێکی خەست خەست، هاوکات لەگەڵ کڕێوەیەکی ئاڵەبێژ دەشت و چیای لە ئامێز گرتووە و چاو چاو نابینێ. پەرسێلکەی چاو چەند هەنگاو دوورتر لە باڵ دەکەوێ و بێ دەرەتان هانا دێنێتەوە بەرپێ و چەواشە خۆ لە کالانی چاو ڕۆدەکاتەوە و ترسەنۆکانە لە کەلێنی برژانگەوە ملەتاتکەی چوار نیکاڵ دەکا و لە دووی ئەگەر و گریمانەیەک دەگەڕێ و لە دەروونەوە پێکدێ و دەبێ بە دڕندەیەکی ترسناک و تەزومچۆڕک دەخاتە جەستە و دار بە داری دارستانی لێ دەبێ بە مۆتەکەی مەرگ.

لە نێو ئەو دارستانە ترسناکەدا پیرەپیاوێک بە تەمەنێکی هەرگیز لەبیرنەهاتوو لە کۆلیتەکەیدا نەوەکانی لە دەوری ئاگردان کۆکردۆتەوە و منداڵەکان چاوەڕوانی گێڕانەوەی چیرۆکن. لە دەرەوەی کۆلیت هەر دەبارێ و بارشت زگماکە. گەردەلوول و کڕێوە باڵی مەرگ لە پشت دەرکە دەسوێ. نزیک نزیک لوورەی گەلەگورگ، دوورتر نووزەی چەقەڵ و واقەی ڕێوی ژان کردووو، سیڕەسیڕی داڵ و قڕقڕی قەل لە ئاسمان و گوێسوانەوە کۆلیتیان گەمارۆ داوە و دڵی منداڵەکان دادەخورێنێ. پیراپیاو نیگای خەیاڵاوی لە دەلاقەوە فڕیە دەرێ و بەدەم خەیاڵەوە کەوتە ڕاوێچکە:

—منداڵەکان! چیرۆکی ئەمجارەیان دیرۆکەی لە درۆ هەڵبەسراو نییە. ئەم چیرۆکە باس لە مەرگ و مان دەکا. ئەم دوو وتە، بە واتایەک دوورن لەیەک، بەڵام بە واتایەک بە مەودای ئاهێک یان تاقە یەک هەناسە. ژیان بە سەرەبەستی ژینی بێبڕانەوەیە. ژیان بە پەستی و بندەستی مەرگە. پیرەپیاو نیگای سڕ و سەرمابردووی لە نێو کڕێوە و تۆف گەڕایەوە و لەسەر گڕ گیرسایەوە و هێورهێور لەگەڵ خۆیدا کەوتە ورینە:

—ژیان ئاگردانە، ئاگردان بێ گڕ دەمرێ. گڕ گرێدراوە بە دارستانەوە. ئەو دارستان و لێڕەوارە خۆرسکە و سەربەخۆ ڕوواوە. ژیان لەسەر دەستی لێڕەوار ڕوواوە. کانیاو لە سای لێڕەوار هەڵقوڵاوە. کەواتە ئەی دارستان بسووتێ و ببە بە گڕ، ژیان گڕی دەوێ. پیرەپیاو بە دم بزەیەکی ژاراوییەوە دەنگی هەڵێنا:

—یەکێک بوو یەکێک نەبوو ڕۆژگارێک بوو سەردەمێکی تاریک و تاڵ، تاریکرت لە دڵی نەیاران، تاڵتر لە ژاری مار. بەختەوەری سەرشۆڕ و نەهامەتی ڕوو سوور. وەرزەکان هەموو وەرزی زستان و ورە لە کۆت و بەنددا دەیناڵاند. تاریکی لە تاریکستاندا فەرمانڕەوا بوو. ورە هەر نا، هەر ترس بوو پەڕی شاباڵی لە ڕۆحی ورە دەماڵێ. ورە و وزە کەل بوو و زۆرتر لە ددانی نێوزاری پیرێژنان دەچوو. پیاو هەر نا، پیاوەتی مردبوو. ناپیاوان سەربەست و سەرمەست. کەس خێوی خۆی نەبوو. کانیاو بە ترسەوە دەیڕوانییە ڕێبواری تینوو. قەڵەم زاری ببوو بە زاری ڕۆژوەوان و وشک هەڵاتبوو و جەوهەر جەوهەری لە دەست دابوو. وشەی زگماک هەر نا، وشەی زگماک ببووە کۆچەر و باو باوی وشەی بێگانە بوو. پیرەپیاو زویر زویر نیگای باڵی گرتەوە و لە دەلاقەوە فڕیە نێو مژ و لە شوێنێکی نادیار گیرسایەوە و ئاوێتەی تەم و تاریکی بوو و هێورهێور سەر هەودای ماشەری باسەکەی کردەوە:

—ئەرێ ڕۆڵەکانم! ورە و وزە ئەستێور و نەزۆک بوو کەس خێوی سەر و نامووسی خۆی نەبوو. زۆر گەیشتە ڕادەی گوشاری قەبر. منداڵی برزۆز لە گوێسوانان لینگیان شۆڕ کردبۆوە و چاویان بڕیبووە ناو گەڵیان. کیژان لە بێڵایان ڕەشیان پۆشابوو و ملوانکە لە مل و گۆبەرۆکیان داڕنی بوو. دایکان لە بەر دەگا و لە کۆڵانان بە دەم خوریشانەکردن و بنێشتجوینەوە خەو دەیبردنەوە. پیاوان لە بەربەڕۆچکە و لە بن دیواران خۆیان هەڵخستبوو و بەرۆکی کۆنەکەوا و پزووی کۆنەپاتۆڵیان دەدۆزی و بە پەنجە کەڵە یان ئەسپێیان دەکوشت. ئا ئا، ئاوابوو ژیانی ئەو سەردەمە. ئەری ڕۆڵەکانم! زۆر گەیشتە ئەوپەڕی زۆرداری و گیان لەوپەڕی بێگیانیدا وەگیان هات و هەموو چاوەکان دەڕوانینە ئاسۆی ڕۆژهەڵات چاوەڕوانی تروسکەیەک بوون.

هەم دیس بێدەنگی سای باڵی وەسەر کۆلیتدا کێشایەوە. باهۆزێکی ترسناک لە ناخی زەمانەوە هەڵی کردێ. لوورەی

گەلەگورگ، نووزەی چەقەڵ، واقەی ڕێوی ژان کردوو و سیڕەی داڵ بە دەم باوە ڕاپێچی نێو کۆلیت دەدرێ. لەودەمەیڕا بێدەنگی بەسەرکۆلیتەکەدا زاڵە، پیرەپیاو دەستی داوەتە کتێبێکی گەورە و بە حەسرەتەوە پێدا دەڕوانێ و چاوە کزەکانی بوون بە دوو پۆڕگ و بەسەر دەریای وشەکانیەوە کەوتوونەتە مەلە. لەو کاتەوە ئەو نوقمی دەریای پەڕتووکە، منداڵان چاویان بڕیوەتە چپەی لێوی و پییدا هەڵدەزەنێن و تامەزرۆ تەماداری سەرەنجامی چیرۆکەکەن. پیرەپیاو خەیاڵی سواری باڵی وشە بووە و بە شەقامی شار و کۆڵانی شار و گونددا تووڕەیدێ.

منداڵی بزۆز لە گوێسوانان هەستاونە سەرپێ و چاویان ڕەوانەی دوورەدەستێکی نادیار کردووە. کیژان سەریان لە بێڵایان وەدەرناوە و دوو دڵ ملوانکە و گۆبەرۆکیان گرتوەتە مشت و بە سنگیانەوە دەگوشن. دایکان لە بەر دەرکە و کۆڵانان دەستیان داوەتە بەر چاویان و دەڕواننە ئاسۆی ڕۆژهەڵات. پیاوان لە بەربەڕۆچکان ڕاستەوە بوون و دووگمەی بەرۆکیان هەڵپێکاوە و خۆیان توند و تۆڵ کردووە. شەقامی شار و کۆڵانی گوند ژاوەی دێ و شەپۆل شەپۆل لانکەی ژین ڕادەژێنن. تەمێکی پاراوی ئاوس لە نێو شەپۆلی خەڵکەوە هەستا و بەرەو پەڕپەڕۆچکەی ئاسمان وەڕێکەوت. تەم بەرز بەرز، ئەوەندە بەرز کە گەیشتە پەڵەهەورێکی پاراو و تێر. ئەو تمە لە ڕۆحی خەڵکەوە هەستا و بوو بە ڕۆحی باران و بەسەر دارستاندا باری. پیرەپیاو کۆلکە دارێکی هاویشتە چاوگەی ئاگردان و لەسەرەخۆ گوتی:

–ڕۆڵەکانم! کەوچێك ماست هەوێنی نۆ قازان شیرە. دەڵێن گەورەپیاوان مایەی فەڕ و بەرەکەتی وڵاتە و دەتوانن بارودۆخی وڵات بگۆڕن. دەڵێن باخەوانێکی شارەزا هەزاران درەخت بەرهەم دێنێ و درەختیش وڵاتی پێ دەڕازێتەوە و میوە بەرهەم دێنێ. دەڵێن جۆگە بەردەوام خەون بە دەریاوە دەبینێ و دەریاش لە خەونیدا شەیدای جۆگەیە. دەڵێن سێ دەستە خەڵك لە دنیادا دەژین و هەر کام بە ئارەزوویەکەوە دەژی. یەکەم بە دوای سامانەوەیە. دووهەم بە شوێن ناوبانگەوەیە و سێهەم هەڵوەدای ڕاستی و دادپەروەرییە. ئەوەی بە شوێن سامان دا چوو پەیدا کرد و ئێستە بەری گەشتەکەی دەخوا. ئەوەی بە دووی ناوبانگەوە بوو بەدەست هێنا و بەو باوەڕەوە دەژی کە گەشتەکەی هیچ ناهێنێ. ئەوەی هەڵوەدای ڕاستی و داپەروەری بوو ڕێگای دوور و بێبڕانەوەیە. ئەو ڕێبوارە ماندوونەناسە







شەهیدە. دەڵێن کەس لە دنیادا ئەوەندە دەوڵەمەند نییە کە بتوانێ ڕابردوو بکڕێتەوە بەڵام من دەڵێم شەهید دەتوانێ ڕابردووی نەتەوەکەی بکڕێتەوە هەر بۆیە دەڵێن «شەهید ئاوە توونیەتی زەوی دەشکێنێ، پەنجە و دەستە ئازاری خاك ڕادەژێنێ» یان دەڵێن خنێری دەبان بە هۆی جەوهەر و مادەیەك کە لە تیغەیەکدا بەردەوام لە جووڵانەوەیە و لە تەنگانەدا خۆ لە کێلان دا ڕاناگرێ. سمایل مەولوودی هەر کە ڕاست و چەپی خۆی ناسی ئەو جەوهەر و مادەیەی تێدا گۆڕا و هەستی بە زۆری زۆرداران کرد و تەلی هەستی بزووت و بوو بە خولیای گەل و چینی چەوساوە. جگە لەوە کە شەیدای چینی چەوساوە بوو، سیمای ئاڵۆز و شێواوی وڵاتەکەی کاری کردە دەروونی. وەکوو چۆن دەڵێن دەنگی کەمانچە کار دەکاتە سەر دڵ، تەلی کەمانچە چوونکە ژێیە و ژێیەکەشی دەماری بوونەوەرە و لە دەروونڕا پێوەندی لە تەك گیانی ئەو گوێگرەدا هەیە و لەگەڵ ئەو خاوەندڵە پێکەوە ڕاز و نیاز دەکەن و ئەو ڕاز و نیازە لە شاراوەدا دەبێ بە ئەندێشە و بەم چەشنە کار دەکاتە سەر دڵ، هەر دڵ نا، کار دەکاتە سەر هەموو دەمارەکانی لەشی. چونکە تەل ڕاستەوخۆ دەنگی ڕەوانە، زایەڵەی مێشکە و لەوێڕا دزە دەکاتە ناو دڵەوە و دەنگ دەداتەوە و لە سەر تەل تەتەڵە دەکا و بڵاو دەبێتەوە.

کوڕینە! قەت وابووە فوودانەیەك پڕ بکەن لە فوو بتەقێتەوە؟ هەتا فوودانەکە پڕتر بێ و هێزی پەنجە پتر بێ، تەقینەوە زووتر و توندتر ڕوو دەدا. یان با، با هەتا بەهێزتر بێ، دەنگی گڤەگڤەکەی توندترە. یان منداڵی گرەزۆك هەتا توندتر لێی دەدەی دەنگی گریان بەهێزتر دەبێ. دەڵێن هەموو شتێك لە باریکیدا دەپسێ، زوڵم لە ئەستووریدا. زوڵم هەتا فرەتر بێ ئەستوورترە و دەنگی خەڵك زۆرتر بەرز دەبێتەوە. لەو تافەدا کە سمایل هەستی بە زۆری زۆرداران کرد زوڵم لە ڕادەی گوڕەوشار دابوو.. ئەو گوڕەوشارە هەستی هەستیارانی دەگوشیە پاڵ یەك و هەستی ئەویشی گوشی و برینداری کرد. دەنگی ناڵەی تێکەڵ بە دەنگی ناڵەی کۆمەڵگە بوو. ڕەنگە بڵێن خۆ هەر ئەو هەستی بەو گوشارە نەکردبوو، زۆر کەس هەستیان بەوە کردبوو. من دەڵێم هەست دوو جۆرە، جۆرێکیان پێوەندە بە بێچم و جوانییەوە، جۆرەکەی دیکە گرێدراوە بە جەوهەر و مادەی جوانییەوە. ئەوەی شوێن بێچم و جوانیەکە دەکەوێ وەکوو کەسێکی هەوەسپەرەست کە دوای بێچمی جوان دەکەوێ بۆ گەیشتن بە ئارەزووەکەی خۆی دڵی دەچێتە سەری. ئەو کەسەی

دڵی لە جەوهەر و مادەی جوانەکە نەچووە کە بە دەشتی هێنا، هەر کە جوانیەکەی بەسەرچوو ئەمیش دڵی لەسەری نامێنێ. ئەگەر دڵی لە جەوهەر مادەی جوانیەکە چووبا، ئەو جەوهەر و مادە لە جوانەکەی یەکەمدا هەر ماوەتەوە تەنیا بێچمی جوانییەکەی تێکچووە. بۆیە دەڵێم هەر ماوەتەوە، چوونکە مادە نافەوتێ و نەمرە. ئەرێ ڕۆڵەکانم! ئەوانەی وەك هاوڕێ سمایل سەرمەست و خولیای گەل و نیشتمان بوون دڵیان چووبوو لە جەوهەر و مادەی جوانی دلبەرەکەیان، شەیدای کەنەفتی و سیمای شێواوی وڵاتەکەیان بوون. ئەو دڵ لێچوونە کە دڵیان لێی چووبوو، ئەو گرێخواردنە کە گرێیان خواردبوو بە هیچ جۆرێك نەدەپسا. دەڵێن بەن کە هات و پسا و گرێدرایەوە ئەگەر لە سەت لاوە بپسێ لە ئاستی گرێکەدا ناپسێ. ئەرێ ئەرێ، ئەو گرێدرابوو بە چینی چەوساوە و نەتەوە بندەستەکەی. دەنگی دلبەرەکەی بۆمبایەك بوو لە قوڕگی دا تەقیەوە و بوو بە گەواڵە هەورێکی پاراو و تێر بەسەر بەر و بوومی وڵاتەکەیدا باری. باری، باری. ئازاری نەتەوەکەی لە شادەمارەکانیدا پۆنگی خواردەوە و بوو بە پوورە هەنگێکی ئاڵۆز تاکوو لە داهاتوودا بهوروژێ و چزووی ژاراوی لە جەستەی نەیاران ڕۆچێ ئا ئا ئاوابوو هاوڕێ سمایل. ئەو لە هەموو کار و کارەساتێك بە وردی ورد دەبۆوە. وەك چۆن دەڵێن پەپولە لە گوڵ ڕادەمێنێ و چۆن شۆڕەبی سەر کانی لە وردەخیزی دەم شەپۆلی هەڵقوڵینی ئاو ڕادەمێنێ و چۆن شاخ بە حەسرەتەوە دەڕوانێتە کازیوە، ئاوا بوو. ئەندێشەی ئەو، بیری نەتەوەخوازی و سوسیالیزمی ئەو ئاوا بوو بە خوێن و چووە شادەمارەکانی کوڕ و کاڵی هاوتەمەنی خۆی.

بەڵێ هاوڕێ بیچکۆلەکانم! سەردەمی گەنجی ئەو هاوکات بوو لەگەڵ ڕاپەڕینی گەلانی ئێران. ئاخر ئەو لەدایكبووی سەردەمی خولی دەرەبەگایەتی و لە وەها ڕەشانێکی ئەنگوستەچاودا لە گوندی تیکانتەپەی فەیزوڵابەگی سەر بە شاری بۆکان چاوی بە ڕووی ماڵێکی ڕەشی قورم گرتووی وەرزێڕی کە لەو سەردەمە ڕەشتر بوو، کرایەوە و بانگی دەرد و ژان، بە ناوی سمایل، درا بە گوێیدا. بەر لە وەرێرکەبوونی، ئاغا زەوی و زاری لە بنەماڵەکەی زەوت کرد و بە ماڵەوە چوونە شاری بۆکان کە وەرێرکە بوو و کەوتە سەر پێ، زگماك شەل بوو. ئەو شەلینە بوو بە هۆ کە زۆرتر لە ژێر چاوەدێری و هۆکارێك بوو زیادە لە براکانی نازدار و نەکردکار و گێرەنەکەر بێ. هەتا گەورەتر دەبوو شەلینەکەشی کەمتر دەبۆوە. باری ئابووری ژیار تەنگی بە ژیانی هەڵچنی





دەرەتان بۆ مانەوە لە شار بۆ بنەماڵەی مەولوودی نەما. پاش چەند ساڵ هانایان بردەوە بەر دێ و لە تیکانتەپە نیشتەجێ بوونەوە. ئەو کاتی خولی ئاغا بەسەر چووبوو و شا ببوو بە ئاریامێهر و باوکی وەرزێڕان و سەردەمی لەدایكبوونی سەرمایەداری و خولی ناشتنی تەرمی دەرەبەگایتی لە ئێران بوو. بەڵێ ڕۆڵەکانم! بنەماڵەی مەولوودی نە لە شار و نە لە دێ خاوەنی جێ قەبرێك زەوی نە بە ئیجارە و نیوکاری زەوی ئەم و ئەو بژیوی ژیان دابین دەبوو. سەرمایەداری تازە شکڵی دەگرت، کشت و کاڵ لە برەو کەوت، باو باوی چوونە شاران و هەندەران بۆ کار بوو. سمایلی نازدار و نەکردکار بۆ ئەوەی هەندێك لە قورسایی باری سەر شانی باوك و براکانی کەم کاتەوە ڕووی کردە هەندەران و لە ڕەفسەنجان گیرسایەوە و چووە ژێر باری کاری تاقەتپڕووکێن. کوڕینە! هەر لە سەرەتاوە و بەر لە لەدایك بوونی پاڵەوانی چیرۆکەکەمان بیری سیاسی لە تیکانتەپە ڕیشەی داکوتابوو و لە ساڵی ٤٦ - ٤٧ ڕەگاژۆی کرد و بە نێو کوڕە گەنجەکاندا بڵاو بۆوە و خەملێ. ئەو خەملینە زۆرینەی کوڕە گەنجەکانی ئاواییگرتە بەر و سمایلیش لەو بەر و بوومە بێبەش نەبوو.

ئەرێ، ئەرێ، ئەوە بوو بە هەوێنی نۆ قازانە شیرەکەو ڕۆژ بە ڕۆژ باشتر هەوێنی دەگرت و دەمەیی و تیکانتەپە بوو بە مەکۆی بیری نەتەوخوازی و ئەندێشەی چەپ. بۆیە دەڵێم بیری نەتەوەخوازی و ئەندێشەی چەپ بە سۆنگەی ئەندازیاران سولەیمان تیکانتەپە و فاروق بابامیری و مامۆستیاکانی قوتابخانەی ئاواییەوە بانگەوازی بۆ دەکرا. ئەو بانگەوازە مرۆڤدۆستانە بوو بە خوێن و چووە شادەمارەکانی کوڕە گەنجەکان و کاریگەری قووڵی لێ کەوتەوە و شۆڕەسواری وەك سمایل بەرەو بیری نەتەوەخوازی و ئەندێشەی سوسیالیزم هان دا. بۆیە دەڵێن گەورەپیاوان مایەی فەڕ و بەرەکەتی وڵاتە، کە بزووتنەوە و ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دەستی پێ کرد، تیکانتەپە بەر لە شار هوروژا. پاش ڕووخانی دەسەڵاتی پاشایەتی بە ڕێنوێنی کاك سولەیمان کتێبخانەی گشتی کرایەوە و بوو بە مەکۆی ڕۆشنبیری و ڕێزمانی کوردی. زۆربەی گەنجەکان کە نەخوێندەوار بوون لەو مەکتەبە پێگەیشتن کە سمایل یەکێك لەوانە بوو زۆر بە خێرایی خۆی پێگەیاند. هاوکات لەگەڵ کتێبخانە، کۆڕی زەحمەتکێشان بە یارمەتی و سەرپەرشتی هەڵسووڕاوی ماندوونەناس و بلیمەتی بەناوبانگ «شەهید دوکتۆر

جەعفەری شەفیعی» پێکهات و پتر لە هەشتا گەنج لەو کۆڕ و کتێبخانەدا بەشدار بوون و زۆربەیان بوون بە پێشمەرگە.

کوڕە جوانەکانم! لە بیرتانە گوتمان هەست دوو جۆرە و جۆرێکیان پێوەندە بە بێچم و جوانییەوە و جۆرەکەی دیکەیان پێوەندە بە جەوهەر و مادەی جوانییەوە؟ هەستی سمایل گرێدرابوو بە ماك و جەوهەری جوانییەوە و دڵی لە مادەی جوانیەکە چووبو و لە ماوەیەکی کورتدا گەشەیەکی شیاوی سەرنجی کرد و چووە ڕیزی کەسانێك کە چاوەڕوانی پاشەڕۆژێکی درەوشاوەیان لێ دەکرا. هەتا زەمەن تێدەپەڕی ئەو بە ئەزموونتر و لە باری سیاسییەوە پتر گەشەی دەکرد. هەتا زۆرتر دەخەملێ، لە باری جەستە و قەڵافەتەوە باشتر خۆی دادەڕشت. بوو بە کەڵەپیاو، شەلین هەر نەما. باڵا و مێشك بە پێوارێك گەشەی دەکرد و وەکوو جەوهەری خنجێری دەبان زۆرتر وەجووڵانەوە دەکەوت.

فەرمانێك کە لە لایەن داگیرکەرانەوە بۆ سڕینەوە و قەڵاچۆکردنی پێشمەرگە لە کوردستان دەرکرا و خەباتی شار تەنگی پێ هەڵچنرا و بواری چالاکی سیاسی ئاستەنگی بەسەرداهات، ئەو دەمە بوو کە کورد گوتەنی: «قوونی ڕەش و سپی لە بواردا دەردەکەوێ.» لە بوارا دەرکەوت و شەڕ بەسەر کوردستاندا سەپێنرا و چەند کوڕ لە باشترین کوڕانی تیکانتەپە کە بریتی بوون لە کاك سولەیمانی تیکانتەپە، محەمەد جەنگی، ناسراو بە «پاول» حەسەن سوڵتانی ناسراو بە «حەسەن ئارپیجی» سەعید تاها ناسراو بە «سەعیدی حاجی خەلیفە» عەلی ڕەشیدزادە ناسراو بە «عەلی چاوڕەش»، ئەحمەد عەزیزی شەهید بوون و لەم دوایانەشدا سمایل موحەمەدی ناسراو بە «سمایل یاپراغ» کە لە گرتووخانەی ورمێ لە سێدارە درا.

شەهیدبوونی هەر کام لەم هاوڕێیانە هۆکارێك بوو بۆ دابەزینی ورە و لە ناخەوە ڕووخانی عاشقانی بیچم و جوانی. ئەمە لە لایەك و لە لایەکی دیکەوە، شەهیدبوونی هەر هاوسەنگەرێك هۆکارێك بوو بۆ بەرزبوونەوەی ورە و شێلگیربوونی عاشقانی جەوهەر و مادەی جوانی.

ئەرێ ڕۆڵەکانم! پاڵەوانی ئێمە لەو ئەویندارانە بوو کە هەتا هاوڕێ و هاوسەنگەرێکی شەهیید دەبوو ئەو پتر لەسەر ڕێبازەکەیان سوور و باوەڕی قایمتر و ئیرادەی پۆڵاینتر دەبوو.

ئەو کاتە کە خەبات بوو بە بەرخۆدانی شاخ ئەو ئەندامی چالاکی کۆمەڵە بوو و بەرپرسایەتی پەلی «شەهید ئەسعەد»ی «گوردانی ٣١»ی بۆکانی بە ئەستۆ بوو. کە شار و گوندی کوردستان کەوتە بەر پەلاماری دڕندانەی داگیرکەران، سمایل و





پەلەکەی لە ڕێکخراوە دابڕان و هیچ چەشنە پێوەندییەك لە ئارادا نەبوو و ئەو پەلە پێشمەرگەیە لە نێو ئاواییەکانی فەیزوڵابەگی بەشی بۆکان و سەقز کە هەر هەموویان مۆڵگەی جاش و پاسدار بوون، شرت و گوم بوون. ئا ئا ئەی چۆن! ئەوانە لەو خەڵکە بوون و هەر لەوانیشدا توانەوە و جێگە و پێگەیان بیلبیلەی چاو و هەناوی ئەو خەڵکە بوون و ببوون بە بەشێك لەوان و ژن و کچی ئەو خەڵکە ببوون بە دایك و خوشکیان و لە ژێر داوێنی کراسەکانیاندا دەیانشاردنەوە و ناسناوی مامەیان بە سمایل بەخشیبوو. مامە وەکوو دادپەروەرێك لە شەڕ و کێشەی ماڵە دراوسێکان، لە ژن و ژنخوازی و شایی و شیوەنیاندا دادپەروەرانە لێکۆڵینەوەی دەکرد و دڵسۆزانە یەکی دەخستنەوە. هەر بۆیە ئەو بە لای هەموو کەسەوە، تەنانەت جاشە خۆماڵییەکان و سیخوڕە ناسیاوەکانیشەوە خۆشەویست بوو. زۆر جار سیخوڕە ناسیاوەکانی لە کوشتن بە دەستی پێشمەرگە توندئاژۆکان ڕزگار دەکرد. ئەوانەی لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو هەڵس‌وکەوتانە بوون وەبالێ بۆ دەکێشن کە تەنانەت لە کاتی پشکنینی ماڵان لە لایەن داگیرکەرانەوە لووت و بزووت جاشە خۆماڵییەکان لووتیان دەتەقی بە مامە و لووتی هاوڕێکانییەوە خۆیان لێ دەبواردن و دیزە بە دەرخۆنە سەریان دەناوە، فارس گوتەنی «شوتۆر دیدی نەدیدی».

مامە سمایل بە تەمەن بیست و پێنج ساڵ و بە کردەوە بەساڵاچوو و لە لۆچێك ئاوی کانیاو و مشتێك خاکی کوردەواری، پاش تێکوەردان و پوختەبوونی، وەستای هەوڕگەرو بە تەتەڵەی دەرد و ئازار ڕاستە و پاستەی کرد و ڕۆحی نەتەوەی کوردی کرد بە بەریدا، دەبوو هەر واش با/ لە هەڵس‌وکەوت لەگەڵ پیر، پیر، لەگەڵ گەنج، گەنج و لەتەك مناڵ، منال و لەگەڵ ئافرەت بە زمانی ئەوان دەدوا و دەیگوت:

–ژن و پیاو بەرانبەرن. هیچ کۆمەڵگەیەك بە بێ یەکسانی ژن و پیاو بە دیمۆکراسی ناگا. لە هەر کۆمەڵگەیەکدا مافی ژن و پیاو یەکسان بوو، ئەو کۆمەڵگەیە بە دیمۆکراسی گەیشتووە. ئەرێ ڕۆڵەکانم! ئاوا بوو بیر و ئەندێشەی سمایل. مامە و هاوڕێکانی ڕوویان لە هەر گوندێك دەکرد منداڵی ئەو گوندە بە پیریانەوە دەچوون و هاواریان دەکرد:

– مامە سمایل هات! منداڵی گەورە و بچووك داڵەرۆچکەی دەبوون و بە شان و پیلیدا هەڵدەگەڕان. ئەویش لە ئامێزی دەگرتن و ماچی دەکردن و چڵم و لیکی بۆ دەسڕینەوە.

ڕۆڵەکانم! قەدەر وابوو دەبو مامە بە مەبەستی کارێکی نهێنی چووبایەتە گوندی کانیجەژنی نزیك شاری سەقز. بۆ ئەو

سەفەرە بێبڕانەوە چوار پێشمەرگەی بە ناوەکانی نادر خەلیقی، ئەبووبەکر خەیات، ڕەزا کرماشانی و حوسێن عەجەمی لە دەستە هەڵبژارد و بەرەو شوێنی دیاریکراو لە دەستە جیابوونەوە. بەڵێ ڕۆڵەکانم! پێنج پەپوولەی شەیدای گوڵ باڵیان گرتەوە و لە نێو چیاکانی سلێمانکەندی بزر بوون. بە ڕۆژ لە چیا و بە شەو لە ئاوایی. ٢٤ی جۆزەردانی ١٣٦٥ی کۆچی دەبوو لە کانی جەژنی بن. هەر واش بوو. تاریکان لە شاخەوە خوشین و بێ چرپە چوونە نێو دێ و لە شوێنی مەبەست گیرسانەوە. تاریکەشەوە، ئەو شەوە لە هەموو شەوێك تاریکتر. لەو تاریکستانەدا شەمشەمەکوێرەیەك فڕی و بەرەو قەڵایەکی وێران لە دێ دەرچوو و بوو بە میوان و هاودەمی کوندەکان. تازە بەیان ئەنگووتبوو، پێنج تاپۆ لە ئاوایی کانیجەژنی هاتنە دەرێ. مامە سمایل پێشڕەوە. لە پڕ ئیستێکی گرت و بە چوارنیکاڵدا ڕوانی و لە سەرەخۆ گوتی:

کوڕینە! کەوتووینە بۆسە!! ئەرێ لە بۆسە و بازنەیەکی تەنگ کەوتبوون و دەرەتان بۆ دەربازبوون ئاستەمە ئەویش لە شوێنێکی بێداڵدە و ڕووتەندا. هەر کام لە ئاستی خۆیەوە خۆی بە ئەرزەوە نووساند. تەقە دامەزرا. شەڕێکی نابەرابەر و نادادوەرانە. پێنج چەکی سووك ڕووبەڕووی دەریایەك لە ئاسن و ئاگری چەکی قورس و سووك بوونەوە بەڕاستی نادادپەروەرانەیە بەڵام کوا دادپەروەر؟ ڕێژنە بارانی گوللە لە ئەرز و لە ئاسمانەوە، لە لێژ و لە تەلانەوە، لە چۆم ولە جۆبارەوە بەسەریاندا داباری. باری باری، هەتا هەتاو لە ئاسۆی ڕۆژهەڵاتەوە سەرکەوت هەر باری. پێنج ڕۆڵەی خۆنەویست و چاونەترس کە ڕەنگە بە دەیان جار لە دەریای ئاگر و خویندا مەلەیان کردبێ و پەڕیبووبێتنەوە و ئەمەیان بە هەند نەگرتبێ بەڵام مخابن ئەمجارە زۆر جیاوازە. مامە کە هەستی بە شەهیدبوونی یەك لە دوای یەکی هاوڕێکانی وبرینی کاری جەستەی خۆی کرد، کەوتە بیر لەناوبردنی نامە و بەڵگەی نهێنی نێو جانتکەیو بێ گوێدان بە ئێشی برینی جەستە و کسپە و هەقرچانی دڵ، دەستی بە سووتانی کاغەز کرد. لە کاتی ئاویلکە و دواهەناسەدان دا لەو کاتەدا کە پەنجەکانی هێزی گرتنی چەخماخەکەی نەما، تاقە نامەیەك مابوو و ئەویشی خستە زاری. جووی جووی هەتا گریك ما هەر جووی. کە گریك نەما و ددان بە سەر داندا ڕچا بە قووتنەدراوی لە زاری وشكهەڵاتووی‌دا مایەوە بەڵام لە کەڵکی خوێندنەوە کەوتبوو و کەس بۆی نەدەخوێنرایەوە. ئا ئا ڕۆڵەکانم ئاوا بوو مامە. ئەوەی گوتوومە قسەی من نییە، ئۆباڵ بە ئەستۆی جاشە خۆماڵییەکان کە لە کاتی شەهیدبوونی





چووبوونە سەر تەرمی پیرۆزیان. بەڵێ! پێنج کۆتری سپی لە چێژتاواندا بەرەو ئاسمان فڕین و لە ڕەشانی شەوەزەنگ‌دا بوون بە پێنج ئەستێرەی سووری پڕشنگدار و کەوتنە ئاسمانی ڕۆژهەڵات.

ماوەیەك بێدەنگی باڵی ماتەمینی بەسەر کۆلیتدا کێشا. پیرەپیاو کۆکەدارێکی خستە چاوگەی ئاگردان و سەرلەنوێ گڕ بڵێسەی سەند و هەمیسان سەر هەودای باسەکەی گرتەوە: بەڵێ ڕۆڵەکانم! هەر ئەو جاشە خۆماڵییانەی کە لە هێرشەکە و لەشەهیدکردنی مامە و هاوڕێکانی‌دا بەشدارییان بوو بە نهێنی هەواڵەکەیان بە گوێی بادا چپاند و با بڵاوی کردەوە بەڵام لە وەها ڕەشانێك‌دا کوا گوێی شەنیار؟ ئەو وەرزە وەرزی گوێی کەڕ و ورەی مردوو بوو و کەس چپەی بای نەژنەوت. چپەی با تەتەڵەی کرد و دای بە گوێی ئافرەتێکی دووگیان دا، ئەرێ، ئافرەتێك کە وەگیان هاتبوو و مان و نەمان بە لایەوە بێواتا بوو. ئا ئا ئەو لەو ڕەشانە ئەنگوستەچاوەدا بە دووگیانی کە پێومانگی خۆی بوو چپەی بای قۆستەوە و شێت‌ئاسا خۆی کرد بە قوڕگی دێوەزمەی شەودا و تەرمی پیرۆزی مامەی لە ژێر چنگی شەوپەرەستان دەرهێنا و دوور لە گۆڕستان، لە زێدەکەی خۆی بە خاك سپێردرا.

ئەرێ ڕۆڵەکانم! ئێستاش کە مانگ و هەتاو بە زێدەکەی شەهید سمایل مەولوودی‌دا ڕادەبرێن لە ئاستی تاقە گڵکۆکەی بەرامبەر ئاوایی تیکانتەپە و پشتی دێکۆن چاو دادەگرن و وەك هێمایەکی پیرۆز تێیڕادەمێنن. دوای ئاوابوونی مانگ، تروپکی چیا بەرزەکان بەرەو هێماکەی مانگ و هەتاو سەر شۆڕ دەکەنەوە و بە کڕنۆشەوە ڕاز و نیازی لەگەڵ دەکەن. ئەمە بوو چیرۆکی بیرەوەری شەهیدێك. پیرەپیاو کتێبەگەورەکەی وێکنا. منداڵەکان وێکڕا ڕابوون. پیرەپیاو بە دەم بزەیەکی ژاراوی‌یەوە نگای لە دەلاقەوە فڕییە دەرێ. لە دەرەوە بەفر لەسەر بەفر هەر دەبارێ و باڕش زگماکە و تەمێکی خەست خەست دارستانی داپۆشیوە. گەردەلوول و کڕێوە باڵی مەرگ لە پشتی دەرکەی کۆلیت دەسنوێ. نزیك نزیك لوورەی گەلەگورگ، دوورتر نوزەی چەقەڵ و واقەی ڕێوی ژانکردوو، لە ئاسمانەوە سیڕەی داڵ و قرقڕی قەل کۆلیتیان گەمارۆ داوە. لەو تەم و تەمەلوولە ترسناکەدا پیرەپیاو لە دەلاقەی کۆلیتەوە منداڵەکان کە هەر یەك بە کۆڵەبارێکەوە بە نێو دارستان‌دا ڕێچکەیان بەستووە، خستۆتە ژێر چاوەدێری. تا لە نێو تەم و مژدا بزر بوون، چاوی لێ نەتروکاندن.

# دیوی راستەقینەی چیرۆکی خولّقانی کەون[٧]

سوارە نەجمەدین

خودا کاتێك ویستی گەمەیەکی درێژ خایەن بخولّقێنێ، تاوەکو زەمەنێك خۆی پێوە مەشغولّ بکات، هات و لە ماوەی رۆژێکدا هەموو کەونی خولّقان، بە ئاسمان و زەوی و شەیتان و فریشتەوە، بە پێنج رۆژیش ئینجا توانی یار بخولّقێنێ، دواتر رۆژی حەوتەمی کرد بە پشو و تەرخانی کرد بۆ بیرکردنەوە، لە ئەنجامی ئەو بیرکردنەوەیەدا گەیشت بەوەی دروستکردنی تۆ زیان بە پلە و پایەی ئەو دەگەیەنێ، بۆیە رۆژی هەشتەم هەستا بە دروستکردنی خەیالّێك بە ناوی بەهەشتەوە واتە بە هەشت رۆژ دروستی کردوە و گوایە لە تۆ بە نرخترە و هەموو مرۆڤەکانی بەو





خەیالّەوە سەرقالّ کردووە، بەلاّم تەنها من دەزانم تۆ زۆر لە بەهەشت بەنرختری.

هاوکێشە راستیەکە:

یەك رۆژ(بۆ هەموو کەون)+ پێنج رۆژ(بۆ تۆ)+ هەینی(رۆژی بیرکردنەوە) > (بچوکترلە) بەهەشت

هیوا حوسێن ئەمین

# من هەڵخەڵەتام تۆ هەڵنەخەڵەتێیت

بەڕاستی من زۆر حەز بە شایو ئاهەنگو ئەو جۆرە قەرەباڵغیانە ناکەم، بەڵام بەناچاری بۆ هەندێك لەو بۆنانە دەچم، هەرکەسێك لەم شوێنانە بمبینێت، هەر بەجۆری دانیشتنەکەمدا، دەزانێت کەبەزۆر هاتووم، هەموو جارێك هاوڕێکانم پێیان دەگوتم :

تۆ لەگەنجی ئەم زەمانە ناچیت، بۆ ئەوەندە ڕقت لەئاهەنگ و قەرەباڵغییە؟

بڕوا بکەن هەندێك جار خۆشم ڕقم لەم خووەی خۆم دەبۆوە، بەڵام نە بۆ ئەوان و نە بۆ خۆشم وەڵامم پێنەبوو.

ڕەحمەت لەپێشینان کە ڕاستیان گوتووە: مرۆڤ هەتا نەمرێت، نازانێت چی بەسەر دێت.

چاك ئەو ڕۆژەم لەبیرە، کە کاروانم لەبازاڕ بینی، یەکسەر باوەشی پێداکردمو گووتی: بەخوا چاك بوو تۆم بینی، ڕێگایەکی دوورت بۆ نزیك کردمەوە، دەستی کرد بە باخەڵیداو من دەڵێم سەد تۆبڵێ دوو سەد زەرفی نامەی دەرهێنا و لەسەر لێواری شۆستەکە بڵاوی کردنەوە و دەستی کرد بەگەڕان، تا نامەیەکی بینییەوە، کە لەوانی تر جودا بوو، ئەویش بەوەی کە هیچی لەسەر نەنوسرابوو ،کارتەکەی ناوی دەرهێنا و یەکسەر ناوی منی لەسەر نووسیو کردیە ناو زەرفەکە و لەپشتی زەرفەکەش دوو بارە ناوی منی نووسی و گووتی:

– کاکە ڕۆژی هەینی ژن دەگوێزمەوە، جەنابت داوەتی زەماوەندی، لە کارتەکەدا شوێنی زەماوەندەکە نوسراوە، بمبوورە ناتوانم زیاتر لەگەڵت بوەستم، چونکە کارم زۆرە، جاریَ خواحافیز.

بڕواتان هەبێت، لەو کاتەدا خۆم وەك مامۆستایەك هاتە پێش چاو، کە بەئاشکرا بزانێت قوتابییەك قۆپیات لێدەکاتو نەتوانێت هیچ بڵێت، بۆیە لەجێگەی خۆم سڕ بووم.

تا ڕۆژی هەینی، ئەو کارتە نەعلەتییە تووشی کێشەی کردبووم، بەردەوام لەگەڵ خۆمدا گفتوگۆم دەکرد، بچم، نەچم،بەڵام بەچەند کاتژمێرێك پێش ئاهەنگەکە بڕیارمدا بچم، خۆم گۆڕی و بەرەو ئاهەنگەکە بەڕێکەوتم.

کاکە کاروان حەشاماتێکی زۆری کۆکردبووەوە،دەنگی مۆسیقا و خەڵکەکە، بەجۆرێك تێکەڵ بەیەکتر ببوون، تەنانەت نەتدەتوانی لەقسەی کەسی تەنیشت خۆت بگەیت، بۆیە ناچار دەبوویت سەرنج بدەیتە ئەو کیژو کوڕانەی شاییان دەکرد، بەڵام لێتان ناشارمەوە لەگەڵ یەکەم بینیندا نازە سەرنجی ڕاکێشام، ئێستاش دیمەنەکەم لەپێش چاوە، عەزیەیەکی ئاڵو واڵای لەبەردابوو، بەپێکەنینێکی سیحراوییەوە لەنێوان بڕاو براژنەکەیدا شایی دەکرد ، باڵا بەرز، برژانگی ئەوەندەی نەمابوو تێکەڵ بە قژی بێت، لەسەر دوو چاوی گەورەی شین، قژێکی خورمایی خاو،وەك تاجی شاهانە دەدرەوشایەوە، دوو لێوی ئەستوور و دوو کوڵمی قەڵەو، دەمووچاوێکی پەمەیی وەك شوشەی بێگەرد، قۆڵەکانی لەبەر ئەستووریی خەریك بوو قۆڵی عەزیەکەی بەریان دەدڕاند، ئیدی بەجۆرێك بۆلای خۆی سەنجی ڕاکێشام، وامدەزانی جگە لەو کەسی تر لە ئاهەنگەکەدا نییە، سەرتان نەیەشێنم بەدوای ئەم شتە دانسقەیەدا ڕۆیشتم تا زانیم کێیە و کێ نییە، دایکم چووە خوازبێنیو ڕازیبوونو مارەمان کرد، بڕوابکەن کارەکە ئەوەندە

بەخێرایی و سەیری ڕۆیشت، ئێستاش بۆ خۆشم جێگەی پرسیارە، ئیدی بەزمی مارەیی و ئاڵتون کڕین وازلێ بێنە، چۆن و بەچی شێوەیەك تێپەڕی.

دوای چەند ڕۆژێك لەمارەکردن ، ڕۆژیك نانی ئێوارەمان دەخوارد باوکم گووتی:

کوڕم، ئافرەت کە مارە بڕا باش نیە زۆر بمێنێتەوە، من دەڵێم بیگوێزینەوە، هەموویان لەسەر ئەم مەسەلەیە کۆك بوون، تەنها ئەوکەسەی قسەی تیا نەکرد من بووم، لەدڵی خۆمدا دووعام دەکرد، کەپەشیمان نەبنەوە و زۆربەزویی بۆمی بگوێزینەوە، ئیدی تەدارەکی زەماوەند سازکراو کات دیاریکراو...هتد.

یەکەم شت کە لەبەر چاوم گۆڕابوو ڕەگی چاوی بوو، ئەویش ئەو کاتە زانیم ، کە لەزەماوەندەکە لەتەنیشتمەوە دانیشتبوو، بەسیلەی چاو لە ژێرەوە تەماشایەکی کردم و منیش تەماشای ئەوم کرد، بینیم چاوی قاوەییەکی تۆخە، نەك شین، زۆر بەلامەوە سەیر بوو، بەڵام ئەوەندە گوێم پێ نەدا، لە بەرامبەر ئەو هەموو جوانییە ڕەنگی چاو چی ڕۆڵێکی هەیە، لەوەیە بپرسن ئەی کاتی مارەبڕین چۆن ڕەنگی چاویت نەبینی، کاکە بۆ مارەبڕین، مەلایەکی ئیسلامی توند ڕەویان هێنابوو، لەبەر موو بەئەستەم دەموو چاوی دەبینرا، بۆیە لەترسی توڕەبوونی مەلا، بووکی داماویان وەکو یاپراخ پێچا بۆیەوە، ئیتر چی ببینم.

ئێوارانێکی درەنگ زەماوەند تەواو بوو، بەرەو ئوتێلێکی سێ ئەستێرە بەڕێیان کردین ، لە ژووری ئوتێلەکەدا چووم بۆ دەست شۆرەکە، کە هاتمە دەرەوە زۆر شت لە خێزانەکەمدا گۆڕابوو، نەقژە خورماییە خاوەکەی مابوو، نە برژانگە درێژەکانی، نەبالاّ بەرزەکەی، نەچاوە گەورە شینەکانی، کاتێك چوو دەمووچاوی شۆری، ڕەنگە پەمەییەکەشی نەما، چیتان بۆ باس بکەم، پاش چەند ڕۆژێك، لێوە ئەستوورو کوڵمو قۆڵە قەڵەوەکەشی نەما، ئیتر وە ك ئێستای لێهات کە دەیبینن، بەڵام بڕوابکەن، ئەوکەسەی من بینیم ئەمە نەبوو، زۆر نازدار و جوان بوو، دواتر بەزمی پێڵاوی بەرزی چەند سانتیمەتری و برژانگی خوازراو و دەرزی لێو و کوڵم و کولاجی قۆڵ ئەستورکردنو هاوێنەی شینو بارۆکەو هەموو ئەو شتە ساختانەم ناسی، لە کۆتاییدا ئەوەندە







ماوە بڵێم باشترین شوێن بۆ بینینی شێوەی ڕاستەقینەی خەڵك ، بە تایبەتی کەسێك کە بتەوێت هاوسەرگیریی لەگەڵ گرێ بدەیت حەمامە، ئەویش لەسەدا پەنجای شێوەی ڕاستەقینەی دەبینی، ئیتر ئامۆژگاریتان دەکەم وەك من بەشمەکی ساختە خەڵەتام، یاخوا ئێوەش هەڵنەخەڵەتێن.

# باڵندەکانی ناو قەفەزا

جەلال قادر

بەچکە کەنارییەکی ڕەنگ سووری خنجیلانە له ناو دارستانێکدا لەگەل دایك و باوکی دەژیا . ڕۆژێك لە ڕۆژان کەنارییە خنجیلانەکە فڕی ولە هێلانەکەی دوور کەوتەوە ، ڕێگای لێ ونبوو . بە دەنگە خۆشەکەی خوێندی و هاواری بۆ دایك و باوکی برد کەس بە هانای نەهات.

لە پاشان کەنارییەکە برسیبوو ، بە دەنووکە بچکۆلانەکەی چینەی کرد ، لەناو سەوزایی و پووش و لقەکان چەند دانێکی دۆزی و خواردی. بەم جۆرە کەنارییەکە بە تەنیا لەم چڵ بۆ ئەو چل دەفڕی و دەیخوێند . ڕۆژ بە ڕۆژ گەورەتر دەبوو . ڕۆژێکیان کەنارییە سوورەکە لەناو چاڵێکدا چنگێ گەنمی بینی یەکسەر بێ بیر کردنەوە فڕی و لەناو چاڵەکە نیشتەوە ، لەگەل خواردنی یەکەم دەنکە گەنم بەردێکی زلێ تەپلەی کرد و چاڵەکەی داپۆشی . تومەز ئەمە تەپکە بوو ڕاوچییەکان دایدەنێنەوە بۆ گرتنی باڵندەکان. کەنارییە خنجیلانەکە ترسا و حەزی بەم تاریکییە نەبوو ، چونکە لە ژیانیا لە چاڵێکی وا تاریك و ترسناك نە ژیابوو. لە چاڵەکە گیری خواردبوو و هیچی نەدەبینی . جار جار گوێی لە خوێندن و فڕینی باڵندەکانیتر دەبوو خۆزگەی دەخواست لەگەلیان بێت و لەم چاڵە ئازاد کرێ..سوێندی خوارد جارێکیتر گەنم






ببینێ لە هەر چاڵێکتر نزیکی نەکەوێت! لە پڕ گوێ لە فیقە فیقێ بوو کە هەرگیز لەوەوپیش گوێی لێنەبووبوو. دەنگی پێیەك زەوییەکەی دەجولاند کەنارییەکە ترسا..پاشان بینی دەستێك بەردەکە بەرز دەکاتەوە ڕوناکییەك بەر چاوی کەوت . ئنجا دەستەکە پێنج پەنجەی ئەستووری پانکردەوەو هێرشی بۆ هێنا . کەنارییە سوورەکە خۆی گرمۆلە کرد . کەوتە ناو دەستی ڕاوچییەکەوە. کەنارییە سوورەکە بینی ڕاوچییەکە بە ئەندازەی ورچێکە ، لە ترسا تەپ تەپ دلی لێی دەدا.

ڕاوچییەکە کەنارییەکەی برد بۆ ناودەمی دەنووکی کەنارییەکەی بە تف تەڕکرد تا تینویەتی بشکێ . بەلام کەنارییەکە لەترسا سەری خزانبووە ناو چنگی ڕاوچییەکەوە. پاشان ڕاوچییەکە کەنارییەکەی خستە ناو هەنبانەکەی و کەوتە ڕێ. کەنارییە سوورەکە ترسا وتی : لەوەبێ ئەم ڕاوچییە بمبات بۆ بەچکەکانی تا بمخۆن!

کاتێ گەیشتە مالی ڕاوچییەکە گوێی لە دەنگی خوێندنی جۆرەها باڵندە بوو..ئینجا دەستەکە گرتی و لەناو قەفەزێ بەرەلای کرد . سەرەتا کەنارییە بچکۆلانەکە هەلبەز هەلبەز فڕی و خۆی بە سیمی قەفەزەکە دەدا ، پاشان ماندوو شەکەت بوو لەسەر چیلکەیەك نیشتەوە .

لەناو قەفەزەکە جۆرەها باڵندەی تیابوو هەر یەك بە ڕەنگێکی جیاواز . باڵندەکان زۆربەیان دەیانخوێند و دانەوێلەیان دەخوارد .کەنارییە سوورە کە لە دلتەنگیا نەدەیخوێند و نە دانی دەخوارد ، چەند جارێك تینویەتی بە ئاو شکاند . ڕاوچییەکە ڕۆژی دوو سێ جار دەهات و دانی بۆ دادەنان و ئاوەکەی پڕ دەکردەوە. جارش هەبوو ڕاوچییەکە بە چاوی زەقی دادەنیشت بە دیار قەفەزەکە و لە کەنارییە سوورەکەی دەڕووانی. کەنارییە سوورەکە زۆر ڕقی لەم ڕاوچییە دەبوەوە دەیگوت : ڕۆژێك دێت دەمخوات! لە پاش تێپەڕ بوونی چەند ڕۆژێك ڕاوچییەکە کەنارییەکی باریکەلانە و وردی هەلدایە ناو قەفەزەکەوە . کەنارییە وردیلەکە ڕەنگێکی زەرد و جووتێ خەتی سپی لە سەر باڵەکانیدا بوو .

کەنارییە زەردەکە بە گریانەوە دەیخوێند ، کەنارییە سوورەکە فڕییە تەنیشتی و بۆی خوێندەوە وتی : مەگری و مەترسە منت لەگەلدایە! هەردوو کەنارییەکە بوونە هاوڕێ و پێکەوە دان و ئاویان دەخواردەوە. لەبەر ئەوەی کەنارییە زەردەکە مێیە بوو ، عاشقی یەکتر بوون بەو ڕۆژگارە بۆ یەکتردەیانخوێند. ڕۆژێکیان کەنارییە سوورەکە بەسەرهاتی ژیانی بۆ کەنارییە زەردەکە گێڕایەوە :

لەگەل دایک و باوکم لەناو جوانترین دارستاندا دەژیام ، ڕۆژێکیان لە هێلانەکەم دوورکەوتمەوە و ڕێگام لێ چەواشە بوو ، هێلانەکەم بۆ نەدۆزرایەوە.

کەنارییە زەردەکە گوێی بۆ ڕایەل کردبوو . پاشان وتی : بۆ ئێمە دەتوانین لەناو درەختەکان بە ئارەزووی خۆمان بفڕین و خواردنش بخوێین؟

کەنارییە سوورەکە سەریسوڕما لەم پرسیارەو وەلامی دایەوە : بۆ تۆ تا ئێستا دارستانت نەدیوە ؟

کەنارییە زەردەکە وتی : نەخێر!

کەنارییە سوورەکە پرسی : ئەی بەسەر هاتی تۆ چۆنە ؟ تۆ لە کوێ ژیاوی؟

کەنارییە زەردەکە وتی : من لەو ڕۆژەوەی چاوم کردۆتەوە لەگەل دایک و باوکم لەناو قەفەزدام . ڕاوچییەک هەبوو خواردنی بۆ ڕوو دەکردین ، جار هەبوو منی لە قەفەزەکە دەر دەهێنا بە ئارەزووی خۆم لە حەوشەکە دەفڕیم . دەترسام دوور کەومەوە لە قەفەزەکە چونکە لە دەرەوە خواردن نەبوو.!

کەنارییە سوورەکە وتی : ئەی چۆن گەڕایتەوە لای دایک و باوکت؟

کەنارییە زەردەکە : ڕاوچییەکە دەیزانی ناتوانم دایک و باوکم جێبهێلم ، بە ئاسپایی گرتمی و فڕێدامەوە ناو قەفەزەکە

کەنارییە سوورەکە پرسی : بۆ ڕاوچییەکە تۆی دەهێنایە دەرەوەو پاشان دەیخستییە ژوورەوە ؟

کەنارییە زەردەکە وتی : تۆ نازانی ئەم ڕاوچییانە زۆر حەز بەدەنگی ئێمە دەکەن ، نابینی کاتێ دەخوێنین ، گوێ سووک دەکەن و زەردەخەنە لە لێویان دەبزوێ!. کاتێک منی دوور دەخستەوە دایک و باوکم بۆم دەگریان و دەیانخویند.

کەنارییە سوورەکە پرسی : ئێ دوایی چیی ڕوودا؟

کەنارییە زەردەکە وتی : لەگەل دایک و باوکم لەناو قەفەزەکە بە خۆشی دەژیام ، لەناکاو ڕاوچییەکە هات و چنگی پێما کردو خستمیە ناو ژوورێکی تاریک و بچکۆلانە چەند کونێکی تیا بوو دەرەوەم تیا دەبینی . ئەوەی من بینیم لەدەرەوە قەفەزی گەورە و هاژە هاژ و گرمە گرم و دەنگی بەچکەی ڕاوچییەکان بوو ، زۆرترسام . پاشان منی دایە دەستی ئەم ڕاوچییەی کە ئێستا نان و ئاومان دەدا .

کەنارییە سوورەکە وتی : خۆزگە دەرگای قەفەز لەمن دەکرێتەوە لە شەقەی باڵ دەدەم و ناگەڕێمەوە!

کەنارییە زەردەکە وتی : چۆن دڵت دێ من جێبهێڵی! کەنارییە سوورە کە وتی : بمبووره ، کەواتە پێکەوە دەفڕین.

کەنارییە زەردەکە وتی : دەتوانین بفڕین بەرەو ئەو دارستانە قەشەنگەی باست کرد؟

کەنارییە سوورەکە وتی : ئەگەر ڕۆژێک لەم قەفەزە ڕزگار بین . بۆ هەموو شوێنە خۆشەکانی ئەم سەر زەمینەت دەبەم.

کەنارییە زەردەکە وتی : دەترسم برسیمان بێت یان لەسەرما ڕەق ببینەوە!

لەم کاتەی هەردوو کەنارییەکە دەیانخوێند . ڕاوچییەکە هات و دەرگای قەفەزەکەی کردەوە تا خواردن ڕووکات . کەنارییە سوورەکە هەلی بۆ ڕەخسا و لە ژێردەستی ڕاوچییەکە لە دەرگاکە فڕییە دەرەوە.

ڕاوچییەکە خێرا دەرگاکەی داخست.

کەنارییە سوورەکە لە حەوشەکە سووڕایەوە پاشان بۆ کەنارییە زەردەکەی خوێند وتی : خۆشمەدەوێی بەس نامەوێ هەتا مردن لەناو قەفەزدا بژێم. کەنارییە زەردەکە خوێندییەوە وتی : منیش خۆشمدەوێ . خۆشی تۆ خۆشی منە.

کەنارییە سوورەکە بۆ ماوەیەکی زۆر بە ئاسمانەوە فڕی ، لە پڕێکا دلی تەنگ بوو هەستی بەتەنیایی کرد. بیری کەنارییە زەردەکەی کرد و کلکی باداو گەڕایەوە بۆ لای قەفەزەکە!.

کەنارییە زەردەکە پرسی : ئەوە بۆ گەڕایتەوە؟ کەنارییە سوورەکە وتی : خۆشەویستی تۆ وایلێکردم بگەڕیمەوە .

کەنارییە زەردەکە وتی : ڕاوچییەکە دەیزانی من و تۆ ناتوانین بێ یەکتر بژین . ئاگادار بە هەر کاتێ ڕاوچییەکە بێت دەتگرێت و دەتهاوێتەوە ناو قەفەزەکە!

کەنارییە سوورەکە وتی : لەدەستی هەلدێم نامەوێ لەناو ئەو قەفەزەدا بژێم!

کەنارییە زەردەکە وتی : ئەی چۆن بتوانین ماچ و موچ کەین وهێلکە هەلبینین .

کەنارییە سوورەکە وتی : هەرکات ڕاوچییەکە لێرە نەبوو من لە نێوان سیمەکانەوە ماچت دەکەم. کەنارییە زەردەکە وتی : ئەمە کەی بوو بە ژیان. لەم کاتە ڕاوچییەکە هات .. کەنارییە سوورەکە فڕی و دوور کەوتەوە!

شەو داهات و دنیا تاریک بوو کەنارییە سوورەکە لەسەر قەفەزەکە نیشتەوە و بەتەنیشت کەنارییە زەردەکە خەوی لێکەوت. لەناو خەودابوو ڕاوچییەکە گرتی و فڕیدایەوە ناو قەفەزەکەوە.

کەنارییە زەردەکە وتی : تۆش هەلێکت بۆ ڕەخسا ئازادانە بژیت! بۆ گەڕاییتەوە!

کەنارییە سوورەکە وەلامیدایەوە: من ئەو ئازادییەم بێ تۆ ناوێ!

جووتە کەنارییەکە عاسقانە باوەشیان بەیەکتر کرد و بە دەنوک سەرو ملی یەکتریان خوراند!

بۆچەند مانگێک هەردوو کەنارییەکە پێکەوە ژیان ، تا ڕۆژێکیان کەنارییە زەردەکە هێلکەی لە زگدا بوو دەبوایە کڕ

کەوێت . ڕاوچییەکە دەیزانی کاتی هێلکەدانیانە پوشی بۆ دانان تا هێلانە دروست کەن. بەلام کەنارییە سوورەکە خەمباربوو بۆ کەنارییە زەردەکەی خوێند و وتی: حەز ناکەم بێچوە کانمان وەك ئێمە لەقەفەزدا بژین. کەنارییە زەردەکە خوێندییەوە: هەر ئەوەندە بەچکەکانمان لەناو قەفەز لە دایك بن ئیتر ناتوانن ڕابێن بە ژیانی دەرەوە!

کەنارییە سوورەکە خوێندی : دەبێت پلانێك بدۆزین نەهێلین بەچکەکانمان لەم قەفەزە لەدایك بن.

لەو ماوەیەدا قەفەزەکەیان هەمیشە داخراو بوو بواری هەلاتنیان نەبوو ، ڕۆژێکیان ڕاوچییەکە هات بە داوە دەزوویەك قاچێکی کەنارییە سوورەکەی گرێدا و بەستی بە تەلی قەفەزەکە و دەرگای قەفەزەکەی کردەوە هەموو باڵندەکان بە ئارەزووی خۆیان دەفرینە دەرەوە و دەگەڕانە ژوورەوە.

کەناریە سوورەکە باڵە فرکێی دەکرد تا دەزووەکە بپسێنێ بەلام تا دەهات گرێی دەزووەکە توونتر دەبوو و قاچی ئازاردەدا.

کەنارییە سوورەکە بۆ بالنەدەکانی تری خوێند و وتی : بۆ نا فڕن بۆ ناو دارستانەکان و ئازادانە لەوێ بژێن.

باڵندەکان وەلامیان دایەوە : ئێمە لەگەڵ ژیانی ناو قەفەز ڕاهاتوین ونازانین لەناو دارستان بژین.

کەنارییە سوورەکە بە کەنارییە زەردەکەی وت : خۆشەویستم تۆ بفڕە لە ژێر درەختێکدا هێلانە دانێ منیش بەدواتەوەدێم. کەنارییە زەردەکە وتی : بە تەنیا ناتوانم ، ئەگەر تۆم لەگەڵ بێت دەفڕین و ئەم قەفەزە جێدێلین بەچکەکانمان لەناو دارستان گەورەدەکەین . لەم کاتە ڕاوچییەکە هات ، کەنارییە سوورەکە لەدلی خۆیدا وتی : لەوەبێ دەرگای قەفەزەکەم لێداخات .

هەڵبەز هەلبەزی کرد و بە دەنوکی هەولیدا دەزووەکە بپسێنێ کارەکەی بێ ئەنجام بوو . دواجار تەکانیکیدا و تا هێزی تیابووفڕی لە دەرگای قەفەزەکە هاتە دەرەوە .

ئەوەندە بەرز نەبووبوە لە تاو ئازار لەسەربانی مالی ڕاوچییەکە نیشتەوە . لەگەڵ نیشتنەوە خۆی پێنەگیرا و کەوتە خوارەوە ، جەندە هەولیدا هەستێتە سەرپێ بۆی نەکرا ، کاتێ ڕووانی قاچی ڕاستی نەمابوو خوێن بە قەدیا دەهاتە خوارێ.

کەناریە زەردەکە بە فریای هات بینی کەنارییە سوورەکە قاچێکی نەماوە ، بە دلتەنگی خوێندی.

کەنارییە سوورەکە وتی : گرنگ ئەوەیە هەردووکمان ڕزگارمان بوو لە قەفەز.





کەنارییە زەردەکە وتی : من هێلکەم پێیە ناتوانم دوور بفڕم.

کەنارییە سوورەکە وتی :تۆ لەگەلم بفڕە لەو ڕێگایە درەختێك دەدۆزین بۆ هێلانە .

کەنارییە سوورەکە هەولیدا بفرێت بەلام زۆر بۆی زەحمەت بووبە تاکە قاچێ بفڕێ .

لەم کاتە ڕاوچییەکە هاتە سەربان . کەنارییە سووورەکە هەولێکیتریداو باڵە فرکێی کرد و فڕی . بە کەنارییە زەردەکەی وت : بفڕە و بەدوام کەوە.

پێکەوە فڕین تا لە شار دوور کەوتنەوە . لە دوورەوە چاویان بە ڕەزێك کەوت هەردوکیان ماندوو بووبون. لە ناو ڕەزەکە نیشتنەوە . کەنارییە سوورەکە کاتی نیشتنەوە بەدەما کەوت . کەنارییە زەردەکە بەدەوری سوورایەوە.

کەنارییە سوورەکە وتی : خەمت نەبێت لە شوێنێکی زۆرخۆشدانین.

کەنارییە زەردەکە پرسی : ئێمە لە کوێن؟

کەنارییە سوورەکە وتی : ئێمە لەناو ڕەزیکداین پڕە لە خواردن هەر لێرەش هێلانە دەکەین و بێچووەکەکانمان گەورەدەکەین.

کەنارییە زەردەکە فرییە سەر درەختێك بینی هەر لقێك پڕ لە هەنجیرە . لەبرسا لە هەنجێرێك ئالا و خەریکی خواردنی بوو ، هەر ئەوەندەی زانی کەنارییە سوورەکەش بەتەنیشتییەوە هەنجیر دەخوات و دەخوێێنێ.

لە پاش ئەوەی تێربوون خێرا پووشیان گواستەوە و هێلانەیەکیان دروست کرد.

ماندووبوون خەویان دەهات ، کەنارییە زەردەکە وتی : ناو ئەم دارستانە زۆر خۆشە دەتوانم دوور بفڕم و بگەڕێمەوە . لێ خۆزگە تۆش قاچێکت لەدەست نادا.

کەنارییە سوورەکە وەلامیدایەوە : قاچێکم نە بێت لەگەڵ تۆ لەناو ئەم دارستانە بژیم خۆشترە لەوەی لەناو قەفەزدا بم.

لەبەر ماندوو بوون هەردوو کەنارییەکە نوستن . لەگەڵ گزنگی خۆر ڕەزەکە پڕبوو لە دەنگی خوێندنی باڵندەکان.

کەنارییە سوورەکە لەخۆشیا بۆ یەکەمین جار بە خۆشترین ئاواز خوێندی .

باڵندەکانی ناو ڕەزەکە هەموو بەدەم ئەم ئاوازە پڕلە شاد و کامەرانییەوە هاتن و لەسەر درەختی کەنارییە سوورو زەردەکە نیشتنەوە.

کەنارییە سوورەکە بە خوێندنەوە بەسەرهاتی خۆی و کەنارییە زەردەکەی بۆ گێڕانەوە.

لەو ڕۆژەوە باڵندەکان شادمانتر بوون بە هاتنی ئەو جووتە کەنارییە و بە دلێکی خۆشەوە دەفڕین وەدەیانخوێند.

هاینریش بۆڵ

# پوولی پۆستە

و: حسێن علی

هیچ کەسێك لە دۆستانم نهێنی بەتەنگەوە هاتنم بۆ پاراستنی پارچە قاغەزێك، کە هیچ بەهایەکی نەبێ چییە، تەنیا ئەوە نەبێ، کە یادەوەری ڕۆژێکی دیاریکراو لە ژیانمدا زیندوو دەکاتەوە، ئەوەش وای لەخەڵکی کرد کە بە میهرەبانم بناسێنن، ئەمەش کارێکە شایەنی پایەو پلەی من نییە: من بریکاری کۆمپانیای چینیم، بەڵام ئەم بوختانە لە خۆم دوور دەخەمەوە و هەمیشە هەوڵدەدەم کە بەهایەکی بەڵگەنامەیی بەم پارچە کاغەزە ببەخشم.

پارچە کاغەزێکی بچووکی هەرزان بەهای شێوە لاکێشەییە، پانی و بەرزی و درێژی پولی پۆستەی نییە- گەرچی ڕووبەریشی هەیە- لە پوولی پۆستە درێژتر و پانی کەمترە، هەرچەندە لە دامەزراوەی پۆستەوە دەرچوون، بەڵام کەمترین بەهای لای خۆشەویستانی کۆکردنەوەی پوول نییە. قەراخی پارچە کاغەزەکە بەختێکی سووری بریقەدار دەورە دراوە، بە پانی







هێڵێکی سوور دەیکاتە دوو لاکێشەی قەوارە جیاواز، لەناو لاکێشە بچکۆلەکەدا بەڕەنگی ڕەشیی ئەستوور پیتی (R) نووسراوە، و لە گەورەکەشدا- هەر بەڕەنگی ڕەش وشەی ((دۆسلدورف))، و لە تەنیشتیەوە ژمارەیەك... ئەویش (٦٣٤) ە ئەمە هەموو شتێکە، ڕەنگی پارچە کاعەزەکەشی زەردە و وەختە دارزێت. ئێستاش، لەبەر ئەوەی زۆر بەوردی باسم لێوە کرد، بڕیارم دا کە زۆر بەسووکی لێی بڕوانم و بڵێم: کاغەزێکی تۆمارکەری ئاساییە وەك ئەو سەدان کاغەزەی، کە هەموو ڕۆژێك لە نووسینگەی پۆستەکاندا بە نامەکانەوە دەلکێندرێن، بەڵام ئەم پارچە کاغەزە ڕۆژێك لە ڕۆژانی ژیانم ،کە ناشێ لەیادی بکەم وە بیردەخاتەوە، سەرەڕای هەوڵی بەردەوامی هەندێ کەسی بۆ سڕینەوەی لەیادم، بەڵام هێشتا بیرەوەریم زۆر ووشیارە.

کاتێك بیر لەو ڕۆژە دەکەمەوە یەکسەر بۆنی ((بۆدنگ ڤانیلیا)) دەکەم: کەم کەم هەوایەکی گەرم لەژێر دەرکەکەوە دێتە ژووری خەوتنم باشی دڵی دایکم وەیاد دەخاتەوە لەیەکەم ڕۆژی پشووەکەمدا داوای دروستکردنی ((ئایس کرێم بە ڤانیلیا))م لێکرد، و کاتێك لە خەو هەڵسام بۆنم کرد.

کاتژمێر دە و نیو بوو، سەرینەکەم بەرز کردەوە و سیگارێکم داگیرساند، پلانم داڕشت پاش نیوەڕۆ چۆن بەسەر بەرم، دەمویست بۆ مەلەکردن بچم. پاش نانخوارادن بۆ کەنار دەچم، کاتێك مەلە دەکەم، دەخوێنمەوە، سیگار دەکێشم، چاوەڕێی کیژێکی هاوڕێی گەنج دەکەم پەیمانیداپێم، کە پاش کاتژمێر پێنج بێت بۆ کەنار.

دایکم لە چێشتخانەکەدا گۆشتی دەکوتی، کاتێك بۆ چەند ساتێك دەوەستا گوێم لێدەبوو لەبەر خۆیەوە شتێکی دەوت، لەوانەیە سروودی ئاینی بێت. هەستم بە بەختیارییەکی زۆر دەکرد. پێش چەند ڕۆژێك تاقیکردنەوەکانی ڕۆژانی خوێندنی پیشەسازیم تەواو کرد، فەرمانێکی بەڕێز لە کارگەیەکی چینیدا چاوەڕێم دەکات، فەرمانێك دوا ڕۆژێکی گەورەی هەیە.. بەڵام من ئێستا لە پشوودام. پشووی چواردە ڕۆژی..لە هاویندا.

کەش لە دەرەوەی ماڵەوە گەرم بوو، بەڵام من ئەوکات هێشتا حەزم لە کەشی گەرم دەکرد لە درزی پەنجەرەکەوە ئەوەی کە فێریان کردین ناوی جوانیی (سروشت) لێبنێین دیم: سەوزی درەختەکانی بەرماڵمانی دی، ئینجا گوێم لە دەنگی (ترام) بوو. بەخۆشییەوە چاوەڕێی

خواردنی نانی بەیانیم دەکرد– دایکم لە پشت دەرکی ژوورەکەمەوە گوێ دەرگرت: لە ڕاڕەوەکەوە هات و لەبەردەم دەرکی ژوورەکەمدا ڕاوەستا، بۆ ساتەوەختێك بێ دەنگی باڵی بەسەر ماڵەکەماندا کێشا، ئەوکات ویستم دایکم بانگ بکەم، بەڵام لەو ساتەدا زەنگی دەرکەکە زرنگایەوە.

دایکم ڕووەو دەرکەکە ڕۆیشت. گیزەی زەنگەکە گرمەیەکی نامۆی لەسەر بیستنم هەبوو. زەنگەکە چوار، پێنج، شەش جار زرنگایەوە. دایکم لە دەرەوە لەگەڵ خاتوو (کۆرتس) ی دراوسێی ئەوکاتەمان قسەی کرد، ئینجا گوێم لە دەنگی پیاوێك بوو، دەستبەجێ زانیم نامەبەری پۆستەکەیە، هەرچەندە من دەگمەن گوێم لە دەنگی بووە. نامەبەرەکە هاتە ڕاڕەوەکەمان.. دایکم وتی: ((بەڵێ؟))، نامەبەرەکە وەڵامیدایەوە وتی: ((لێرەدا.. بەپارمەتیت واژووی بکە)) دایکم دوای ئەوە دەرکەکەی داخست، کاتی گەڕانەوەی دایکم بۆ چێشتخانەکە گوێم لە دەنگی هەنگاوەکانی بوو.

پاش تاوێك هەڵسام و چوومە گەرماوەکە. ڕیشم تاشی و زۆر بە خەمخۆرییەوە ماوەیەکی زۆر خۆم شت، کاتێکیش بەلوعەکەم گرتەوە، گوێم لێبوو دایکم قاوەکەی دەهاڕی، هەروەك لە ڕۆژی یەکشەممە دابین تەنیا جیاوازیش ئەوەیە من بۆ کڵێسە نەچووم.

کەس بڕوام پێ ناکات، بەڵام لە پڕ هەستم بە دڵگوشران کرد، هۆیەکیش بۆ ئەوە نازانم، بەڵام لەپڕ گوشرا. ئیتر گوێم لە دەنگی هاڕینی قاوەکە نەبوو. جەستەم وشککردەوە، کراس و پانتۆڵێکم لەبەر کرد و جوتێ گۆرەوی و پێڵاوم کردە پێ. قژم داهێنا و چوومە ژووری نانخواردن. مێزەکە گوڵ: گوڵەمێخەکی پەمەیی قەشەنگی لەسەر دانرابوو، بۆ نانخواردن بەشێوەیەکی نەرم و ناسك ڕازێنرابۆوە، پاکەتێکی سیگاری سوور لەسەر قاپەکەم دانرابوو.

دایکم لە چێشتخانەکەوە هات قاوەدانێکی هەڵگرتبوو. دەستبەجێ شوێنەواری گریانم لە چاوەکانیدا تێبینی کرد. بەدەستێك قاوەدانەکەی هەڵگرتبوو، بە دەستەکەی تریشی بەرگێکی بچووکی هەڵگرتبوو و چاوەکانیشی سوور هەڵگەڕابوون. چووم بۆ لای و قاوەدانەکەم لێوەرگرت و ڕوومەتیم ماچ کرد و وتم: "بەیانیت باش". نیگای کردم و وتی:" بەیانیت باش. ئایا باش خەوتیت؟" ئەوەی وت و هەوڵیدا خەندەیەك بکات، بەڵام سەرنەکەوت.

دانیشتین و دایکم قاوەکەی تێکرد، منیش پاکەتە سوورەکەی خرابووە سەر قاپەکەم



کردەوە و سیگارێکم لێداگیرساند. لەپڕ دڵبردنم نەما. دەستم بە تێکدانی شیر و شەکرەکەی ناو قاوەکەم کرد و هەوڵمدا نیگایەکی دایکم بکەم، بەڵام بە زووی چاوم نەوی دەکردەوە. پرسیارم لێکرد: "ئایا هیچ نامەیەکمان بۆ هاتووە؟" بەپێچەوانەی ئەوەی، کە پرسیارێکی سست بوو، دەستی سوور هەڵگەڕاوی دایکم لەسەر پێچراوە بچکۆلەکەی، کە ڕۆژنامەکەی سەرەوەی داپۆشیبوو، وەڵامی دامەوە: "بەڵێ"، پێچراوەکەی ڕووەو من لادا. ڕۆژنامەکەم کردەوە، دایکم دەستی کرد بەئامادەکردنی سندویچەکان بۆم. سەر با سەرەکییەکانی پەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکە: ((ئەڵمانییەکان لەسەر سنوور تووشی چەوساندنەوە دەبن)). چەند هەفتەیەك دەبێت لاپەڕە یەکەمە سەرەکییەکانی ڕۆژنامەکان لەم باسە دەدوێن، سەرەڕای ئەو ڕاپۆرتانەی دەربارەی ((تەقینەوەی ئاژاوە لەسەر سنووری پۆڵەندا و دەربارەی ئەو هەڵاتووانەی ناوچە سنوورەییەکانی پۆڵەندا جێدەهێڵن و بۆ ((ڕایخ)) دەچن. ڕۆژنامەکەم وەلاوەنا، ئینجا ڕیکلامی ڕۆژنامەیەکم دەربارەی ئەو شەرابەی کە هەندێ جار لێمان دەکڕی، کە کاتی باوکم مابوو خوێندەوە، شەرابەکە لە جۆری ((ریزلینگ)) بوو و بەنرخێکی هەرزان بۆ فرۆشتن دانرابوو. دیسان ڕیکلامەکەم خستە لاوە.

دایکم لە ئامادەکردنی سەندویچەکان ببۆوە، و لەسەر قاپەکە بۆی دانام و وتی: "شتێك بخۆ". ئینجا دەستی کرد بەگریان و ڕۆ ڕۆ. توانام نەبوو نیگای بکەم. ناتوانم ئادەمیزادێك ببینم بەڕاستی زووخاو بخوات. تەنیا ئەوکات پەیم بەوە برد، کە دەبێ هۆی ئەوە پەیوەندی بەو پۆستەوە هەبێت ،کە ئەمڕۆ بۆمان هات. هەر دەبێ پۆستەکە بێت. پەنجەم نابە سیگارەکەدا و گوژاندمەوە و قەپێکم لە سندویجەکەدا و نامەکەی لە تەنیشتمەوە بوو هەڵگرت، کاتێك بەرزم کردەوە تێبینم کرد کە لە خواریەوە بلیتێکی پۆستەی پێوەیە. ئەم پێ ڕاگەیاندنی تۆمار کردنم نەدی– ئا ئەم پارچە کاغەزەی کە تاوەکو ئەمڕۆ پارێزگاری دەکەم بەبەزەیی بە ناوبانگی کردم، بەم جۆرە یەکەم جار نامەکەم خوێندەوە.

نامەکە لە خاڵە ئێدییەوە بوو، خاڵم نووسیبووی پاش دەساڵی درێژ لە کاری یارمەتدەری مامۆستا لەم دواییانەدا بۆتە مامۆستای قۆناغی ناوەندیی. هەر دەبوو بۆ لانەیەکی بچووك بگوێزتیەوە . لەهیچ ڕوودانێکی چاکی دارایی نزیك نەبۆوە،

ئێستا لەپڕ چووە ناو بەدبەخترین چینی کۆمەڵ، منداڵەکان دووچاری کۆکەڕەشە بوون.. خۆشیی – لە نامەکەدیدا دەڵێت– لە هەموو شتێك بێزار بووە! ئێمەش دەزانین بۆچی. بەڵێ، ئێمە دەزانین بۆچی، ئێمەش بێزار بووین. زۆر کەسان بێزار بوون.

کاتێك ویستم پوولی پۆستەکە بەرم نەمدۆزییەوە، دایکم بردبووی و بەرزی کردبۆوە. و نیگای دەرکرد... چاوم بڕییە پارچە نانە قەپ لێگیراوەکە، فنجانی قاوەکەم هەڵدەگێڕایەوە و چاوەڕێم کرد. ئەوە لەیاد ناکەم. دایکم تەنیا جارێك بەو قرچەیە گریاوە، ئەویش کاتێك باوکم کۆچی دوایی کرد.. ئەوکاتیش دیسان نەمتوانی نیگای بکەم شەرم ڕێی پێنەدام– ناوێکی تر بۆ ئەوە نازانم–

هەوڵمدا قەپاڵ لە نانە قەپ لێگیراوەکە بگرم، بەڵام هەستم کرد قورگم گیراوە. لەپڕ زانیم کە ئەوە وای لە دایکم کرد تا ئەم ڕادەیە هەستیاری نەمێنێ دەبێ شتێك بێت پەیوەندی بەمنەوە هەبێت. دایکم بۆڵەیەکی لێوەهات لێی تێنەگەیشتم بلیتەکەی دامێ.. ئەوکات کاغەزێك تۆماری کردنەکەم دی، ئەم لاکێشە چواردەور شوورەی کە هێڵێکی سوور بە پانی دەیکات بە دوو بەشی ترەوە، لەناو لاکێشە بچکۆلەکەدا بەڕەنگی ڕەشیی ئەستوور پیتی (R) تێدایە و لە لاکێشە گەورەکەشدا وشەی ((دۆسلدۆرف)) و لە پشتەکەی نووسرا بوو:

بۆ بەڕێز/ برۆنوشنایدەر:

لە سەرتانە ڕۆژی ٨/٥/ ١٩٣٩ لە کەمپی شلیڤن لە ناوچەی ئەدنبرۆك، ئامادەبن، بۆ مەشقکردن کە هەشت هەفتە دەخایەنێت، وشەی ((برۆنوشنایدر)) و مێژوو و ((ئەدنبرۆك)) بە ئامێری نووسین نووسرا بوون، بەڵام وشەکانی تر چاپ کرابوون. خواری بلیتەکە نووسینێکی تێکەڵ و پێکەڵ، ئینجا وشەی (رابەر) چاپ کرابوو. ئەمڕۆ دەزانم کە ئەم تێکەڵ و پێکەڵییە گرنگ نییە، ئامێرێك هەیە بەم کارە هەڵدەستێت.

تەنیا ئەو پارچە کاغەزەی پێوەنرابوو گرنگ بوو، لەسەر دایکم پێویست بوو واژووی وەرگرتنی بکات.

دەستم خستەسەر باڵی دایکم وتم: "ئەی خوداوەند.. تەنیا بۆ ماوەی هەشت هەفتە".

دایکم وەڵامی دامەوە: "بەڵێ.. بەڵێ". ((وتم تەنیا هەشت هەفتە)). دەمزانی کە درۆیە، دایکم فرمێسکەکانی سڕی و وتی: ((بەڵێ.. ئەڵبەتە)). بێ ئەوەی بزانین بۆچی درۆ دەکەین درۆمان ئاڵوگۆڕ دەکرد،





بەڵام درۆمان دەکرد، دەشمانزانی درۆ دەکەین.

جارێکی تر پارچە نانەکەم هەڵگرتەوە، ئەوکات بەبیرمدا هات، کە ئەمڕۆ چواری مانگە و سبەینێ دەشێ سەد کیلۆ مەتر ڕووە و ڕۆژهەڵات دوور دەکەومەوە. هەستم بەڕەنگ هەڵبزرکان لە ڕووخساردا کرد، دووبارە نانەکەم دانایەوە، بێ ئەوەی گوێ بدەمە دایکم هەستامە سەر پێیان، چوومە ژوورەکەم لە تەنیشت نووسینگەکەم.

ڕاوەستام، چاوی مێزەکەم ڕاکێشا.. ئینجا جارێکی تر دامخستەوە. چاوم بەناو ژوورەکەمدا گێڕا، بە کورتی هەستم بەم جۆرە بوو. ئەمڕۆ من لەوە دەگەم، بەڵام من ئەوکات شتێکی بێ مانام دەکرد، بۆ ئەوەی ساماندارییەتی ژوورەکە بسەلمێنم و بێ ئەوەی چاوەڕێی هیچ کەڵکێك بکەم ئەو سەندوقە کارتۆنییەی، کە نامەکانم تێدا هەڵگرتبوو پشکنی و کتێبەکانم ڕێکدەخست بێ ئەوەی هیچ کەڵکێکی هەبێت. پێش ئەوەی بزانم چی دەکەم دەستم کرد بە تێئاخنینی کراس و دەرپێ و دەسەڕ و گۆرەویی بۆ ناو جانتاکەم، ئینجا چوومە گەرماوەکە، بۆ ئەوەی ئامێری تەراش ئامادە بکەم. هێشتا دایکم لە پشت مێزی نانخواردنی بەیانی دانیشتبوو. هێشتا نانە قەپ لێگیراوەکە لەوێیە.. قاوەکەشی لە فنجانەکەمدایە. بە دایکم وت: "ئەچم بۆ لای ئاڵ گیسلباخ" بۆئەوەی لە ڕێی تەلەفۆنەوە پرسیاری کاتی سەفەرەکەم بکەم.

کاتێك لەلای ئاڵ گیسلباخ گەڕامەوە کاتژمێر دوانزەی نیوەڕۆی لێدا. بۆنی برژاندنی قەرنابیت لە هۆڵەکەماندا بڵاو ببووە. دایکم سەرقاڵی شکاندن و وردکردنی سەهۆڵی نێو کیسەکە بوو، بۆئەوەی بیئاخنێتە ئامێرە بچکۆلەکەی ئایس کرێمەکەوە.

کاتژمێر هەشتی تەواو شەمەندەفەرەکە دەردەچێ و نزیکەی شەشی بەیانی لە ئەدینبرۆك دەبم. لەگەڵ ئەوەی ڕێگە بۆ وێستگەکە تەنیا پانزە چرکەی پێدەچێ من کاتژمێر سێ لەماڵ دەرچوومە دەرەوە. درۆم لەگەڵ دایکم کرد، کە کاتی کۆچ کردن بۆ ئەدینرۆك نازانێ چەندە.

ئەم سێ کاتژمێرەش– کە لە ماڵەوە بەسەرم بردن– لە هەموو ئەوکاتانەی کە لە دەرەوەی ماڵ بەسەرم بردن لە بیرەوەریمدا، ناخۆش و خراپ و درێژترین کات بوون، کاتێکی درێژ بوو، نازانم چیمان کرد. هەستمان بە چێژی خواردن نەکرد. پاش کەمێك دایکم گۆشتە برژاو و قەرنابیت و پەتاتە و ئایس کرێمی بە

ڤانێلیای بۆ چێشتخانەکە بردەوە. ئینجا ئەو قاوەیەی کە لە بەیانییەوە مابۆوە و دایکم بە پارچە قوماشێکی زەرد داپۆشیبوو و بە گەرمی هەڵیگرتبوو خواردەوە. گەلێ سیگارم کێشا.. کات نا کاتێك وشەمان ئاڵوگۆڕ دەکرد، دەموت: "هەشت هەفتە"، و دایکم وەڵام دەداتەوە: "بەڵێ.. بەڵێ.. هەڵبەتە" نە دەگریا. سێ کاتژمێر دروٚمان ئاڵوگۆڕ کرد، ئیتر توانام نەما، دایکم پیرۆزبایی لێکردم و گۆنای ماچ کردم. کاتێك دەرکەکەم پێوەدا زانیم دەگری.

چووم بۆ وێستگە. لەوێ جووڵە زۆر گەرم بوو. لەکاتی پشووەکاندا خەڵکانێکی بەختیار بووین ڕووخسارمان ڕەنگی زەردی لێ نیشتبوو، ئەملاو ئەولامان دەکرد. لە هۆڵی چاوەڕێکردن پەرداخێك بیرەم خواردەوە، نزیکەی کاتژمێر سێ و نیو بڕیارمدا پەیوەندی بە کچە لاوەکەی هاوڕێمەوە بکەم، کە بەنیاز بووم لەسەر کەنار چاوم پێی بکەوێت.

لەکاتێکدا ژمارەکەم بادەدا تۆپە پەپکەییە نیکڵییەکە بۆ پێنج جار دەگەڕایەوە شوێنی خۆی، خەریك بوو لە پەیوەندییەکە پەشیمان ببمەوە، دیسان ژمارە شەشم بادا، کاتێك گوێم لە دەنگێ بۆ پرسیار دەکات کێ قسە دەکات؟)) لەسەرەتادا بۆ ساتێك بێ دەنگ بووم.. ئینجا لەسەرخۆ وەڵامم دایەوە: ((بڕۆنۆ.. ئایا دەتوانی بێیت؟ دەبێ کۆچ بکەم.. بۆ سوپا)).

– هەر ئێستا؟

– بەڵێ.

پاش دەمێکی بیرکردنەوە، لە تەلەفۆنەکەدا گوێم لە دەنگی ئەوانی تر بوو. ئاشکرا بوو کە پارەیان بۆ ئامادەکردنی ئایس کرێم کۆ دەکردەوە.

– باشە ڕێکەوتین، دێم.. بۆ وێستگە؟

– بەڵێ.

بەخێرایی بروسکە بۆ وێستگەکە هات و تا ئەمڕۆ نازانم، هەرچەندە لە دە ساڵەوە بۆتە هاوسەرم، هەتا ئەمڕۆ نازانم ئایا پێویستە بۆ ئەم پەیوەندییە تەلەفۆنیە پەشیمان ببمەوە، پارێزگاری کاری کۆمپاینیاکەی کردم.. دوای گەڕانەوەم بۆ نیشتمان بەرزخوازی مردوومی زیندووکردەوە.. ئەوەی کە فەرمانەکە مژدەی پێدەدا– بووە واقعێکی زیندوو.

بەڵام من تەنانەت ئەوکاتەی کە دەشیا لەگەڵی بەسەری بەرم، نەمبردە سەر. چووین بۆ سینەما، لە هۆڵی ئەو سینەما زۆر گەرم و تاریکەدا و لەگەڵ کەمی ئارەزوومدا ماچم کرد. زۆرم ماچ کرد.. لەگەڵ ئەوەشدا کە هێشتا تا کاتژمێر هەشت کاتم بەدەستەوە مابوو، بەڵام من





کاتژمێر شەشی تەواو چوومە سەر شۆستەی وێستگەکە. لەسەر شۆستەکە جارێکی تر ماچم کرد، ئینجا بازمدایە نێو شەمەندەفەرێك ڕووەو ڕۆژهەڵات کۆچی کرد. لەوکاتەوە ئیتر نەمدەتوانی بێ ئەوەی هەست بە ئازار بکەم کەنارەکان ببینیم: خۆر، ئاو، دڵخۆشی خەڵکی، هەموو ئەمانە وادیارە لای من لە شوێنی خۆیاندا نین، دانیشتن لەشاردا بە تەنیا و لەکەش و هەوایەکی باراناویدا دەدەم بەسەر هەموو ئەوانی تردا.. دەچم بۆ سینەما، کە ئیتر لەسەرم نییە کەی ماچ بکەم.

هێشتا دواڕۆژێکی گەورە لە کۆمپانیاکە لە پێشمەوەیە. دەشێ ببمە بەڕێوبەر. بەڵکو لەوانەیە و بە پێی یاسایی بێکەڵکی و ئەمانە ڕوو بدات، ئەوان بەوە قایلن، کە من سەر بەکۆمپانیاکەم و من شتێك لە پێناویدا دەکەم..

زۆرجار بەسەرنجدانێکی قووڵ دەڕوانمە پارچە کاغەزی تۆمارکردنەکە.. ئەم پارچە کاغەزەی کە لادانێکی کتوپڕ لە ژیانمدا دەنوێنێ، کاتێك تاقیکردنەوەی ڕۆژانی خوێندنی پیشەسازیی لە هاویندا گرێ دەدرێت و دەرچووان بۆ پیرۆزبایی لێکردنیان دێنە لام، بە ئەرکی سەرشانمی دەزانم وتارێکی کورتیان پێشکەش بکەم، کە وشەی ((دواڕۆژێکی گەورەی ڕۆڵێکی نەریتی تێدا دەبینێ)).

<u>سەرچاوە</u>

کتێبی ((وکان مساء...)) سمیر جریس کردوویەتی بە عەرەبی)).

# دەڤەری دۆلاراوا

ئەحمەد سەلام

عەیامێکە خەونی ناخۆش دەبینم، لەم چەند شەوانەی ڕابردوودا، خەونێکی سەیرم بینی. لەو خەونەدا ڕێم کەوتبووە دەڤەرێك خەڵکەکەی نە بەشێوە و سەکوتیان لەمن دەچوون، نە بە قسە و زمان لێیان حاڵی دەبووم، دەڤەری چی کاول بێ، کەلاوەخانەیەك بوو بۆ ژیانی مەردمان نەدەشیا.

ئیتر ئەمە خەوە و بە دەست خۆت نییە، هەر دەبێ ببینی ئەوجا هەیە خەون بە شوێنی خۆشەوە دەبینێ، هەیشە وەك من خەون بە کەلاوەخانەیەکی واوە دەبینێ.

لەو خەونەدا یەکێك بەناوی (عەزە دۆلار)ەوە بوو بە دۆست و هاوڕێی ڕۆژانەم، بێ ئەوەی بزانێ ئایا من بۆخۆم حەز بە مەرحەبا بوونی دەکەم یان نا، بەزۆری زۆردارەکی خۆی پێ ناساندم، خۆی لێکردم بە هاوڕێی گیانی بەگیانی. ئیتر لەوە بەدوا هەرجارێك بانگم بکردایە کاك عەزیز خێرا وەڵامی دەدامەوە.

– تکایە لەبیرت نەچێ عەزە دۆلار!

برا ئێمە لەم دەڤەرە بە دۆلار ناو و ناوبانگمان دەرکردووە. ئەمە میراتێکە لە باو باپیرانەوە بۆمان ماوەتەوە. بۆیە دەبێ وەکو سێبەر ئەم ناو و نازناوەمان بە دواوە بێ. هەر لەو خەونەدا یادی بەخێر بێ (عەبە تمەن)م هاتەوە بیر، ئەویش سەردەمانێك لای ئێمە تا خۆی پیاوی دینار و تمەن کەس نەبوو شان لەشانی بدا، کەچی ئێستا وا نابووت بووە دەست لە ئاستی هەموو کەسێکا پان دەکاتەوە!

من لەم داڵغە و خەیاڵانەدا بووم لەبەر خۆیشمەوە چاوم بە تابلۆی دوکان و کۆگاکاندا دەگێڕا، لەپڕ سەرەخولێم پێکەوت، چییە خۆ خەڵکی ئەم دەڤەرە هەموویان شێت و شەیدای (دۆلار)ن.

خۆم لەبەر خۆمەوە دەمگوت سەیری ئەم مەخسەرەیە ئاخر زەرەنگەری دۆلار یانی چی، کەبابخانەی دۆلار بۆچی، مۆبێلیاتی دۆلار چەندی بەچەند، کوڕە دەوەرە یەخەی خۆت دامەدڕە لەدەست قەسابخانە و سەرتاشخانەی دۆلار؟!

ئیتر هەر نازناوی دۆلارە و نووساوە بەکلکی قوتابخانە و تەمەڵخانە و تەنانەت مەیخانەیشەوە! ناو و ناوبانگی دۆلار لێرە کڵاشە دەکا.

ڕۆژانی دوایی بۆم ساغ بووەوە کە دەکرێ لێرە دار و بەرد و تا ئاژەڵیش دەتوانرێ نازناوی دۆلار بەخۆیەوە بلکێنێ!

هەرچۆنێك بێ خۆم لە چنگی عەزە دۆلار دەرباز کرد، هاتم بۆخۆم بەتاقی تەنیا ملی ڕێم گرتەبەر، لەپڕ لووتم بە لووتی کابرایەکەوە خەریك بوو لە شەقامەکە دەپەڕییەوە بۆ بەری ئەوبەر، سێ چوار بەرخۆلەیشی پێش خۆی دابوو، لە دڵی خۆما وتم هەبێت و نەبێت ئەم پیاوە بەدراوی خۆماڵی خۆمان بەرخۆلەکانی دەفرۆشێ، بۆ سەوا و مامەڵەیەکی لەگەڵا نەکەم؟.

پرسیم خاڵۆ ئەم بەرخۆلانەت بۆ فرۆشتنە؟ بەتەوسێکەوە وەڵامی دامەوە:

– ئەی گوایە بۆچیمە، ئەرێوەڵڵا کوڕی باوکم دەیانفرۆشم.

– باشە جووتی بە پارەی خۆمان بەچەند

دەست دەدەن.

کابرا تووڕە بوو، گوتی:

– ئەوە تۆ دەڵێیت خەڵکی ئەم دەڤەرە نیت، بۆ لێرە کەس هەیە سەوا و مامەڵە بە پارەی خۆمان بکا، کوڕی باوکم باوەڕت بێ ئەگەر بە دۆلاریش نەبێ بە زێڕیشیان نادەم.

بەهەر فەلاکەتێ بوو خۆم لە غەزەبی کابرا قوتار کرد و ملی ڕێم گرتە بەر لە سووچێکی بازاڕەکە، لە بەردەمی شەربەت فرۆشێکدا وەستام، هێشتا بەتەواوی قومێکم لە شەربەتەکە نەدابوو، سەرم هەڵبڕی چاوم لە ئاستی تابلۆی (شەربەتخانەی دۆلار) گیرسایەوە، ڕقم هەستا لە داخا قومی دووەمم لە شەربەتەکە نەدا و خێرا دەستم کرد بە گیرفانما و پارەی شەربەتەکەم دانا و ملی خۆم شکاند، دوای ئەوە گڕگڕ خۆم کرد بە کەبابخانەیەکدا لەتاو برسێتی هۆشی ئەوەم نەبوو سەرنجی تابلۆی کەبابخانەکە بدەم، کاتێك بەخۆم زانی کار لەکار ترازابوو، تومەزە ئەمیش ناوی (کەبابخانەی دۆلار)ی لەخۆی ناوە! هەرچەندە پێشتر وام دانابوو یەك، دوو شیشی تر داوا بکەم بەڵام کە بەم کەتنەم زانی خێرا دەست و برد هەستام و پارەکەم دانا و بە فرکانێ بۆی دەچووم بەنیازی ئەوەی لەم دەڤەرە دوور کەومەوە تا خۆم لە هێرش و شاڵانی دۆلارپەرستان ڕزگار بکەم.

بۆ ئەم مەبەستە ڕێم گرتە بەر، بڕاتان بێ خۆیشم نازانم بەرەوکوێ، لەپڕ خۆم لەناو حەشاماتێکدا دۆزییەوە هەرهەموویان دوای تەرمێك کەوتبوون بەرەو سەرقەبران بەدزییەوە و زۆر بە هێواشی لە یەکێکی ناو ڕیزەکەم پرسی:

– ئەرێ کاکە زەحمەت نەبێ ئەم قەرەباڵغییە بۆ چییە و ئەم خوالێخۆشبووە کێیە؟!

بەرانبەرەکەم بەدەنگێکی غەمگینەوە وەڵامی دامەوە گوتی:

– چما برا نازانی ئەمە (دۆلار ئاغا)یە ئاغای گوندی (دۆلارئاوا) ئەگەر نەتزانیوە ئەوە بزانە نیوەی ئەم شارە موڵکی تاپۆی ڕەشی ئەم زاتە و بەرەبابانێتی.

تومەزە بەدەم خەوەکەوە لەگەڵ حەشاماتەکە کەتبوومە ڕێ بەرەو سەرقەبران، کاتێ بەئاگا هاتم خێزانەکەم ڕامدەوەشێنێ و پەیتا پەیتا بانگم دەکا:

– هەستە (سەمەد) هەستە ئەوە قەسابخانەکەی کۆڵانی ئەودیومانە هاتووە بەرخۆلەکەی بۆ (حەمە)ی کوڕمان هێناوە، هەستە سەوا و مامەڵەی لەگەڵا





ببڕێنەرەوە.

لەبەر خۆمەوە بۆڵاندم و گوتم:

– ئای لە بەختی ڕەشمان.. بەشەو و بەڕۆژ دەبێ پیاو لەم شارەدا بەمامەڵەی تمەن و دۆلارەوە سەرقاڵ بێ ئەگینا ئیشی ناڕوا. ئەوەیشی ئیشی نەڕوا مردنی باشترە نەك ژیانی بەدبەختی.

## دەقی دوێنێ

# چوار دیواری بێ سێبەر

سەلام محەمەد

دیواری یەکەم: شەپۆلێک لە بۆمبای شەو
پاپۆڕەکانی مەبەستم
لە بارەگای شەختەی بارینی مەرگەوە
داوای پاسەپۆرتی مژدەی بەهار دەکەن
مردن لە ئاوێنەی ڕەشی ژوورەکەمدا
پەنگی داوە
پاپا لەسەر لووتکەی سووری گۆرانیم و
لە گریانی دیلیەتیمدا هەڵواسراوە

دیواری دووەم: گۆڕستانی سەرەوژێر
خۆری مردوو لە لالێوماندا خەوتووە
ناسۆری پێخەفی ماتی
گڕی زنجیر بە ملماندا دەوەرێنێ
بەرەبەیانی ونبووی تاڵمان
لە ئاسۆی پەرستگاکاندا
قسە دەکا و چاو هەڵدێنێ
کووپەڵەی درۆی سووتاوی بەزێڕ خنکاو
چاوگی هەستی بەزیومانە
لێفەی سەر گۆڕی دوژمنی شاخی بەفراو
چڵی کەللەی تەزیومانە
لەکوێوە دێین
بۆ کوێ دەڕۆین
بەرهەمی کام گەڵا دەخۆین
کەی بڕوانین
کەی ناوی کەشتی باوەڕی
ئازایەتیمان بزانین
کەی چاومان دڵمان بناسێ
فریشتەی بوونی ژاکاومان





بەرانبەر ڕاستی بتاسێ

دیواری سێیەم: پەیکەرێکی ولاتەکەم
(١)
ولاتەکەم وەکو بێشکە دەلەرێتەوە
دەسرازەکانی پێش بوونی نەخشەکانمان
لە ئاگری ناو سەنگەری تیرەکانمان
دەڕوێتەوە

(٢)
دە
بیست
سی
چل
ئاواتەکانمان بوونە کل

(٣)
تەقینەوەی بۆمبای تەوژمی ڕازەکان
وەک گۆرانی بەرازەکان
ناو کودەتای چاوەکانم دەحەسێتەوە

(٤)
شالاوم برد
لە ڕۆژمێری خنکاوی ساسانەکان
بە بڵێسەی هەناسەیەک تۆمارم کرد
لالانەوە ڕەشکەنەوە
ئەمڕۆ بەهاری ئازادی بۆ دواجار مرد

(٥)
ولاتەکەم ورووژاوە
وەک سامۆتکەی جەرگی سووری
بەرزەڵنگێکی بێتاوە
لەناو گێژاوی تاریکی سێدارەدا
وەک تەمەنی
فریشتەی بڕوا کوژراوە

دیواری چوارەم: هەڵوێستی بیابانێکی سوور
منداڵەکان
وەرن بخۆن پاشکۆی سڕی داستانەکان
وەرن زوڕنا بۆ شار لێدەن
تەنیا دووربن
لە فیشاڵی پەرستگاکان
منداڵەکان بسووتێنن
ئەو سەرینەی بۆنی مردنی پێوەیە
ئەو چیرۆکەی چاوگی نەمانی ئێوەیە
ئەو ئەشکەوتەی کە تەلاری مەرگتانە
ئەو دۆزەخەی کە سەنگەری مێشک و
هەست و جەرگتانە
بسووتێنن
بڕووخێنن

هاوینی ١٩٧١ کەرکوک

لەم سەرچاوەیە گواستراوەتەوە:
گۆڤاری گزنگ، ژمارە (١)، ١٩٧٢، کەرکوک ل:١٩ تا ٢٢.



ڕەزا حەمە

پێنج کورتە هۆنراوە

# پێنج کورتە هۆنراوە

١

تەڵەی مشک و تەڵەی سیاسەت

تەڵەی مشک و تەڵەی سیاسەت
یەک کرتەن و یەک ملبەندی
ئەمیان چەشەی پێوە دەکرێ ،
ئەوی تریان بەرژەوەندی
*     *     *

چەشە: ئەو خۆراکەیە کە بۆ نێچیردادەنرێت

٢

ئایدۆلۆژیا

داوی مرۆڤ و داوی باڵندە
ئامانجیان یەکە و خۆراکیان جیایە
باڵندە کوشتەی دانەوێڵەیە
مرۆڤ گیرۆدەی ئایدۆلۆژیایە
*     *     *

٣

بوونەوەرێکی شەرانگێز
ئەم دنیا هێندەی شەڕ دیوە





چەناگەی لە خوێن چەقیوە
تا مرۆڤ خاوەن ماڵی بێ
دەبێ هەر ناڵە ناڵی بێ
*     *     *

٤

ڕاستی

ڕاستی خۆی لە کەس ناشارێتەوە
ئەگەر بێت و خۆت پشتی تێنەکەی،
درۆ و دەلەسە یەخەت ناگرن ،
گەر خۆ ویستانە دەمیان بۆ نەبەی.
*     *     *

٥

درۆ

ئەگەر درۆ بۆندار بوایە،
گەلۆ بڵێی مرۆڤ هەبا ،
بەبۆنی خۆی نەکەوتایە ؟

# تۆ

**وداد یاسین**

لەم دوونیاپان وبەرینەدا دەژیم
کەچی هەرهەستەکەم تەنیام
چونکە لەژیندا  تۆ بووی ئەستێرەی هیوام
دەژیم ژیانێکی بێ مانا
چونکە تۆ بووی مانای ژینم
بۆتۆ بوو خۆشەویستی وئەوینم
ئێستا خەم بوو بەهاورێم
بۆیە لەگەڵ فرمێسکا ئەژێم
سووچی ژورێکی تاریک بووەتەچێ نشینم





بۆیە بەنووکی خامەکەم دەری ئەبڕم دەردی دڵەکەم
گریە وناڵەم بێ سوودە ئێستا
چونکە ناگەن بەگیۆی تۆدا
بۆیە ئەیانهۆنمەوە وئەیانکەم بەدێڕە شیعرێک
بەوئومێدەی بەردیدەت کەوێ وبیخوێنیتەوە رۆژێک



جوان کەرکوکی

# شەوێك

دێم و لە تیشکی چاوت دەڕوانمە تینی خۆشەویستی

دێم و هۆنراوەیەکی خەمڕەوێنت بۆ دەڵێم ببێت بە پیت و

خەمەکانتی پێ دەنووسمەوە

دێم و باسی عەشقی من و تۆی تیا دەکەم

ئەو  ئەشقەی بۆ یەکتری تووواینەوە

دێم و نازی دڵم بگرە و مەیشکێنە

لەنێوان هەردوو چاوتا بمخەوێنە

دێم و لە تریفەی مانکەشەوا بمدوێنە

بە هیوای کۆرپەی خۆشەویستی بملاوێنە





دێم و  ئەیخەمە بیرت چۆن خۆشم ویستی

چەند بە هێمنی و بە بێدەنگی باسم کردی

هاواری کرد چاوەکانم بەکزی و داماوی

چ سەردەمێکی سەخت بوو بە یادگاری

ئای نەمتوانی بیدرکێنم خۆشەویستی بۆی

هەناسەی سارد لە دەروونما دەتاسێنی

هەر دڵەی جارانە ئێستاش دەناڵێنی

# ئاشتەوایی

**شاخەوان**

هەر بەیانیانێ کە چاو هەڵدێنم
یادی تۆ دەکەم هیچ خۆم نادوێنم
لە بێدەنگییەکەت سەرسوور دەمێنم
پاداشتم ماچە یاخود بەر جوێنم
نە جوێنت هەبوو نە ماچ خەڵات بوو
خۆشەویستیمان گشتیی بەبا چوو
بە یادی تۆوە ماوم بە پێوە
بە بێدەنگییەکەت خەم باری لێوە
ئەو ڕۆژە کەی دێ وەک جاری جاران
بانگێشتم بکەی بۆ باخچەی جێژوان
دەست لەناو دەستبێ بەبێ ڕاڕایی
لێو لە بان لێو بێ بۆ ئاشتەوایی







# بابا گوڕگوڕ

**شێخ سابیر جەباری**

نووری ڕووناکی تۆ دنیای گرتەوە
دنیا لەسەر تۆ گرەوی بردەوە
تۆی باباگوڕگوڕ کە زۆر جوانی
جێگای شانازی مایەی ژیانی
خوێنی لەشی تۆ ئاڵتوونی ڕەشە..
کوردی بەشی خواروو وا لێی بێبەشە
چەند لاوی ئازا و نەترس و بێباک
لەپێناو تۆدا سەریان نایە خاک
گلەیی دەروونی گەلی بەش خوراو
دەگاتە ئاسمان تۆی لێ زەوتکراو
هەموو ڕەنجێگمان بۆ بێگانەیە
لەبری مافمان بەندیخانەیە
ڕۆژێکیش دەبێ گەلی بەش خوراو
دەبێتە خاوەن مافی خۆی تەواو
تۆڵەی شەهیدان دەسەنینەوە
ئەوجا بەوچان ئەحەسێینەوە



ڕووزار ئەحمەد

# گڕی تازەکانی ئۆدێب

لەوێ شاخەکان
پاڵیان داوەتەوە
ئەوانە ڕۆماننووسەکانی "باکوورن"
چاخ بە ڕەفی سەریانەوە
وەک پەیکەری جەنگاوەرە دۆڕاوەکان
هەرجارە و ڕوو لەلایەک دەکەن
پاڵتۆی ڕەش و..
جامانی کون کونی ڕۆژگار
لەوێ ئەشکەوتێک
چیرۆکی پارچەیەک لەو مرۆڤانە دەگێڕنەوە
کە بوونە شاخ..





لەوێ دارستانێکیش
بەدوای دەماری ژیندا دەگەڕێ
وەک "گەلگامیش"
ژیان بێ ماناتر دەبێت
کە ترۆپک ڕووت و
وچانیش
بێ دار بەڕوویەک
لەوێ شوهرەت
بە دەمامکی ساختەوە دێت و..
ئاوماڵکەی تەمەنمان دەسووتێنێ
ئێمە مەعبەدەکانی ( کاهن ) ەکان نەبووین
بەری پێ و ورگی خۆمان لێک جوودا نەکەینەوە
خەروارێک بووین
لەو ئابڕوانەی کە دڵۆپ دڵۆپ
دەڕژاینە ناخی خۆمان
بووینە گڕی کۆنەکەی ( ئۆدێب )
شاخەکان حەسرەتی
بۆ دەکێشاین و..
لە میربەدەکانیشدا
شیعر و چەپڵەی
سەرکەوتنیان لێدەدا
لەوێ شوهرەت وابوو
کە باڵندەکان کۆچیان کرد
ئیتر سورەتەکانی "ڕەجم"
بە تەنافی هێلانەکانەوە
هەڵواسران
چ عادەتێکی بێ تامە ژیان

یارییەک لە منداڵییەوە
هەردوو براوە نەبووین
لەکیسمان چوو
لە پەنای بەردێکدا
وەکو ئەوان باسی خۆشەویستی بکەین
مەڵێ.. دەڵێی لە ترسی
خەلیفەکانی حەرەم سەرا،
دەڵێم.. ئەوان
هەموو دوێتەکانی ئێمە و
نێو حەساریان
بۆ هەوەسەکانی خۆیان
مەرەخەس کردبوو
ئێمەش نەیادا بزانین ئەمە عیشقە
ناوی ( خودامان )
لەم چیرۆکە نابوو
نازانم عەشقی خودا
لە کوێ بوو؟؟
کە تۆ فەرزەکانی عەشقت
بۆم ئەژمارد و
نە شەونوێژی ژووانەکانمان
دەتواینەوە کۆشی یەکتری
کە سەرابیشت ئۆغری لێدەکردم
خۆم و بالیفەکەم
دەبووینە قوربانی خەڵوەتگایەکی تر
وەک سۆفییەک
کەس نهێنییەکانی دڵی نەخوێندنەوە
ئەمە دواهەمین بەڕووی شاخەکانە





بەر لە هاتنی چڕنووکی زەمهەریرەکان
باس لە چیرۆکەکانی ( پەنا ) دەکا
کە داڵدە بوو بە حەسرەتێک و
قەت قەت نەهات
دەترسم پیریش
سبەینێ باجی ئەم تەمەنەی
لێم بوێت
کە بەردەوام پەشیمانم
لە بوونم!!!
بێ ڕەغبەتەکانی خۆم هاتم..

کەرکووک ١٥ی تشرینی دووەم ٢٠٠٩



خالید مەجید فەتحوڵڵا

# عەشق.. عەشقێکی گەورە!!

خەونەکانی ئێمە،
بە تاریکی زامدار دەبوون!
خەیاڵمان بێدەنگییەکی ژەهراوی بوون
پڕبوون لە حەسرەت و یادگاری
زەردەخەنە،
لای ئێمە هەیبەتی نەبوو
هەر برینێکی ئێمە
لە ڕووی چاوەڕوانیدا..
بورجی خۆی هەبوو!

بە زەبری ڕەنگەکان..
ناویان لە خۆیان دەنا...

*         *         *

ئەی هاوڕێ:
بەفر و،
شاخ و،
کەو و،
کانی..
لە خاکی ئێمەدا
عەشق بوون





عەشقێکی گەورە
بەئازار دەدرەوشانەوە...

*         *         *

ئەی هاوڕێ:
ئێمە دەرگامان نەبوو
دەنگێکی توورە بووین
لە کیشوەرێکی پەککەوتەدا..
لەبری نان،
گەدای برسیمان..
لە وشەی تەڕ،
پڕ دەکرد و..
لەژێر زەبری زەمەندا
ڕەوا نەبوو،
بپەڕینەوە ئەوبەر!
ئێمە بە چپەی ئاواتێکی گەرم
گەرمتر لە دەم و لێوی عاشقان
بووین بە عەشق
عەشقێکی گەورە...
ئێمە،
چاوانمان پڕبوون لە وێنەی ئادەمیزاد
دڵمان وێنەی وڵاتێک بوو..
خەوبوو..
لە کەژاوەیەکدا،
منداڵیی خۆمان بێنینەوە یاد!

*         *         *

خۆشەویستم

ئێمە،
هاوڕێی پشکۆکانی هەتاو بووین
برسێتی ئێمە،
پڕی بوو لە گوڵ و
ناو دەممان
بە سروودی خوێناوییەوە..
گەرم دەکردەوە!
لەسەر بەرد و
قەدپاڵی چیا و
جۆگەلەکاندا..
حەزی ئێمە
بەختی بەجێماوی خۆشەویستیان
ژیر دەکردەوە...
ئیدی نازانم،
برینی ئێمە تاوان بوو
یان ئێمە
وەک یادگار..
بەدووی ئازار دەکەوتین!
شەوی گەردەلوولی ئێمە،
پڕ بوون لە تریفەی مانگەشەو
سەفەر بەدوامانەوە..
چارەنووسی خۆی هەڵدەبژارد!

* * *

ئەی هاوڕێ:





ئیدی ئێمە،
لە گوناهەکانمان..
ورد دەبینەوە و،
لە ئارەزووی خۆماندا..
دەبینەوە بە نهێنی!
جارێکی دی..
نابینەوە بە عاشقێکی سەرخۆش
ژووانێکی بێ تام،
وێڵمان بکات!!
ئێمە،
لەناو دارستانی خۆماندا..
تەنیا بۆ گوڵە نێرگز دەچەمینەوە
کە بۆنی هەنگوینی نەورۆزی لێ بێت
ئەوانەی لە ئاسمانی بەرینی ئێمەدا،
ویستیان ڕۆژ لەسێدارە بدەن!
ئیدی
زەوی دڵمان..
نایانگرنە خۆیان...

* * *

کەرکووک ٢٠١١

**ئازاد موراد**

# قەسیدەیەکی حەزێکی سەرشێت

ئازیزەکەم
شەوانی من لە تەنیایی دوایی نایە
چاوەڕوانی مەرگیش دەکەم بەلاّم نایە
وەڕسبووم لە چاوەڕوانی هاتنی بێ نەهاتن
حەزی شێتم وەکو منالێکی لاسار وایە
بەرد دەگرێتە شووشەکانی دلّداری خۆی
کەچی هێشتا شووشەکانیش
بەم شکانە دوای نایە !!!
ئاخ گیانە ؟

تازە ناتوانم گەلاّی وەریوی پاییز
کۆکەمەوە
سەرلەنوێ ڕوو لە چاوەکانت کەم
کە چاوی تۆ بۆ من قیبلەی دلّداری بوو
من ئاوێکی سەرەو لێژبووم
دەهاتمەوە دەریای دلّت
وامدەزانی لە دونیادا هیچ چاو نییە لە
چاوانت جوانتر و..
لە ڕۆحی تۆ پاکتر و لە دلّی تۆ





ناسکتربێت
من نهێنی شاراوەی خۆمدایە دلّت و..
لەگەلّ سێبەری تۆدا هەنگاوی ژیانم دەنا
دەشمزانی هەنگاوەکان بەرەو کەناری
ون بوونە !!!!
بەسە تاکەی لە تەنیایی ونم دەکەی
ئازیزەکەم
کە شەو دادێ بەسەر منی زەبوونی مات
دلّم هەلّپەی دەرچوونیەتی لە سینەدا
شەو لەگەلّ تاریکی خۆیدا پەیامی نامۆیی
دێنی و
ونم دەکات بۆ بێ دەنگی
منی شەیدای حەزێکی شێت !!!!!
تامەزرۆی دەمەوبەیانی گزنگی
خۆرەتاوێکم
تا چاوی تۆم لـێ دەرکەوێ و
ئاشنا بە ڕۆحی پاکتبم
خۆشەویستم
خۆشەویستیت ئاگەرێکە لە هەناودا
قەرچەی لەوبەری دونیایە
ئەو حەزەی تۆ ؟
وەکو سەهۆلێکی رەقی بەر سایەقەی
کوێستان وایە
لەبەر هەتاو هێواش هێواش
لەمابەینی پەنجەکانم دادەجۆڕێ و
دەتوێتەوە

ئارام دەگرم من دەزانم
ڕۆژێ دادێ دلێ من و ئەو دلّەی تۆش
زەوی لە باوشی دەگرێ و
تێکەلّ بە خۆلّی یەك دەبن
ئەوسا چۆڕاوەی ئەو حەزە
دلّی تامەزرۆی ئەوینت پاراو دەکات
ئەوکات دلێ ڕەقی بەردت وانامێنێ
دلّت پەمۆیەکی نەرم و سپیی ئەوین پاکە
خۆزگە گیانە ؟
ئێستا دلّت وەکو جاران لە چاوانت نەرمتر و
حەزی جارانی بوایە !!!
بۆ یەك جاری وشەی گیانەم لە پەری
لێوتەوە بهاتایە
ئەی ئازیزە دلّڕەقە و نازفرۆشی بێ کۆتایی
ئەم ویست حەزی بابردووی خوم بگێڕمەوە
بۆم نەگیرا
وێلّم بە دوای چارەنووسی نادیاردا
لـێم ون بووە ؟؟
بۆی دەگەڕێم نایدۆزمەوە
ئازیز ؟
چارەنووسی ونبووی خۆم و چارەنووسی
نادیاری تۆ
ڕۆژی دادی شێتم دەکا
لەتاو حەزی شێـتم گیانە
هەموو ڕۆژی بۆ گرتنەوەی بەختی ڕەشم
لەگەلّ پیرێژنە چادووگەرەکەی لای مالّماندا

دادەنیشم و لەپم بۆ دەخوێنێتەوە
پێم دەڵێ قەدەری تۆ دابڕانە
لەم ئەوینە تەنیاییە
ئای کە چەندە ڕقم لەو وشەیەی ناو زاریتی
و
چارم نییە و بۆ بەیانی هەم دەچمەوە
سەر لەنوێ پارە دەردێنم
بەختی دڵم دەگرمەوە وەکو جاران
هەمان وشەم پێ دەڵێ و
پێشم دەڵێ بەسە چی دی بەختی دڵت
مەخوێنەوە
ئەی یار ئەی نازفرۆشی دڵڕەق
منی شەیدا !!!!
لەگەڵ هاتنی گەشت وەرزێکدا دەیمەوە
لات
وەکو جاران کوڵمی سوورت ماچ دەکەم و
لەئامێزی خۆمت دەگرم وەشەی جاران
دەڵێمەوە
لۆلۆ.. لەبەر لەبەر
بۆ یادگاری حەزەکەمان دەگێڕمەوە
بەڵێن دەدەم هەتا هەتا لە باوشی حەزت
بگرم
لێی ناگەڕێم جارێکی دی
تەنیایی ئاشنای ڕۆحت بێ و
لە ژوورەکەت خەم داتبگرێ و
بێدەنگی بتخنکێنێ !!!!!

هۆ کچە جوانە سەرشێتەکەی دڵی
شێتم
تۆ فێری شێتیت کردم و شێتت کردم
لەو ڕۆژەوە من ئاشقێکی شێتم
!!!!!!
بەهارێکی گوڵ دزراوم
هەنارێکی لاجوان و ناو ڕزیوم
ولاتێکی بێ پایتەخت و شارێکی شوورە
ڕوخاوم
ئەی یار
وەرە سەرت بنێ بەسینگمەوە و..
گوێ لە ترپەی دڵی شێتم بگرە
ئەم حەزەی من وەکو بارانی زستانی
بەرخۆر وایە
دادەبارێ بەسەر تۆدا تەڕیش نابی
کەچی خۆشت دایم حەزت لە بارانە
لەبەر بارانیش ڕێدەکەی و خۆت بارانی
هەموو کاتێ بەسەر مندا دادەبارێ و
حەزەکەت گەش دەکەیتەوە و چرۆی
تازە دەردەکەن
ئەی یار
کە هاتمەوە لە دیداری ئەوینی پاک
ڕێی هاتنەوەم لێ ون بووە
قەدەرم بایەک دەبیات و بەناو کۆڵانی
حەزەکاندا دەیگێڕێ و
کەسیش دەرگای ئەوینی لێ ناکاتەوە





شووشەیەکی شکاو و پڕژاوم پێیە
کێ دەتوانێ پارچەکانی لێکداتەوە
ئەم حەزەی من پێناسەکات
ئەی ئازیزە دڵڕەق و نازفرۆشەکەی دڵم
من تا مردن کڕیاری شەڕ و نازتم
سەد ئەوەندەش جاری تر تۆ وابکەی
من ملوانکەی حەزێکی پاک
حەزێکی شێت دەهۆنمەوە و
هەموو ڕۆژێ دەیخەمە گەردنی حەزت و
بەڵێنەکەم وەکو جاران دەڵێمەوە
سەرلەنوێ گۆرانی شێتی بۆ دڵدارە
دڵڕەقەکەم
نازفرۆش و چاوڕەشەکەم بە ترپەی دڵی
شێتم دەڵێمەوە
ئەی یار
لە جەنگی ئەشقی دڵتەوە کە هاتمەوە
بە دڵێکی پاک و شکاو
دۆڕاوترین جەنگاوەری ئەشقم ئێستا
بەربەیانە و..
بایەک بەدەم ڕێوە دەمبات
من خۆم گێژم گێژترم دەکا
پرسیار لە داهاتووم دەکا
منی سەرشێت کۆا دەتوانم
پێش لە قەدەری هاتووم بگرم
با لە مێژووی جەنجاڵی من جۆن تێدەگا
جۆن دەتوانی داهاتووشم بۆ باس بکا

ئەی یار
کاتی ئەشق لە دڵتا مرد
خەم دایگرتی و تەنیایی هاوڕێی ڕۆحت بوو
نەتدەزانی بۆ کوێ دەچی و
سەرگەردان بووی
لەو ساتەوە ؟؟
ئەشق کوخێکی ڕووخاوە لەبەر چاوت
بەڵام گیـانە
من ئەشقێکی شێتم هاتووم
من دارێکی قەد ئەستووری گەورەترین
چیایی دونیام
لافاوێکی حەزی شێتم ڕابردووی تۆ ڕادەماڵم
ئێستا دڵم لەگەڵ ترپەی دڵی تۆدا ڕاهاتووە
چاوم گلێنەی خۆی نییە و
کاڵی چاوی تۆی دزیـوە
لەو کاتەوە من حەزێکی سەرشێتم
ماندوو نابم دێم و دەچم
تا گوێم لە دەنگی دڵت بێ
ئەوسا جەستەی ماندوو شەکەت ئارام دەبێ
ئەی یار
من سەرچاوەی
پاکترین ئەشقی دونیام لە بۆ چاوت
چۆن دەتوانی ئاخر چۆن
بۆ ئەبەدی لەبیرم کەی
ئاخر گوڵم
چۆن دەتوانی لە پەروانەیەک ڕاکەی

دایم ڕوو لە چاوەکانتە و بۆت دەسووتێ

٢٠١١/٦/٢٩

هۆ گوڵی جوان
من ئەشقێکی پاك و جوانم
خۆت دەزانی بەڵێنێکی بێ کۆتاییم
دڵت لەناو دڵێ مندا شین بۆتەوە
لەگەڵ هەموو ترپەکاندا خوێنی منە بەڕێ
دەکا
وام لێ مەکە و..
بۆ یەکجاری مەمسووتێنە
قەدەرێکی لەناکاوم بۆتۆ هاتووم
فرێم مەدە قەراخی شۆسەتی دڵتەوە
لە ناوەندی چەقی دڵت ژوانێکی ئەبەدیم
لە بۆ دانێ
من تامردن ڕوو لە چاوتم
ساڵ دوانزەی مانگ پەروانەیەکی سووتاوی
گڕی بەتینی ئەشقتم
ئەی یار
مەرگ هەموو کاتێ لە سێبەری ژینمدایە
کەچی حەزت دایم بۆ من سەرتایە
توخوا گوڵێ
ئەمجارەیان لەبۆ دواجار
دەسیدایە (پەری) ماچ بکە و پێشی بڵێ
ئەم ماچە ماچی شێتەیە و میراتگری ئەوم
ئێستا
پەشیمانم.. دایە.. پەشیمان
ئەو ئەشقێکی پاك و جوان بوو من دۆڕاندم



هودا ریاز زەناوی / بەیروت

# بۆن و بەرامەی مەرگ

و / سەردار جاف – کەرکووک

بە حەسرەتی ئارامییەکی ڕەسەنەوە
چاوەنواڕ بووم
و خوێنی بەربلاَوی ئاسمان
لەسەر ڕووی دەریا
ژاوەژاوی ڕۆژ دەنێژێ
لەوێ … لە دۆراندۆری تاریکی
چاوەنواڕی پەخشی گزنگ بووم
تیشکی خۆری چاوەکانت
کاتێ مرۆ مۆڵ دەبەستن
هێواشی ماندوێتی
لە نێوماندا شەوی کۆتەڵ دادەهێنێ
هاواری ئەوین
و ژاوەژاوی عیشق
هاتنی ژووانێ جاڕ دەدا
بولێڵێ لە چرپەکانمان شێت دەبێ
سارای تینوێتیم چاوەنواڕە
کانیاوی هەنگوینی دەتەقێنێ
بۆ نغرۆ بوون لە دەریای دڵەڕاوکێم
بە مۆڵی چرپەکانت دزە دەکەن
شەپۆلەکان لەسەر گۆشەکانم دەهاروژێن
گڕم تێبەر دەدا بۆ تێرامانی بەختت
لە دونیای شێتبوونا ئاوا دەبم
بە عاشق بوونت بالاَ دەکەم تەختی خەیاڵ
دەگرم
لە شەوێکی بەهاریدا هاوێر دەبم
شکۆفەی گوڵان لەنێو لمەکاندا
وشکایی ڕامالَی و تێرئاوی کردەوە
بێهێزی بە مەی ڕەنگین کرد
لەنێو هەناسەبڕین و هەناسە دانەوەدا
دادەبارێ
دزە کردنم بۆ گۆشەکانی تەمەنت جاڕ دەدا






بە نازەوە دەتلێمەوە لەنێو
تەواوبوونتدا
لە ئامێزی شەوی خۆشەویستی
بە ئاگا دەبمەوە .. و خزمانیش لە
پوختیدان
بە شەرمەوە سەر زمان دەگرم، بە
ئارەزوویەکەوە بۆ ئازار
تینوێتییەک کە سەراب نایشکێنێ
دووری مەوداکان نزیک نابێتەوە
ئازارە جوانەکان کۆتاییان نایەت
دڵی سەرشێت بە بەرەڵایی دەژێتەوە
ئابڵوقەی خود دەدا بۆ پووکانەوەی
زەمەن
بە ئومێدی ئەوپەڕی ئەوین بپۆشی
جادوومان بەسەردا بباریێ
تریووسکایی مانگەشەو هوتاف بکێشێ
ئەستێرەکان بە شەیدایی
خۆشەویستییەوە
هەڵهەڵە بۆ تریووسکایی درەخشانیم
لێبدەن
شنەی بۆنەکەت بە سەرمدا هەڵیکرد
وریای کردمەوە کە من هێرشبەرێکی
خوێناویم
حەیتەیەکی ناخی شێتبوونتم
هەڵاوی هەناوم بەرەو لای تۆ دێ
بە ئاوازێ شەوکەیفی ئارامی
ڕاچڵەکاند
گەوجی دەستەمۆ کرد
بە کپی نکەنکی پێچاپەوە
لە پاڕانەوەی دوا نیگا
و تکای پێڵو لێکنان
و لە هاروژاندنی سووڕانەوەی گێژەڵۆکە
لە دۆراندۆری تەواوی تەمەن
وەک گڕکانێکی هەژیو لە یاساغبوون
حەزم لە دیواری بازووەکانتە
بەڵکو بەرەو پەراسووەکانت ڕامالَی
چانوارم کردی …. وەک مەیلی باڵندەی باکوور
بۆ چەند چرکەیەک لە شەوی ( دەهما ) دا
خەلاَت بگۆڕینەوە
ڕەشایی شەو بگوێزرێتەوە بۆ سووری تۆخ
بە سۆزەوە لە سەدان ساڵەوە پەرشوبلاَو
بۆتەوە
بەهار تیشکی لە تاریکی تەمەن دەدا
سوورایی سپێدەیش بە دیاری دەداتە گزنگێکی
ئاونگی
هەناسەم بە بۆنی گوڵەکان ئاو دەدرێ
لەنێو ئامێزتدا دەتوێمەوە
وەک خێوی عیشق
لە جەستەتدا خۆم پەنهان دەکەم
بزواندنەکان ئاوێتە دەبن
بە دەسبازییەک دڵ ئازار دەدا
وەک تاموبۆنێک تێکەڵی چاوەکان بێ
بە دەنگم لە هۆشی خۆتت دەبەم و بە توندی
پەرتەوازەت دەکەم
لە ئاسۆی پان و بەرینەوە بەرەو هەناوم

**خالید باشبلاخی**

# بیری بۆنی گوڵاوی هەناسەت دەکەم

ئەم شارە, تۆی تیا نەبوایە
کەی وا جوان و دڵگیر دەبوو؟
ئەزیش تۆم خۆشنەویستایە,
دڵم لەکن کێ ژیر دەبوو؟!

بریا دەیان ساڵ لەمەوبەر
زمانی چاوت فێر دەبووم..
دەمم بنابایێ, زنەی
ئەڤینتەوە تا تێر دەبووم..

حەز دەکەم وەکو جانتاکەت
لەگەڵتا..بێمە پۆلەوە.
عیشقت زەریایەکە و, دەمبا
بەدەم وردە شەپۆلەوە..

هەموو شەوێ لە ئامێزی
خەیاڵێکتا..لە سلێمانیم.
تۆش بوویتە بە خۆری خۆزگە و
خولیاو خەونی ئەرخەوانیم..

لەو دەمەوە خۆشت دەوێم
لە بەهارێکی تەڕ دەچم.





لە تاڵی تێشکی هەتاوی
ئێوارەی زەردەپەڕ دەچم..

پەنجەی شنەبایەک دەدات
لە پەنجەرەی ڕۆحی تەنیام.
پێدەچێ بۆنی بسکی تۆی
هێنابێ بۆ دڵی شەیدام.

هوزاری نێو گوڵزاری تۆم
گوێ بۆ ناڵینم ڕادێرە..
ئازاری عیشقت کوشتمی
بەس بە تەنیاییم بسپێرە..

کوژراوی موژەی چاوی تۆم
ناناڵێنم لە خۆمەوە..
بڕوا بکە,گەر ژەهریش بیت
حەزم لێیە بتخۆمەوە..

لێوانلێوم لە ئەوینت
دەروونم کانیاوی سۆزە.
کەی دێی تینوێتیم بشکێنی و
دڵتم لێ پڕکەی وەک گۆزە؟!

کچێ ئاخر خۆشم دەوێی
هێندەی بەرزی هیمالایا..
دڵی تۆ گۆڕستانیش بێ
پێم خۆشە بمنێژی تیایا..

بۆچی نایەی, وەکو باران
بەسەر خاکی دڵما داکەیت؟
من پەروانەی ڕوخساری تۆم
بۆ هەست بە سووتانم ناکەیت؟!

ئەی نازانی, من منداڵی
نێو جۆلانەی خەیاڵی تۆم؟
هەموو شەوێ لە خەونمدا
لەسەر بالیفی باڵی تۆم..؟!

هێند تامەزرۆم بۆ دیدارت
دەزانی چەند تاسەت دەکەم؟
دەزانی چەند, بیری بۆنی
گوڵاوی هەناسەت دەکەم؟!

لە چاوەڕوانیتدا دەڕوێم
لەسەر ڕۆخی ئەم شەقامە
تا دوا ترپەی لێدانی دڵ
هەر چاوی تۆ پەرستگامە !!..

**ڕێبوار قەرەحەسەنی**

# دەڵێی ڕۆحی و..لەجەستەمدای

**دەڵێی ڕۆحی و..لەجەستەمدای**
**ئەگەرچی دووری لێمەوە.**
**برینێکم بەپەنجەی هەر**
**یادگارێکت دەکولێمەوە.**

****************

**تۆ وابەستەی خاکی دڵمی**
**ئەی شەنگترین کچی گێتی.**
**هێندخۆشمدەویی,دوورنیە**
**عیشقت بمبابەرەو شێتی!**





********************

**دەشێ ڕۆژێ خۆم لەیادکەم**
**وەلێ ,تۆم بیرناچێتەوە.**
**تاژیانم وەکو مۆمێ**
**هێدی هێدی دەتوێتەوە.**

******************

**وەکو گەڵای زەردی پاییز**
**نزیکم لە وەرینەوە!**
**کێ دەڵێ بۆجارێکی دی**
**لەژوانێ, یەک دەگرینەوە؟!**

## فەرەیدوون حەکیم زادە:

# کەس گوێ لە هاواری دڵسۆزێک ناگرێ...



**دیمانە: مەحمود عومەر باوزی/ رانیە**







مامۆستا فەرەیدوون حەکیم زادە لە ساڵی ١٩٦٨ ز لە شاری( سەردەشت)کوردستانی رۆژهەڵات لە دایبك بووە . سەرەڕای کاری پیرۆزی یەکەمی خۆی کە پەروەردەو فێرکردنە، ساڵی ١٩٩١ بەنوسین لە بوارەکانی مێژوو رامیاری وئەدەبیات و کاروباری هونەری دەست پێ کردووە .تا ئێستا نزییکەی ٦٠وتاری لە گوڤار و رۆژنامەکانی ((سروە، ڕامان، سیروان، ئاویەر ، پەیام کوردستان، گۆڤاری مەهاباد، پووشپەڕ، لە سەردەشتەوە تا ناکازاکی (گوڤارێکی تایبەت بە کیمیابارانی شاری سەردەشت)، زەمان و دەنگی ئاشنا بڵاو کردۆتەوە((.

سەرنووسەری ١٧ ژمارەی گۆڤاری منداڵانەی ئاڵەکۆك لە مەهاباد بووە . ١٠٢ ژمارە بەرپرسی بەشی کەونە نیشتمانی گۆڤاری مەهاباد بووە . جگە لەم بابەتانە خاوەنی ئەم بەرهەمە چاپکراوانەیە:

١ - درِك و داڵی جەزائیر ، وەرگێران — ساڵی ١٩٩٩ی زایینی

٢ -سەردەشت لە ئاوێنەی بەڵگە نامە مێژووییەکاندا — ساڵی ٢٠٠٤ ، بە زمانی فارسی نوسراوەو لە لایەن دەزگای وەرگێرانەوە کراوەتە کوردی.

٣ ) -ساوجبلاغی موکری)مێژووی سیاسی ، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی مەهاباد، ساڵی ٢٠١٠

٤ -فەرهەنگی ناوە کوردیەکان....

چەند کتێبێکیشی ئامادە ن بۆ چاپ ، لەوانە :

١- بارزانی لە دەڤەری موکریان ، کە کتێبێکی بە نرخە لە سەر ژیان وخەبات وچۆنیەتی جمو جوڵە سیاسیی و کۆمەڵایەتیەکانی بارزانی نەمرە لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا .

٢- ناودارنی موکریان

فەرەیدوون حەکیم زادە سەرەڕای کار و باری نووسین لە بواری فیلمیش دا چالاکی هەبووە و تا ئێستا زێتر لە ٤٠ فیلم سەبارەت بە ئاسەوارە مێژووییەکانی کوردستانی وەك دەرهێنەر تۆمار کردووە.

ئێستا لە شاری مهاباد ، جگە لەو بوارانە سەرگەرمی پیشەی مامۆستایەتی یە .

*** بەریزتان وەك مامۆستاو نوسەر و وەرگیر پەیوەندی و جیاوازی نێوان ئەم سێ بوارە چی یە ؟ پەسنی کامیان کامیان بەسەر کامیاندا دەدەن ؟ راستر بڵێم لەکارکردن لە کام بواردا ئاسودەترن؟**

– ئەگەر پرسیارەکە بەسێ بەش، دابەش بکەم.دەبێ بڵێم ئەم کەسایەتیانە هیچ جیاوازیەکیان نیە، واتە هەرسێکیان لە بەستێنی پەروەردەی مێشك و هاوسەنگی روح و رەوان ئیش دەکەن. مامۆستا وەك فێرکار مێشکەکان بۆ خوێندنەوە و راڤە و سازکردنی هێڵی فیکری، تەیار دەکا و نووسەر داهێنان دەکا تا بەرەیەك وەك

مامۆستا فەرەیدوون حەکیم زادە لە ساڵی ١٩٦٨ ز لە شاری( سەردەشت)کوردستانی رۆژهەڵات لە دایبك بووە . سەرەڕای کاری پیرۆزی یەکەمی خۆی کە پەروەردەو فێرکردنە، ساڵی ١٩٩١ بەنوسین لە بوارەکانی مێژوو رامیاری وئەدەبیات و کاروباری هونەری دەست پێ کردووە .تا ئێستا نزییکەی ٦٠وتاری لە گوڤار و رۆژنامەکانی ((سروە، ڕامان، سیروان، ئاویەر ، پەیام کوردستان، گۆڤاری مەهاباد، پووشپەڕ، لە سەردەشتەوە تا ناکازاکی (گوڤارێکی تایبەت بە کیمیابارانی شاری سەردەشت)، زەمان و دەنگی ئاشنا بڵاو کردۆتەوە((.

سەرنووسەری ١٧ ژمارەی گۆڤاری منداڵانەی ئاڵەکۆك لە مەهاباد بووە . ١٠٢ ژمارە بەرپرسی بەشی کەونە نیشتمانی گۆڤاری مەهاباد بووە . جگە لەم بابەتانە خاوەنی ئەم بەرهەمە چاپکراوانەیە:

١ - دڕك و داڵی جەزائیر ، وەرگێران — ساڵی ١٩٩٩ی زایینی

٢ -سەردەشت لە ئاوێنەی بەڵگە نامە مێژووییەکاندا — ساڵی ٢٠٠٤ ، بە زمانی فارسی نوسراوەو لە لایەن دەزگای وەرگێرانەوە کراوەتە کوردی.

٣ ) -ساوجبلاغی موکری)مێژووی سیاسی ، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی مەهاباد، ساڵی ٢٠١٠

٤ -فەرهەنگی ناوە کوردیەکان....

چەند کتێبێکیشی ئامادە ن بۆ چاپ ، لەوانە :

١- بارزانی لە دەڤەری موکریان ، کە کتێبێکی بە نرخە لە سەر ژیان وخەبات وچۆنیەتی جمو جوڵە سیاسیی و کۆمەڵایەتیەکانی بارزانی نەمرە لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا .

٢- ناودارنی موکریان

فەرەیدوون حەکیم زادە سەرەڕای کار و باری نووسین لە بواری فیلمیش دا چالاکی هەبووە و تا ئێستا زێتر لە ٤٠ فیلم سەبارەت بە ئاسەوارە مێژووییەکانی کوردستانی وەك دەرهێنەر تۆمار کردووە. ئێستا لە شاری مهاباد ، جگە لەو بوارانە سەرگەرمی پیشەی مامۆستایەتی یە .

*** بەریزتان وەك مامۆستاو نوسەر و وەرگیر پەیوەندی و جیاوازی نێوان ئەم سێ بوارە چی یە ؟ پەسنی کامیان کامیان بەسەر کامیاندا دەدەن ؟ راستر بڵێم لەکارکردن لە کام بواردا ئاسودەترن؟**

– ئەگەر پرسیارەکە بەسێ بەش، دابەش بکەم.دەبێ بڵێم ئەم کەسایەتیانە هیچ جیاوازیەکیان نیە، واتە هەرسێکیان لە بەستێنی پەروەردەی مێشك و هاوسەنگی روح و رەوان ئیش دەکەن. مامۆستا وەك فێرکار مێشکەکان بۆ خوێندنەوە و راڤە و سازکردنی هێڵی فیکری، تەیار دەکا و نووسەر داهێنان دەکا تا بەرەیەك وەك







پێویست کارەکانی بخوێننەوە و چێژی تایبەت بە خۆیانی لێ بکەن. وەرگێأیش لە ئەزموونی وڵاتان(وام) وەردەگرێ، لە بۆچوون و ئەزموونی ئەوان بۆ دەوڵەمەندتر کردنی کتێبخانەی وڵاتەکەی، کەڵك وەردەگرێ.کە وایە هەرسێکیان لەسەر هێڵێکی ڕاست دا خزمەت دەکەن جا سەروژووری هەیە. هەر کامەشیان کاردانەوەی تایبەت بە خۆیان هەیە، بەڵام تەنێ لە نووسین دا خۆم دەبینمەوە. کەم¬و¬کوأیەکانم، ئاوڕت و تاسەکانم و کەل و ئاسۆکانم، لە نووسین دا مەست دەبم، مەستی بادەی ئەو ئاوڕتانەی بە ئاوڕتیانم ئەو بۆچوونانەی بە تاسەیانم. عاشقی دیأدێأی نووسراوەی جوانم جا هەرکەس نووسیبێتی. جوو بێ یا گاور، گاور بێ یا موسڵمان، بەس ئینسان بە منای تەواوی ئینسان بێ. وەرگێڕانم پێ خۆشە چۆن بە خەیاڵ دەمباتە ناو شارە زێأینەکان، دەمباتە ناو بۆنی عەتر و خاوێنی و خۆشەویستی و یەکتر خۆشەویستن.

***هەریەك لەبواری وەرگیران و نوسین ، بەلای ئێوەوە کامیان قورسترن ، لەکامیاندا بەرپرسیاریەتی زیاتر دەکەوێتە سەر شانی نوسەر ؟**

– ئەو ژانرە لەبەرێك دا نین تا رێژەی گرینگایەتیان بخەمە أوو، بەڵکوو بە وتەیەك لێك گرێدراون، پاڵ پشتی یەکترن. لە وەرگێڕان دا بتهەوێ یا نەتهەوێ دەبێ زمانێکی تر(جیا لە زمانی زگماکی) بزانێ. کە واتە تۆ لە خۆتدا دووکەسی. دوو کەس کە دوو زمان دەزانێ، دوو فەرهەنگ دەناسێ و ئەوە سەرکەوتنێکی تاکی و کۆییە.تاکی وەك ئەوەیکە بە موتاڵای ئەو زمانە لە فەرهەنگ و ئاداب و کولتوری ئەوان حاڵی دەبی و وەك(کۆ) پەیوەندیت لەتەك خەڵکانی تر بە قازانجی نووسینەکانت دەبێ. وەرگێأ لە پێشدا نووسەرە پاشان وەرگێرە، چۆن گرینگایەتی هاتنە ڕا و بۆچوونەکانی بەیانی و دەرەکی بۆ ناو دەقە زمانییەکانی خۆی هەست پێ دەکا. وەك نووسەرێکی کورد هەست بە کەلێن لە کتێبخانەی کوردی بکا بۆ وەرگێڕانی بۆ وێنە پزشکی یا سایکۆلۆژی. ئەوە هەستێکی پیرۆزە کە بە دەیان ساڵ لە کەسێك یان دووان پێك دێ.لە دەیان کەس شایەت یەکیان رێگەی باش و نزیك بدۆزێتەوە و سەرکەوتوو بێ.نووسین بۆ نووسەر،ئیلتیزام پێك دێنێ،واتە بەرپرسی کاری خۆیەتی،بۆخۆی دەنووسی و بۆخۆشی لەبەرامبەری دا ڕادەوەستێ.بەڵام وەأگێر بەتەنیانیە،پاڵ پشتەبە فکرو بۆچوونەکانی کەسی یەکەم.هەرچەند ئەوەش نابێتە گارانتی بۆ کارەکەی،چۆن زمانێکی تر و چێژێکی تر لەکارەکەی دێتە دی.

***ئۆرهان پامۆك لەرۆمانی ژیانی نوێدا**

**باسی لە کتێبێك كردووە كە هەر كەس ئەو کتێبە بخوێنێتەوە ژیانی دەگوڕێ ، ئایا بەراست کتێب ژیانی مرۆڤ دەگۆڕێت ؟ ئایا کتێبێك هەیە توانیبێتی ژیانی تۆی بگۆڕێ؟**

–وەسیەت نامەی شاعیرێکی چنیتی بۆ کورەکەی ئەمەیە: ((كوأم كەمن مردم،شتێکم نیە پێتی بدەم،مەگەر خۆر،مەگەر ئاسمان،مەگەر ئەم خەڵکە.لانی کەم شتێك بکە خەڵك کەمێك هەست بە خۆشحاڵی بکەن))هونەر ئەوەنیە تەواوی کەلێن و قوژبنەکانی ژیانت پڕکاتەوە.خۆبەسەر نەهاتیە کانت دا بکێشێ و راستت کاتەوە.تەنیا دەتوانی کەمێك بەخۆشبەختی نزیکت کاتەوە.كتێب دەتوانێ ئاڵ و گۆڕێك بێنێ. کاتێك تۆعاشقی و پێت وایە کەس وەك تۆ نەسووتاوە،ئەوەتاله رۆمانی(زەنبەق دەرە)ی هۆنرە دۆبالزاك،بۆنی عەتری ئاشقی رۆژە رێیکەك هەست پێ دەکرێ.کاتێك کێشەی سیاسیت لە وڵات دا هەیە ئەوەتا لەرۆمانی(کوێری)ژۆزە سارامانگۆ،پێت دەڵێ تەنانەت کەس یەکەمی وڵاتەکەت بۆ لەتە نانێك چ دەکا؟وچۆن لەماوەی چەندکات ژمێردا وڵات ئاڵ و گۆڕی بەسەر داهات و کوێری سپیان گرت! ! ! ئەگەر هۆگری شاخ و داخ و وڵات و ئاسمانی،ئەوە تا فەتاح ئەمیری لە رۆمانی(هاوارە بەرە و میرزا)چۆن لێ ئامرازی پێویست و کوردانەت وەك ئەسپ و شاخ و تفەنگ پێ نیشان دەدا.یان یاشار کەماڵ چۆن لە(حەمەدۆك)دا چیات بۆزیندوو دەکاتە وە، چۆن دارستان دەکاتە خزمەت بەرژەوەندی میلەتەکەی.رۆمان لوتکەی هەستی میللە،میللەتێك بتوانێ رۆمان بنووسێ و رۆمان بخوێنێتە وە و لێی حاڵی بێ،میللەتێکی سەر کەوتووە.

***دەرفەتی کارکردنت چۆنە کەی دەنوسیت و کەی دەخوێنیتەوە ؟**

– تەنێ بە هۆی ئیش کردنم لە قووتابخانە،نیو رۆژێکم لەقووتابخانە خەریکی ئیشم بەڵام لەماوەی شەو رۆژێك لانی کەم ٤تا٥ کات ژمێر دەخوێنمەوە و دەنووسم زۆر بەپەلەم،زۆر بەپەلەم، دەزانم بارشی فکری هەر مرۆڤێك ماوەی کەمە.هەموو کات دەترسم وەك ئەورۆ نەتوانم بنووسم،وەك ئەورۆ نەتوانم وەدوو بکەوم،دەترسم رۆژێك بێت لەحەسرەت ئەو رۆژانە فرمێسك هەڵوەرێنم. هەر ئەو بۆچوونە(نازانم ڕاست یا نڕاستە) ئازارم دەدا. بەسەرم دا دەبۆڵێنن، دوکتورەکان چاوم لێ زەق دەکەن، دۆستانی نزیکم پێم پێدەکەنن. کەس لێم حاڵی نابێ، ئەورۆ گەیشتوومە شوێنێك کە بیست ساڵ لەمەو پێش هەولم بۆ دەدا. ئێستاکە دەزانم سەنەد و دۆکۆمێنت و وێنەی دەگمەنی وڵاتەکەتم چۆن بدۆزمەوە. بە هۆی





نووسینی دو کتێبی مێژوویی(سەردەشت لە ئاوێنەی بەڵگەنامە مێژوویەکاندا) و (ساوجبلاغ موکری، چاوخشاندنێك بەسەر مێژووی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی مەهاباد) توانیم متمانەیەك ساز بکەم. بەڵام داخەکەم کەس نیە گوێ لە هاواری دڵسۆزێك بگرێ ...

**★ هرتامولەر پێی وایە کتێب خوێندنەوە شێتی کردووە کە پێشتر دایکیشی ئەمەی پێ وتووە ، ئایا تۆ شتێکی لەم بابەتەت لە ماڵی خۆتاندا پێ وتراوە ؟**

– ئەگەر کتێبیش شێتمان نەکا، جەنابت بەو پرسیارانە شێتمان دەکەی. ئەرێوەڵڵا برا، خێزانم لە پێش هەموو کەس دا دەزانێ چەند شێتم. پایزان کە منداڵ دەچنەوە قووتابخانە، رۆمان دەخوێنمەوە منالّ دەبمەوە و هەستم دەهەژێ. بە خوای زۆر جاران دیومە دوعایان بۆ خوێندووم و بۆم پڕاونەوە. کاتێك دەبینی لە رۆمانی (تاقەدار)ی خوالێخۆشبوو ئەنوەر ئیرانزادە، شیرین بە دەنگی ماملێ و لە وەرزی پایزدا دەگری. ئەدی ئەمنی خوێنەری دەستەوەستان چ بکەم؟ پێبکەنم؟ بۆیە لە وتارێکدا دەنووسم: "لە وەرزی دوکەڵ و شیمیایی کێ گوێ لە هاوار و چریکەی بولبولێك دەگرێ؟" رۆمانی حەمەدۆکم لە مێشکم¬دا نووسیەوە، بۆیە توانیم چیرۆکی(تۆڵە) بنووسم. تۆڵە چیرۆکی خەزوورێکە کە بووکی بێوەژنی خۆی بە مێرد دەدا.(گۆڤاری ڕامان– ژ٣٢– ٥/شوباتی/١٩٩٩– هەولێر(

کتێب زەریفترین و ناسکترین بەشی ژیانە. خوێندنەوە و موتالای رۆمان ئاگاداری دەدا، مێژوو و فەلسەفە شایەت ژانڕێکی وشك بن، بەڵام بە خوێندنەوەی رۆمان، مێژوونووس ئاڵترناتیوێکی فیکری تێدا بەدی دێ. گۆڕانێکی ئاگادارانەی لە هەست و نەست و بیری پێك دێ. کتێب قەت خەیانەت ناکا! ! ! قەت لێت دأدۆنگ نابێ و هەموو کات لەگەڵتە و نۆژەنی فکریت دەکاتەوە.هەرچەند خوێنەری عاملاو دەق ئەکتیوتر دەکا.لیباس و جلکی نوێی لەبەر دەکا و بە جلکی نوێوە دەیبینێ و هەستی پێ دەکا.

**★پەیوەندیت لەگەڵ دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە چۆنە بەگشتی پێتوایە دەزگاکان مامەڵەیان لەگەڵ نوسەراندا باش نی یە ؟**

– دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە حیسابی فکریان لەسەر ناکرێ. ئەوان بازاری بیر دەکەنەوە و بازاری کاروباری چاپ بەڕێوە دەبەن. دەجا سرووشتیە مامڵەی ئەوان ئێحساسی نیە، بەڵکوو گەڕانەوەی پوولّ و پارە بۆ ئەوان مەبەستە. بەڵام بە قەولی خوالێخۆشبوو شێخ رەووف نەقشبەندی لە پێشەکی کتێبی(رفع الخفا فی ژات الشفا)ی ابن الحاج دەفەرموێ:" ئاخر خۆ نووسەر

ناتوانێ هەم بیر کاتەوە و بنووسێ، هەمیش وەدوای چاپ و کاغەز و شتی تر دا بێ "

لە وڵاتی ئێمە نووسەر دەبێ تا سەر مەکینەی چاپیش بأوا و پارە خەرج بکا، نەوەك لاپڕەسەنی شتەکەی لێ خراو بێ و بە ئامان و زەمان جێی خۆی نەگرێتەوە. زۆر جار ناشر دەستێکی دوکتوریشی هەیە و دەستێك دەباتە ناو دەقی نووسراوەکە، جا وەرە ئاوێ بێنە و دەستان وەشۆ!!

دایکی ئانتوان چخۆف نەسحەتی کورەکەی دەکا و دەڵێ:" ئانتوان نەچی بەرهەمی فکری خۆت بە خۆڕایی لە گیرفانی ناشران بکەی." منیش بۆ ناشرێکی لەأ و لاوازم نووسی:

نوێ بوونەوە
هونەرمەندێك و
ڕۆژی أوون
سواڵی بەرهەمی خۆی
***

هونەرمەندێك
بۆ مانەوەی
پەیتا پەیتا
وشەکانی خەرج دەکرد و
ناشرێکیش
بەرهەمەکانی ڕێك دەگوشی
تاقە سکەیەکی
لە گیرفانی نووسەر دەدزی
***

شاعیرێك
شەوی ئەنگوستە چاو
داخڵەی بێ زمان
***

شاعیرێك
مەگیرانی بە وشەی تەأ و
کتێبی ئەهوڕایی دەکرد
هەر ئەو شەوە
داخڵەی هەناسەکانی مناڵەکەی
دایە بەر بەرد
***

لەو ڕۆژەوە هونەرمەند و شاعیر
هەموو جارێ
لە دڵی ناشر و مناڵ
نوێ دەبنەوە.

(گۆڤاری مەهاباد– ژ٨٦ –ساڵی ١٣٨٧ی هەتاوی(

**★ پێشنیاری چی دەکەی بۆ نوسەرانی پارچەکانی دیکە و بە تایبەتیش ڕۆژ هەڵات کە بەرهەمەکانیان بێ کێشە و دەستا و دەستت پێکردن بڵاو بکرینەوە ؟**

– لە لای ئێمە کێشە هەر چاپ و ناشر نیە، کێشە ڕاوەستانی چەند ساڵەیە بۆ مۆڵەت وەرگرتن. نووسەر هەیە کاتێك مۆڵەتی بۆ هاتۆتەوە یان مردووە یان تەواو ڕا و بۆچوونی گۆڕاوە. ڕاستە لە کوردستانی گەرمێن ئەو کێشەیە کەمترە، بەس ئەوەیکە نووسەر بە هاوکاری





ئێروئەوێ دەستی لە گیرفانی ڕۆبچێ، کێشەی ئێمە بەربڵاوترە وەك کێشەی سیاسی،کۆمەڵایەتی. مەڵێ کورەکە زیادەڕەوی دەکا، دەنا کێشەی کۆمەڵایەتی چی؟ لە وڵاتی ئێمە کەسێك چالاکی زۆر بێ کۆمەڵگا دەکوتێتە سەری، بۆ دانامەزرێی؟ سەرت لە بەزمان دەخورێ؟

**★ ئەگەر دەزگایەکی چاپ و بڵاو کردنەوە هاوکاریت بکات گڵۆپی سەوزت بۆ دابگریسینێ چی دەکەیت ؟**

– وەڵڵا قوربان چی چاکە دەیکەم! ناشری دەوڵەمەند نووسەری ڕەها ساز دەکا.لە باری نووسینەوە بزاڤێکی تەواو لە نووسەر پێك دێنێ. نووسەر بۆ نووسینی باشتر و بە پێز هەوڵ دەدا، سەر بە ماڵان دا دەکا و وەدوو دەکەوێ. بەڵام ناشری بەلەنگاز نووسەری لاواز دەعاملێنێ. نووسەر هەر لە فکری ئەوە دایە چۆن قەرزەکانی بداتەوە، کتێبەکان دەفرۆشێن یان نا؟ تا کتێبەکەی نەفرۆشێ دەستی بۆ قەڵەم ناچێ، جا تا چ ماوەیەك خوا دەزانێ!!!

**★ ئەڵێن مێژوو و سیاسەت تەواوکەری یەکترن ، یان دەڵێن بۆئەوەی فێری سیاسەت بی مێژوو بخوێنەوە ، تۆ بەهۆی لێك نزیکی یان تێکەڵی ئەم دوانە کێشەت بۆ ساز نەبووە ؟ واتە وەك مێژوو نوس بەسیاسەت باز نەدراویتە قەڵەم ؟**

– پێش ئەوەیکە بەشی یەکەمی پرسیارەکەت وەڵام بدەمەوە، دێمە سەر بەشی دووهەمی پرسیارەکەت. لە وڵاتێك کە مابەینی سیاسەت و مێژوو مەودا نەبێ، سروشتیە نەهاتی نەتەنیا لاقی سیاسەتوان دەگرێتەوە، بەڵکوو پریشکەکەی مێژوونووسیش دەگرێتەوە. مێژووی سیاسی ئێمە بەستراوەیە بە تاقیکاری و خەتا کە بەداخەوە زۆر کەس لەو تاقیکاریە¬دا تێداچوون. لە دەورەی مەشروتیە لە ئێران بگرە تا ئێستاشی لەگەڵ بێ بە ڕێکەوت ئیش کراوە. بە هەڵکەوت خۆ بە شتی باشەوە ماندوو کراوە. هێڵێکت بۆ کێشراوەتەوە، خوا نەکا لاق لەسەر هێڵەکە لا دەی بە هیچ لەونێك خۆ ناگریەوە. مێژووی گەلی کورد سیخناخە لە خۆ گیف دان و چاو زەق کردن، سیخناخە لە سأینەوەی یەکتر بە تاوانی ئەوەیکە وەك یەك بیر ناکەنەوە. سیخناخە لە قەڵەم بە شمشیر شکاندن. لە درێژایی مێژوودا، مێژوونووس نەیتوانیوە وەك پێویست، مێژوو بنووسێتەوە. لەبەر یاساوڵ و چاوی سوور و زەق. مێژوونووسین وەك هیچ ژانرێکی¬تر نیە، مێژوونووس بەردەوام لەبەر تیغی تانە و لۆمە و توانج ڕاوەستاوە. جار هەیە لە هێڵی سوور تێدەپەڕێ، کە ناوی دەنێن بەکرێگیراو. جار هەیە تاریف هەوێنی

کارەکەیەتی، بۆیە دەڵێن پسپۆرە!!! ئەگەر جار جارەش ڕاستیەکی لە زمانی دەرچوو، دەڵێن پێپۆڕێکی بەکرێگیراوە!!!!

نازانم، نازانم بە ڕاستی بۆ پرسیاری ئاوڕ دەکەی؟؟؟

ڕاستە مێژوو لیپاولیپ لە شکان و سەرکەوتنە، بەڵام کۆ بە عام لە ڕابردوو ئەزموون وەرناگرێ! تاك دەتوانێ ئاوڕدانەوە و بۆچوونی تایبەتی هەبێ، هەرچەند قوربانی (کۆی) بێ أوحمە. بە (تا) بیر دەکاتەوە و ڕەمەکی ئیش دەکا. هەرکەس بە پێی بەرژەوەندی خۆی و سەرچاوەکەی ئیش دەکا و (پیپسی بۆ یەکتر هەڵدەپچأن). ئەوەش وەك بەلەمێك وایە کە هەرکەس لە لایەك لەیدەخوڕێ.

* تۆ جگە لەنوسینی مێژوو و کاری وەرگێران لە بواری ئەدەبی منداڵان و تەنانەت نواندن و دراماش ڕۆڵت هەیە ؟ پێت وانی یە پەرت بوونێك لەتۆدا بەدی هاتووە باشتر وابێ لەیەکێ لەبوارەکاندا بکۆڵیتەوە ؟

– پێش ئەوەیکە وڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، باسی گۆڤاری منداڵانەی ئاڵەکۆك دەکەم.گۆڤاری ئاڵەکۆکی تایبەتی منداڵانی کورد ماوەی ١٧ مانگ دەوامی هێنا و بەداخەوە زوو گڵاو تێداچوو. زۆر منداڵی خوێن شیرین لە شار و دێهاتە جیاجیاکانی کوردستان لە گەڵماندا هاودەنگ و هاودڵ بوون و تاقمێکیان هەنووکە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کوردستان قەڵەم لێدەدەن و دەنووسن. ئەوەی دەمهەوێ باسی بکەم بۆ ناسینی ئەو هەلومەرجەی ئەوڕۆی منداڵی کوردە، لە بەشێك لە گۆی زەوی کە بەداخەوە هیچ پشت و پەنایەکی نیە. ئەو هەلومەرجەی کە هەرچی لێی دەکۆڵێیەوە بێجگە لە چەند نموونەی فۆلکلۆأی هیچ دەوارێکی أوونی نیە. واتە ئەدەبی کوردی نەیتوانیوە بەستێنێکی مێژوویی بۆ منداڵانی کورد ساز بکا. لەو بەشە لە زەویە، وەك کوردستانی گەرمێن(باشوور) نیە، گۆڤار بۆ منداڵان کەمە. و ئەوە وەك ئەرك لەسەر شانی من و باقی هاواڵانم بوو کە ئەو کارە بکەین. ڕاستە کە پەرت بوونێك هەیە، بەڵام لە لای ئێمە کەمن ئەوانەی خۆ بە کاری هونەری و فەرهەنگی خەریك بکەن، هەڵبەت تەواو وەخت. بۆیە جێی وەی نیە پۆلین بەندی بکرێن، تاقمێك مێژوو، تاقمێك کاری منداڵان و تاقمێکیش خۆیان بە نووسینی ڕۆمان و چیرۆك خەریك دەکەن. نووسەرانێك شێعریان بۆ دەناردین کە کەڵکەڵەی زەینی خۆیان بوو، نە هی منداڵ. ئاوڕت و تاسەی میللی و تاکە کەسی خۆیان بوو لە قالبی شێعری منداڵان دەیانووسی. لە بەشی دراما، دیسان هۆگری بە فیلم و کاری مۆستەنەد بۆتە دنەی کار کردن لەو بەستێنە. تا ئێستا نزیکەی ٣٠ فیلمم بۆ دڵی خۆم ساز کردووە یا تێیاندا بەشدار بووم.وەك: ژن لە فۆڵکۆلۆردا، نەورۆز، وتووێژ لەگەڵ سەیدعەلی سەردەشتی(بەیتبێژ)، موساسیر(شاری هەتاو– نووسینی کاك شێرکۆ جیهانی)، نووسین و ئامادە کردنی کۆمەڵە پرۆگرامی مێژوویی چاوی مێژوو (بەردەکونتە، بەردەأووخاو، ئەشکەوتی قازی گولی، زیندانی دڵگداش، کاروانسەرای کورتەك، تاڤگەی شڵماشی سەردەشت، گڕاوانی سەردەشت، پردی میرزا ڕەسوڵ، تاڵاو، خڕێ هەنجیران، حەمامی کۆنی سەردەشت، تاڵاوی کانی بەرازان) نووسینی فیلمی شیمیایی سەردەشت، نووسینی فیلمی ئێرە سەردەشتە بە کاتی بەغدا، ئێعتیاد، نووسین و ئامادە کردنی فیلمی مین، فیلمی مێژوویی سەردەشت) کوشتاری رووسەکان لە مەهاباد (بڵاو نەبۆتەوە

***سەبارەت بە بیرۆکەی نوسینی کتێبێك لە سەر بارزانی نەمر ، چۆن و بۆچی ؟**

– کتێب لەسەر بارزانی نەمر زۆر نووسراوە. بەڵام ئەو بەشەی مانەوە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، چ لە أووی دۆکۆمێنت و وت¯و¯وێژ و مێژوو، چۆلە. ئەز وەك ساغ کردنەوەی بەشێك لەو مانەوە و خەبات و بەرخودانی بارزانی نەمر دەستم دایە قەڵەم. بۆ دەوڵەمەندتر کردنی کتێبەکە زۆر بەڵێنی دران، برایانی سەرێ بە دەست برایانی خوارێیان سپاردین، بەڵام ئەوان پشت گوێیان دا و هەرچی قیژاندم و دەخۆم نووسام گوێیان نەدامێ و بە داخەوە ئەو منداڵە کە دەیهەویست بە جوانی فأچك بگرێ، هەتیوو مایەوە. بە ڕایی تەنێ، نووسراوە و کتێب وەك خانووبەرە وایە تا بناغەی پتەوتر بێ و کەرەسەی باشی هەبێ، چاکتر دادرێژرێ، دەنا خەرجی دوای ساز بوونی هیچ یارمەتیەك نادا.

***بارزانی لای تۆ کێ یەو چی یە ؟**

– بارزانی نەمر ڕەمزی ئازایەتی و بەرخودانی میللەتێکە کە ساڵیانی ساڵ خەباتیان کرد. لە وتووێژەکانم لەگەڵ بە ساڵاچوان زۆر باس لە جوانمێری و ئازایەتی نەمر مەلا مستەفا بارزانی کراوە. "بۆ وێنە بە تەمەنێك دەیگێڕاوە کە تازە حوکومەتی کۆماری کوردستان دامەزرابوو و لە قووتابخانەکانی مەهاباد وردە وردە وانەی کوردی بە هۆی بوونی برایانی کوردستانی گەرمێن وەك میرحاج ئەحمەد ئاکرەیی، سەعید ناکام و... دەوتراوە. حەوتەجارێك نەمر مەلا مستەفا بارزانی دەهاتە قووتابخانەکەمان، تەنیا دەرسێك کە لێمانی دەپرسییەوە، دەرسی مێژوو بوو. ئەو ڕێزدارە وانەی خۆش و سەیر و سەمەرەی لە مەأ تەریخی میللەتی کورد، دەگوتەوە.

***نوسینی کتێبێکی لەو شێوەیە کە**

**پێویستت بە بەلگە و دوکومێنتی زۆر دەبێ ، چ جیاوازیەکی هەیە لەگەڵ نوسینی کتێبێکی مێژووی تر بۆنمونە سەردەشت و مهاباد ؟**

– بە هۆی ئەوەیکە ڕێکەوتی ڕووداوەکە، نزیکە (٦٦ساڵ) و دەتوانم بڵێم تاقمێك هاوتەمەنی ئەو شۆأشە لە حاڵی ژیان دان، دەتوانرێ بە داڵدە کردنێکی باش، زۆر سەنەد و دۆکۆمێنت کۆ کرێتەوە. زۆر وتووێژ و وێنەی دەگمەن هەن کە دەکرێ بە هەوڵێکی جیدی لە تویێ کتێبێکدا بپارێزرێن. دەکرێ تا درەنگ نەبووە ئەو حەرەکەتەی نەمر بارزانی لە هاتنە کوردستانی ئێران تا چوونە ولاتی رووسیا، بکرێتە کتێب تا خەڵك لە چۆنیەتی گوزەران و خەباتی ئەم گیانفیدایانە، ئاگادار بن. و بزانن چۆن لە تەك خەڵکانی دەوروبەریان لە شارەکانی مەهاباد، شنۆ و نەغەدە و... هەڵس و کەوتیان کردووە.

***نوسینەوەی ژیان و خەباتی گەورە پیاوەکان لە کتێبیك دا تا چەند پێویستە ؟ بۆچی ؟**

– پێویستە بۆ ئەوانەی ماون و دەیانهەوێ سەر کاروانی خەڵکێکی چاوەأوان بن یا تەنانەت لە ژیانی ئەو گەورە پیاوانە دەرسی جوانمێری و ئازایەتی فێر بن. بۆ وێنە سەرکردەکانی گەلی کورد تا ئێستاشی لەگەڵ بێ ئەزموونیان لە سادەیی و بەبەزەیی وەرنەگرتووە. لە شێخ عوبەیدوڵلا شەمزینی، مەحەممەدئاغای شکاك، جەعفەرئاغای شکاك، سمایل¬ئاغای شکاك و حەمزەئاغای مەنگوور و تا ئێستاشی لەگەڵ بێ، قوربانی دڵرەحمی خۆیان بوون. بە بێ هیچ هۆکارێك متمانەیان بە بێگانە کردووە و دمیان لە گیانی هاوزبانانیان ناوە و یەکتریان لە لا سووك بووە. هەر ئەوە بۆتە ئەوەی دەسەڵاتدارانی سیاسەتی (ولاتی سوتاو) بگرنە پێش و کوردی بە کورد قأ بکەن. جا خوێندنەوەی مێژوویی بەسەرهات و سەرگوریشتەی ئەو گەورە پیاوانە لە دووپات بوونەوەی ئەم أووداوانە دەمان سڵەمێتێتەوە.

*** لە دەست پێکەوە تا ئێستا ئەم کتێبەت تا چەند رادەیەك ماندووی کردویت ؟**

– نووسەر، بتهەوێ و نەتهەوێ بە دوای هۆگری و عەلاقەی خۆیەتی. ئەوە خۆشەویستی دار و بەرد و ئاسمانی ولاتیەتی کە ئەو هان دەدا تا بنووسێ. دەنووسێ چۆن عاشقە. بەڵێ ئەو کتێبە ماندوووی کردووم، چۆن دەزانم ئەگەر خەمخۆری هەبێ چاکتر دەنووسرێ .

# گفتوگۆیەک لەبارەی ناونیشان لە چیرۆکی کوردیدا

# لەگەڵ (ئاری عوسمان خەیات)دا



دیمانە: دیار لەتیف - کفری





**★ سەرەتا دەمەوێت تێڕوانینت بەشێوەیەکی گشتی لەمەڕ ناونیشان وەك کایەیەکی گشتگیر و پاشان لەچیرۆکدا بزانم؟**

– هیچ شتێك لە گەردووندا نییە، ناوێك یان ناونیشانێکی دیاریکراوی نەبێ، چونکە ئەمە پەیوەندی بەو ڕەمەکەوە (غەریزە) هەیە، کە من بە (ڕەمەکی زمان)ی ناو دەبەم، ئەوەی کە مرۆڤ ناتوانێ بەبێ بوونی بژێت، هەروەکچۆن ناتوانێ بەبێ هەناسە بژێت، مرۆڤ ناتوانێ شتەکان بەبێ بوونی ناونیشان بناسێتەوە، ئەوەی کە لە (سفری تەکوین)دا هاتووە: (بەرایی وشە هەبوو)، ئاماژەیەکی جوانە، بەوەی خودی گەردوون هیچ نییە بەدەر لە وشەیەك، دیارە خودی ئەم وشەیش چ نییە پتر لە ناوێك یان ناونیشانێك، کە دواجار خودا بۆ پرسی بوون (وجود)ی هەڵبژاردووە.. ئەگەر زۆر وردی بکەینەوە، تێدەگەین لەوەی چۆن ئەم مەسەلەیەش، وەك زۆرێك لە پرسەکانی تر، پەیوەندییەکی ئۆتۆماتیکی بە پرسیارە فەلسەفییەکانییەوە دەبەستێتەوە، تا ئەو ڕادەیەی، پرسیارەکان دەچنەوە سەر ناوی خودی (خودا) خۆیشی، کە دواجار ئەویش چ نییە، بەدەر لە ناونیشانێك بۆ بوونێکی بالاتر لە بوونی مرۆڤ...

بەهەرحاڵ ئێمە ناتوانین دنیا بەبێ بوونی ناو و ناونیشانەکان، وێنا بکەین.

بەشی دووەمی پرسیارەکەتان، دەمانباتەوە سەر ئاستێکی تر لە قسەکردن، کە ئەویش ناونیشانە لە دەقی چیرۆکدا، بێگومان ئەمەش بۆخۆی، بەجۆرێك لە جۆرەکان بەستراوەتەوە بەکۆی ئەو سیستمە زمانییەی بەلای چیرۆکنووسەوە، وەك بوویەك، وەك مرۆڤێك لەگۆڕێدایە، واتا چیرۆکنووس لە دەرەوەی ئەو سیستمە زمانییەوە نییە، کە بەلای دەوروبەرەکەیەوە ناسراوە، بەڵکو هێندە هەیە، چیرۆکنووس لە شێوازی بەکارهێنانی ئەو سیستمەدا جیاکاری دەنوێنێ و هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە، کۆمەڵێك پێدراو و دەرکەوتەی نوێ بە کەتیگۆرییەکانی نێو سیستمە زمانییەکە ببەخشێ و لەو کەناڵەوە شێوازێکی دی لە گوزارشت و دەربڕین بۆخۆی بخوڵقێنێ و لە دەقدا بەرکەڵکی بخات.

مادامەکێ باسی چیرۆك دەکەین، کەواتا باسی ئێمە دەچێتەوە سەر باسی دەق، بەمەشدا دەگەینە ئەوەی کە چیرۆکیش وەك هەر دەقێکی دی، پێویستی بە ناونیشانە بۆ ئەوەی لەڕێگەی ئەو ناونیشانەوە بناسرێتەوە.. دەقی بێ ناونیشان، وەك مرۆڤی بێ ناسنامە وایە،

یان ڕاستتر بڵێم، وەك مرۆڤی بێ ناو وایە.. ئایا تۆ لە ژیانتدا کەسێك دەناسیت خاوەن ناوی تایبەتی خۆی نەبێ؟ ئایا ئەکرێ کەسێك هەبێ ناوی (هیچ) یان ناوی (بێ ناو) بێت؟ ئەگەر نەخێر، کەواتا پێویست ناکا هیچی تر سەرباری ئەو نمونە ڕوونکارییەی بکەین.. ئەگەریش بەڵێ، ئەوا هەقی خۆمانە بپرسین، ئاخۆ (هیچ) و (بێ ناو)یش دوو ناو نین، بۆ بێناوی و هیچی ئەو کەس و شتانەی کە هیچ و بێناون؟

من بەو شێوەیە لە باس و بابەتی ناونیشان بۆ هەموو دەقێك دەڕوانم، ئیدی ئەو دەقە چیرۆکێکی حسێن عارف، ڕۆمانێکی دۆستۆیۆڤسکی، یان بەیاننامەیەکی عەسکەری بێت، کە وەزارەتی بەرگری سۆماڵ دەری کردبێت..

**★ ئایا دەکرێت سەبارەت بە چۆنییەتی هەڵبژاردنی ناونیشان قسەمان بۆ بکەیت؟ پاشان دەمەوێت ئەوە بزانم هەڵە نییە باوەڕمان وا بێت، ئیشکردن لەسەر ناونیشان تەریبە بە بارتەقای ماندووبوون بە دەقەوە؟**

– من تا ئێستای سەروکارم لەگەڵ چیرۆکنووسیندا، شێوازێکی دیاریکراوم نییە بۆ هەڵبژاردنی ناونیشیان بۆ چیرۆکەکانی خۆم، بەدەر لەوەش باسکردنی چۆنێتی هەڵبژاردنی ناونیشان بەلای منەوە، ڕەنگە بچێتەوە سەر باسکردنی شێوازی نووسین و مامەڵەکردنی من لەگەڵ چیرۆك..

جاری وایە شەش مانگ ناونیشانێك لە مێشکمدا ملۆق ئەدا و دێت و دەچێت، بێ ئەوەی هیچ شتێك لە ئارادا بێ، تا بتوانم بیکەمە بابەتێك بۆ چیرۆکەکەی، وەك ئەوەی لەگەڵ چیرۆکی (عەزابێك ژیانی دەبغ کردووم، شارێك بێ حەمام و با ژیان عەدممام کا...)دا ڕووی داوە. جاریواش هەیە، دەقێك دەنووسم، سیانزە مانگ بێ ناونیشان دەمێنێتەوە، تا ئەوەی لەپڕێکا و زۆرجاریش لە شوێن و کاتی زۆر عەنتیکەدا، ناونیشانێکی قوڕم بە مێشکدا دێت و بۆی دادەنێم، وەك ئەوەی لە چیرۆکی (ڕۆمانێك لە ڕەمەزاندا، USB و سیانزە کەس و ...هتد)، ڕووی داوە. هەنێ جاریش، یەکاویەك چیرۆکێك بەخۆی و ناونیشانەوە، پێکەوە دێنە ئاراوە، وەك لە (تاعونی بیرکردنەوە)دا، ڕووی دا، کە دوای ئەوەی لە ماوەی دوو سەعاتێکدا چیرۆکەکەم نووسی، یەکاویەك ناونیشانەکەشم بۆ دانا، یان وەك لە (فێرە عارەبی و کامیانم)دا، کە دوای ئەوەی ناونیشانەکەم نووسی، یەکسەر دەستم کرد بە نووسینەوەی چیرۆکەکەشی.. ئیتر ئاوا.

هەنووکە پتر لە پێنج ناونیشانی بێ







ناوەڕۆك و شەش حەوت چیرۆکی بێ ناونیشانم هەن، کە بە داخەوە، نە ناونیشانەکان بۆ چیرۆکەکان دەشێن و نە چیرۆکەکانیش بۆ ئەوان، هەر ڕێك وەك ئەوەی کۆمەڵێك بوڕغووت لە بەردەستدا بن و نەزانی بۆ چ کونێك باشن..

ئەمە ئاوا.. بەئاوایەکی دیکەشدا، سێ هەفتەیە، دەستم کردووە بە نووسینی دوو چیرۆکی تازە، کە نۆ مانگ پێشی بەرێ ناونیشانەکانیانم نووسیبوون، ناشزانم کەی لە نووسینیان دەبمەوە، بەڵام ئەوە ماوەیەکە مێشکیان داغن کردووم.

**★ ئایا خەسڵەتێکی جیاکەرەوە هەیە لەنێوان ناونیشانی شیعر و چیرۆکدا؟**

– ئەگەر مەبەستتان لە (خەسڵەتی جیاکەرەوە لەنێوان ناونیشانی شیعر و چیرۆکدا)، خەسڵەتی جیاکەرەوەی نێوان نووسین یان چۆنێتی هەڵبژاردنی ناونیشان بێ، بەلای چیرۆکنووس و شاعیرەوە، بۆ دەقەکانیان، ئەوا من بەوشێوەیەی عەرزم کردن ناونیشان بۆ چیرۆکەکانی خۆم دەنووسم و هەڵدەبژێرم، ئیدی نازانم شاعیرێك چ دەکا بۆ شیعرەکانی خۆی.. ئەگەریش مەبەست لەو پرسیارە ئەوە بێت، کە چ خەسڵەتێك وا دەکات جیاوازی بکەین لەنێوان ناونیشانی دەقێکی شیعری و چیرۆکێکدا، ئەوا بۆ ئەمەیان پێموایە هیچ پێوەرێك نییە، تا ناونیشانی چیرۆکێکی پێ جیا بکەینەوە لە ناونیشانی شیعرێك، تەنها ناوەڕۆك و بابەتی هەریەك لەو چیرۆك و شیعرە نەبێ، کە ئەمەش تەنها دوای پرۆسەی خوێندنەوە و ناسینی دەق دێتە گۆڕێ. بۆ ئەوەی زیاتر ئەو مەبەستەی خۆم ڕوون بکەمەوە، ئەڵێم: ئایا ئەگەر کەسێك پێشتر (گۆڕستانی چراکان) و (ئێوارەی مەیمونەکان)ی نەدیبێ و نەخوێندبێتەوە، (بێ ئەوەی ناوی خاوەنەکانیانی بخەینە بەردەست)، دەزانێ ئەوەی یەکەمیان ناونیشانی دەقێکی والای (شێرکۆ بێکەس)ەو ئەوی دیکەش ناونیشانی کۆمەڵە چیرۆکێکی (نەجات نوری)یە؟ بێگومان کارێکی ئەستەمە.. ئینجا تۆ وەرە و بیر لە نمونەی زیاتر بکەرەوە بۆ خۆت، ئەویدەم باشتر ئەو بۆچوونەی منت بۆ دەسەلمێ.

خۆ ئەگەر مەبەست لەوە بێت، کە دەبێ کۆمەڵێك خەسڵەت هەبن تا ناونیشانی چیرۆکێکی لە هی شیعرێك پێ جیابکەینەوە، ئەوا من پێموایە ئەو خەسڵەتانەی کە پێویستە لە ناونیشانی دەقی چیرۆکێکدا هەبن، بۆ نمونە وەك: (جوانی و سەرنجڕاکێشی، نوێبوون و ئاوازداریی و گونجاویی و... هتد)، ئەوا هەمان ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانە، بۆ ناونیشانی دەقێکی شیعریش ڕاستن و دەشێت پێڕۆ بکرێن، نەك هەر ئەوەش،

بەڵکو بۆ ناونیشانی هەر دەقێکی تریش، پێویستە هەمان ئەو خەسڵەتانەی سەرەوە بەهەند وەربگیرێن، (هەڵبەت بەلەبەرچاوگرتنی جیاوازیی لە بونیادی هونەری هەر دەقێك بۆدەقێکی تر).

وێڕای هەموو ئەمانەش، من ڕاموایە، کە هەموو ئەوانەی لەسەرەوە خستمانە ڕوو، لەو چرکەساتەدا باشتر دەر دەکەون، کە دەقی تێدا لەدایك دەبێ، جا ئیتر ئەو دەقە شیعر یان چیرۆك یان ڕۆمانێك بێت، ئیدی هیچ گرنگ نییە، بەڵکو گرنگ ئەو ئەتمۆسفێرە گشتی و تایبەتییەیە، کە نووسەری تێدا دەژی و دەقێکی تێدا بەرهەم دەهێنێ، دواجاریش ئەو لەحزەی کە جارێکی تر لەڕێگەی پرۆسەی خوێندنەوەوە، دەقەکە بەرهەم دەهێنرێتەوە... لەڕاستیشدا ئەوە ئەو لەحزەیەیە، کە هەمیشە سەرنجی منی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە.

**★ ئایا تا چەند گرنگە ناونیشان لەگەڵ ڕۆژگاردا بژی؟ بەو مانایەی وەکچۆن لەبواری دەقدا داهێنان سەرهەڵدەدات، ئایا ئەمە بۆ ناونیشان گرنگە؟ بەو گوزارەیەی ئایا بۆ ناونیشانیش گرنگە لەگەڵ هەنگاوەکانی داهێنان و تازەگەرییدا بڕوات؟ ڕات چییە؟**

– بێگومان بەڵێ، پێویستە و دەبێ ناونیشان تاقەتێکی وای تێدا حەشار درابێت، کە بتوانێ لەگەڵ زەمەندا هەڵبکات، یان بتوانێ زەمەن ببڕێ، هەروەك چۆن دەبێ دەق ئەو توانایەی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتبێت، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە، ئەگەر ناونیشانێك جوان بوو، ئیدی دەقەکەش جوان و شاکارە، چونکە ئەگەر بەمشێوەیە بیر بکەینەوە، ئەوا لە دیدی مندا، وەك ئەوە وایە، کە پێمانوابێ هەرکەس ناوی ئەفلاتۆن بێت، ئیدی بە ناوەڕۆکیش ئەفلاتۆنە.. جا کە کاریش گەشتە ئەمە، ئەبێ ئەو هەموو (حەمە)ناوەی لەمەڕ خۆمان، (موحەمەدەل موستەفای عارەبی)بن، – کە دیارە وایش نابن– هەڵبەت پێچەوانەی ئەوەش ڕاستە، کە مەرج نییە هەرکەس (صدام)ی ناو بێت، ئیدی ئەو سەدامە بێت، کە سی و ئەوەندە ساڵ، نەماندەوێرا، تەنانەت بەقایمی هەناسەش بدەین..

بەهەرحاڵ من نازانم بۆچی ناتوانم خۆم لەو تێڕوانینە قوتار بکەم و لەبەردەم ئەو دەلاقەیە لابچم، کە ناو و ناونیشانی لێوە دەبینم، بەوەی: تەنها ڕێگەیەکن بۆ ئەوەی بمانگەیەننە بەرمەنزڵی تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی کەس و دەق و شتەکان و تەواو...

**★ بۆچوونت چییە لەسەر ناونیشانی یەك وشەیی، چ لە ژانری چیرۆك و ڕۆماندا و چ لە ژانری شیعردا؟ هاوکات لەگەڵ ناونیشانی ڕستەیی یاخود ناونیشانی درێژبڕ؟ ئایا ئەم دوو جۆرە لە ناونیشان زیان بە دەق ناگەیەنن، لە ڕووی (جوانی: بۆ هەردووکیان، دەرخ نەکردن: بۆ ناونیشانی درێژ، ئاشکرایی: بۆ ناونیشانی درێژ، کپی: بۆ ناونیشانی یەك وشەیی)؟ بەدەر لە چوارچێوەی ئەم پەیڤانە، هاوکات ناونیشانی سەرنجڕاکێش دەبینین لە هەردوو جۆرەکەدا، بۆ ناونیشانی یەك وشەیی: ڕۆمانی (دادگایی و بەدگۆڕان)ی کافکا یان (زۆربا)ی نیکۆس کازانتسزاکیس و... تاد. من پێموایە ئەگەر ئەم ڕۆمانانە ناونیشانەکانیان تاك وشەیی نەبوونایە، زیان بە پێکهاتەی دەقەکە دەگەیشت، هەروەها بۆ ناونیشانی درێژ (بە کورتی) نمونەمان: ڕۆمانی (ڕۆژەکە لە سەدەیەك درێژتر دەبێتەوە)ی جەنگیز ئەیتماتۆڤ، (جەمشید خامی مام کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد)ی بەختیار عەلی و چیرۆکی (خوا ڕاستییەکان دەبینێت، بەڵام چاوەڕێ دەکات)ی تۆڵستۆی و.. هتد، ئایا دەکرێت بڵێین ئەم ناونیشانە درێژانە، ناقۆڵان؟**

– هەموو ئەو پۆلێنبەندییانە، ئەوانەن کە ڕەخنەگران دیاریان کردوون و بەوشێوەیە دابەشکارییان بۆ کردوون و هاتوون ناویان لێناون، واتا ئەوانیش ناونیشانیان بۆ هەر جۆرێك لە ناونیشانەکان داناوە..!! بەلام لەدواجاردا ناونیشان درێژ بێت یان کورت، یەك پیت بێت، وەك چیرۆکی (س)ی عەبدوڵلا سەڕاج یان دوانزە وشە بێت، وەك (دووپشك لەسەر پلیکانەکانی وێستگەی قیتاری ئەندێشەمەندێك یان ئەم قیتارە خوێنی لێدەتکێ قوربان)ی (حوسێن مورتەزاییان ئابکەنار)، ئەوا بەلای منەوە، هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ، چونکە دواجار هەردوو ئەو ناونیشانەی سەرەوە یان هەر ناونیشانێکی تر، کە بەوشێوەیە لە کورتبڕیدا یەك پیت بێت یان لە درێژبڕیدا گەیشتبێتە دوانزە وشە، ئەوا هەردووکیان هەر جێی سەرنجی منن، لەوەی ئاخۆ سەڕاج یان ئابکەنار لە پشتەوەی ئەم دوو ناونیشانەوە، دەیانەوێ چی بە منی خوێنەر بڵێن؟ چونکە نابێ ئێمە ئەوەمان بیرچێتەوە، هەر وەکچۆن کورتبڕی بەشێکە لە پێوانەسازی لە هونەری ڕەوانبێژیدا و ئەمەش بەخۆی سەر بە شێوازی ئەدەبییە، هەر ئاوا و بەهەمان تەرح و تەرزەوە، درێژبڕیش بەشێکی دیکەی پێوانەسازیی پێکدەهێنێ و لەنێو

هونەری ڕەوانبێژیدایە و بۆخۆیشی سەر بە شێوازی ئەدەبییە، کەواتا بە تێگەیشتنی من، چەندێك کورتبڕی جوانە و لایەنی ئیستاتیکی تێدا بەدی دەکرێت، سی و حەوت ئەوەندەش، درێژبڕی جوانە و من کەیفی لێوەر دەگرم، هەم وەك خوێنەر و هەمیش وەك چیرۆکنووسێك ئەو حەلەی دەنووسم، هەڵبەت دیارە هەرکام لەوانەش، لە کات و شوێنی شیاوی خۆیاندا، جوانی و ڕەونەقیان لەیەکدی زیاد و کەم دەکات.

ئەوە باسی ناونیشانی یەك پیتیمان کرد، ئینجا چ قەیدییە، ئەگەر تۆش شیعرێك بنووسی، وەك ئاراس حەمە عەزیز (حەسرەت)، یا وەك حەمەسەعید حەسەن (ئەڤینناما)، یانیش وەك دلاوەر قەرەداغی (پاییزانە)ی بۆ دابنێی، کە ئەمانەی وتمان، بە قەولی ڕەخنەگران (ناونیشانی کپ)ن، چونکە لە یەك وشە پێکهاتوون... ئایا ئێمە دەتوانین بڵێین: (چاوەکانی)ی بوزورگی عەلەوی ڕۆمانێکی خراپە، چونکە ناونیشانەکەی کپە؟ یان ئەکرێ بڵێین: (منالێم ئاسکێك بوو بەسەر پەلکەزێڕینەکاندا بازبازێنی دەکرد)ی کاروان عومەر کاکە سوور، ڕۆمانێکی باش نییە، چونکە ناونیشانەکەی زۆر درێژە؟ ئەگەر وا بکەین، ئەوە لە گۆترەکاری بەولاوە چیدی نییە..

سەبارەت بەوەشی کە کورتی و درێژی زیان بە دەق دەگەیەنێ، ئەوا بێگومان من نامەوێ بەو قسانەم پاساو بۆ ناونیشانی خراپ بهێنمەوە، بەڵام باشی و خراپ، یان هونەرییبوون و ناهونەرێتی لە ناونیشاندا، هەرگیز بە کورتی و درێژی نییە، هەروەك سەرکەوتن و ژێرکەوتنی دەقیش پەیوەندی بەوە تروتەشقەڵەیەوە نییە.

ئێوە لە پرسیارەکەتاندا (بەدگۆڕان و دادگایی) کافکا و (زۆربا)ی کازانتزاکیس-تان بە نموونەی ئەو دەقانە هێناوەتەوەو پێتانوایە، کە ئەگەر ناونیشانەکانیان تاك وشەیی نەبوونایە، ئەوا زیان بە پێکهاتەی دەقەکە دەگەیشت، ئەگەر هەر مەسەلەکە هەر هێندە بێ، ئەوا من هاوڕام لەگەڵتان، بەڵام ئایا ئێمە بیرمان لەوە کردووەتەوە، کە چۆن و بۆچی گەیشتووینەتە ئەو بڕیارە؟ ئایا ئێمە بەو زمانانەی کە دەقی ئۆرگینالی ئەو سێ ڕۆمانەی پێنووسراوەتەوە، خوێندوومانەتەوە، یان هەر بە تەنها دەقە وەرگێڕدراوەکانیانمان لەبەردەستە؟ مەبەستم ئەوەیە بڵێم: ئەوە ناوی کافکایە، کە وایکردووە (بەدگۆڕان و دادگایی) لای خوێنەر دوو ڕۆمانی جوان و سەرکەوتوو بن، کە هەڵبەت دوای خوێندنەوەو چەندین جار لێکۆڵینەوەی ڕەخنەگران، ئەوجا ئێمە هاتووین ئەڵێین: بەدگۆڕان ناونیشانێکی جوان و هونەرییە،





بۆیە پێکهاتەکەی ڕۆمانەکەش بالا و دلگیرە، بەڵام من دەپرسم: ئایا بەدگۆڕان و دادگایی دوو وشەی ئاسایی و ڕۆژانە نین؟ ئایا ئەمە لە دیدی ئێوەوە دوو ناونیشانی کپ نین؟ لەمەڕ (زۆربا)یش هەمان بۆچوونم هەیە، کە ئەگەر ئەوە هی نیکۆس کازانتزاکیس نەبایە، هەڵبەت دەمانگوت: ناونیشانێکی لاواز و ناهونەرییە، چونکە زۆربا ناوی پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە، ئەی مەگەر ڕەخنەگران قسە لەوبارەیەوە ناکەن، کە گوایە ناقۆڵاترین ناونیشان بۆ چیرۆك یان بۆ ڕۆمانێك، ئەو ناونیشانانەیە، کە لەهەمانکاتدا ناوی پاڵەوانێکی نێو دەقەکەشە..

کەواتا سەرجەم ئەم بیروبۆچوونانە، چ نین بەدەر لە کۆمەڵێك بڕیاری پێشوەختە، کە پێماندەڵێن: ناکرێ تەنها لەڕێی ناونیشانەوە، حوکمی یەکلایی بەسەر دەقدا بدەین، چونکە ناونیشان بەشێکی دەق پێکدەهێنێ و هەمووی نییە، ئەرکی ئەو بەشەی دەقیش، خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە وامان لێدەکا، نەهێڵێ دەقێکمان لەنێو هەزاران دەقی تردا لێ ون بێت.

**★ هەست دەکەم، ئەو ناونیشانانەی کە بەپێی پێویست سوود لە وشەی بێگانە وەر دەگرن، بەخت یاوەریانە لای خوێنەر، هاوکات ناونیشانی هاوچەرخییانە چانسێکی زۆرتری لەپێشدایە، بۆچوونە ناو خوێنەر، ئایا دەکرێت ڕاتان لەسەر ئەم پرسیارە بزانم؟**

تا ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەت دەدەمەوە، ئەوا وشەی (بێگانە) تەنها بەو جۆرە وشانە تێناگەم، کە لە دەرەوەی فەرهەنگی زمانی کوردییەوەن، واتا هەر بەو وشانە ناڵێم بێگانە، کە وشەیلی غەیرە کوردین، بەڵکە پێموایە لەم کۆنتێکستەدا ئەو وشانەش بێگانەن، کە کوردین و بەڵام کەمتر لەناو خەڵکی و خوێنەراندا بەکاردێن و وەك پێویست ناسراو یان باو نین، بۆیە باشترە بۆ هەردووکمان، کە بڵێین وشەی نامۆ، نەك بێگانە.. لەگشت بارێکیشدا، من هاوڕام، لەگەڵ بۆچوونەکەی بەڕێزتان، لەوەی کە وشەی بێگانە یان نامۆ، پتر سەرنجی خوێنەر کەمەندکێش دەکات، هەروەك (شالیس)ی هاشم سەڕاج و (پەرگال)ی فەرهاد پیربال و... هتد، ئەوە بۆ شیعر، هەرچی لە بارەی چیرۆکیشەوەیە، ئەوا ڕەنگە نموونەمان زۆر بێت، وەك: (تینا و چیرۆکە ئەندێشەکراوەکان)ی عەتا محەمەد، کە خوێنەر یەکسەر حەز دەکا بزانێ (تینا) چییە و کێیە؟ یان (سانتیاگۆدی

کۆمپۆستێلا)ی فەرهاد پیربالْ—دیسانەوە— کە من ناتوانم لەبیری خۆمی بەرمەوە...

**⋆ ناونیشان چڕکراوی پەیامی دەقە، ئایا تا چەند لەگەڵ ئەوەدان، ناونیشانی چیرۆك یاخود شیعر بە (پیت/ تیپ) دانرابێت؟ ئایا ئەمە پۆستەبەری گوزارشتی ناوەڕۆکی دەقەکەیە، یاخود ئاخۆ ئەمە تەکنیکێکە و هیچی تر؟ دیدی بەڕێزتان بۆ ئەم قسەیە چییە؟**

سەبارەت بە ناونیشانی یەك پیتی، ڕەنگە ئەوەی لە وەڵامی پرسیاری پێشووترتاندا ڕوونم کردووەتەوە، بەس بێت، بەڵام خراپ نییە ئەگەر لێرەدا، ئەوەندی تری بۆ سەربار بکەین، لەوەی ئەگەر دانانی ئەو تاقە یەك پیتەی چیرۆکنووس بۆ ناونیشانی چیرۆکێك هەڵیدەبژێرێت، پەیوەندی بە مەتنی چیرۆك و ناوەڕۆکییەوە هەبێت، بێگومان ئەمە چڕکراوی پەیامی دەقەکە، ڕەنگە جوانترین نمونەی ئەم حاڵەتەش لە چیرۆکی (میم)ی شێرزاد حەسەندا ببینین، کە ئەو میمەی شێرزاد حەسەن بەکاری هێناوە، میمی جێناوی کەسی یەکەمی لکاوە و وەك تەواوکەر/دیارخەری ناو بەکار هاتووە: (خانووەکەم = خانووەکەی من)، خۆ ئەگەر هات و بەکارهێنانی یەك پیت بۆ ناونیشانی چیرۆکێك، هیچ پەیوەندییەکی بە ناوەڕۆکەوە نەبێت، بێگومان لەپاڵ ئەوەی ئەکرێ وەك تەکنیکێك لێیبڕوانرێ، هاوکات ئەکرێ لێکدانەوەی تریشی بۆ بکرێ، کە بەجیا لەو تێڕوانینە دەکەوێتەوە، وەك ئەوەی دەگوترێ: دەستکورتییە لە دانانی ناونیشانێکی گونجاو.

**⋆ ئایا ناونیشان ڕۆڵی لە بەجیهانیبوونی دەقدا هەیە؟ دەکرێت دەقێك شاکار بێت و ناونیشانەکەی لە ئاستی دەقەکەدا نەبێت، ئەمە ببێتە کێشە بۆ دەقەکە؟ من وا تێدەگەم ناونیشانیش لە ئاستی دەقدایە، هەر بۆ نمونە: دەکرێت لە واقیعدا مرۆڤێك هەبێت و کەللەسەری پێوە نەبێت، ئەم نمونەش بۆ ناونیشان ڕاستەوانە دێتەوە؟**

ئەگەر مەبەستت لە (بەجیهانیبوونی دەق) لە ڕێگەی ناونیشانەوە، ئەوە بێت، کە ئێمە دەقێکمان هەبێت، هەڵگری ناونیشانێکی جوان و هونەری بێت، بەڵام لە ناوەڕۆکدا وا نەبێت، بێگومان ئەمە شتێکی مەحاڵە ڕوو بدات، چونکە هەرگیز هیچ دەقێك ناتوانێ لەڕێگەی ناونیشانی جوان و سەرنجڕاکێشەوە فریوی خوێنەر بدات، ڕەنگە دەقێکی بەوشێوەیە هەبێت، کە بتوانێ فێڵ لە خوێنەر بکا، بەڵام ئەوە فێڵێکە هەر زوو داوە پەنهانەکانی ئەپسێ





و هەموو شتێك ئاشکرا دەبێ، بۆیشی هەیە پێچەوانەی ئەمە ڕوو بدات، واتا ئەکرێ ئێمە دەقێکمان هەبێت، ناونیشانێکی ناشیرین و ناهونەری هەبێت، بەڵام لە ناوەڕۆکدا بۆخۆی دەقێکی جوان و باڵا بێت، وەك نمونەی ئەوەی کە دەشێ کەسێك ناوی (نەژادی) بێت، بەڵام پیاوێکی تا بڵێی شەریف و شیرین بێ، بەپێچەوانەی ئەحمەدی نەژادییەوە، لەبەرامبەریشدا کەسێکمان هەبێت ناوی (فاروق) بێ، بەڵام تەواو پێچەوانەی (عومەری فاروق) بێت و ئەوەی فەرق بێت لەنێوان هەق و ناهەقدا، نەیزانێ و نەیکا.. (وابزانم ئەم نمونەیەم دووبارە کردەوە، بەڵام ناچارم).

# کار و چالاکییەکانی
# لقی کەرکوکی یەکێتیی نووسەرانی کورد

ئا: سابان ستار

**بەهاوکاری لقی کەرکوکی یەکێتیی نووسەرانی کورد (خەسرەو جاف) خەلأت کرا..**

ڕۆژی ٢٠١٢/١/١٢ له هۆڵی نەورۆز له شاری کەرکوك و بەئامادەبونی (ئەلفرێد سەمعان) ئەمینداری گشتیی یەکێتیی ئەدیبان و نووسەرانی عێراق و ژمارەیەکی زۆر له ئەدیب و ڕووناکبیر و نووسەرانی هەموو نەتەوەکان, لەلایەن نووسینگەی ڕۆشنبیری کوردی یەکێتیی گشتیی ئەدیبان و نووسەرانی عێراق و بەهاوکاری لقی کەرکوکی یەکێتیی نووسەرانی کورد ئاهەنگی ڕێزلێنانی ئەندازیار و هونەرمەندی شێوەکار و ڕۆماننووسی کورد (خەسرەو جاف)، بەڕێوەچوو, سەرەتا نووسەر(حوسێن جاف) ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتیی گشتیی ئەدیبان و نووسەرانی عێراق وتەیەکی پێشکەش کرد، تێیدا بەخێرهاتنی میوانەکانی کرد و ئاماژەی بەڕۆڵی ڕۆماننووس خەسرەو جاف کرد له خزمەتکردنی وشەی پیرۆزی کوردیدا و ڕۆڵێکی بەرچاوی بەرزنرخاند, دواتر وتاری یەکێتیی گشتیی ئەدیبان و نووسەرانی عێراق لەلایەن (ئەلفرێد سەمعان) خوێندرایەوە، پاشان وتاری یەکێتیی نووسەرانی کورد مەڵبەندی گشتیی لەلایەن (ئازاد عەبدولواحێد) خوێندرایەوە و دواتر وتاری لقی کەرکوکی یەکێتیی نووسەرانی کورد، لەلایەن (بورهان ئەحمەد) خوێندرایەوە، کە تیایدا ئاماژەی بە گرنگی







ئەم خەلأتەی کرد و وتی: "ئەم خەلأته شایان بە پلەو پایە و نیشتمانپەروەری بەڕێز (خەسرەو جاف)ە، ئەمە ڕێزگرتنە لەبەری ڕەنج و ماندووبوونی ئەو...هەر لەدرێژەی وتەکەیدا وتی:" هەروەها هەڵبژاردنی شاری کەرکوك بۆ بەڕێوەچوونی ئەم مەراسیمە، لەلایەن بەڕێز خەسرەو جاف، مانایەکی قووڵ و مەغزای تایبەتی خۆی هەیە خۆی هەیە، چونکی کەرکوك شاری دەیان نووسەری ناودارە، کە نەك تەنیا کاریگەرییان هەبووە بەسەر ئەدەبی کوردی و عێراقی، بەڵکو بەسەر ئەدەبی عەرەبیشەوە هەبووە، ئەم شارە شاری "جان دەمۆ و جەلیل قەیسی و سەرگۆن پۆڵس و زوهدی داودی و محەمەد موکری و لەتیف هەڵمەت و دەیانی تره...له کۆتایی وتەکەیدا بەناوی لقی کەرکوکی یەکێتیی نووسەرانی کورد، پیرۆزبایی له خەسرەو جاف و دەسخۆشی له یەکێتیی نووسەرانی عێراق کرد).. وتاری یەکێتیی نوسەرانی عێراق ـ لقی کەرکوك لەلایەن (محەمەد خدر) خوێندرایەوە، وتاری سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان لقی کەرکوك لەلایەن (مەهدی زریان) خوێندرایەوە، وتاری یەکێتیی ئەدیبانی تورکمان لەلایەن (حەسەن کەوسەر) خوێنرانەوە. هەموویان ڕۆڵی گرنگی ڕۆماننووس "خەسرەو جاف" بەرزنرخاند، لەمیانەی خزمەتکردنی ڕۆشنبیری و کەلتووری کوردیدا, له پاشاندا چەندین وتار و لێکۆڵینەوە و شیعر لەلایەن




دکتۆر عادل گەرمیانی و محەمەد سەعدون سباهی و مونا ئەلسەبع و محەمەد دارتاش کاکەیی و شەفیق جاف لەبارەی نووسەر و ڕۆماننووس خەسرەو جاف پێشکەش کرا، هونەرمەندی میوزیکژەن (عەبدولستار ناسر)یش هەر بەو بۆنەیە پارچە مۆسیقایەکی بەئامێری (عود) ژەنی بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆماننووسی ناوبراو.

لە کۆتاییدا ڕۆماننووس خەسرەو جاف سوپاسی بێ پایانی یەکێتیی گشتیی ئەدیبان و نووسەرانی عێراق و هەموو ئامادەبووان و ئەو کەس و لایەنانە کرد، کە ئەرکیان کێشا لەو ئاهەنگە بۆ ڕێزلێنانی ئەو سازکرا لەشاری کەرکوك...

لە درێژەی کار و چالاکییەکانی لقی کەرکوکی یەکێتیی نووسەرانی کورد، لە بواری چاپکردنی کتێب بۆ نووسەران بەبێ بەرامبەر، لەماوەی دوو مانگی ڕابردوودا پێنج کتێبی ئەدەبی هەمەجۆری تری چاپ و بڵاوکردەوە، بەپێی ئەم زنجیرانەی خوارەوە:

* لەژێر زنجیرەی (١٤٦) کتێبی (چۆن وچی










بۆ منداڵ) لە نووسینی (لەتیف هەڵمەت) کەوتە بەر دیدی نووسەران و خوێنەران...

* لەژێر زنجیرەی (١٤٧) کتێبی (مصطبة وحيدة امام القلعة) کۆمەڵێ وتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبییە بەزمانی عەرەبی لە نووسینی نووسەری تورکمان (فاروق مستەفا) کەوتە بەر دیدی نووسەران و خوێنەران...

* لەژێر زنجیرەی (١٤٨) کتێبی (فی الشعر الکردی المعاصر) کۆمەڵێ وتارو لێکۆڵینەوەی دەربارەی ئەدەبی کوردی بەزمانی عەرەبی لە نووسینی نووسەری عەرەب (هیشام القیسی) کەوتە بەر دیدی نووسەران و خوێنەران...

* لەژێر زنجیرەی (١٤٩) کتێبی ( کتێبی بۆشاییەکان) کۆمەڵێ شیعرێکی نووسەر و شاعیر (ئەدیب نادر)ە، کەوتە بەر دیدی نووسەران خوێنەران...

* لە ژێر زنجیرەی (١٥٠) کتێبی (ئەو هەتیوەی نابێت بەپیاو) کۆمەڵە چیرۆکێکی تەنزئامێزی تورکیی (عەزیز نەسین ) و لە وەرگێڕانی (عەبدولستار جەباری) کەوتە بەر دیدی نووسەران و خوێنەران...